السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية

بە کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دانراوی
شێخولئیسلام ئیبن تەیمییە

وەرگێڕانی
عوسمان ئەحمەد حاتەم

دەزگای چاپ و پەخشی
نارین

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية

به كوردى

بەردو نەوەیەکی هۆشیارتر

ناوی کتێب بە عەرەبی: السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية.

داناوەر: شيخ الإسلام ابن تيمية.

وەرگێڕانی بۆ کوردی: عوسمان ئەحمەد حاتەم.

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٢.

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (٣٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) ـ یەکی پێدراوە.

السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية

بە کوردی

دانراوی

شێخولئیسلام ئیبن تەیمییە

وەرگێڕانی

عوسمان ئەحمەد حاتەم

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی چاپی یەکەم

إِنَّ الْحَمْد لِلَّه، نَحْمَدهُ وَنَسْتَعِينهُ وَنَسْتَغْفِرهُ، وَنَعُوذُ بِاَللَّه مِنْ شُرُورِ أَنْفُسنَا وَمِنْ سَيِّئَات أَعْمَالنَا مَنْ يَهْدِه اللَّه فَلَا مُضِلّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِي لَهُ وَأَشْهَد أَنْ لَا إِلَه إِلَّا اللَّه وَحْده لَا شَرِيك لَهُ، وَأَشْهَد أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْده وَرَسُوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾(آلِ عِمْرَانَ).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾(النِّسَاءِ).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾(الأَحْزَابِ).

أَمَّا بَعْد: فإنّ أصْدَقَ الحَديث كتابُ اللّه، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمَّدٍ ق وشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ مُحْدَثَةٍ بدعةٌ، وكلَّ بدعةٍ ضَلالَةٌ، وكلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ؛ وبعد:

سیاسەت هونەری بەڕێوەبردنی ئیشوکاری خەڵك و ڕاپەڕاندنی ئەرك و بەجێهێنانی ماف و پاراستنی سنوورەکانە، سیاسەتی شەرعیش هەموو ئەو مانایانە لە خۆ دەگرێت بە مەرجی ملکەچ کردن و گونجاندنی شتە دونیایی و تازەکانی سەردەم بۆ ڕێنماییەکانی شەریعەت نەك بە پێچەوانەوە، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا هەموو بوارەکانی ژیان گرنگیان پێدراوە، بواری پەرستش و بەڕێوەبردن و چۆنییەتی

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵك و پەیوەندی خەڵك بە حکومەت و حکومەت بە خەڵك و پەیوەندیە نێو دەوڵەتییەکان...هتد.

لە کۆندا سیاسەت بە مانای باش بەڕێوەبردنی خەڵك و ڕەچاوکردنی دادپەروەری بووە، بەڵام ئێستا سیاسەت لای زۆربەی خەڵك مانای درۆ و فێڵ و بەجێ نەهێنانی پەیمانە، لەوانەیە بە کەسێکی زۆر درۆزن و فێڵباز بگوترێت سیاسەتمەدار، لەبەر ئەوەشە زۆربەی پیاوچاکان دوورەپەرێزن لە سیاسەت.

وشەی سیاسەت لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە: لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: ((كانَتْ بَنُو إسْرائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأنْبِياءُ، كُلَّما هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وإنَّه لا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَتَكُونُ خُلَفاءُ فَتَكْثُرُ، قالوا: فَما تَأْمُرُنا؟ قالَ: أفُوا ببَيْعَةِ الأوَّلِ، فالأوَّلِ، وَأعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فإنَّ اللَّهَ سائِلُهُمْ عَمّا اسْتَرْعاهُمْ))[1].

واتە: نەوەکانی ئیسرائیل پێغەمبەران عليهم السلام سیاسەتمەداریان بۆ دەکردن، هەرکاتێك پێغەمبەرێك وەفاتی بکردایە، پێغەمبەرێکی تر جێگەی دەگرتەوە، وله دوای من پێغەمبەر نایەت بەڵام جێنیشینێکی زۆر دێت، گوتیان: بەچی فەرمانمان پێدەکەیت؟ فەرمووی: دەست بە بەڵێنی یەکەمەوە بگرن، ومافیان بدەن، چونکە خوا پرسیاری مافی خەڵکیان لێدەکات.

بە بۆچوونی هەندێك لە زمانزانان ئەو وشەیە بە عەرەبی کراوە (معرب)، دەڵێن سیاسەت (سەیسا): وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان فارسییە وئەوی تریان تورکییە (سە)، واتە: (سێ)، و(یسا) بە تورکی مەغۆلی، واتە: (ڕێکخستن)، وهەردووکیان پێکەوە مانای: (سێ ڕێکخەرەکە).

---

١. رواه البخاري (٣٤٥٥)، ومسلم (١٨٤٢).

هەندێکی تریان دەڵێن: وشەیەکی عەرەبیە ولە چاوگی (ساس)ەوە وەرگیراوە (ساس الناس يسوسهم سياسه)، وله (جمهرة اللغة)دا (ئیبن درید) دەڵێت: (وسست القوم أسوسهم سياسة)، و(الجوهري) لە (الصحاح)دا لەمادەی (س و س) دەڵێت: (سُست الرعية سياسةً، وسُوِّسَ الرجل أمورَ الناس)، و(ئیبن منظور) له (لسان العرب)دا دەڵێت: (وساس الأمر سياسةً: قام به،...وسوَّسه القومُ: جعلوه يَسُوسَهم)، خاوەنی (القاموس) دەڵێت: (وسُستُ الرعيةَ: أمرتها ونهيتها).

خوای پەروەردگار ڕەحمی بە ئوممەتی ئیسلام کردووە بە ناردنی قورئان و پێغەمبەرەکەی ﷺ کە هەرچی ئیشوکاری دونیایە فێری کردوون و لەسەر ڕووناکی بەجێی هێشتوون، جولەکەکان بە سەلمانی فارسییان رضي الله عنه گوت: ((لقد عَلَّمَكم نبيُّكم كُلَّ شَيءٍ حتى الخِراءةَ؟! قال: أجَلْ، لقد نهانا ﷺ أن نستقبِلَ القِبلةَ بغائطٍ أو بَولٍ، وألّا نستنجيَ باليَمينِ، وألّا يستنجَي أحَدُنا بأقَلَّ من ثلاثةِ أحجارٍ، أو نستنجيَ برجيعٍ أو عَظمٍ))[٢].

واتە: پێغەمبەرەکەتان هەموو شتێکی فێرکردوون هەتا ئادابی چوونە سەرئاویش؟ گوتی: بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ یاساغی (نەهی) ئەوەی لێکردووین کە ڕوو لە ڕووگە (قیبلە) بکەین لەکاتی چوونە سەرئاو، وبە دەستی ڕاست خۆمان پاك بکەینەوە، وخۆمان بە کەمتر لە سێ بەرد پاك بکەینەوە، وبە ئێسقان و شیاکەی (پاشەڕۆی) گیانلەبەر خۆمان پاك بکەینەوە.

بە بەردەوامی دوژمنانی ئیسلام - ئەوانەی خوای پەروەردگار ڕووناکی چاوەکانی هەڵگرتوون لە بێباوەڕان وهاوبەش بڕیاردەران و ئەوانەی پاشکۆی دوژمنانی ئیسلامن - گومان دروست دەکەن، لە پێویستی تێکۆشان لە پێناوی خوا، یان دەڵێن: ئایین بە کەڵکی سیاسەت و بەڕێوەبردنی ئیشوکاری دەوڵەت و خەڵك نایەت، ئەوانەش کە

---

٢. رواه أبوداود(٧)، وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود(٣/١).

داکۆکی و بەرگری لە ئیسلام دەکەن و هەوڵی پوچەڵ کردنەوەی گومانی بێبڕواکان و پاشکۆکانیان دەدەن زۆر کەمن، لەوانەیە کەسێکی دڵ گەرم بیەوێت بەرگری لە ئیسلام بکات لە ڕۆژنامە و دەستگاکانی ڕاگەیاندن کە هیچ زانستی شەرعی نازانێت، بەوەش خراپ دەکات لەبری کاری باش لەوانەشە نکوڵی شتێکی ئاشکرا وڕوون بکات لە ئایین و ببێتە مایەی دەرچوونی لە ئایین، ئیسلام لەوە بەرز و بڵندترە کە پێویستی بە بەرگری ئەو جۆرە کەسانە هەبێت کە لە ڕۆژهەڵات ناسەکان دەترسن و ئەو شتانەش کە عەقڵیان بە باشی نەزانێت وازی لێ دەهێنن و هەندێك جار نکوڵیشی لێ دەکەن.

ئەو بۆچوونە بێباوەڕییەی کە دەڵێت: ئایین دەبێت لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، زۆربەی کاربەدەستانی وڵاتانی موسڵمان کە نەزانن بە بنەماکانی شەریعەت لاساییان دەکەنەوە و دەیڵێنەوە بەبێ شارەزابوون بە ناواخن و ناوەڕۆکی، ئەو بۆچوونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپاوە سەریهەڵداوە، ولەبەر ئەوەی کڵێسا دەستی نابووە بینەقاقای ژیان و ڕێگای هەموو پێشکەوتن و گۆڕانێکی بەرەو باشتری لێ گرتبوون، تەواو بە پێچەوانەی ڕۆڵی مزگەوت و زانایان لە ئایینی ئیسلامدا کە هەموو کات پێشەوا و سەرمەشقی هەموو پێشکەوتن و ئاسودەییەکی ژیانی خەڵك بوون.

هەندێك خەڵك ئەوانەی قورئان ناخوێننەوە، یان لە ماناکەی تێناگەن واگومان دەبەن کە لە قورئاندا هیچ ئایەتێکی سیاسی "بە مانا کۆنەکەی" نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو ئەو ئایەتانەی کەباسی بوژانەی ژیانی خەڵك و بەهێزی و لاوازی دەکەن و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکەن مانای سیاسەت وبەڕێوەبردنی ئیشوکاری خەڵکی تێدایە.

لەبەر کەمی سەرچاوە لەسەر ئەم بابەتە بە زمانی کوردی بە ئەرکێکی شەرعی سەرشانی خۆمم زانی ئەم کتێبەی شێخی ئیسلام ئیبن تیمیە رَحِمَهُ اللَّهُ کە کۆمەڵێك پستەی کۆکراوەی پڕمانایە وەرگێڕم، بە هیوای ئەوەی خزمەتێك بێت بە ئایینەکەم بکەم.

وەرگێڕ

عثمان أحمد حاتم

٤/جمادى الأولى /١٤٢٩ك

٢٠٠٨/٦/٧

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

ناوی ئەحمەدی کوڕی عەبدول حەلیمی کوڕی عەبدول سەلامی کوڕی ئەبولقاسمی (خضر)ی نومەیری، حەڕانی، دیمەشقی، حەنبەلی، باوکی عەباسی تقی دین کوڕی تیمیەیە، پێشەوا و شێخی ئیسلامە.

لە حەڕانی باکوری خۆرهەڵاتی (تورکیا)ی ئێستا لە دایك بووە، باوکی بردوویەتی بۆ دیمەشق لەوێ پێگەیشتووە و ناوبانگی دەرکردووە، بانگهێشت کراوە بچێت بۆ میسر بۆ فەتوادان لەوێ بووە بە موفتی بەڵام کۆمەڵێك خەڵك ئێرەییان (حەسادەتیان) پێبردووە لەبەر ئەوە تووشی بەندیخانەیان کردووە و دووریان خستەوە بۆ ئەسکەندەرییە دواتر ئازادکراوە، ولە ساڵی (٧١٢ك) گەشتی دیمەشقی کردووە، لەوێش دیسان لەساڵی (٧٢٠ك) چەندجارێك بەندیان کردووە هەتا لە گرتووخانەی قەڵای دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، ئەوکات زۆربەی دانیشتوانی شار دوای تەرمەکەی کەوتن بۆ گۆڕستان بە گریان و نزاو و پاڕانەوە.

زۆر گەڕاوە بەدوای هونەرەکانی دانایی، وبانگەوازکارێکی چاکساز بووە لە ئاییندا و قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە، و دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕاڤەی قورئان و فیقە و زانستەکانی زمانەوانی، ولە هەموو زانستەکان بە پلەی (اجتهاد) گەیشتووە، وبەکێك بووە لە کەڵە پیاوانی ڕاڤەی قورئان و بنچینەکان (الأصول)، و زمان پاراو بووە و زمان و خامەکەی لە یەکەوە نزیك بوون، فەتوای داوە و وانەی گوتووەتەوە لە کاتێکدا کە تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر بووە.

نووسراوەکانی زیاترە لە (٣٠٠) بەرگە هەندێکیان بە نموونە ناودەبەین:

درء التعارض بين النقل والعقل.

الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان.

السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية.

مجموعة الفتاوى.

بەناوی خوای میهربانی بە بەزەیی

پێشەکی نوسەر

سوپاس وستایش بۆ خوا کە پێغەمبەرانی ناردووە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، و بەرنامە و پێوەری دادپەروەری لەگەڵدا ناردوون، بۆ ئەوەی خەڵکی دادپەروەرانە بەڕێوە ببەن، ئاسنی ناردووەتە خوارەوە وەکو چەکێکی دوولایەن کە سوود و قازانجی ژیانی لێ دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ببێتە مایەی ئازاردانی خەڵک، بۆ ئەوەی پەروەردگار خەڵکی تاقیبکاتەوە کە کێ خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ سەر دەخات، و پێویستی بە خەڵک نییە چونکە بەڕاستی خوا بە توانا وبە هێزە و پێغەمبەرانی کۆتایی پێ هێناوە بە محمد ﷺ کە ناردوویەتی بە چاوساغ و ڕێنیشاندەر بۆ ئایینی ڕاست و دروست، و پاڵپشتی کردووە بە بەڵگەی ڕوون و بەهێز، کە کۆکەرەوەی مانای زانست و قەڵەم و بەڵگە و ڕێ نیشاندانە، و دیسان مانای توانا و شمشێرە بۆ سەرخستنی، گەواهی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خوا، گەواهییەکی پاك و بێگەرد پاکتر لە گەوهەری بێخەوش، گەواهی دەدەم کە محمد ﷺ بەندە و نێردراوی خوایە درود و سەلامی بێ سنوری لەسەربێت، و لەسەر دۆست و یاران و خزم و کەسی، گەواهییەك کە خاوەنەکەی لە پەنایدا ئارام بگرێت و ئاسوودە بێت.

دوایی دەڵێم: ئەم کتێبە کورتەیەك لە سیاسەتی ئیلاهی و نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی تێدا کۆکراونەتەوە، کاربەدەستان و خەڵکیش پێویستیان پێی دەبێت، هەر کەسێك هەست بکات کە خوا ئامۆژگاری لەسەر پێویست کردووە بۆ کاربەدەستان وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ لە صەحیحی مسلم و ئەوانی تردا دەفەرموێت:

((إنَّ اللهَ يرضى لكم ثلاثًا ويسخَطُ ثلاثًا: يرضى لكم أنْ تعبُدوه ولا تُشرِكوا به شيئًا وأنْ تعتصموا بحبلِ اللهِ جميعاً وأنْ تُناصِحوا مَن ولّاه اللهُ أمرَكم))[٣].

واتە: خوا سێ شتی پێ ڕازییە بۆتان: بیپەرستن و هیچ هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، و هەمووتان دەست بە بەرنامە وئایینی خواوە بگرن و جیاوازی مەکەن، ئامۆژگاری ئەو کەسانە بکەن کە خوا دەیانکات بە کاربەدەست بەسەرتانەوە.

ئەم پەرتووکە پشتی بە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆز بەستووە، خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾(النِّساء).

واتە: خوا فەرمانتان پێدەکات کە ڕاسپاردەکانتان بە باشی بدەنەوە دەستی خاوەنەکانی، و کاتێك دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵك فەرمان بە دادپەروەری بکەن خوا بەشتی باش ئامۆژگاریتان دەکات، بە ڕاستی خوا بیسەر و بینەرە، ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ و کاربەدەستانبن، ئەگەر لەشتێکدا ناکۆك بوون بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بگەڕێنەوە کە - قورئان و سوننەتی صەحیحە - ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا وڕۆژی دوایی هەیە، ئەوە باشترین چارەسەرە بۆ ئێوە.

زانایان دەڵێن: ئایەتی یەکەم بۆ کاربەدەستان دابەزیوە، پێویستە لە سەریان ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بە باشی ڕای پەڕێنن، و کاتێك بوونە دادوەر لە نێوان

٣. رواه مسلم (١٧١٥).

خەڵك پێویستە لەسەریان دادپەروەرانە دادوەری بکەن، و ئایەتی دووەم: بۆ خەڵك دابەزیوە پێویستی کردووە لە سەریان گوێڕایەڵی کاربەدەستانبن لە جەنگ وفەرمانەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، مەگەر فەرمان بە سەرپێچی خوا بکەن ئەو کاتە گوێڕایەڵی ناکرێن، چونکە گوێڕایەڵی دروستکراو ناکرێت لە سەرپێچی دروستکار، ئەگەر لە شتێك ناکۆك بوون دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا وپێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوە گوێڕایەڵی کاربەدەستان گوێڕایەڵی خوا وپێغەمبەرە ﷺ، خوا دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ٢﴾(المَائِدَة).

واتە: هاوکاری یەکبن لەکاری باش، بەڵام هاوکاری یەك مەبن لەکاری خراپ و دژایەتی یەکتر.

ئایەتی یەکەم پێویستی کردووە لە سەر بەرپرسان بە باشی ئەرکەکانیان بەڕێوەبەرن و دادپەروەرانە دادوەری خەڵك بکەن، ئایەتی دووەمیش لەسەر خەڵکی پێویست کردووە هاوکار و گوێڕایەڵی کاربەدەستانبن لە فەرمانی خوا و پێغەمبەر ﷺ، ئەم دوو شتەش کۆکەرەوەی سیاسەتی دادپەروەرانە و کاربەدەستی چاکن.

بەشی ڕا پەڕاندنی ئەرکەکان دوو جۆرە[٤]

ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دوو جۆرە، یەکەمیان: هۆی دابەزینی ئایەتەکە ئەوە بوو کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ مەککەی ڕزگار کرد کلیلەکانی کەعبەی لە کوڕەکانی شەیبە وەرگرتەوە، عەباسی مامی داوای لێکرد ئاودان بە حاجیان ودەرگاوانی کەعبەیشی بداتێ، خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾(النِّسَاء)، ئیدی کلیلەکانی کەعبە درانەوە دەستی کوڕەکانی شەیبەوە، لەبەر ئەوەشە کە پێویستە لەسەر کاربەدەستی موسڵمانان باشترین کەسی بەردەست هەڵبژێرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکان، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((من ولي من أمر المسلمين شيئاً، فولى رجلاً وهو يجد من هو أصلح للمسلمين منه فقد خان الله ورسوله، وفي رواية: من ولى رجلاً على عصابة، وهو يجد في تلك العصابة من هو أرضى منه، فقد خان الله ورسوله وخان المؤمنين))[٥].

واتە: ئەگەر کەسێك لە ئیشێکی موسڵمانداندا بوو بە کاربەدەست، ئەویش کەسێکی کردە بەرپرسی خۆی، لەو کەسە باشتر هەبوو ئەوە ناپاکی (الخيانة) لەگەڵ خوا و پێغەمبەردا ﷺ کردووە، ولە ڕیوایەتێکدا: ئەگەر کەسێك بکات بە کاربەدەست بە سەر کۆمەڵێك خەڵکەوە و بزانێت لەو خەڵکانە کەسی شیاوتر هەیە، ئەوە ناپاکی لەگەڵ خوا و پێغەمبەر ﷺ و باوەڕدارانیشدا کردووە.

---

٤. ئەو ناونیشانانە لە دەقی نوسینەکەی شیخ ئیسلامەوە وەرمگرتووە بۆ زیاتر تێگەیشتن.(وەرگێڕ).

٥. رواه الحاكم في صحيحه، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٥٤٠١).

هەندێك دەڵێن: ئەوە گوتەی عومەرە ﷺ بەکوڕەکەی گوتووە، و ئەویش لێوەی گێڕاوەتەوە، و عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەڵێت: (من ولي من أمر المسلمن شيئاً فولى رجلاً لمودةٍ أو قرابةٍ بينهما، فقد خان الله ورسوله والمسلمين).

واتە: کەسێك بوو بە کاربەدەست لە ئیشوکاری موسڵمانان، ئەویش کەسێکی لەبەر خۆشەویستی یان خزمایەتی کردە بەرپرس ئەوە ناپاکی لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ وموسڵمانانداا کردووە.

پێویستە لەسەر کاربەدەست تێبکۆشێ و هەوڵبدات و لێبکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی کەسی شایستە وشیاو پەیدا بکات کە فەرمانبەری بۆ بکەن لە شارەکان و دادوەران و ئەفسەرانی سوپا و پاوێژکاران و نووسەران وباج و دەرامەتی دەوڵەت و پارەی خێر، پێویستە هەموو ئەوانە شیاوترین کەسانێکبن کە لە توانادا هەبێت پەیدا بکرێن، ئەمەش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە لە نوێژ و بانگدان و قورئان خوێندن و خەزنەداری و پاسەوانانی سنوور و مامۆستایان و رێنیشاندەرانی حاجیان و ئاسنگەران و دەرگاوانانی قەڵای شار و هۆزناس و بازارناس و ئەنجومەنی گوند...هتد.

نابێت بەرپرسیارێتی بە کەسانێك بسپێردرێت کە خۆیان داوای بکەن، پێویستە ئەو داواکردنە ببێتە رێگری ئەوەی کە ئەو کەسە بەرپرسیارێتی بدرێتە دەست، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە: کۆمەڵە خەڵکێك هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وداوای کاربەدەستییان کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إنا لا نولي أمرنا هذا من طلبه))[٦].

واتە: ئێمە کەسێك ناکەینە کاربەدەست خۆی داوای بکات.

---

٦. أخرجه البخاري (٦٩٣٢).

به عبدالرحمانی کوڕی سەمورەی فەرموو: ((يا عبدالرحمن، لا تسأل الإمارة، فإنك أن أعطيتها من غير مسألة أعنت عليها، وإن أعطيتها عن مسألة وكلت إليها))[٧].

واتە: ئەی عبدالرحمان داوای کاربەدەستی مەکە، ئەگەر کاربەدەستیت پێسپێردرا بەبێ ئەوەی خۆت داوای بکەی خوا یارمەتیت دەدات لەسەری، بەڵام ئەگەر خۆت داوات کرد ئەوە تۆ بەو کارە دەسپێردرێیت.

هەروەها دەفەرموێت: ((من طلب القضاء واستعان عليه وكّل إليه، ومن لم يطلب القضاء ولم يستعن عليه، أنزل الله إليه ملكاً يسدده))[٨].

واتە: هەر کەسێك داوای دادوەری بکات و پشتی پێ ببەستێت ئەوە بەو کارە دەسپێردرێت، و هەرکەسێك خۆی داوای دادوەری نەکات وپشتی پێ نەبەستێت، خوا فریشتەیەکی بۆ دەنێرێتە خوارەوە و یارمەتی دەدات.

ئەگەر کاربەدەستان کەسی شیاویان هەڵنەبژارد لەبەر خزمایەتی یان دۆستایەتی یان هاوڕێیەتی یان هاوڵاتی بوون یان هاومەزهەب بوون یان لەبەر نەتەوە (عەرەب، فارس، تورك، ڕۆم) یان لەبەر بەرتیل وەرگرتن یان لەبەر قازانجێك یان لەبەر کینەیەك کەلە دڵیدا هەیە بەرامبەر ئەو کەسەی شیاوترە یان دوژمنایەتی نێوانیان یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر، ئەوە ناپاکی لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ و باوەڕداراندا کردووە، بەر ئەو یاساغیە دەکەوێت کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ٢٨﴾(الأنفال).

---

٧. أخرجه البخاري (٦٦٢٢)، و مسلم (١٦٥٢).

٨. رواه أبوداود (٣٥٧٨)، والترمذي (١٣٢٣)، وابن ماجه (٢٣٠٩)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٥٦٨٨).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ناپاکی لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ مەکەن، ناپاکی لەو شتانە مەکەن کە پێتان سپێردراوە، لە کاتێکدا دەزانن ئەو ناپاکییە حەرام و نەشیاوە، بزانن کە سامان ومندالّەکانتان بەڵان (فیتنەن) و خوا پاداشتی زۆر گەورەی لایە.

چونکە مرۆڤ لەبەر خۆشەویستی کوڕەکەی، یان ئازادکراوەکەی (عتیقە)، لەوانەیە هەندێ ئیش و کاریان پێ بسپێرێت کە شایستەی نەبن، ئەوەش ناپاکییە لە بەرپرسیاریێتی و دەبێتە کارایەکی یاریدەدەر بۆ کۆکردنەوەی سامان و پاراستنی، بەوەش ڕازی دەبێت دیاریەك یان هەر شتێك کە شایانی ئەو نەبێت وەریبگرێت، هەریەك لە فەرمانبەرەکانی لایەنگری بکەن خۆشیانی بوێن، ئەوەش ناپاکییە لە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ و بەرپرسیاریەتییەکەی.

هەر بەرپرسێك کارەکانی بە باشی ڕاپەڕێنێت وپێچەوانەی حەز و ئارەزووی ڕەفتار بکات خوا دەیپارێزێت وجێگیری دەکات و دوای خۆیشی مالّ و سامانی دەپارێزێت، و ئەو کەسەی فەرمانبەری حەز وئارەزووەکانی بکات خوا ڕیسوای دەکات و سزای دەدات، بە پێچەوانەی ویستی خوا مالّی بە فیڕۆ دەدات و کەسوکاریشی ڕیسواو بێ ڕێز دەکات، لەو باسەشدا بەسەرهاتی باو هەیە دەگێڕنەوە: یەکێك لە جێنیشینە عەباسییەکان پرسیاری لە زانایەك کرد شتێکی بۆ بگێڕێتەوە کە خۆی بینیبێتی زاناکە گوتی: گەیشتمە خزمەتی عومەری کوڕی عبدالعزیز "لە سەرە مەرگدا بوو" پێیان گوت: ئەی کاربەدەستی موسڵمانان بۆچی دەمی مندالّەکانت گرتووەتەوە لەو مالّ و سامانە و بە هەژاری و نەداریی بەجێیان دەهێڵیت؟ گوتی: با مندالّەکانم بێنە ژوورەوە بۆ لام، زیاتر لە دە کوڕی هەبوو هیچ کامیان نەگەیشتبووە تەمەنی هەرزەکاری، هاتنە ژوورەوە کاتێك بینییانی دەستی بە گریان کرد و گوتی: کوڕەکانم سوێند بەخوا هیچم لێ قەدەغە نەکردوون مافی ئێوە بێت، و بە هیچ شێوەیەك مافی خەڵك بە ئێوە

نادەم، ئێوە لە یەکێك لەم دوو جۆرە خەڵکە بە دەرنین: یان پیاوی چاکن خواش پیاو چاکانی خۆش دەوێت و یارمەتیان دەدات، یان پیاوی خراپن، لە دوای خۆم هیچ بەجێ ناهێڵم یارمەتیدەرتان بێت بۆ سەرپێچی فەرمانەکانی خوا هەستن بڕۆن، زاناکە دەڵێت: لە منداڵەکانیم بینی ئەوەندە دەوڵەمەند بوو بوو سەد ئەسپی بەخشی لە ڕێگای خوا بۆ ئەوەی پێیان بجەنگن لە پێناوی خوا.

دەڵێم: ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەلیفەی موسڵمانان بوو لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتەوە وڵاتی تورك هەتا ئەو پەڕی ڕۆژئاوا لە وڵاتی ئەندەلوس و دوورگەی قوبرس و شام و پایتەختەکانی وەك ترسوس هەتا خواروی یەمەن لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، هەریەکە لە منداڵەکانی شتێکی زۆر کەمیان لە میراتی باوکیان بەرکەوت دەڵێن: لە بیست درهەمی زیو کەمتر بوو، خەلیفەش هەبوو منداڵەکانی کاتێك میراتەکەیان دابەش کرد هەریەکە شەش سەد هەزار دیناری زێڕیان بەرکەوت!، بەڵام دواتر لەو منداڵانە لێیان بێ ماڵ وسامان بوو لەبەر دەست نەچوونی دەرۆزەیان (سوال) دەکرد! لەم باسەدا چیرۆك و بەسەرهاتی زۆر هەن کە پەند وئامۆژگارین بۆ ئەو کەسانەی کە ژیرن.

سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەیە کە کاربەدەستی ئەمانەتە و پێویستە لە شوێنی خۆیدا دابنرێت و بدرێتە دەستی کەسانی شایستە وەك چۆن بە ئەبوزەر ﷺ دەفەرموێت: ((إنها أمانة، وإنها يوم القيامة خزيٌ وندامة إلا من أخذ بحقها، وأدى عليه فيها))[٩].

واتە: کاربەدەستی ئەمانەتە ولە ڕۆژی دوایی ڕیسوایی و پەشیمانییە، مەگەر کەسێك مافی بدات و ئەوەی لەسەرییەتی بە باشی ڕابیەڕێنێت.

---

٩. رواه مسلم (١٨٢٥).

بوخاری له صەحیحەکەیدا لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: ((إذا ضيعت الأمانة، فأنتظر الساعة، قيل يارسول الله وما إضاعتها؟ قال: إذا وسد الأمر إلى غير أهله فأنتظر الساعة))[١٠].

واتە: ئەگەر ئەمانەت زایەکرا چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بکە، گوترا: چۆن لە زایە دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: ئەگەر کار درایە دەستی کەسانی ناشایستە، ئەوا چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بکە.

موسڵمانان کۆڕان لەسەر ئەم مانایە، کە پەروەردەکاری هەتیو و کاربەدەستی وەقفەکان و بریکاران، پێویستە بە باشترین شێوە کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن وەک چۆن خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴿٣٤﴾﴾(الإسراء).

واتە: نزیکی مالّی هەتیو مەکەونەوە مەگەر بتانەوێت باشتریان بۆ بکەن بەوەی کە ببپارێزن و زیاتری بکەن، و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن.

خوای پەروەردگار نەیفەرموو نزیکی مالّی هەتیو مەکەونەوە بە شێوەیەک نەبێت کە باشە، چونکە کاربەدەست چاودێری خەڵکە وەک شوانی مەڕومالّات، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((كلكم راعٍ وكلكم مسؤول عن رعيته، فالإمام الذي على الناس راعٍ، وهو مسؤول عن رعيته، والمراة راعية في بيت زوجها وهي مسؤولة عن رعيتها، والولد راع في مال أبيه وهو مسؤول عن رعيته، والعبد راع في مال سيده وهو مسؤول عن رعيته، ألا فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته))[١١].

---

١٠. رواه البخاري (٥٩).

١١. رواه البخاري (٢٥٥٤)، ومسلم(١٨٢٩).

واتە: هەمووتان بەرپرسن لەو شتانەی لە ژێر دەستاندایە، کاربەدەست بەرپرسە لەو خەڵکانەی کە فەرمان ڕەواییان دەکات، و ئافرەت بەرپرسە لە ماڵی مێردەکەی، و کوڕ بەرپرسە لە ماڵی باوکی، و بەندە بەرپرسە لە ماڵی گەورەکەی، بەو شێوەیە هەمووتان بەرپرسن.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((ما من راعٍ يسترعيه الله رعية، يموت يوم يموت، وهو غاش لها، إلا حرم الله عليه الجنة))[١٢].

واتە: هەر کەسێك خوای پەروەردگار کردی بە کاربەدەست، ڕۆژێك بمرێت کە گزی (غەش) لە خەڵك کردبێت، ئیللا خوا بەهەشتی لە سەر قەدەغە دەکات.

ئەبو مسلمی خەولانی چوو بۆ لای معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ﭫ پێی گوت: سڵاوت لێ بێت ئەی کرێکار، پێیان گوت: بڵێ سڵاوت لێ بێت ئەی فەرمان ڕەوای موسڵمانان، سێ جار پێیان گوت: وا بڵێ، بەڵام هەر گوتەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە، معاویە گوتی: لە ئەبومسلم گەڕێن خۆی باش دەزانێ چی دەڵێت، گوتی: تۆ کرێکاری خوا ﷻ بەکارت دێنێ بۆ ئەوەی چاودێری ئەو خەڵکە بکەیت، ئەگەر تۆ نەخۆشییەکانیان چارەسەر بکەیت ودەرمانی بکەیت، هەموویان باش بپارێزیت، ئەوا خاوەنەکەیان پاداشتی باشت دەداتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەکەی بکەین ئەوا سزات دەدات.

ئەوەش بەڵگە نەویستە، چونکە خەڵکی بەندەی خوان و کاربەدەستانیش فەرمانبەرداریی خوان لەسەر بەندەکانی، و بریکاری بەندەکانن، نموونەی دوو هاوەڵ (شریك) مانای کاربەدەستی و بریکاریان تێدایە، هەر یەکێك لەوان کەسێکی بە جێگر بە کارهێنا، و کەسی باشتر هەبوو بۆ بازرگانی و موڵك و ماڵیان، یان کالایەکی بە نرخێك فرۆشت و بزانێت لەو پارەیە زیاتر دەکات ئەوە ناپاکی لە هاوەڵەکەی کردووە،

١٢. رواه البخاري(٧١٥١)، ومسلم(١٤٢).

بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسەی شتەکەی بە هەرزانتر پێ دەفرۆشێت لە نێوانیاندا خزمایەتی یان دۆستایەتی یان هاوڕێتییەك هەبێت، ئەوکات هاوەڵەکەی ڕقی لێ هەڵدەگرێت وبە خراپ ناوی دەبات و واگومان دەبات کە ناپاکی لەگەڵدا کردووە و لایەنگری و ڕووپامایی بۆ خزم و ناسیارەکەی خۆی کردووە.

بەشی هەڵبژاردنی باشترین

ئەگەر زانرا پێویستە شیاوترین کەس کە هەبێت بەکار بهێنرێت، بەڵام هەندێ جار شیاوترین کەس بەردەست نییە بۆ ئەو کاربەدەستییە، ئەگەر وابوو کەسێك بە گوێرەی توانا و شارەزای هەڵدەبژێردرێت، گەر کاربەدەست بەو شێوەیە ڕەفتاری کرد دوای گەڕان و ماندوو بوون ئەوە مافی کارەکەی داوە وبە باشی ڕاپەڕاندووە، و ئەوەی لەسەر بووە بە ئەنجامی گەیاندووە و چووەتە ڕیزی کاربەدەستانی دادپەروەر و چاکەکار لە لای خوا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ﴾(التَّغَابُن).

واتە: لە خوا بترسن بە گوێرەی تواناتان.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾(البَقَرَة).

واتە: خوا داوای کارێك ناکات لە توانادا نەبێت.

لە جیهاد و تێکۆشاندا دەفەرموێت: ﴿فَقَٰتِلْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾(النِّسَاء).

واتە: تێبکۆشە لە پێناوی خوا، تەنها بەرپرسی خودی خۆتی و هانی باوەڕدارانیش بدە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ﴾(المَائِدَة)[١٣].

---

١٣. لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە ئەبوبەکری صدیق ﷺ لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ گوتاری دەخوێند فەرمووی: ((يا أيُّها النَّاسُ إنَّكُمْ تَقْرَءُونَ هَذِهِ الْآيَةَ وتضعونها في غير موضعها: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ﴾(المَائِدَة)، وَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا المنكر فلم يغيروه أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمْ اللَّهُ بِعِقَابٍ مِنْ عنده)) رواه أبوداود(٤٣٣٨)، والترمذي(٢١٦٨)، وابن ماجه (٤٠٠٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١٩٧٣).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، تەنها بەرپرسی خودی خۆتانن، زیانتان پێ ناگەیەنێت کەسێکی گومڕا ئەگەر ئێوە هیدایەتتان وەرگرتبێت.

هەر کاربەدەستێك فەرمانەکانی بە گوێرەی توانا ڕاپەڕاند ئەوە هیدایەتی وەرگرتووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إذا أمرتكم بأمرٍ فأتوا منه ما أستطعتم))[١٤].

واتە: ئەگەر فەرمانم پێکردن بەکارێك پێی هەستن بە گوێرەی توانا.

بەڵام ئەگەر سستی کرد و تەمبەڵی نواند و ناپاکی کرد دەبێت سزا بدرێت، دەبێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، چونکە کاربەدەستی دوو پایەی هەیە: هێز و دەستپاکی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ ﴿٢٦﴾﴾(القَصَص).

واتە: بەڕاستی باشترین کەس بۆ بەکرێگرتن کەسی بەهێز ودەست پاکە.

پادشای میسر بە پێغەمبەری یوسف عليه السلام دەڵێت: ﴿إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴿٥٤﴾﴾(يُوسُف).

واتە: تۆ بێگومان ئەمڕۆ لای ئێمە بەڕێز وبە توانا و دەستپاکی.

پەروەردگار لە وەسفی جبریل دا عليه السلام دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴿١٩﴾ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ ﴿٢١﴾﴾(التَّكْوِير).

واتە: ئەو قورئانە فریشتەیەکی بەڕێز گەیاندوویەتی، زۆر بە توانایە وبە ڕێزە و نزیکە لە پەروەردگاری خاوەنی عەرش، و خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزە و گوێڕایەڵی دەکرێت لە لایەن فریشتەکانی تردوە وئەمینە.

---

١٤. رواه البخاري (٧٢٨٨)، ومسلم (١٣٣٧).

هێز لە بەرپرسیاریەتییەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، هێز لە شەڕدا بوێریی و پسپۆریە لە جەنگ و فێڵی شەڕە، چونکە شەڕ فێڵە و توانای بەکارهێنانی کەرەستەکانی جەنگە وەک: تیرهاوێشتن و شمشێر لێدان و سوارچاکی و هەڵکشان و داکشان، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ﴾(الأنفال).

واتە: هەرچی لە تواناتاندا هەیە خۆتان سازبدەن و ئەسپەکانتان ئامادە بکەن دوژمنەکانی خوا و خۆتانی پێ بترسێنن.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((ارموا واركبوا، وإن ترموا أحب إليَّ من أن تركبوا))[١٥]، و((من تعلم الرمي ثم نسيه فليس منا))[١٦]، وفي رواية: ((فهي نعمة جحدها))[١٧].

واتە: بهاوێژن و سوار چاکبن، بهاوێژن پێم خۆشترە لەوەی سوار چاکبن، و ئەوەی هاوێشتن فێربێت ودوایی لە بیری بکات لە ئێمە نییە؛ وڵە ڕیوایەتێکی تردا: ئەوە نکوڵی نیعمەتێکی کردووە.

لێهاتوویی لە دادوەری خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دادەی کە قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەری، بە توانا بوونە لە ڕاپەڕاندنی بڕیارەکان.

و ئەمانەت دەگەڕێتەوە بۆ لە خوا ترسان، ونە فرۆشتن ونە گۆڕینەوەی ئایەتەکانی خوا بە شتانێکی کەم بەها و نەترسان لە خەڵک، ئەم سێ سیفەتە خوا داینـاوە لەسەر کاربەدەستان لەو فەرموودەی کە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَخْشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا

---

١٥. رواه الترمذي (١٦٣٧)، وأبوداود (٢٥١٣)، والنسائي (٣٥٧٨)، وابن ماجه (٢٨١١)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع) (٧٨٤).

١٦. رواه مسلم (١٩١٩).

١٧. رواه الطبراني في الصغير(٥٤٣)، وقال الألباني في (صحيح الترغيب)(١٢٩٤): صحيح لغيره.

تَشْتَرُواْ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾(المَائِدَة).

واتە: لە خەڵك مەترسن ولە من بترسن، و ئایەتەکانی من بە شتێکی کەم لە دونیا مەگۆڕنەوە، و هەرکەسێك حوکم نەکات بەوەی خودا داییەزاندووە ئەوانە بێباوەڕن .

لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((القضاة ثلاثة: قاضيان في النار وقاضٍ في الجنة، فرجل علم الحق وقضى بخلافه فهو في النار، ورجل قضى بين الناس على جهلٍ فهو في النار، ورجل علم الحق وقضى به، فهو في الجنة))[١٨].

واتە: دادوەران سێ جۆرن: دووانیان دۆزەخی وئەویتریان بەهەشتییە، پیاوێك ڕاستی زانی وبە پێچەوانەیەوە فەرمانی کرد ئەوە لە ئاگردایە، و پیاوێك بە نەزانی لە نێوان خەڵکدا دادوەری کرد ئەویش لە ئاگردایە، و پیاوێك ڕاستی زانی و فەرمانی پێکرد ئەوە بەهەشتییە.

دادوەر (القاضي) ناوێکە بۆ هەر کەسێك دادوەری لە نێوان دوو کەسدا بکات و بڕیار بدات لەنێوانیان، جا ئەو کەسە جێنیشین (خەلیفە) بێت یان فەرمانڕەوا یان جێگر یان کاربەدەست، یان دانرابێت کە شەرع پیادە بکات، هەتا ئەو کەسانەی خۆش نوسینی منداڵان ناوبژی دەکەن دەگرێتەوە ئەگەر سەرپشککران و ئەو ئەرکەیان پێ سپێدرا، بەو شێوەیە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ باسی دادوەریان کردووە، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە.

١٨. رواه أبوداود(٣٥٧٣)، والترمذي (١٣٢٢)، وابن ماجه(٢٣١٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٤٤٤٣).

بەشی کەمی کۆبوونەوەی ئەمانەت و هێز لای خەڵك

کۆبوونەوەی هێز و ئەمانەت لای خەڵك کەمە، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەڵێت: (اللهم أشكو إليك جلد الفاجر، وعجز الثقة).

واتە: پەروەردگار لای تۆ سکاڵای بە هێزی تاوانبار و بێ هێزی و بێ توانایی باوەڕ پێکراوان دەکەم.

پێویستە لە هەموو کاتێکدا شیاوترین کەس ڕابسپێردرێت بە گوێرەی توانا، ئەگەر دوو کەس هەبوون یەکێکیان ئەمانەت پارێز و ئەویتریان بەهێز بوو، ئەوا کامیان بۆ ئەو ئەرکە سوودی زیاتر و زیانی کەمتر بوو هەڵدەبژێردرێت.

بۆ نموونە لە سەرکردایەتی جەنگدا پیاوی بەهێز و پاڵەوان "ئەگەر چی تاوانیشی هەبێت" باشترە لە پیاوێکی لاواز و بێ توانا "ئەگەرچی ئەمانەت پارێزیش بێت".

پرسیاریان کرد لە ئیمامی ئەحمەد، دوو پیاو هەردووکیان کاربەدەست بوون لە جەنگدا یەکێکیان بەهێز و تاوانبار بوو، ئەوی تریان بێ هێز و پیاوچاك بوو لەگەڵ کامیاندا بجەنگین باشە؟ گوتی: کابرای تاوانباری بەهێز، هێز و تواناکەی بۆ موسڵمانانە و تاوانبارییەکەی بۆ خۆیەتی، بەڵام پیاوە چاکە بێ هێزەکە، چاکییەکەی بۆ خۆیەتی وبێ هێزییەکەی بۆ موسڵمانانە، لەبەر ئەوە لەگەڵ پیاوە تاوانبارە بە هێزەکەدا بجەنگن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله يؤيد هذا الدين برجل فاجر))[١٩]، وروي: ((بأقوامٍ لاخلاق لهم))[٢٠].

واتە: خوا ئەم ئایینە سەر دەخات بە پیاوێکی تاوانبار، و گێڕدراوەتەوە: بە گەلانێك کە هیچ ئاکار و ڕەوشتێکی باشیان نییە.

---

١٩. رواه البخاري (٣٠٦٢)، ومسلم (١١١).

٢٠. رواه النسائي في السنن الكبرى (٥/٤٥)، وأحمد في المسند(١٩٩٤١)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١٨٦٦).

بەڵام ئەگەر کەسی بەهێز نەبوو بۆ بەرپرسیارێتی لە جەنگدا باشترواية کەسێکی لە خوا ترس بکرێتە بەرپرس.

لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەوە کە خالد موسڵمان بوو بەکاری دەهێنا بۆ سەرکردەی جەنگ، وفەرمووی: ((إن خالداً سيفٌ سله الله على المشركين))[٢١].

واتە: خالد شمشێرێکە خوا هەڵی کێشاوە لەسەر هاوەڵ بڕیاردەران.

لەگەڵ ئەوەشدا خالد هەندێ جار کاری وای دەکرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بوو، هەتا جارێك هەستا و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و فەرمووی: ((اللهم إني أبرأ إليك مما فعل خالد))[٢٢].

واتە: پەروەردگار من بەرییم لەوەی کە خالد کردوویەتی.

کاتێك کەناردی بۆ (جذيمة) لێی کوشتن، و مالّ و سامانی بە شێوەیەکی گومانلێکراو بردن کە دروست نەبوو بیبات، و هەندێك هاوەڵ کە لەگەڵیدا بوون ڕێگری ئەو کارەیان لێکرد، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ ئاشتی کردنەوە و مالّ و سامانەکەی بۆ گەڕاندنەوە، لەگەڵ ئەو کردەوانەشی هێشتا بۆ سەرکردەی جەنگ هەڵی دەبژارد، چونکە لەو ئیشەدا لە هەموو کەسێکی تر باشتر بوو، ئەو کارانەش کە دەیکرد پاساو و لێکدانەوەی خۆی بۆ هەبوو.

ئەبوزەر رضي الله عنه لە خالد شایانتر بوو لە ئەمانەت و ڕاستگۆییدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر خوا ﷺ پێی فەرموو: ((يا أبا ذر إني أراك ضعيفاً، وإني أحب لك ما أحب لنفسي، لا تأمرن على اثنين، ولا تولين مال يتيمٍ))[٢٣].

---

٢١. رواه البخاري (٣٧٥٧).

٢٢. رواه البخاري(٧١٨٩).

٢٣. رواه مسلم(١٨٢٦).

واتە: ئەی ئەبوزەر من تۆ لاواز و بێ هێز دەبینم، ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە بۆ تۆش پێم خۆشە، مەبە فەرمانڕەوا و دەم سپی دووکەس، مالّی هەتیویش مەگرە ئەستۆ.

بە باشی نەزانیوە ئەبوزەر ﷺ ببێتە کاربەدەست و فەرمانڕەوا، چونکە لاواز دەیبینی لەگەلّ ئەوەشدا دەفەرموێت: ((ما أظلت الخضراء، ولا أقلت الغبراء، أصدق لهجةً من أبي ذر))[٢٤].

واتە: لە ژێر سایەی ئاسمان و لەسەر پووی زەوی کەس لە ئەبوزەر ڕاستگۆتر نییە.

لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ جارێك عەمری کوڕی عاصی ﷺ کرد بە کاربەدەست لە شەڕی (ذات السلاسل)، لەبەر دلّنەوایی کردنی خزمەکانی، هەر چەند لەو باشتریش هەبوو، و ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە کاربەدەست بۆ تۆلّە کردنەوەی باوکی لە ڕۆمەکان، هەروەها کەسێکی بەکار دەهێنا لەبەر مەبەست قازانجێکی چاوەڕوان کراو، لەوانەشە لەگەلّ ئەو کەسەدا کەسی باشتر هەبووبێت لە زانست و باوەڕدا.

هەروەها ئەبوبەکری جێنیشینی دیسان خالدی بەکار هێنا لە جەنگی دژی هەلّگەڕاوەکان، ولە ڕزگارکردنی عێراق و شامیشدا، هەرچەند کەمتەرخەمی لێدەر دەکەوت کە پاساو ولێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، هەندێك جار وایان دەگێڕایەوە کە لەبەر ئارەزوو وادەکات[٢٥]، بەلّام هەر لەسەر کار لای نەدەبرد، سەرزەنشتی دەکرد و وای بەباش دەزانی کە مانەوەی لە کەنارگیرکردنی قازانجی زیاترە، و کەسی تر

٢٤. رواه الترمذي(٣٨٠١)، وابن ماجه(١٥٦)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٥٣٧).

٢٥. بە هیچ شێوەیەك هاوەڵە بەڕێزەکانی پەیامبەری خودا ﷺ کاروبار و بەرپرسیارێتی گشتییان بۆ حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندی تایبەت بە کارنەهێناوە، بەلّام دەکرێت ئیجتیهاد و لێکدانەوەی هەڵە پوویدا بێت.(وەرگێڕ).

نەبوو وەکو ئەو جەنگەکان بەڕێوە ببات، ئەگەر کاربەدەستی گەورە بە سروشت نەرمونیان بوو پێویستە فەرمانبەرەکەی سروشتی توند بێت، وبە پێچەوانەشەوە ئەگەر کار بەدەستی گەورە بە سروشت توند بوو پێویستە سروشتی فەرمانبەرەکەی نەرمونیان بێت بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن و ڕاست ڕاوەستن، بۆیە ئەبوبەکر مانەوەی خالدی پێ باش بوو بەڵام عومەر لابردنی و دانانی ئەبوعوبەیدەی لە شوێنی پێ باش بوو، چونکە خالد توند بوو وەکو عومەر وئەبو عوبەیدەش نەرمونیان بوو وەکو ئەبوبەکر، بۆیە واباش بوو هەریەکەیان ئەوەی کە پێیان باش بوو بە فەرمانبەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی فەرمانەکان بە دادگەرانە بەڕێوە بچن، بەوەش دەبنە جێنیشینی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دادپەروەر بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((أنا نبي الرحمة))[٢٦].

واتە: من پێغەمبەری ڕەحمەت و بەزەییم.

و((أنا نبي الملحمة))[٢٧].

واتە : من پێغەمبەری داستان و نەبەردیم.

هەروەها دەفەرموێت: ((أنا الضحوك القتّال))[٢٨].

واتە: من دەم بە پێکەنینی جەنگاوەرم.

ئوممەتەکەشی ئوممەتێکی دادگەر و مامناوەندە، خوا لە باسیاندا دەفەرموێت: ﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾(الفَتْح).

---

٢٦. رواه مسلم (٢٣٥٥).

٢٧. رواه أحمد(١٩١٢٤)، وابن حبان في صحيحه (٦٣١٤)، والطبراني، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١٤٧٣).

٢٨. ذكره ابن كثير في سورة التوبة في تفسيره قوله تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾(التَّوْبَة)، ولم يذكر له سنداً.

واتە: توندن لەگەڵ بێباوەڕان و لەگەڵ خۆیاندا بە بەزەیین.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٤﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: لەگەڵ باوەڕداراندا بێ فیز و سەرکزن، و بەهێز و توندن لەگەڵ بێباوەڕوان.

بۆیە کاتێک ئەبو بەکر و عومەر ﷺ بوونە جێنیشین پێکەوە وێنەی فەرمانڕەوایەکی تەواو بوون، و داد ئەوە بوو کەلە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ هەندێك جار لایەنگری نەرمونیانی یەکێکیانی دەکرد و هەندێك جار لایەنگری توندی ئەوی تر، و دەربارەیان دەفەرموێت: ((اقتدوا بالذين من بعدي أبي بكر وعمر))[٢٩].

واتە: شوێنی ئەو دووانەی دوای من بکەون ئەبوبەکر و عومەر ﷺ.

لە ئەبوبەکرەوە ﷺ لە شەڕی دژی هەڵگەڕاوەکان بەجەرگییەکی وادەرکەوت، کە لە عومەر ﷺ و هیچ هاوەڵێکی تر دەرنەکەوت، ئەگەر فەرمانڕەوایی پێویستی بە پیاوی زۆر دەستپاك بوو پێویستە ئەمانەت پارێزێك پێش بخرێت بۆ پارێزگاری لە مالّ و هاوشێوەکانی، بەڵام ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی مالّ و پارێزگاری کردنی بوو پێویستە کەسێکی بە هێزی تیادا بکرێت بە کاربەدەست بۆ کۆکردنەوە و دەرهێنانی ولە هەمان کاتدا ئەمینداریش بێت و بیپارێزێت بە پسپۆری و ئەمانەت پارێزییەکەی، هەروەها کاربەدەستی جەنگ، ئەگەر کاربەدەستی گەورە فەرمانیدا بە ڕاوێژکاری کەسانی زانا ولە خواترس ئەوا دوو سوودی کۆکردووەتەوە، هەروەها لە هەموو ئیش و کارێکدا ئەگەر زانرا کارەکە بەیەك کەس بەڕێوە ناچێت دەتوانرێت کارەکە بە زیاتر لە کەسێك بسپێردرێت، لەم حاڵەشدا باشترینەکە دەست ڕۆیشتووتر دەکرێت.

٢٩. رواه الترمذي (٣٦٦٣)، وابن ماجه(٩٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١١٤٢).

لـه ناوبـژیوانی و دادوەری، زانـاترین و دونیـا نەویستترین و لێهـاتووترین پـێش دەخرێت، ئەگەر یەکێك زانا بوو و ئەویتر دونیا نەویست، ئەگەر پرسەکە "ڕوون و دیار بوو ترسی تێکەڵاوبوونی ئارەزووی لێدەکرا" دونیا نەویستەکە پـێش دەخرێت، بـەڵام ئەگەر پرسەکە "نادیار بوو و ترسی لێ تێك چوونی لێدەکرا" زاناکە پێش دەخرێت، لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله يحب البصر النافذ عند ورود الشبهات، ويحب العقل الكامل عند حلول الشبهات))[٣٠].

واتە: لە کاتی هەبوونی گوماندا خوا بینەری وردکاری پێخۆشە، ولە کـاتی هـەبوونی ئارەزووەکان دا خوا ژیرێکی تەواوی پێخۆشە.

ئەم دووانە پێش دەخرێن بەسەر لێهاتوودا، ئەگەر دادوەر پشتگیری تەواوی لێ کـرا لە لایەن کاربەدەستی جەنگەوە یان لەلایەن کاربەدەستی گەورەوە.

لێهاتوو پـێش دەخرێت ئەگـەر دادوەری پێویستی بـەتوانایی و لێهـاتوویی هـەبوو، چونکە لەم کاتەدا بەهێزی پێویست تیرە لە زانست و دونیـا نەویستی، دادوەری ڕەهـا (مطلق) پێویستە زانا و دادپەروەر و بەتواناش بێت، هـەروەها هـەموو کاربەدەسـتێکی موسـڵمانان، ئەگـەر هەریەکـە لـەو خەسـڵەتانەی نـەبێت کـەموکورتی لـە کارەکەیـدا دەردەکەوێت.

لێهاتوویی یان بەهێز و ترساندن دەبێت یان بە چاکە وێسـتی دەبێـت، ولـە ڕاسـتیدا هەردووکیان پێویستە، پرسیار لە زانایەك کراوە: ئەگەر کەست دەست نەکـەوت ببێتـە دادوەر، جگـە لـە کەسـێکی زانـای تاوانبـار و نـەزانێکی لـە خـوا تـرس، کامیـان پـێش

٣٠. أورده الحافظ ابن حجر في كتابه (المطالب العالية) ونبه عليها أنها موضوعة كلها، وقال الألباني في (الأحاديث الضعيفة)(ص١٣): ومما يحسن التنبيه عليه أن كل ما ورد في فضل العقل من الأحاديث لا يصح منها شيء وهي تدور بين الضعيف و الموضوع وقد تتبعت ما أورده منها أبو بكر بن أبي الدنيا في كتابه (العقل وفضله) فوجدتها كما ذكرت لا يصح منها شيء.

دەخرێت؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر پێویستی بە ئایین زیاتر بوو بە هۆی زۆری خراپەوە، لە خوا ترسەکە پێش دەخرێت، ئەگەر پێویستی بە زانست زیاتر بوو لەبەر دیارنەبوونی فەرمانەکان زاناکە پێش دەخرێت، زۆربەی زانایان لە خوا ترس پێش دەخەن، چونکە پێشەواکان کۆڕان لەسەر ئەوەی کەسێك ببێتە کاربەدەست پێویستە دادوەر بێت و خاوەن بەڵێن بێت، و جیاوازن لە مەرجی زانست، ئایە پێویستە موجتهدبێت؟ یان دروستە لاساییکەرەوە (مقلد) بێت؟ یان پێویستە شیاوترین کەسی بەردەست بەکاربهێنرێت؟ زانایان سێ بۆچوونیان هەیە، ئێرە شوێنی درێژە پێدانی نییە، لەگەڵ ئەوەی کە دروستە کەسی نەشیاو کاربگرێتە دەست لەبەر پێویستیەك، ئەگەر لەو باشتر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەوڵی چاککردنی ژیانی خەڵکی بدرێت، هەتا خەڵکی ئەوەی کە پێویستیانە بە دەستی بهێنن، لە کاربەدەستان و فەرمانڕەواکان.

وەك چۆن کەسێکی قەرزار کە ناتوانێت قەرزەکەی بداتەوە پێویستە هەوڵی دانەوەی بدات، ئەگەرچی لەو کاتەدا تەنها ئەوەی لە توانایدایە داوای لێ دەکرێت، هەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ تێکۆشان پێویستی بەهێز کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئەسپ وسواربیەکان هەیە، بەڵام لەسەر کەسێك کە نەتوانێت پێویست نییە، چونکە هەرشتێك فەرمانێك تەواو بکات ئەو شتە پێویست دەبێت، بەپێچەوانەی حەج و هاوشێوەکانی، لەبەر ئەوەی ئەم فەرمانە بە خۆی نەبێت تەواو نابێت.

بەشی ناسینی باشترین

گرنگترین شت لەم بەشە ناسینی باشترینە، ئەوەش بە زانینی مەبەستی کاربەدەستی دەبێت، و ناسینی ڕێگای مەبەست، ئەگەر مەبەستەکان و هۆیەکانی زانران فەرمانەکە بە باشی بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە بەرئەوەی زۆربەی پادشاکان مەبەستیان دونیایە نەک ئایین، کەسانێك پێش دەخەن کە یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەو مەبەستانە، هەرکەسێك داوای سەرۆکایەتی بۆ خودی خۆی بکات، حەز دەکات کەسانێك ببنە کاربەدەستی کە هاوکاری سەرۆکایەتییەکەی بکەن، و سوننەت وایە ئەو کەسەی نوێژی هەینی و نوێژی بە کۆمەڵ بۆ موسڵمانان دەکات و گوتاریان بۆ دەخوێنێت، هەر ئەوانە پێشەوای جەنگ و کاربەدەستی سوپابن، لەبەر ئەوە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوبەکری لە نوێژدا پێش خست موسڵمانان هەڵیانبژارد بۆ کاربەدەستی جەنگ و هەموو ئیش و کارەکانیان.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر کەسێکی بکردایەتە کاربەدەستی جەنگ، هەر ئەو پێش نوێژی بۆ دەکردن، کەسێکی بکردایەتە جێگر بەسەر شارێکەوە، وەك چۆن عتابی کوڕی ئوسیدی بەکارهێنا لەسەر مەککە و عوسمانی کوڕی ئەبوالعاص لەسەر تائیف و عەلی و موعاز و ئەبوموسی لەسەر یەمەن و عەمری کوڕی حەزم لەسەر نەجران، هەر ئەوان پێش نوێژیی بۆ خەڵك دەکرد و سنوورە شەرعییەکانیان جێبەجێ دەکرد (إقامة الحد)، هەروەها شتەکانی تر، کە سەرکردەکانی جەنگ پێی هەڵدەستان، و جێنشینەکانی دوای خۆی و پادشا ئومەویەکان و هەندێك لە عەباسیەکان هەروایان دەکرد، لەبەر ئەوە گرنگترین ئیشەکانی ئایین نوێژ و جیهاد وتێکۆشانە، لەبەر ئەوەشە زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی نوێژ وجیهاد وتێکۆشانەوەیە، کاتێك سەردانی نەخۆشێکی بکردایە دەیفەرموو: ((اللهم أشف عبدك، يشهد لك صلاةً، وينكأ لك عدواً))[٣١].

٣١. رواه أبوداود(٣١٠٧)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع)(٤٦٦).

واتە: پەروەردگار بەندەکەت چارەسەر بکە بۆ ئەوەی نوێژت بۆ بکات و بەڵا و شکست بەسەر دوژمنەکانتا بهێنێت.

کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ موعازی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: ((یا معاذ إن أهم أمرك عندي الصلاة))[٣٢].

واتە: ئەی موعاز گرنگترین کاری تۆ لای من نوێژە.

عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه بۆ کاربەدەستەکانی دەنووسی: (گرنگترین کارەکانی ئێوە لای من نوێژە، ئەوەی نوێژەکانی بپارێزێت ئایینی پارێزراو دەبێت، وئەوەی لە دەستیان بدات ئەوە کارەکانی تری زۆر بەئاسانی لە دەست دەدات)، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((الصلاة عماد الدين))[٣٣].

واتە: نوێژ کۆڵەکەی ئایینە.

ئەگەر فەرمانبەر پارێزگاری لە کۆڵەکەی ئایینەکەی کرد، نوێژ دووری دەخاتەوە لە کار و قسەی خراپ، و نوێژ پاڵنەری خەڵکە بۆ ئەنجامدانی کارە باشەکانی تر، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: پەنا ببەنە بەر ئارامگرتن و نوێژ، بەڕاستی نوێژ شتێکی ئاسان نییە و گەورەیە لای کەسە ملکەچەکان نەبێت بۆ فەرمانی خوا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾﴾(البَقَرَة).

---

٣٢. ضعفه الألباني في (مشكاة المصابيح)(١/١٢٩)، موقوفاً عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه .

٣٣. رواه الديلمي (٢/٢٥٥)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٣٥٦٦،١٧٠)، و(الضعيفة)(٨/٢٧٦).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پەنا ببەنە بەر ئارامگرتن و نوێژ بەڕاستی خوا لەگەڵ ئارامگراندایە.

وبە بەندە و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت: ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾﴾(طه).

واتە: فەرمان بەکەسوکارت بکە بە نوێژ وخۆیشت ئارام بگرە لەسەر ئەنجامدانی بەو شێوەیەی فەرمانت پێکراوە، داوای ڕۆزیت لێ ناکەین ئێمە ڕۆزیت دەدەین و پاشەڕۆژیش بۆ پارێزکارانە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ﴿٥٨﴾﴾(الذَّارِيَاتِ).

واتە: من مرۆڤ و جنم دروست نەکردووە بۆ پەرستنم نەبێت، ڕۆزیم لێیان ناوێت و نامەوێت نان بدەن، پەروەردگار ڕۆزیدەرە وخاوەنی توانا وهێزی پتەوە ودەسەلاتە.

مەبەستی لەکاربەدەستی: چاککردنی ئایینی خەڵکە هەرکاتێك لە دەستیان چوو ئەوا دۆڕانێکی ئاشکرا دۆڕاون، هیچ خۆشی و ئاسودەییەکی دونیا سوودیان پێناگەیەنێت، ئایین بە دوو شت لە ئیشوکاری دونیا پیادە دەکرێت: دابەش کردنی مالێ لە نێوان شایستەکان، و سزادانی دەست درێژیکاران، ئەوەی دەست درێژیکار نەبێت ئایین و دونیای باش دەبێت، لەبەر ئەوە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەڵێت: (من فەرمانبەرەکانم ناردووە بۆ ئێوە، بۆ ئەوەی فێری کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرتان ﷺ بکەن، وئەو شتانە دابەش بکەن بە سەرتاندا کەلە جەنگدا دەستتان دەکەوێت)، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستان گۆڕاون لەلایەك و خەڵکیش لەلایەکی تر، کارەکان پێچەوانە بۆونەتەوە، ئەگەر کاربەدەست هەوڵی چاککردنی ئایین و دونیای

خەڵکیدا بە گوێرەی توانا، ئەو کەسە باشترین کەسی سەردەمەکەیەتی، و باشترین تێکۆشەری ڕێگای خوایە، گێڕدراوەتەوە: ((يوم من إمام عادل، خيرٌ من عبادة ستين سنة))[٣٤].

واتە: ڕۆژێکی دادوەرانە لە کاربەدەستێکەوە، باشترە لە خوا پەرستی شەست ساڵ.

لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەد دا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((أحب الخلق الى الله إمام عادل، وأبغضهم إليه إمامٌ جائر))[٣٥].

واتە: خۆشەویسترین کەس لای خوا کاربەدەستێکی دادپەروەرە، و بێزراوترینیان کاربەدەستێکی ستەمکارە.

لە هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل إلا ظله، إمامٌ عادل، وشاب نشأ في طاعة الله، ورجلُ قلبه معلق بالمساجد إذا خرج منه حتى يعود إليه، ورجلان تحابا في الله، إجتمعا على ذلك وتفرقا عليه، ورجل ذكر خالياً ففاضت عيناه، ورجل دعته إمرأة ذات منصب وجمالٍ فقال: إني أخاف الله رب العالمين، ورجل تصدق بصدقةٍ فأخفاها، حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمنه))[٣٦].

واتە: حەوت کەس خوا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەری عەرشی ئەو، کاربەدەستێکی دادپەروەر، و گەنجێك لە گوێڕایەڵی خوا دا پێگەیشتبێت، و پیاوێك دڵی وابەستەی مزگەوت بێت کاتێك لێی

---

٣٤. رواه الطبراني في المعجم الكبير(٣٣٧/١١)، والبيهقي في شعب الايمان (٧٣٧٩)، وضعفه الألباني في (ضعيف الترغيب)(١٣١٧).

٣٥. رواه الترمذي (١٣٢٩)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(١٣٦٣).

٣٦. رواه البخاري(٦٦٠)، ومسلم(١٠٣١).

دەردەچێت هەتاکو دەگەڕێتەوە بۆی، و دووکەس یەکتریان لەبەر خوا خۆش بوێت، لەسەر ئەوە کۆببنەوە و لەسەر ئەوەش جیابنەوە، و کەسێك بە تەنها یادی خوا بکات و چاوەکانی فرمێسك بڕێژن، و پیاوێك ئافرەتێکی خاوەن دەسەلآت ودەولەمەند و جوان بانگی بکات بۆ کاری خراپ بڵێ من لە خوا دەترسم، و کەسێك مالێك ببەخشێت و بیشارێتەوە، دەستی چەپی نەزانێت بەدەستی ڕاستی چی بەخشیوە.

لە صەحیحی مسلم لە عیازی کوڕی حمارەوە ﷺ هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أهل الجنة ثلاث: ذوسلطان مقسط، ورجلٌ رحيم رقيق القلب بكل ذي قربى ومسلمٍ، ورجلٌ غنيٌ عفيف متصدق))[٣٧].

واتە: خەڵکی بەهەشت سێ جۆرە کەسن: خاوەن دەسەلآتێکی دادپەروەر، و پیاوێکی میهرەبانی دڵ نەرم بەرامبەر هەموو خزم و موسڵمانێك، و پیاوێکی دەولەمەندی دەستپاکی چاکەکار .

لە سونەنەکاندا لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەفەرموێت: ((الساعي على الصدقة بالحق كالمجاهد في سبل الله))[٣٨].

واتە: ئەو کەسەی هەوڵی کۆکردنەوەی مالّی خێر دەدات بە حەق وەکو تێکۆشەری ڕێگای خوایە.

خوای پەروەردگار کاتێك فەرمان بە تێکۆشان دەکات دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ﴾(الأنفال).

واتە: لەگەڵ بێباوەڕاندا بجەنگن هەتاکو هاوبەش بڕیاردان لەناودەچێت و بنبڕ دەبێت و ئاشوبیان نامێنێت، و ئایندارى هەمووى بۆ خودا بێت وخەڵك ملکەچی فەرمانەکانی خودا دەبن.

---

٣٧. رواه مسلم (٢٨٦٥).

٣٨. رواه أبوداود (٢٩٣٦)، والترمذي(٦٤٥)، وابن ماجه (١٨٠٩)، وقال الألباني في (صحيح الترغيب)(٧٧٣): حسن صحيح.

به پێغەمبەری خوا ﷺ گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێك دەجەنگێت لەبەر بەجەرگی یان لەبەر دەمارگیری یان لەبەر ڕووپامایی کام لەوانە لە ڕێگای خوایە؟ فەرمووی: ((من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله))[٣٩].

واتە: هەرکەس بجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز و بڵند بێت ئەوە لە ڕێگای خوایە.

مەبەست ئەوەیە ئایین هەمووی بۆ خوا بێت، و وشەی خوا بەرز و بڵند بێت، (كلمة الله) ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو وشانەی کە قورئان لە خۆی گرتوون، هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ ٢٥﴾(الحَدِيد).

واتە: ئێمە پێغەمبەرانمان ناردووە بە بەڵگەی ڕوون وئاشکرا و بەواندا کتێب و پێوەری دادپەروەریمان ناردووە، بۆ ئەوەی خەڵکی بەداد بەڕێوەبەرن.

واتە: مەبەست لە ناردنی پێغەمبەران و دابەزینی کتێبەکان بۆ ئەوەیە خەڵك دادوەرانە بەڕێوە ببرێن، لە مافەکانی خوا و مافی خەڵکیش.

دوای ئەوەش خوا ﷻ دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ ٢٥﴾(الحَدِيد).

واتە: ئاسنمان ناردووەتە خوارەوە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی ڕێگرن لە ڕێگای ڕاست، و بۆ سود و قازانجی خەڵکی، بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کە کێ مەبەستی سەرخستنی خوا وپێغەمبەرەکەیەتی ﷺ بە پەنهان.

---

٣٩. رواه البخاري (١٣٢)، ومسلم (١٩٠٤).

ئەوەی لە قورئان دەربچێت دەهێنرێتەوە سەر بنچینە ڕاستەکەی، لەبەر ئەوەشە بەڕێوەچوونی ئایین بە قورئان و شمشێرە.

لە جابری کوڕی عبداللەوە ﷺ دەگێڕنەوە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردین بەمە "واتە: بە شمشێر" بدەین لە هەرکەسێك پشت لەمە دەکات "واتە: قورئان".

ئەگەر ئەوە مەبەستەکە بوو پشت بە شیاوترین کەس بۆ ئەو مەبەستە دەبەستڕێت، وسەیری ئەو دوو کەسە دەکرێت، کامیان نزیکتر بوو لەو کارە دەکرێت بەکار بەدەست، بۆ نموونە ئەگەر کارەکە تەنها پێش نوێژی بوو، ئەو کەسە پێش دەخرێت کە پێغەمبەر ﷺ پێشی خستووە وەك دەفەرموێت: ((يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله، فإن كانوا في القراءة سواء فأعلمهم بالسنة، فإن كانوا في السنة سواء فأقدمهم هجرة، فإن كانوا في الهجرة سواء فاقدمهم سناً، ولا يؤمن الرجل الجل في سلطانه، ولا يجلس في بيته على تكرمته إلا بإذنه))[٤٠].

واتە: کەسێك پێش نوێژی کۆمەڵێك دەکات کە لە هەموویان زیاتر قورئانی لەبەر بێت، ئەگەر لە قورئان لەبەر کردن وەك یەك بوون کامیان زاناتر بوو بە سوننەت، ئەگەر لە سوننەتیش وەك یەك بوون کێ زووتر کۆچی کردبێت، ئەگەر لەوەشدا وەك یەك بوون کێ لە تەمەندا گەورەتر بوو پێش دەخرێت، و هیچ کەسێك پێش نوێژی کەسێك نەکات لە ماڵی خۆیدا، و دانەنیشێت لە شوێنی تایبەتی خاوەن ماڵەکەدا بە ڕوخسەتی ئەو نەبێت.

ئەگەر دوو پیاو وەك یەك لێهاتوو بوون، و نەزانرا کامیان باشترە، تیروپشك دەکرێت لە نێوانیان، وەك چۆن سەعدی کوڕی ئەبووەقاص تیروپشکی کرد لەنێوان خەڵکدا لە ڕۆژی قادسیە، کاتێك لەسەر بانگدان بووە دەمەقاڵەیان، بەکارکردن بەو

٤٠. رواه مسلم (٦٧٣).

فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە دەفەرموێت: ((لو يعلم الناس ما في النداء والصف الأول، ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا))[٤١].

واتە: ئەگەر خەڵکی بزانن چی پاداشتێك لە ڕیزی یەکەم و بانگداندا هەیە، ئینجا ئەوەیان دەست نەکەوێت بە تیروپشك نەبێت ئەوا تیروپشکیان بۆ دەکرد.

ئەگەر پێشخستن بە فەرمانی خوا بوو بە ئاشکرا، یان بەکردەوە "بەتیروپشك کاتێك شاراوە بوو" ئەوە کاربەدەست ئەو ئەمانەتەی کە لەسەرییەتی لە فەرمانڕەوایەتی دا لە جێگەی خۆی داناوە.

٤١. رواه البخاري(٦١٥)، ومسلم(٤٣٧).

بەشی سامان و داهات

بابەتی دووەم لە کاربەدەستی و ئەمانەت: بریتییە لە سامان و داهات، وەک پەروەردگار لەسەر قەرز دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ ﴿٢٨٣﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: ئەگەر ئەو کەسەی قەرز دەکات و ئەوەش قەرزی لێدەکرێت متمانە هەبوو لە نێوانیاندا، بائەو کەسەی ئەمانەتەکەی پێدراوە بیداتەوە ولە خوا بترسێت و پارێزکاربێت.

کاڵا و قەرزی گشتی و تایبەت لەم بابەتەیە، بۆ نموونە گەڕانەوەی ئەمانەت، و مالّی هاوەڵ (شریك)، و مالّی بریکار، و مالّی کەسێك کە پارەیەکت بداتێ ئیشوکاری پێبکەیت، و مالّی ئەو کەسەی دەبێتە سەرپەرشتیار بەسەرییەوە لە مالّی هەتیو و مالّی خێر و چاکە و هاوشێوەکانی، ودانەوەی قەرزی فرۆشراو، و بارمتەی لەبری قەرز وەرگیراو، و مارەیی ئافرەت، و کرێی ئەو شتانەی کە سودیان لێ وەردەگیرێت..هتد.

خوا ﷻ دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا ﴿١٩﴾ إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾ إِلَّا ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٢٢﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَآئِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَٱلَّذِينَ فِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿٢٥﴾﴾ هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ﴿٣٢﴾﴾(المَعَارِج).

واتە: بەڕاستی مرۆڤ بەشێوەیەك دروستکراوە کە خراپەی تووش بوو بێزار و دڵتەنگ دەبێت، و ئەگەر تووشی خێر وچاکە بوو ڕژدی دەکات، ئەو کەسانە نەبێت کە نوێژ دەکەن و لەسەری بەردەوامن و زەکاتی مالّ و سامانەکەیان دەردەکەن و دەیدەن بەو کەسانەی داوایان لێ دەکەن لەبەر نەبوونی و ئەوانەش کەبێ مالّ و سامانن... هەتا... ئەو کەسانەش پارێزگاری ئەمانەتەکانیان دەکەن و بەڵێنەکانیان دەپارێزن.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥﴾(النِّسَاءِ).

واتە: ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندووین بە حەق بۆ ئەوەی دادوەری بکەیت لە نێوان خەڵک بەوەی کە خوا فێری کردووین، وبەهیچ شێوەیەك پشتگیری وداکۆکی لە ناپاکان مەکە.

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ((أدِّ الأمانة إلى من ائتمنك، ولا تخن من خانك))[٤٢].

واتە: ئەمانەت بدەوە دەستی ئەو کەسەی لای داناویت، و ناپاکی مەکە لەگەڵ کەسێك کە ناپاکیت لێدەکات.

دیسانەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((المؤمن من أمنه المسلون على دمائهم وأموالهم، والمسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، والمهاجر من هجر مانهى الله عنه، والمجاهد من جاهد نفسه في ذات الله))[٤٣].

واتە: باوەڕدار کەسێکە کە موسڵمانان ئەمینبن لێی لە خوێن و ماڵیان، و موسڵمان دەبێت موسڵمانان لەدەم و دەستی پارێزراوبن، و کۆچکەر کەسێکە کە دوور بکەوێتەوە لەوەی خوا پێی ناخۆشە، و تێکۆشەر کەسێکە تەنها لەبەر خوا تێبکۆشێت.

---

٤٢. ورواه أبوداود(٣٥٣٥)، والترمذي(١٢٦٤)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٢٤٠).

٤٣. قوله: ((المؤمن من أمنه المسلون على دمائهم وأموالهم)) رواه الترمذي(٢٦٢٧)، والنسائي(٤٩٩٥)، وصححه الألباني في صحيح الجامع(٦٧١٠)، قوله: ((المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، والمهاجر من هجر مانهى الله عنه)) رواه البخاري(١٠) واللفظ له، ومسلم(٤٠)، وقوله: ((المجاهد من جاهد نفسه في ذات الله)) صححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦٦٧٩) دون قوله: ((في ذات الله)).

ئەو فەرموودەیە صەحیحە و بەشێکی لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە و بەشەکەی تری لە سوننەنی ترمزیدا هاتووە، و پێغەمبەری خوا ﷺ دیسان دەفەرموێت: ((من أخذ أموال الناس يريد أداءها أداها الله عنه، ومن أخذها يريد إتلافها أتلفه الله))[٤٤].

واتە: هەر کەسێك مالّی خەڵکی ببات وبیەوێت بیداتەوە خوا دانەوەی بۆ ئاسان دەکات، وهەرکەسێك بیەوێت بە فیڕۆی بدات خوا لە ناوی دەبات.

ئەگەر خوا پێویستی کردبێ ئەو ڕاسپاردانەی کەبە ئاسایی دەبڕێن بەباشی بدرێنەوە، سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە داگیرکراو و دزی و ناپاکی و هەر ستەمێکی تر پێویستترە بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، هەروەها شتە خوازراوەکان (استعارە)، وپێغەمبەری خوا ﷺ لە گوتاری حەجی مالّ ئاوایيدا فەرمووی: ((العارية مؤداة، والمنحة مردودة، والدين مقضي، والزعيم غارم، إن الله قد أعطى كل ذي حق حقه، فلا وصية لوارث))[٤٥].

واتە: ئەو شتەی دەخوازرێت (استعارە) دەبێت بدرێتەوە، و ئەو شتەی بۆ ماوەیەکی کاتی دەبرێت و سودی لێوەردەگیرێت دەبێت بگەڕێنرێتەوە، و قەرز دەدرێتەوە، و ئەو کەسەش دەبێتە بریکاری قەرزارێك بەرپرسە و قەرزارە هەتاکو قەرزارەکە قەرزی خاوەنەکەی دەداتەوە، بەڕاستی خوا مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە و میراتگران وەسیەتیان بۆ ناکرێت.

ئەم بەشە کاربەدەستان و خەڵکیش دەگرێتەوە، هەریەکەیان پێویستە ئەو ئەرك و مافانەی لەسەریانە بە باشی ڕابپەڕێنن، لەسەر خاوەن دەسەڵات و کاربەدەستەکانی لە مالّ بەخشیندا پێویستە مافی هەموو خاوەن مافێك بدەن، و خەزنەدارەکانی وەك

---

٤٤. رواه البخاري(٢٣٨٧).

٤٥. رواه أبوداود(٣٥٦٥)، والترمذي(٢١٢٠)، وابن ماجه(٢٣٩٨، ٢٧١٣)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود).

سەرۆك دیوان پێویستە ئەوەی لەسەریانە بەرامبەر بەکاربەدەست بە باشی پایپەڕێنن، و لەسەر خەڵك پێویستە ئەو مافانەی لەسەریانە بەجێیان بهێنن، بۆ خەڵك نییە داوای سامان و پارەیەك بكەن لە كاربەدەستان كە شایەنی نەبن، ئەگەرنا لەو چینە خەڵكە دەبن كە خوا پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنْهَآ إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُواْ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَقَالُواْ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: كەسانێك لە دووڕووەكان توانج و تانەت لێدەدات و ڕەخنەت لێدەگرن دەربارەی دابەشكردنی زەكات و دەستكەوتەكانی جەنگ، ئەگەر بەشیان بدرێت ڕازی دەبن، و ئەگەر بەشیان نەدرێت تووڕە دەبن، ئەگەر ڕازی بوونایە بەو بەشەی كە خودا و پێغەمبەرەكەی پێیان بەخشین، و بیانگوتایە : تەنها خودامان بەسە، خودا لە فەزڵی خۆی پێمان دەبەخشێت، و پێغەمبەری خوداش لە زەكات و دەستكەوت بەشمان دەدات، بێگومان ئێمە پێمان خۆشە و مەبەستمانە خودا بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندمان بكات وله خەڵك بێ نیازمان بكات، ئەوە باشتربوو بۆیان .

دوای ئەوە پەروەردگار ڕوونی دەكاتەوە كە ئەو ماڵە بۆ كێیە: ﴿۞إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾﴾(التَّوْبَة) .

واتە: زەكات تەنها بۆ هەژاران، و دەستكورتان، و ئەوانەی كۆی دەكەنەوە و ئیشی لەسەر دەكەن، و ئەوانەی دڵیان ڕادەگیرێت، و ئازاد كردنی كۆیلە، و قەرزار، و ئەوانەی جیهاد دەكەن و تێدەكۆشن لە پێناوی ڕێگای خودا، و ڕێبوارانە، خودا

زەکاتی فەرز وپێویست کردووە، وخودا زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکانی ودانای کارلەجێیە لە فەرمانەکانی.

ئەوانەی مافی کاربەدەستان بەسەریانەوەیە پێویستە بەجێی بهێنن، ئەگەرچی کاربەدەستەکە ستەمکاریش بێت، وەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک باسی ستەمی کاربەدەستان دەکات دەفەرموێت: ((أدوا إليهم الذي لهم، فإن الله سائلهم عما إسترعاهم))[٤٦].

واتە: ئەوەی مافی ئەوانە لەسەرتانە بەجێی بهێنن، خواش پرسیاری ئەو مافانەی خەڵکیان لێ دەکات کە لە ئەستۆیانە.

ولە هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء، كلما هلك نبي خلفه نبي، وإنه لانبي بعدي وسيكون خلفاء كثيرون، قالوا فما تأمرنا؟ فقال: أوفوا ببيعة الأول فالأول، ثم أعطوهم حقهم فإن الله سائلهم عما إسترعاهم))[٤٧].

واتە: نەوەکانی ئیسرائیل پێغەمبەران سیاسەتمەدارییان بۆ دەکردن، هەرکاتێک پێغەمبەرێک وەفاتی بکردایەت، پێغەمبەرێکی تر جێگەی دەگرتەوە، ولە دوای من پێغەمبەر نایەت بەڵام جێنیشینێکی زۆر دێت، گوتیان: بەچی فەرمانمان پێدەکەیت؟ فەرمووی: دەست بە بەڵێنی یەکەمەوە بگرن، ومافیان بدەن، چونکە خوا پرسیاری مافی خەڵکیان لێدەکات.

دیسان لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إنكم سترون بعدي، أثرة وأموراً تنكرونها: قالوا فما تأمرنا به يارسول الله؟ قال: أدوا إليهم حقهم وأسالوا الله حقكم))[٤٨].

---

٤٦. رواه البخاري(٧٠٥٢)، ومسلم(١٨٤٣).

٤٧. رواه البخاري(٣٤٥٥)، ومسلم(١٨٤٢).

٤٨. رواه البخاري(٣٦٠٣)، ومسلم(١٨٤٣).

واتە: دوای من خۆ ویستی و کۆمەڵە کردەوەیەك دەبینن کە پێتان ناخۆش دەبێت، گوتیان: بەچی فەرمانمان پێدەکەی ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: مافەکانی ئەوان بدەن، و داوای مافی خۆتان لە خوا بکەن.

بۆ کاربەدەستان نییە مالّ و سامان بەپێی حەز و ئارەزووی خۆیان دابەش بکەن، وەك چۆن خاوەن موڵك موڵکەکەی دابەش دەکات، چونکە ئەوان ئەمینەدار و جێگر و بریکارن نەك خاوەن موڵك، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إني والله لا أعطي أحداً ولا أمنع أحداً، وإنما أنا قاسم أضع حيث أمرت))[٤٩].

واتە: سوێند بە خوا من بەشی کەسێك نادەم ولە کەسیش ناگرمەوە، چونکە من تەنها دابەشکەرێکم چۆن فەرمانم پێکرا ئەوە دەکەم.

لە ئەبوهورەیرەشەوە رضي الله عنه فەرموودەیەکی نزیك لەمە گێڕدراوەتەوە، ئەوە پێغەمبەری خوای هەموو دروستکراوەکانە بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە پێدان وپێنەدانی سامان بە خواست و ویست و هەڵبژاردنی خۆی نییە، وەك چۆن خاوەن سامان ڕەوایە بۆی هەڵسوکەوت لە سامانی خۆیدا بکات، یان وەك پادشاکان هەرکەسێکیان خۆش بوێت بەشی دەدەن، و ڕقیان لە هەرکەسێك بێت لێی دەگرنەوە، چونکە ئەو بەندەی خوایە سامان بە فەرمانی خوا دابەش دەکات و چۆن خوا فەرمانی پێبکات ئەوە دەکات.

پیاوێك بە عومەری کوڕی خەتابی رضي الله عنه گوت: ئەی فەرمانڕەوای بڕواداران، بۆچی کەمێك زیاتر لە مالّی خوا بۆ خۆت خەرج ناکەیت، ئیمامی عومەر گوتی: دەزانی نموونەی من و خەڵك چۆنە؟! وەك کۆمەڵە خەڵکێك وایە لە سەفەرێکدا پێکەوەبن و پارەیەك لە یەکتر کۆ بکەنەوە، و بیدەنە دەستی یەکێکیان خەرجی بکات بۆیان، ئایا دروستە ئەو کەسە بڕێك لەو پارە بۆ خۆی پاشەکەوت بکات؟.

---

٤٩. رواه البخاري(٣١١٧).

جارێك مالێكی زۆری پێنج یەكیان بۆ عومەر ﷺ هێنا گوتی: خەڵكێكی دەستپاك ئەم ئەمانەتەیان گەیاندە دەستی ئەمانەت پارێزێك، خەڵكێك كە لەوێ ئامادە بوون پێیان گوت: تۆ ئەمانەتی خوات پاراستوە، بۆیە خەڵكیش ئەمانەتەكانی تۆ دەپارێزن، و ئەگەر تۆ بەو بەسەر ئەو ماڵەوە كەیف و سەفا و خۆشگوزەرانیت بكردایە، ئەوانیش وایان دەكرد.

پێویستە بزانرێت كاربەدەستی وەك بازارێك وایە، هەرچی لەو بازارەدا بە بڕەو بوو پێویستە كاربەدەستان بۆی بهێنن، وەك عومەری كوڕی عبدالعزیز ﷺ دەڵێت: ئەگەر لای كاربەدەستان ڕاستگۆیی و چاكەكاری و داد پەروەری و ئەمانەت پارێزی باو بوو، توشی ئەوانە دەبن، بەڵام ئەگەر درۆ و خراپەكاری و ستەم و ناپاكی باو بوو، بێ گومان توشی ئەوانە دەبن، و ئەوەی لەسەر كاربەدەستان پێویستە مالّ و سامان بەڕەوایی وەربگرن، ولە كوێدا پێویست بوو خەرجی بكەن، ولە ئەو كەسانەی نەگرنەوە كە شایستەین، عەلی كوڕی ئەبوتالب ﷺ ئەگەر پێیان ڕابگەیاندایە كە یەكێك لە كاربەدەستەكانی ستەمی كردووە، دەیگوت: پەروەردگار من فەرمانم پێ نەداون ستەم لە بەندەكانی تۆ بكەن و مافەكانی تۆ پێشێل بكەن.

بەشی سەرچاوەکانی سامانی دەوڵەت

مالّی دەوڵەت ئەوەی لە قورئان وسوننەتدا هاتووە سێ جۆرە:

دەستکەوتەکانی جەنگ، و مالّی خێر وچاکە، و ئەوەی بەبێ جەنگ لە مالّی دوژمنان دەستی بەسەر دا دەگیرێت (الفيء).

دەستکەوتەکانی جەنگ: بریتییە لەو سامانەی کەلە جەنگی دژی بێباوەڕاندا دەستی بەسەردا دەگیرێت، خوا لە سورەتی ئەنفالدا باسی کردووە، کەلە جەنگی بەدردا دابەزیوە وناوی ناوە (أنفال) چونکە مالّێکی زۆر بوو، دەفەرموێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ ﴿١﴾﴾(الآنفال).

واتە: پرسیاریان لێکردیت دەربارەی ئەنفال بڵێ: ئەو مالّە بۆ خوا وپێغەمبەرە ﷺ هەتا ئەوەی دەفەرموێت: ﴿۞وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٤١﴾﴾(الأنفال).

واتە: بزانن ئەوەی لە جەنگی بێباوەڕاندا دەستتان کەوتووە پێنج یەکی بۆ خوا و پێغەمبەر و خزمەکانییەتی ﷺ وبۆ هەتیوەکان وهەژاران وڕێبوارانە.

هەر لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٩﴾﴾(الأنفال).

واتە: ئەوەی لە جەنگدا دەستتان کەوتووە پاك وحەلاّلە بیخۆن ولە خوا بترسن و پارێزکاربن چونکە خوا لێبوردە و بەبەزەییە.

لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((أعطيت خمساً لم يعطهن نبي قبلي، نصرت بالرعب مسيرة الشهر، وجعلت الارض لي مسجداً وطهوراً فأيما رجل من أمتي أدركته الصلاة

فليصل، وأحلت لي الغنائم ولم تحل لأحد قبلي، وأعطيت الشفاعة، وكان النبي يبعث إلى قومه خاصة وبعثت إلى الناس عامة))[٥٠].

واتە: پێنج شتم پێ بەخشراوە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش من نەبەخشراوە: دوژمنانم لە دووری یەک مانگ رێگا لێم دەترسن، و زەویم بۆ کراوەتە مزگەوت وشوێنی نوێژ و پاککەرەوە، هەرکەس لە ئوممەتەکەم لە هەرشوێنێک کاتی نوێژ هات دەتوانێت نوێژ بکات، و دەست کەوتەکانی جەنگم بۆ حەڵاڵ کراوە، بۆ هیچ کەس پێش من حەڵاڵ نەبووە، و(شفاعە)م پێبەخشراوە، و هەموو پێغەمبەرانی پێش من تەنها بۆ گەلەکەی خۆیان دەنێردران، من بۆ هەموو خەڵک نێردراوم.

دیسان دەفەرموێت: ((بعثت بالسيف بين يدي الساعة، حتى يعبد الله وحدة لاشريك له، وجعل رزقي تحت ظل رمحي، وجعل الذل والصغار على من خالف أمري، ومن تشبه بقومٍ فهو منهم))[٥١].

واتە: لە نزیک دواڕۆژ نێردراوم بە شمشێر و جەنگ دژی بێبڕواکان، هەتا تەنها خوا بپەرسترێت و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدرێت، و ڕۆزیشم لە ژێر سایەی ڕمەکەمدایە، سوک و ڕیسوایی بۆ کەسانێکە کە پێچەوانەی فەرمانم دەکەن، و هەرکەسێک خۆی بچوێنێت بەهەر گەلێک ئەوە لەوانە.

ئەوەی پێویستە لە دەستکەوتی جەنگ پێنج یەکە، و ئەو پێنج یەکە دابەش دەکرێت بەسەر ئەو کەسانەی کە خوا باسی کردوون لە ئایەتەکەی سەرەوە، و ئەو چوار بەشەکەی تری بەسەر ئەو جەنگاوەرانەدا دابەش دەکرێت کە بە دەستکەوتیان گرتووە، عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەڵێت: دەستکەوتی جەنگ بۆ کەسانێکە کە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەکە بوون، ئەوکەسانەی کە ئامادەبوون بۆ جەنگ، جەنگابن

---

٥٠. رواه البخاري(٣٣٥)، ومسلم(٥٢١).

٥١. رواه أحمد(٥٠٩٣)، قال شيخ الإسلام: استشهد به البخاري، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٢٨٣١).

یان نا، بە یەکسانی لەنێوانیاندا دابەش دەکرێت، فەزڵی کەس بەسەر کەسی تردا نادرێت، نەلەبەر سەرۆکایەتی یان پەچەڵەك یان لەبەر چاکە و ناوداری، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکانی دابەشیان دەکرد.

لە صەحیحی بوخاری دا هاتووە سەعدی کوڕی ئەبووقاص رضي الله عنه واگومانی برد کە بەشی خۆی لە سەربازەکانی زیاترە، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((هل تنصرون وترزقون إلا بضعافكم))[٥٢].

واتە: ئایا ئێوە سەردەکەون و رۆزی دەدرێن ئەگەر لاواز وسەربازەکانتان نەبێت؟.

لە موسنەدی ئەحمەد دا هاتووە سەعدی کوڕی ئەبووقاص رضي الله عنه دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: کەسێك کۆمەڵێك دەپارێزێت، بەشەکەی ئەو و ئەوانی تر وەك یەکە؟ فەرمووی: ((ثكلتك ابن أم سعد، وهل ترزقون وتنصرون إلا بضعافكم))[٥٣].

واتە: لەباری دایکی سەعد بچوویتایە، ئایا ئێوە سەردەکەون و رۆزی دەدرێن ئەگەر لاواز وسەربازەکانتان نەبێت؟.

هەروەها دەستکەوتەکانی جەنگ دابەش دەکرا، لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و عەباسیدا، کاتێك موسڵمانان دەجەنگان لەگەڵ ڕۆم و تورك و بەڕبەڕ، بەڵام کاربەدەستی گەورە دەتوانێت بۆ هاندان کەمێك زیاتر بدات بە هەندێك کەس، بۆ نموونە بۆ تیپێك کە دزەیان کردبێتە ناو سوپای دوژمن، یان بۆ کەسێك سەرکەوتبێت و دەرگای قەڵای مۆڵگەی دوژمنانی کردبێتەوە، یان کەسێك پێشەوای دوژمنانی لەناوبردبێت و بە هۆیەوە دوژمنان شکستیان هێنابێت... هتد، چونکە پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکانی وایان دەکرد.

---

٥٢. رواه البخاري(٢٨٩٦).

٥٣. رواه البخاري مختصراً(٢٧٦٨).

لـه سـەرەتای جەنگـدا ئەگـەر تیپێـك دەسـتكەوتیان هەبووایـە چـواریەكی ئـەو دەستەكەوتە بۆ خۆیان دەبوو دوای دەرهێنانی پێنج یەكی، بـەڵام ئەگـەر تیپێك دوای كۆتایی هاتنی جەنگ شوێنی سوپای دوژمن بكەوێت و زەفەریان پێببات و شـتیان لـێ بە دەستكەوت بگرێت ئەوە سێیەكی بۆ خۆیان دەبێت دوای دەرهێنـانی پێـنج یـەكی، ئەمە جیاوازە لە بەشی خۆیان، و پشـكێكی زیـاترە، هەنـدێك لـە زانایـان دەڵـێن: ئـەو زیادەیە لەو پێنج یەكەیە كە بۆ دەوڵەت دادەنرێت، هەندێكی تریان دەڵێن: ئـەو زیـاتر پێدانە لە هەموو دەستكەوتەكەیە، لەبەر ئەوەی فـەزڵی جـەنگاوەرێك بەسـەر یـەكێكی تردا نەدرێت، بەڵام ئەوەی پەسـەندە دروسـتە لـەو چـوار بەشـە بێـت كـە تایبەتـە بـە جەنگاوەران ئەگەرچی ئەوە جیاوازیە لە نێوانیاندا، بـەڵام دەبێـت لەبـەر بەرژەوەنـدی ئایینی بێت نەك حەز و ئـارەزوو، وەك چـۆن پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـەند جارێـك وای كردووە، ئـەوە بۆچـوونی زانایـانی شـام و ئەبوحەنیفـە و ئەحمـەد و زانایـانی تریشـە، ولەسەر ئەمە گوتراوە: كاربەدەست دەتوانێت چواریەك یان سـێ یـەك زیـاتر بـدات بـە مەرج بێت یان بێ مەرج، بۆ نموونە ئەگـەر بڵێـت: ئـەوەی ئاسـانكاریمان بـۆ بكـات بـۆ چوونە ناو مۆڵگەی دوژمن ئەوەندە پاداشت دەدرێتەوە، یـان هەركەسـێك فـلان كەسـم بۆ لە ناوبیات فلان شتی دەدەمێ، دروست نییە لە سێیەكی دەستكەوت زیاتر بـدرێت، و دەبێت لەبەر مەرجێك زیاتر بدرێت، لەمەدا دوو گوتەی ئیمامی ئەحمەد و ئـەوانی تـر هەیە، بـە گوتەیـەكی صـەحیح لـە ئیمـامی ئەحمـەد گێڕدراوەتـەوە ئـەوەی شـتێك بـە دەستكەوت بگرێت بۆ خۆیەتی، هەروەها لە پێغەمبەر ﷺ گێڕدراوەتـەوە لـە جـەنگی بەدردا وایفەرموو، ئەگەر بەرژەوەندییەكی لەو كارەدا ببینایە.

ئەگـەر كۆكردنـەوەی دەسـتكەوتەكانی جـەنگ و دابەشـكردنی ئیشـی فـەرمانڕەوای موسڵمانان بێت، دروست نییە كەس لەو دەستكەوتانە بەدزییەوە ببات: ﴿وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۚ ﴿١٦١﴾﴾(آلِ عِمْرَان).

واتە: ئەوەی دزی لە دەستکەوتی جەنگ بکات، ئەوەی دزیوییەتی دەیهێنێت لە ڕۆژی دواییدا.

چونکە ئەو کارە ناپاکییە و تاڵان کردن دروست نییە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە ئەو کارە نەکرێت، ئەگەر فەرمانڕەوای موسڵمانان دەستکەوتی جەنگی کۆ نەکردەوە ودابەشی نەکرد، و ڕوخسەتیدا هەریەکە بەشی خۆی ببات، ئەوا دروستە هەریەکە بەشی خۆی ببات بەبێ ستەم دوای جیا کردنەوەی پێنج یەکی، و هەرچی ئاماژە بێت بۆ ڕوخسەتدان ئەوە بەمانای ڕوخسەتە، بەڵام ئەگەر ڕوخسەتی نەدا، یان ڕوخسەتێکی نادروستیدا، ئەوکات دروستە ئەندازەی ئەوە ببات کە ئەگەر بەش بکرێت بەری دەکەوێت، بەڵام دەبێت یەکسانی ڕەچاو بکات.

ئەوەی قەدەغەی دەکات موسڵمانان دەستکەوتەکانی جەنگ کۆبکەنەوە، و ڕێگا بەکاربەدەست دەدات ئەوەی دەیەوێت وای لێبکات، ئەو دوو گوتەی سەرەوە بەڕەنگاریانە، وئایینی خوا مامناوەندە (وسط): وداد وایە کە لە دابەشکردندا بۆ پیادە بەشێك وبۆ سواری ئەسپی عەرەبی سێ بەش بێت، بەشێکی بۆ خاوەنەکەی ودوو بەش بۆ ئەسپەکەی، بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سااڵی خەیبەردا دابەشی کردووە، هەندێك لە زانایان دەڵێن: بۆ جەنگاوەر دوو بەشە، بەڵام ئەوەی سەرەوە سوننەتی صەحیح بەڵگەیە لەسەری، چونکە ئەسپ پێویستی بە ئالیك و خواردن دەبێت و خاوەنەکەشی پێوەی خەریك دەبێت، و قازانجی سواری زیاترە لە پیادە لە کاتی شەڕدا، و هەندێك دەڵێن: ئەسپی عەرەبی و دووڕەگ بە یەکسانی بەش دەدرێن و هەندێکی تر دەڵێن: ئەسپی دوو ڕەگ یەك بەشی دەدرێتێ، بەو شێوەیە گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەاڵنی رضي الله عنهم.

ئەسپی دووڕەگ بەو ئەسپانە دەڵێن: کە دایکیان نەبەتیە و(پێی دەڵێن: برزون) و هەندێك پێی دەڵێن: (تتری)، ئەسپ بێت یان ماین و(الإکدیش) و(رمکە) و (حجر)یشی

پێ دەڵێن، پێشینان ئەسپیان بۆ جەنگ ئامادە دەکرد، لەبەر بەهێزی و تیژڕەوی، بۆ بەسەردادان و مانەوە و حجریان بەکاردەهێنا چونکە دەنگی نییە دوژمنان ئاگادار بکاتەوە لە کاتی خۆ حەشارداندا، و بۆ ڕێگا ماینیان بەکار دەهێنا چونکە بە ئارامە لە ڕێگادا.

ئەگەر دەستکەوتی جەنگ سامانێك بوو پێشتر هی موسڵمانان بوو لە موڵك و(عقار) یان مااڵی گوازراوە، وخاوەنەکەی پێش دابەشکردنی ناسییەوە، ئەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆی، موسڵمانان کۆ دەنگن لەسەر ئەوە.

بەشەکانی دەستکەوتی جەنگ و حوکمەکانی، گوتە و بەڵگەیەکی زۆری لەسەرە، موسڵمانان لەسەر هەندێکی کۆڕان و لەسەر هەندێکی تری ناکۆکن، ئێرە شوێنی باسکردنی نییە، لێرە تەنها کۆمەڵێك ڕستەی کۆکراوەم باسکردووە.

بەشی ئەو کەسانەی سامانی زەکاتیان پێ دەدرێت

مالّی زەکات بۆ ئەو کەسانەیە کە خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردوون، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕدراوەتەوە: پیاوێك داوای مالّی زەکاتی لێکرد، فەرمووی: ((إن الله لم يرض في الصدقة بقسم نبي ولا غيره ولكن جزأها ثمانية أجزاء، فإن كنت من تلك الأجزاء أعطيتك))[٥٤].

واتە: خوا لە مالّی زەکات بە دابەشکردنی پێغەمبەر و کەسانی تریش ڕازی نابێت، خوا بەسەر هەشت کۆمەڵدا بەشی کردووە، ئەگەر تۆ یەکێك لەو کۆمەڵانە بیت بەشت دەدەم.

هەژار و دەست کورت مانای دەست نەچوون و ناتەواوی پێداویستیەکانیان کۆیان دەکاتەوە، زەکات بۆ دەوڵەمەند و کەسێکی بەهێز کە توانای ئیشوکاری هەبێت دروست نییە.

ئەو کەسانەی ئیشی لەسەر دەکەن ئەوانەن کە کۆی دەکەنەوە و دەیپارێزن و تۆماری دەکەن، ئەوانەی دڵنەوایی دەکرێن لە ئەو سامان و دەستکەوتانەدا باسی دەکەین "بەویستی خوا" کە بەبێ جەنگ بە دەست دێن، و بەشی کۆیلە یارمەتی ئەوانەش دەگرێتەوە کە پەیمانیان واژۆ کردووە کە بە بەرامبەرێك ئازاد بکرێن، هەروەها بەهای ئازادی دیل دەگرێتەوە ئەمەش بەهێزترین گوتەیە لەم باسەدا، و قەرزاران ئەو کەسانەن پارەی خەڵکیان لەسەرە و ناتوانن بیدەنەوە، لە پارەی زەکات بۆیان دەدرێتەوە ئەگەرچی زۆریش بێت، مەگەر لە سەرپێچی خوای پەروەردگاردا ئەو قەرزەیان هاتبێتە سەر، ئەو کات زەکاتیان پێ نادرێت تاکو تەوبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە، ولە ڕێگای خوا ئەو جەنگاوەرانەن کە ئەوەندە سامانیان نییە بەشی جەنگیان بکات، ئەوەندەیان دەدرێتێ پێی بجەنگن، یان هەموو پێداویستییەکانی

٥٤. رواه أبوداود(١٦٣٠)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(١٦٤٢).

جەنگ لە ئەسپ و چەك و تفاقی جەنگ و بژێوی و مووچەیان بۆ دابین دەکرێت، و حەجیش لە ڕێگای خوایە وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ وای فەرمووە، و ڕێبوار ئەو کەسەیە کە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر سەفەر بکات.

بەشی دەستکەوتی بێ جەنگ

دەستکەوتی بێ جەنگ لە بنچینەدا خوا لە سورەتی الحشردا باسی کردووە، کە لەجەنگی (بنو نضیر) دایبەزاندووە دوای جەنگی بەدر، دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ۝٦ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ كَىْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ۝٧ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ۝٨ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝٩ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ۝١٠﴾(الحشر).

واتە: ئەوەی خوا دەستی خستن لە سامانی (بنو نضیر) کە هیچ ماندوو نەبوون و سواریەکانتان ئامادە نەکرد، بەڵکو خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ سەر دەخات بە سەر هەرکەسدا بیەوێت، و خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە، ئەو سامانەی کە بەبێ جەنگ خوا دەستی پێغەمبەرەکەی دەخات ﷺ لە شار و گوندەکان بۆ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ وخزم وکەسی وەهەتیو ودەستکورت وڕێبوارانە، بۆ ئەوەی ئەو سامانە هەمووی بۆ دەوڵەمەندەکان نەبێت وهەمووی لای ئەوان کۆ ببێتەوە، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانتان پێدەکات وابکەن وئەوەی کە یاساغیتان لێ

دەکات وازی لێ بهێنن، وله خوا بترسن بەڕاستی خوا سزای زۆر تونده، ئەو ماڵە بۆ کۆچکەرە هەژارەکانە کە لە مالێ و ولاتی خۆیان دەرکراون، و بەتەمای فەزڵ و ڕەزامەندی خوان، و خوا وپێغەمبەرەکەی ﷺ سەردەخەن ئەوانە ڕاستگۆن، وپشتیوانان پێش ئەوان کە حەزیان دەکرد کۆچبکەن بۆ لایان، و هیچ لە دڵناگرن لەبەر ئەوەی ئەو ماڵە بە برا کۆچەریەکانیان دراوە، زیاتر لەوەش ئەوەی کە خۆیان پێیان خۆش بوو دەیان بەخشی بە ئەوان، ئەوەی خۆی لە پڕدی بپارێزێت ئەوە سەرفراز و براوەیە، ئەوانەش دوای ئەوان دێن لە تابعیەکان و موسڵمانان دەڵێن: پەروەردگارا لە ئێمە و ئەو برایانەی پێش ئێمە مردوون خۆشبە، وله دەروونماندا کینە بەرامبەر هیچ باوەڕدارێك دروست مەکە تۆ بە سۆز وبەزەییت.

پەروەردگار باسی کۆچەرییەکان وپشتیوانان دەکات، ئەوانەش لە دوای ئەوان دێن لەسەر ئەو خەسڵەتەبن دەیانگرێتەوە هەتا ڕۆژی دوایی، وەك چۆن ئەو فەرموودەی خوا دەیانگرێتەوە کە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ ٧٥﴾(الآنفال).

واتە: ئەوانەی کە دواتر باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کرد و لەگەڵتان تێکۆشان ئەوانە لە ئێوەن.

لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ ١٠٠﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئەوانەی شوێنیان کەوتوون بە چاکە.

لەو ئایەتەیش: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٣﴾(الجُمُعَة).

واتە: ئەوانەش لەوانن کە بە چاکە شوێنیان کەوتوون ئەگەرچی بە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیشی نەگەیشتوون، و پەروەردگار بەهێزە و دانای کارلەجێیە.

و مانای ئەو فەرموودەی خوای پەروەردگار: ﴿فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ ٦﴾(الحشر).

واتە: ئێوە هیچ ئەسپ و حوشترێکتان نەجوڵاند و تاوتان نەدان.

لەبەر ئەوەشە فەقیهەکان دەڵێن: (الفيء) ئەو سامانەیە کەلە بێبڕواکان دەگیرێت بەبێ شەڕ وپێکدادان: لەبەر ئەوەی جوڵانی سواریەکان، واتە: جەنگ، وناونراوە دەستکەوت، چونکە خوا دەستی موسڵمانانی دەخات، واتە: لە بێبڕواکانی دەسێنێتەوە بۆیان، چونکە لە بنچینەدا خوا سامانی دروست کردووە بۆ یارمەتیدانی بەندەکانی، وبەندەکانیشی تەنها بۆ پەرستش دروست کردووە، ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوا نییە جەنگ لەگەڵیان دروستە لەبەر ئەوەی خوا ناپەرستن، و سامانیان کە پشتی پێنابەستن بۆ پەرستشی خوا، بۆ بەندە باوەڕدارەکانییەتی کە دەیپەرستن، و ئەوانەی کە شایەنن بۆیان دەگەڕێنێتەوە، وەک چۆن هەرکەسێک میراتی لێ داگیر بکرێت بۆی دەگەڕێنرێتەوە ئەگەرچی ئەو داگیرکردنە پێش وەرگرتنی میراتیەکەی بێت، ئەمەش وەکو ئەو سەرانەیە کە لەسەر جولەکە و گاورەکان دادەنرێت، یان وەک ئەو سامانەی کە لەگەڵ دوژمندا ئاگربەستی لەسەر دەکرێت، یان بە دیاری بە فەرمانڕەوای موسڵمانان دەدرێت، یان وەک ئەو پارەی کە لە وڵاتی گاور و هاوشێوەکانیان بە دیاری بۆی دێت هەمووی بۆ موسڵمانان دەگەڕێتەوە، و دەیەک لە بازرگانی کاڵای جەنگ وەردەگیرێت، هەروەها لە بازرگانی (أهل الذمة)ش ئەگەر هاتن لە وڵاتی موسڵمانان بازرگانیان کرد، بەو شێوەیەی کە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ لێی وەردەگرتن.

ئەو ماڵەی لەوانەی کە پەیمان دەشکێنن کۆ دەکرێتەوە، و ئەو سەرانەی لە سەر زەوی و زاری بێبڕواکان دانراوە، دوای ئەوەش دەبێتە مووڵکی موسڵمانان دەبێت بدرێتە خەزێنەی دەوڵەت، هەموو ئەو سامانەی دەدرێتە دەوڵەت لە ژێر ڕاڤەی

دەستکەوتی بێ جەنگدا جێی دەبێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر موسڵمانێك مرد و میراتگرێکی دیاری کراوی نەبوو، یان ئەوەی بە ستەم داگیر دەکرێت و نازانرێت هی کێیە، یان شتێکی خوازراو (مستعار)، یان ئەمانەت کە ئەستەمە خاوەکانیان بدۆزرێتەوە، و هەموو ئەو سامان و کاڵایانەی کە خاوەنەکانیان نادۆزرێتەوە لە موڵك و ماڵی گوازراوە دەبێتە ماڵی دەوڵەت، و لەبەر ئەوە خوا لە قورئاندا تەنها باسی سامانی کردووە کە بەبێ شەڕ دەگیرێت، چونکە کەس نەبووە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕەچەڵەکی دیار نەبێت، هەرکەس بمردایە میراتگری دیار بوو لەبەر ئاشکرای ڕەچەڵەکی هاوەڵانی، و جارێك کابرایەك مرد میراتییەکەی درا بە تەمەنترین پیاوی خێڵەکەی، واتە: نزیکترین کەس لە باپیریەوە، کۆمەڵێك لە زانایان ڕایان وایە ئیمامی ئەحمەد یەکێکە لەوان، وبەکێکی تر مرد کەسی نەبوو بەندەیەك نەبێت کە ئازادی کردبوو میراتییەکەی دایە، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی ئەحمەد وادەڵێن، و میراتی کەسێکی بە کەسێکی خەڵکی گوندەکەی داوە، پێغەمبەری خودا ﷺ و خەلیفەکانی لە ماڵی میراتدا زۆر بە دوای ئەو کەسانەدا گەڕاون کە لەگەڵ مردووەکەدا خزمایەتییان هەبووە وەك باسمان کرد.

هیچی لە موسڵمانان وەرنەدەگرت جگە لە زەکات، وفەرمانی پێدەکردن کە تێبکۆشن لە پێناوی خوا بە سامان وگیانی خۆیان، هەروەها خواش لە قورئاندا فەرمانی بەوە کردووە.

ئەو سامانەی کە وەردەگیرا و دابەش دەکرا، فەرمانگەیەکی تایبەتی نەبوو لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەها لە سەردەمی ئەبوبەکریشدا ﷺ، ئەو دەستکەوتانە بەگوێرەی پێویست دابەش دەکران، بەڵام لە سەردەمی عومەردا ﷺ سامان زۆر بوو و ولات فراوانتر بوو و خەڵکیش زۆر بوون، فەرمانگەیەکی بۆ پێدان و یارمەتیدانی جەنگاوەران و ئەوانی تریش دانا، بەڵام دیوانی سەربازی "لەو سەردەمە" فرە لایەن بوو، ئەو دیوانە گرنگترین دیوانی موسڵمانان بوو.

بۆ هەر شارێك بۆ باج ودەستكەوتەكانی دەوڵەت و ئەو پارانەش وەردەگیران دیوانی تایبەتی هەبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ و خەلیفەكانی چاودێری و لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانە دەكرد كە لەسەر سامانی زەكات و دەستكەوتەكانی دەوڵەت بوون.

كەواتە: سامان لەم سەردەمە و پێشتریش سێ جۆرە: جۆری یەكەم: كاربەدەستان مافی وەرگرتنیان هەیە بە بەڵگەی قورئان وسوننەت و كۆدەنگی موسڵمانان وەك باسمانكرد، و جۆری دووەم: بە كۆڕا حەرامە وەرگرتنی وەكو ئەو سەرانەی كە لە خەڵكی شارێك وەردەگیرێت لەبەر خوێنێك كە لە نێوانیاندا ڕژاوە لە بری ئەو حەددەی كە لەسەریانە، یان ئەو پارەیەی كە بە زۆر لە خەڵك وەردەگیرێت، و جۆری سێیەم: وەك مالّی ئەو كەسانەی كە خزمیان هەیە، و میراتگر و بەش بۆ دیاری كراونین لە میرات، ئەم جۆرەیان زانایان ناكۆكن لەسەری.

زۆر جار ستەم لە كاربەدەستان و خەڵكیش دەوەشێتەوە، كاربەدەستان مالێك دەبەن كە حەڵاڵ نییە ببەن، و خەڵكیش ئەوەی لەسەریان پێویستە بەجێی ناهێنن، وەك چۆن هەندێك جار سەرباز و جوتیار ستەم دەكەن، و هەندێ خەڵك لە تێكۆشان وازدەهێنن، و كاربەدەستان لەمالّی خوا بۆ خۆیان پاشەكەوت دەكەن و بەكاری دەهێنن كە بۆیان حەڵاڵ نییە، و هەندێك سزا دەدەن لەسەر وەرگرتنی مالّ، و هەندێك جار ئەوەی حەڵاڵ و پێویستە وازی لێدەهێنن و كاری حەرام ئەنجام دەدەن، ولە بنچینەدا پێویستە ئەوەی مالێكی لەسەرە بیداتەوە، وەك كەسێك بارمتەیەكی لایە یان پارەیەكی لایە ئیشوكاری پێوە دەكات یان سامانی هاوبەشەكەی بە دەستەوەیە، یان بریكارە، یان قەرزی لەسەرە و دەتوانێت بیداتەوە، ئەگەر ئەو مافەی بەسەرییەوەیە نەیداتەوە ئەگەر پارە بێت یان هەرشتێكی تر و زانرا دەتوانێت بیداتەوە، ئەوە شایەنی سزادانە هەتا ئەو مافەی لەسەرییەتی دەیداتەوە یان ڕێگا نیشان دەدات بۆ بەدەست هێنانەوەی، ئەگەر پارەكە دۆزرایەوە ئەو كەسە لە بەندیخانە بوو لە پارەكەی مافی خاوەن مافەكان دەدرێتەوە، و پێویست بە لێدانی ناكات، بەڵام ئەگەر

ئامادە نەبوو رێگا نیشان بدات بۆ دۆزینەوەی و مافەکان نەداتەوە، دەتوانرێت سزا بدرێت هەتا مافەکان دەگەڕێنێتەوە، هەروەها هەرکەسێك دەوڵەمەند بوو و ئەو زەکاتەی لەسەری پێویستە نەیدات سزا دەدرێت، عومەری کوڕی شەرید لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لَيُّ الواجد يحل عرضه وعقوبته))[٥٥].

واتە: ئەو کەسەی توانای دانەوەی قەزری هەیە و نایداتەوە دروستە باس بکرێت و سکاڵای لێبکرێت و سزا بدرێت.

هەروەها دەفەرموێت: ((مطل الغني ظلم))[٥٦].

واتە: نەدانەوەی پارەی دەوڵەمەند لە کاتی دیاریکراودا ستەمە و ستەمکاریش دەبێت سزا بدرێت و بەند بکرێت.

ئەوەش هەمووان کۆدەنگن لەسەری: کە هەر کەسێك کارێکی ناپەوا بکات، یان ئەوەی پێویستە لەسەری ئەنجامی نەدات شایەنی سزادانە، ئەگەر ئەو سزادانە لە شەریعەتدا دیاری نەکرابوو کاربەدەستان دەتوانن بە بۆچوونی خۆیان ئەو کارە بکەن، بۆ نموونە: ئەوەی پارەی دەوڵەمەند ناداتەوە لە کاتی دیاریکراودا دەتوانرێت بەند بکرێت، ئەگەر نکوڵی کرد دەتوانرێت لێی بدرێت، هەتا ئەو مافەی لەسەرییەتی دەیداتەوە، وەهەموو فەقیهەکانی مەزهەبی مالکی و شافعی و حەنبەلی کۆدەنگن لەسەری و هیچ جیاوازییەك لەم بارەیەوە نازانم، و بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما دەگێڕیتەوە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی لەگەڵ خەڵکی خەیبەردا بەست لە سەر زێڕ وزیو و چەك و تفاقی جەنگ پرسیاری کرد لە جولەکەیەك "سەعیەی مامی حویەی کوڕی ئەحتەب بوو" لە گەوهەر وسامانی حویەی کوڕی

---

٥٥. رواه أبوداود(٣٦٢٨)، والنسائي(٤٦٩٠)، وابن ماجه(٢٤٢٧)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٤٨٧).

٥٦. رواه البخاري(٢٤٠٠)، ومسلم(١٥٦٤).

ئەحتەب گوتی: لە خەرجی جەنگدا تیاچوو، فەرمووی: ((العهد قريب، والمال أكثر من ذلك)).

واتە: کاتێکی کەمە و ماڵەکە لەوە زیاترە لەو کاتە کەمەدا خەرج کرابێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەعیەی دایە دەستی زوبێر سزایدا، گوتی حوێەیم بینی بە تورەکەیەکەوە لێرە دەگەڕا، ڕۆیشتن گەڕان تورەکەیەکی لە چەرم دروست کراوی پڕ لە زێڕیان دۆزیەوە[٥٧]، ئەو پیاوە (ذمي) بوو، و زمێش دروست نییە سزا بدرێت لەبەر مافێك نەبێت، هەروەها هەر کەسێك شتێك بشارێتەوە کە پێویست بێت ئاشکرای بکات سزا دەدرێت لەبەر بە جێنەهێنانی ئەو مافەی کە لەسەرییەتی.

ئەو کاربەدەستانەی لە مالّی موسڵمانان دەبەن بە ناڕەوا، کاربەدەستی گەورە لێیان وەردەگرێتەوە، وەکو ئەو دیاریانەی بە هۆی ئیش وکارەوە وەری دەگرن، ئەبو سەعیدی خودری ڕضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((هدايا العمال غلول))[٥٨].

واتە: دیاری کرێکاران بۆ کاربەدەستان وەك ئەو سامانەیە پێش دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ دەدزرێت.

ئیبراهیم الحربی لە کتێبی (الهدايا) لە ئیبن عباسی ڕضي الله عنهما گێڕاوەتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((هدايا الأمراء غلول))[٥٩].

واتە: ئەو دیاریانەی دەدرێت بەکاربەدەستان وەك ئەو ماڵەیە پێش دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ دەدزرێت.

---

٥٧. رواه أبوداود (٣٠٠٦)، وحسنه الألباني في (صحيح أبي داود).

٥٨. رواه أحمد (٢٣٠٩٠)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٧٠٢١).

٥٩. رواه البيهقي(السنن الكبرى)(٢٠٩٧٨)، وابن أبي شيبة(الصنف)(٢٢٨)، والطبراني(المعجم الاوسط)(٤٩٦٩)، قال الحافظ: إسناده ضعيف.

له هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەبو حمید الساعدی ﷺ گێڕدراوەتەوە دەڵێت: ((استعمل النبي ﷺ رجلاً من الأزد، يقال له ابن اللتبية، على الصدقة، فلما قدم، قال: هذا لكم، وهذا أهدي إلي، فقال النبي ﷺ: ما بال الرجل نستعمله على العمل مما ولانا الله، فيقول: هذا لكم، وهذا أهدي إلي؟ فهلا جلست في بيت أبيه، أو بيت أمه، فينظر أيهدى إليه أم لا؟ والذي نفسي بيده لا يأخذ منه شيئاً، إلا جاء به يوم القيامة يحمله على رقبته، إن كان بعيراً له رغاء، أو بقرة لها خوار، أو شاة تيعر، ثم رفع يديه حتى رأينا عفرتي إبطيه، ثم قال: اللهم هل بلغت؟ اللهم هل بلغت؟ اللهم هل بلغت؟ ثلاثا))[٦٠].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی لە هۆزی ئەزد کرد بە کاربەدەست لە سامانی زەکات ناوی ئیبن لوتبییە بوو، کاتێك گەڕایەوە گوتی: ئەوە بۆ ئێوەیە و ئەمەش بە دیاری بۆ من هێنراوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە چییە ئێمە کەسێك دەکەینە کاربەدەست لەوەی کە خوا ئێمەی تێدا بەرپرسیار کردووە، دەڵێت: ئەوە بۆ ئێوەیە و ئەمەش بەدیاری بۆ من هێنراوە ! با ئەو کەسە لە ماڵی باوکی یان دایکی دابنیشێت سەیربکات بزانە کەس دیاری بۆ دەبات، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هەر شتێکی لێ ببات ڕۆژی دوایی دێت بەسەر گەردنییەوەیە، ئەگەر حوشترێك بێت دەنگی حوشتری لێدێت، ئەگەر مانگا بێت دەنگی مانگای لێدێت، وئەگەر مەڕ بێت دەنگی مەڕی لێدێت، دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە هەتا سپایی ژێر باڵەکانیمان بینی سێ جار فەرمووی: خوایە من گەیاندم.

هەروەها خاترگیری کاربەدەستان لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتن وبەکرێدان و بازرگانی و کشتوکاڵ و ئاودێریدا...هتد، جۆرێکە لە دیاری کاربەدەستان.

---

٦٠. رواه البخاري(٢٥٩٧)، ومسلم(١٨٣٢).

لەبەر ئەوە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ سامانی تایبەتی کاربەدەستە زۆر لە خوا ترس وخاوەن فەزڵەکانی "ئەوانەی کە گومانی ناپاکییان لێنەدەکرا" دەیکرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ دەوڵەت و ئەویتری بۆ خۆیان، چونکە لەوانەیە لەبەر دەسەڵاتەکەیان بە دیاری وخۆبردنە پێشەوە لەلایەن کەسانی تـرەوە بۆیان برابێت، چونکە عومەر ﷺ پێشەوا و کاربەدەستێکی دادپەروەر بوو هەموو داهاتەکانی دەوڵەت و کاربەدەستانی بە یەکسانی دابەش دەکرد، بەڵام لەو کاتەوە کاربەدەستان و خەڵکیش گۆڕاون، پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەوەی فەرمانی پێکراوە بەگوێرەی توانا ڕای پەڕێنێت، و وازبهێنێت لەوەی حەرام کراوە لەسەری، و هەرشتێك کە خوا حەڵاڵی کردووە لەسەر خۆی حەرامی نەکات.

کۆمەڵێك خەڵك گیرۆدە دەبن بە دەستی هەندێك لە کاربەدەستان بەوەی دیاری و بەرتیلیان لێوەر ناگرن، بۆ ئەوەی ڕووگیرنەبن کە مافە زەوت کراوەکانیان بۆ وەربگرنەوە، ئەوەش وازهێنانە لەوەی کە خوا لەسەریان پێویستی کردووە لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری خەڵك بەبێ بەرامبەر، بەو کارەش کەسێکی تر کە کارەکەیان بۆ ڕادەپەڕێنێت بەرتیل و دیاریـان لێوەردەگرێت و مافەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە و ستەمیان لەسەر لا دەبات ئەو خەڵکانە ئەمەیان پێباشترە لەوی تریان، چونکە یەکەمیان دواڕۆژی خۆی لەبەر دونیای کەسانی تر دۆڕاندووە ئەوی تریشیان لەو دۆڕاوترە کە دیسان دواڕۆژی خۆی لەبەر دونیای کەسانی تر فرۆشتووە، چونکە لە بنچینەدا دەبێت ئەوان مافە زەوتکراوەکان بگەڕێننەوە و ستەمەکان لەسەر خەڵك لابەرن بە گوێرەی توانا، چونکە ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری خەڵك ناوکرۆکی کاری (مهمة) کاربەدەستانە.

شایانی باسە ئاگادارکردنەوەی کاربەدەستان لە پێداویستیەکانی خەڵك و ڕێنمونی کردنیان بۆ چاکەی (مصلحة) خەڵك و دوورخستنەوەیان لە زیانی خەڵك بە شێوەیەکی نەرمونیان نەك بە زبر نووسین، کە هەندێك لە نوسەران و ئەدیبان و هاوشێوەکانیان

بۆ مەبەستێك ئەو كارە دەكەن، وەك لە فەرموودەی هندی كوڕی باوكی هالە ﷺ هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أبلغوني حاجة من لا يستطيع إبلاغها، فإنه من أبلغ ذا سلطان حاجة من لا يستطيع إبلاغها ثبت الله قدميه على الصراط يوم تزل الأقدام))[٦١].

واتە: ئیشوكاری كەسانێكم پێبگەیەنن كە خۆیان ناتوانن بیگەیەنن، چونكە هەركەسێك ئیشوكاری ئەو كەسە بگەیەنێت بە كاربەدەستێك، خوا ﷻ پێكانی جێگیر دەكات لەسەر پردی (صراط) لەو رۆژەی كە پێیەكان دەلەرزن و دەخلیسكێن.

و ئیمامی ئەحمەد و ئەبوداود لە سوننەكەیدا لە ئەبوئومامەی الباهلییەوە ﷺ دەگێڕنەوە: كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((من شفع لأخيه شفاعة، فأهدى له عليها هدية فقبلها، فقد أتى باباً عظيماً من أبواب الربا))[٦٢].

واتە: ئەو كەسەی كارێك بۆ برایەكی موسڵمانی رێك بخات ونێوانگیری بۆ بكات، ولەبەر ئەو كارەی دیارییەك وەربگرێت ئەوا دەرگایەكی گەورەی لە دەرگاكانی سووی (ربا) لەسەر خۆی كردووەتەوە.

ئیبراهیم الحربی لە عبداللەی كوڕی مەسعودەوە ﷺ دەگێڕێتەوە دەڵێت: (السحت أن يطلب الحاجة للرجل، فتقضى له، فيهدي إليه هدية، فيقبلها).

واتە: ئەگەر كەسێك كارێك بۆ كەسێكی تر ڕاپەڕێنێت، دیاری بداتێ لەبەر ئەو كارە، حەرامە لێی وەری بگرێت.

دیسان لە مسروقەوە گێڕدراوەتەوە لە سەر مافێكی زەوتكراو قسەی لەگەڵ ئیبن زیاددا كرد و گەڕاندیەوە بۆ خاوەنەكەی، ئەو كەسەی مافەكەی بۆ گەڕێنرایەوە،

---

٦١. رواه الطبراني في المعجم الكبير(٢٢/١٥٧)، والبيهقي في شعب الإيمان (١٤٣٠)، وضعفه الألباني في (الضعيفة)(١٥٩٤).

٦٢. رواه أبوداود(٣٥٤١)، وصححه الألباني في (صحيح الترغيب)(٢٦٢٤).

بەندەیەکی بە دیاری بۆ مسروق هێنا، ئەویش لێی وەرنەگرت، گوتی لە ئیبن مەسعودم بیستووە دەگیوت: (من رد عن مسلم مظلمة، فرزأه عليها قليلاً أو كثيراً، فهو سحت: فقلت: يا أبا عبدالرحمن ! ما كنا نرى السحت إلا الرشوة في الحكم، قال: ذاك كفر).

واتە: ئەوەی ستەمێك لە سەر موسڵمانێك لا ببات، لە بەرامبەردا پارەیەك وەربگرێت کەم بێت یان زۆر لەسەر ئەو کارە ئەوە حەرامە، گوتم باوکی عبدالرحمن: ئێمە مانّی حەرام (السحت) بەس ئەوەیە لامان کەسێك بەرتیل بدات بەکاربەدەستان، فەرمووی: ئەوە کوفرە.

ئەگەر کاربەدەست ویستی سامان لە فەرمانبەرەکانی کۆ بکاتەوە و تایبەتی بکات بە خۆی و خزم و دارودەستەکەی، پێویستە هاوکاری هیچ یەکێك لەو جۆرە کەسانە نەکرێت، چونکە هەریەکە لەوان ستەمکارە وەك دزێکە لە دزێکی تر دزی بکات، یان ئەو دوو کۆمەڵەیە کە لەسەر دەمارگیری و پلەوپایە دەجەنگن دەستکەوتی هەردوو لایان حەرامە، و حەرامە هاوکاری ستەمکار بکرێت، چونکە هاوکاری دوو جۆرە:

یەکەم: هاوکاری لەسەر خێر و چاکە، وەك هاوکاری لە تێکۆشان و ئەنجامدانی سزاکان (الحدود)، ولە وەرگرتنەوەی ماف و دانەوەی بە خاوەنەکانی، ئەمە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێکردووە، هەریەکە خۆی لە بەرگریکردن لەو مافانە بدزێتەوە بە بیانوی ئەوەی بە هاوکاری ستەمکاران نەیەتە ئەژمار، ئەوە کارێك کە لەسەر خودی ئەو کەسە پێویستە (فرض عين) بەجێی نەهێناوە، یان پێویستییەکی کفایەی (فرض كفاية) وازلێهێناوە، ئەگەر واگومان ببات ئەوە دونیا نەویستیە(الورع)، وەك زۆر جار ئەو کەسانەی ترسنۆك و سەرنەکەوتوون کارەکەیان بە دونیا نەویستی ناوزەند دەکەن، چونکە هەریەکە لەو کارانە خۆگرتنەوە و خۆدزینەوەی تێدایە لەوەی پێویستە لەسەریان .

دووەم: هاوکاری کردن لەسەر خراپە و خراپەکاری، وەک هاوکاری کردن لە کوشتنی کەسانی بێتاوان، و داگیرکردنی سامانی حەڵاڵی خەڵک، یان لێدانی کەسێک کەشایەنی لێدان نەبێت... هتد، ئەمە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامیان کردووە.

بەڵێ لە کاتێکدا ئەو سامانەی بە ستەم لە خەڵک وەرگیراوە ئەستەم بوو بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، وەک زۆربەی ماڵەکانی دەوڵەت، هاوکاریکردن بۆ خەرجکردنی ئەو سامانانە بۆ خێر و چاکەی موسڵمانان و پڕکردنەوەی کەمکورتییەکانیان، و دابین کردنی بژێوی جەنگاوەران... هتد، هاوکاریکردن لەسەر ئەم جۆرە کارانە هاوکاریە لەسەر خێر و چاکە، پێویستە لەسەر کاربەدەستان لەو سامانانەی کە بە ستەم لە خەڵکیان وەرگرتووە "ئەگەر خاوەنەکانیان یان میراتگرەکانیان نەناسیەوە بۆ ئەوەی بۆیان بگەڕێننەوە" کاربەدەست دەتوانێت ئەو پارەیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری موسڵمانااندا خەرج بکات "بەڵام دەبێت لەسەر ئەو ستەمەی تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە ئەگەر خۆی ئەو ستەمەی کردبوو" ئەوە ڕای زۆربەی زانایانە: وەک مالك و ئەبوحەنیفە و ئەحمەد، ولە زیاتر لە هاوەڵێکەوە گێڕدراوەتەوە، و بەڵگەی شەرعی لەسەرە، و ئەگەر یەکێك لە قەڵەمڕەوەکانی ئەو کارەیان کردبوو ئەوا پێویستە هەر بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، و ئەگەر کاربەدەست ئامادە نەبوو ئەو ماڵەی کە بە ستەم وەرگیراوە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، دیسان هاوکاری کردن لە خەرجکردنی لە خێر و چاکەی خاوەنەکانی و موسڵمانان باشترە لەوەی ڕەها بکرێت و ئەو پارەیە بە فیڕۆ بچێت، چونکە شەریعەت پەیڕەوکردن و کارپێکردنی وەستاوە لەسەر ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوا کە دەفەرموێت: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ ﴿١٦﴾﴾(التَّغَابُن).

واتە: خوا بپەرستن بە گوێرەی توانا.

ئەوەش مانای ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت: ﴿ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ ﴿١٠٢﴾﴾(آلِ عِمْرَان).

واتە: خوا ﷻ بپەرستن و پارێزکاربن بەو شێوەیەی شایستەی خوایە .

ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: ((إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم))[٦٣].

واتە: ئەگەر فەرمانم پێکردن بەشتێك ئەوا بەگوێرەی توانا پێی هەستن.

لەبەر ئەوەی کارکردن بۆ چاکسازی و بەرژەوەندی موسڵمانان وپەکخستنی خراپە و کەمکردنەوەی پێویستییەکی شەرعییە، بەڵام ئەگەر لە کاتێکدا دوو بەرژەوەندی پێچەوانەی یەکتربوون ئەوکات پێویستە کام بەرژەوەندیان قازانجی گشتی زیاتر بوو ئەوەیان پەیڕەو بکرێت، و هەوڵ بدرێت ئەگەر دوو کاری خراپ هەبوو خراپترینەکەیان بەرژەوەندی موسڵمانانی لێ بپارێزرێت.

کەسێك هاوکارە لەسەر ستەم و خراپەکاری، کە یارمەتی ستەمکار بدات لەسەر ستەمکردن، نەك کەسێك هاوکاری ستەم لێکراو بکات و هەوڵی نەهێشتنی ئەو ستەمە بدات لەسەری، ئەوکات دەبێتە بریکار و یارمەتیدەری ستەم لێکراو نەك ستەمکار، نموونەی ئەوەش بریکاری هەتیو و مالّی وەقفە، ئەگەر کاربەدەستێکی ستەمکار داوای پارەی لێکرد، هەوڵیدا بە کەمترین بڕی پارە ئەو کاربەدەستە ڕازی بکات ئەوە چاکەی کردووە و چاکەکاران لەوە زیاتریان لەسەر نییە.

هەروەها بریکار و دەڵاڵ و نوسەر و بێجگە لە ئەوانیش، کە پشتیان پێدەبەستڕێت لە مۆرکردنی پەیمان و وەرگرتنی پارە و دانەوەی ئەوەی پێویستە بیدەنەوە، نابێت بریکاری ستەمکاران بکرێت لە وەرگرتنی مالّ و سامانی ناڕەوا لە خەڵك.

---

٦٣. رواه البخاري(٧٢٨٨)، ومسلم(١٣٣٧).

هەروەها ئەگەر ستەمێك سەپێنرا بەسەر خەڵكی گوندێك یان شارێك یان لەسەر رێگەیەك یان لە بازارێكدا، لەو كاتەدا ئەگەر كەسێكی چاكەكار بووە ناوبژیكار بۆ لابردن یان كەم كردنەوەی ئەو ستەمە بە گوێرەی توانا، ئەو پارەش كە داواكراوە لێیان بیدەنە كاربەدەست بە دادگەرانە دابەشی كرد بەسەر خەڵكەكە هەریەكە بەگوێرەی توانای ماددی، بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی و كەسانی تری تێدا پەچاو بكات و بەرتیل وەرنەگرێت بەڵكو تەنها ببێتە بریكار لە جێگەی ئەوان و ئەوەی لێیان داواكراوە هەوڵ بدات بە كەمی بیداتە كاربەدەستان، ئەوە كەسێكی چاكەكارە، بەڵام زۆرجار ئەو كەسانەی بەو كارانەوە تێوە گلاون بریكاری ستەمكارانن و خۆویست و بەرتیل خۆر و لایەنگری خزم و دۆستانی خۆیان دەكەن ولە كەسێك كە ئارەزوویان بوو لێی وەردەگرن، ئەو كات ئەوە یەكێكە لە ستەمكارە گەورەكان، ولە نێو دارە تەرمی (تابوت) ئاگرینداو زیندوو دەكرێنەوە بۆ لێپرسینەوەی ئەوان و هاوشێوەكانیان و یارمەتی دەرەكانیان، دوایی فڕێ دەدرێنە نێو دۆزەخەوە.

بەشی ڕێگاکانی خەرجکردنی پارەی دەوڵەت

لە خەرجکردنی پارەی دەوڵەتدا پێویستە لە گرنگترین شتەوە دەست پێبکرێت کە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانانی تێدابێت، وەک پارەدان بە کەسێک بە هۆیەوە موسڵمانان قازانجێکی گشتی بکەن.

بۆ نموونە جەنگاوەران کەسانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەرن ئەوان شایستەترین کەسن بەو مااڵنەی کە بەبێ جەنگ دەست دەکەون، شەرعناسان ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو پارە تەنها تایبەتە بەوان یان هاوبەشە لەنێوان ئەوان و بەرژەوەندیە گشتییەکاندا؟ بەاڵم هەموو داهاتەکانی دەوڵەت لە بەرژەوەندی موسڵمانانداا خەرج و دابەش دەکرێت، مەگەر بە بەڵگەیەک تایبەت کرابێت وەک ماڵی زەکات و دەستکەوتەکانی جەنگ.

ئەو کەسانەی کە شایەنی وەرگرتنی پارەن لەاڵیەن دەوڵەتەوە وەک کاربەدەستان و دادوەران و زانایان و ئەو کەسانەی زەکات و داهات کۆ دەکەنەوە و دەبپارێزن و دابەشی دەکەن و ئیمامی مزگەوتەکان و بانگدەران...هتد.

هەروەها داهاتی دەوڵەت خەرج دەکرێت لە بژێوی و کرێ دەستی خەڵک و پاراستنی سنورەکان بە ئەسپ و چەک و تفاقی جەنگی و ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی هەرشوێنێک پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەبوو، لە ڕێگاوبانی خەڵک و پرد و ئاوەڕۆکان...هتد.

ئەو کەسانەی کە شایستەن: خاوەن پێداویستیەکانن، چونکە شەرعناسان ناکۆکن لەوەی کە ئایا بێجگە لە ماڵی زەکاتیش هەر ئەوان پێش دەخرێن، لەو مااڵنەی کە بەبێ جەنگ دەستی بەسەردا دەگیرێت، هەندێکیان دەڵێن: پێش دەخرێن، و ئەوانی تر دەڵێن: ئەو مااڵنەی کە بۆ ئیسالمە ئەوان بەشیان تێدا هەیە، وەک چۆن میراتگر بەشی لە ماڵی میرات بەردەکەوێت، ئەو ڕایەش پەسەندترە کە دەڵێت: پێش کەسانی

تر دەخرێن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کەسانی نەدار و بێدەرامەتی پێش دەخست، وەک چۆن لەماڵی (بەنونەزیر)دا ئەوانی پێش خەڵکانی تر خست، و عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه دەڵێت: (ليس أحد أحق بهذا المال من أحد، إنما هو الرجل وسابقته، والرجل وغناؤه، والرجل وبلاؤه، والرجل وحاجته).

واتە: کەس لەم ماڵەدا لەکەسی تر شایستەتر ولە پێشتر نییە، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەیە کە بە هۆی پێشڕەوی ئەوانەوە ئەو ماڵە بەدەست هاتووە، و بۆ ئەو کەسەی کە بەهۆی لێهاتوییەوە موسڵمانان توشی خێر بوون، و بۆ ئەو کەسەی کە توشی ئێش و ئازار بووە، و ئەو کەسەی کە نەداڕە.

عومەر رضي الله عنه کردیانی بە چوار تاقمەوە:

یەکەم: ئەوانەی کە پێشەنگ بوون، وبە هۆی ئەوانەوە ئەو ماڵە بە دەست هاتووە.

دووەم: ئەو کەسەی کە هەوڵی بە دەست هێنانی قازانج دەدات بۆ موسڵمانان، وەک کاربەدەستان و زانایان کە هەوڵی قازانج و خێری دونیا و قیامەتی موسڵمانان دەدەن.

سێیەم: ئەوانەی کە توشی ئێش و ئازار دەبن و هەوڵی دوورخستنەوە و لابردنی نەهامەتی و زیان لەسەر موسڵمانان دەدەن، وەک تێکۆشەرانی ڕێگای خوا لە سەربازان و چاوساغانی سوپا و ئامۆژگاریکاران و هاوشێوەکانیان.

چوارەم: نەداران و دەستکورتان.

ئەگەر کەسێك لەوانە ئەو بەشەی پێیدرا بەخشی و وەری نەگرت ئەوە خوا دەوڵەمەندی دەکات، ئەگەرنا ئەوەندەی دەدرێتێ کە بەشی بکات یان بە گوێرەی کارەکەی، ئەگەر زانرا پێدانی مانْ بەکەسێك لە ئیشوکاری خۆیدا خەرجی دەکات ئەوە بەگوێرەی پێداویستی خۆی لە ماڵی زەکات و ماڵە گشتیەکانیش بەشی دەدرێت، لەوە

زیاتری ناکەوێت، مەگەر بە شێوازێك کە هاوشێوەکانی زیاتریان بەرکەوێت، چونکە ئەویش هاوتای دەسکەوتەکانی جەنگ و مالّی میراتە.

دروست نییە پێشەوا و کاربەدەست مالّ و پارە بدات بە یەکێك بە ویست و ئارەزووی خۆی، لەبەر خزمایەتی نێوانیان، یان خۆشەویستی...هتد، هەروەها دروست نییە پارە بدرێت بۆ مەبەستێکی حەرام وەك پێدان بە نێرەموك و منداڵی جوان، کەسی ئازادبن یان کۆیلە، هەروەها بە شەروالّ پیس و گۆرانی بێژ و گاڵتەجاڕ و هاوشێوەکانیان،یان بەخشین بە فاڵچیەکان لە جادوباز و ئەستێرەناس و هاوشێوەکانیان.

دروستە بەڵکو پێویستە پارەدان بۆ دڵڕاگرتنی کەسانێك کە پێویستیان بە دڵنەوایی و دڵڕاگرتن هەیە، ئەگەرچی ئەو کەسەی ئەو مالّەی پێدەدرێت دروست نەبێت بۆی، هەروەها خوای پەروەردگار پێدانی مالّی بۆ دڵنەوایی کردن لە قورئاندا حەڵاڵ کردووە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ مالّی بەشی ئەو کەسانەداوە کە دڵیان ڕاگیرکراوە لەو مالّانەی کە دەستی بەسەردا دەگیرا بەبێ جەنگ...هتد.

بۆ نموونە: ئەقرعی کوڕی حابسی سەرۆکی (بنو تمیم) و عیینەی کوڕی محصنی سەرۆکی (بنو فزارة) و زید الخیر تائی سەرۆکی (بنو نبهان) و عەلقەمەی کوڕی عەلاسەی العامری سەرۆکی (بنوکلاب)، و پیاوماقوڵانی قورەیش ئەوانەی کە لە ئازاد کردنی مەککەدا ئازادکرابوون وەك: صفوانی کوڕی ئومیە، عیکرمەی کوڕی ئەبوجەهل، ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب، سوهەیلی کوڕی عەمر، و حارسی کوڕی هیشام، ئەمانە و زۆر خەڵکی تر پێغەمبەری خوا ﷺ لە مالّی دەوڵەت دڵی ڕاگیر دەکردن.

لە هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەبوسەعیدی خدریەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە دەڵێت: ((بعث علي وهو باليمن بذهيبة في تربتها إلى رسول الله ﷺ فقسمها رسول الله ﷺ بين أربعة: الأقرع بن حابس الحنظلي، وعيينة بن حصن الفزاري، وعلقمة بن علاثة العامري،

سيد بني كلاب، وزيد الخير الطائي، سيد بني نبهان؛ قال: فغضبت قريش والأنصار، فقالوا: يعطي صناديد نجد ويدعنا: فقال رسول ﷺ: إني إنما فعلت ذلك لتأليفهم، فجاء رجل كث اللحية، مشرف الوجنتين، غائر العينين، ناتيء الجبين، محلوق الرأس، فقال: اتق الله يا محمد؛ فقال رسول الله ﷺ: فمن يتق الله إن عصيته؟ أيأمنني على أهل الأرض ولا تأمنوني؟! قال: ثم أدبر الرجل، فاستأذن رجل من القوم في قتله، ويرون أنه خالد بن الوليد، فقال رسول الله ﷺ: إن من ضئضئ هذا قوماً يقرءون القرآن لا يجاوز حناجرهم، يقتلون أهل الإسلام ويدعون أهل الأوثان يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية، لئن أدركتهم لأقتلنهم قتل عاد))[٦٤].

واتە: عەلی رضي الله عنه کاتێک لە یەمەن بوو پارچە خشڵێکی پاڵفتە نەکراوی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نارد، دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا: ئەقرعی کوڕی حابسی حەنزەڵی و عوییینەی کوڕی حصنی فزاری و عەلقەمەی کوڕی عەلاسەی العامری سەرۆکی (بنو کلاب) و زیدالخیر تائی سەرۆکی (بنو نبهان)، ئەبو سەعید دەڵێت: قورەیش و پشتیوانەکان پێیان ناخۆش بوو تووڕە بوون، گوتیان: بەشی سەرۆك و پیاوماقوڵانی نەجد دەدات و بەشی ئێمە نادات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: من ئەوەم کرد لەبەر دڵڕاگرتنیان، پیاوێکی ڕیش پڕی دەم و چاو گۆشتنی چاو بە قوڵدا چووی نێو چاوان پانی سەرتاشراو گوتی: ئەی محمد لە خوا بترسە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کێ لە خوا دەترسێت ئەگەر من سەرپێچی بکەم؟! منی کردووە بە ئەمین بەسەر خەڵکەوە و ئێوە بە ئەمینم دانانێن؟!، دوایی کابرا پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت، کەسێك لەوانەی لەوێ دانیشتبوون ڕوخسەتی خواست بۆ ئەوەی بیکوژێت، دەڵێن: خالیدی کوڕی وەلید بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لە نەوە و هاوشێوەی ئەم کەسە کەسانێك پەیدا دەبن قورئان دەخوێنن لە قورگیان ناچێتە خوارەوە، لەگەڵ ئەهلی ئیسلامدا دەجەنگن و واز لە دژایەتی و جەنگانی بت پەرستان

٦٤. رواه البخاري(٣٣٤٤)، ومسلم(١٠٦٤).

دەهێنن، لە ئایین دەردەچن وەك چۆن تیر لە نێچیرەوە دەردەچێت و دیوەدەر دەبێت، ئەگەر پێیان بگەم لەگەڵیان دەجەنگم هەتا لە ناویان دەبەم وەك چۆن گەلی عاد لە ناوچوون.

ڕافعی کوڕی خدیج رضي الله عنه دەڵێت: ((أعطى رسول الله ﷺ أبا سوفيان بن حرب، وصفوان بن أمية، وعيينة بن حصن، والأقرع بن حابس، كل إنسان منهم مائة من الإبل، وأعطى عباس بن مرداس دون ذلك، فقال عباس بن مرداس:

أتجعل نهبي ونهب العبيد ... بين عيينة والأقرع

وما كان حصن ولا حابس ... يفوقان مرداس في المجمع

وما كنت دون امرئ منهما ... ومن يخفض اليوم لا يرفع

، قال: فأتم له رسول الله ﷺ مائة))[٦٥].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەد حوشتریدایە هەریەکە لە ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و صفوانی کوڕی ئومیە و عوییەنەی کوڕی محصن، بەڵام لە ئەوان کەمتری دایە عەباسی کوڕی مرداس، عەباس گوتی: بەشی من و(عبید) کە ناوی ئەسپەکەی بوو، دەدەیتە عوییەنە و ئەقرع، نەحصن و نەحابسیش، لە داستانەکەدا پێش من نەکەوتوون ولە هیچ شتێك لەوان دوا نەکەوتووم و کەمتر نەبووم، ئەو کەسەش ئەمڕۆ بەشی کەم پێدرا ئیدی بەشی زیاد ناکەن، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بەشەکەی ئەویشی کرد بە سەد.

ئەو کەسانەی دڵنەوایی دەکرێن دوو جۆرن: بێباوەڕ و موسڵمان، بەشدانی بێباوەڕ لەبەر ئەوەیە بەو پێدانە چاوەڕوانی موسڵمان بوونی لێدەکرێت، یان بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و زیانیەتی لە موسڵمانان ئەگەر بەوە نەبێت ئەو زیانە دوور نەکەوێتەوە.

---

٦٥. رواه مسلم(١٠٦٠).

موسڵمانیش بە پێدانی دیسان چاوەڕوانی چاکە و قوڵ بوونەوەی ئیسلامەتییەکەی لێدەکرێت، یان بەهۆی ئەو پێبەخشینەوە هاوشێوەکانی موسڵمانبن، یان لەبەر ئەوەی هەندێك کەس ئەو پێداویستیانەی دەوڵەت کە لەسەریانە بەجێی ناهێنێت لە ترسی ئەو کەسە نەبێت، یان لەبەر ڕق چواندنی دوژمنان، یان لەبەر بەرگری کردنی شەڕ و زیانی لەسەر موسڵمانان، ئەگەر بەوە نەبێت بەرگری نەکرێت، ئەم جۆرە بەخشینە ئەگەرچی لە ڕەواڵەتدا، بەخشینە بە پیاوماقوڵ و دەسەڵاتداران، بەبێ پێدانی بێ دەسەڵاتان، و وەك کردەوەی پادشاکانە، بەڵام هەموو کردەوەیەك بە نییەتە، ئەگەر بەو کارە مەبەستی ئایین و بەرژەوەندی موسڵمانان بوو، ئەوە وەکو ئەو بەخشینانەی پێغەمبەری خوا ﷺ و خەلیفەکانییەتی، بەڵام ئەگەر مەبەست لەو بەخشینانە پاراستنی دەسەڵات و گەندەڵی بوو، ئەوە لە جۆری بەخشینەکانی فیرعەونە، بەڵام کەسانی خاوەن ئایینی خراپ و تووندڕەوی وەك (ذوالخویصرة) کە ئەو بەخشینانەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێبڕاش نەبوو ناڕەزایی دەربڕی، هەروەها حزبەکەی کە (خوارج) بوون لە دەسەڵاتی علی ﷺ دەرچوون و ناڕەزاییان دەربڕی، و مەبەستیان لە کێشەی (تحکیم) ڕەوا نەبوو.

ئەو کەسانە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە جەنگ کردووە لە دژیان، چونکە بۆچوونێکی تووندڕەویان لە ئایینداهەیە، کە نەبە کەڵکی دونیا و نەبە کەڵکی دواڕۆژ دێن.

زۆر جار دونیا نەویستی (الورع) بێمانا تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ترسنۆکی و ڕژدی، چونکە لە هەردوو بارەکەدا ئەو کارەی فەرمانی پێکراوە لایەنێکی بە جێنایەت، بۆ نموونە: بە ترسان لەوەی توشی خراپە بێت، واز دەهێنێت لە تێکۆشان و جیهاد، و نەدانی بژێوی مالّ و منداڵی، لە بەر ترس و ڕژدی، وپێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((شر ما في المرء شح هالع وجبن خالع))[٦٦].

---

٦٦. رواه أبو داود(٢٥١١)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٣٧٠٩).

واتە: خراپترین شت لە مرۆڤدا ئەوەیە: زۆر پژد و زۆر ترسنۆك بێت.

هەندێ جار مرۆڤ واز لە کردەوەیەك دەهێنێت لەبەر گومان، یان بە دونیا نەویست خۆی پیشان دەدات، بەڵکو لوتبەرز و خۆبەزلزانە، ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((إنما الأعمال بالنيات))[٦٧]، واتە: هەموو کردەوەیەك بەنییەتە.

گوتەیەکی کۆکەرەوەیە، چونکە نییەت بۆ کردەوە وەك ڕوحە بۆ لەش، ئەگەر وانەبوایە ئەو کەسەی کڕنوش بۆ خوا دەبات، لەگەڵ ئەو کەسەی کڕنوش بۆ خۆر و مانگ دەبات لە ڕەواڵەتدا هیچ جیاوازیەکیان نییە، چونکە هەریەکە لەوان نێو چاوانی دەخاتە سەر زەوی، بەڵام لە ناوەڕۆك و ماهییەتدا کەسی یەکەم نزیکترین کەسە لە خواوە ﷻ، ئەوانی تریش دوورترین کەسانن لە خواوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ١٧﴾(البَلَد).

واتە: ئەو کەسانەی ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە ئارامگرتن وبە بەزەیی لە نێوانیاندا.

لە ئەسەرێکدا هاتووە: ((أفضل الإيمان السماحة والصبر))[٦٨].

واتە: باشترین باوەڕ لێبوردەی و ئارامگرتنە.

بەڕێوەبردن و پارێزگاریکردنی خەڵك بە دەست کراوەیی و بەخشین و فریاکەوتنیان نەبێت بەڕێوە ناچێت، کە ئەوەش چاونەترسی دەگەیەنێت، و هەرکەسێك ئەو دوو سیفەتەی تێدا نەبێت "بەخشندەی و لێهاتوویی" دونیا و دواڕۆژیشی بۆ چاك نابێت، و لەبەر ئەوە هەر کەسێك پشت ئەستوور نەبێت بەو دوو سیفەتە خوا کاری لە دەست دەردێنێت و بە کەسانی تری دەسپێرێت، خوا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا

---

٦٧. رواه البخاري(١)، ومسلم(١٩٠٧).

٦٨. رواه البخاري في التاريخ الكبير(٢٥/٥)، والحاكم في المستدرك (٧٢٥/٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١٠٩٧).

لَكُمُ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ ۚ أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْآخِرَةِ ۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِي ٱلْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْـًٔا ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەوە چیيە ئەگەر پێتان بگوترێت : لە مالّ دەربچن بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناوی خوا قورسە بەلاتانەوە و تەمبەڵی دەکەن و بەزەوییەوە دەنوسێن، ئایا ژیانی دونیاتان لە ژیانی دواڕۆژ پێباشترە و پێی ڕازین ؟ چێژی ژیانی دونیا لە ئاست نازونیعمەت و ژیانی نەبڕاوەی دواڕۆژ زۆر کەمە، ئەگەر دەرنەچن بۆ جیهاد و تێکۆشان سزایەکی بە ئێش و ئازارتان دەدات و دەتانگۆڕێت و کۆمەڵێکی تر دەهێنێتە جێگاتان، و هیچ زیان بە خوا ناگەیەنن، و خوا توانایە بەسەر هەموو شتێکدا، دەتوانێت ئێوە لەناوببات و کەسانێکی تر بهێنێتە جێگای ئێوە .

دیسان خوا ﷻ دەفەرموێت: ﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ۚ وَإِن تَتَوَلَّوْاْ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾(مُحَمَّد).

واتە: ئێوە بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی لە پێناوی خوا ببەخشن، بەڵام هەندێك لە ئێوە ڕڕدی دەکەن، ئەوەی ڕڕدی بکات زیانی بۆ خۆی هەیە، چونکە خوا دەوڵەمەندە و ئێوە هەژارن، ئەگەر ئێوە پشت لە ئاینی خوا هەڵکەن خوا دەتان گۆڕێت بە گەلێکی تر وەك ئێوە نەبن وله ئێوە باشتربن.

دیسان دەفەرموێت: ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُوا۟ ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ ﴿١٠﴾﴾(الحَدِید).

واتە: یەکسان نین ئەوانەی پێش ڕزگارکردنی مەککە لە ڕێگای خوا مالیان بەخشیوە و جەنگاون، لەگەڵ ئەوانەی دوای ئەوە ئەو کارانەیان ئەنجام داوە، ئەوان پلەیان بەرزترە، خوا بە هەمووان بەڵێنی باشی داوە.

لێرەدا کارەکەی بە بەخشینەوە بەستووە، کەلە دەست گوشادیەوە سەرچاوە دەگرێت، تێکۆشان و جەنگان کەلە بە جەرگبیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها خوای پەروەردگار لە زۆر شوێندا دەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ ﴿٤١﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: تێبکۆشن لە پێناوی خوا بەماڵ و نەفستان.

خوا ڕوونی دەکاتەوە کە ڕژدی یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وەک دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا لَّهُم ۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ ۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا۟ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ ﴿١٨٠﴾﴾(آلِ عِمْرَانَ).

واتە: باوا گومان نەبەن ئەو کەسانەی پیسکەیی و ڕژدی دەکەن لەو سامانەی خوا پێی بەخشیون لە فەزڵی خۆی ئەوە کارێکی باشە بۆیان، بەڵکو ئەوە شەڕ و خراپەیە بۆیان، ئەوەی بە چروکی کۆیان کردووەتەوە دەکرێتە تەوق ولە گەردنیان دەئاڵێنن لە ڕۆژی قیامەتدا.

هەروەها دەفەرموێت ﴿وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئەو کەسانەی زێڕ وزیو کۆ دەکەنەوە زەکاتی لێ دەرناکەن و چاکەی پێ ئەنجام نادەن لەبەر خوا، مژدەیان بدەرێ بە سزایەکی بە ئێش و ئازار.

هەروەها ترسنۆکی تاوانێکی گەورەیە، خوا دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦﴾﴾(الأنفال).

واتە: هەرکەسێك پشت لە دوژمنان بکات لە کاتی جەنگدا، لەبەر نەخشە وپیلانی جەنگ و شەڕکردن لە جێگای تردەوە نەبێت یان بۆ یارمەتیدان و سەرخستنی کۆمەڵێکی تر نەبێت، بێگومان بە تووڕەیی خوداوە دەگەڕێتەوە، و سەرئەنجامی ئاگری دۆزەخە، و خراپترین چارەنووسی هەیە .

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾﴾(التوبة).

واتە: سوێند دەخۆن کە لەگەڵ ئێوەدان، بەڵام لەگەڵ ئێوەدانین، ئەوانە کەسانێکی لەرزۆك و ترسنۆکن.

لەم جۆرە بەڵگانە زۆرن لە قورئان و سوننەتدا، ئەوەش شتێکە کە خەڵکی سەر زەوی لەسەری کۆڕان، هەتا لە هەندێ پەندی میلیدا دەڵێن (نە چزوی هەیە، نەخوان) و(نە سوارچاکە و نەوەك عەرەب دەست گوشادە).

لێرەدا خەڵکی پۆلێن دەکرێن بۆ سێ کۆمەڵ: کۆمەڵێك حەزیان لە خۆبەزل زانین و تێکدانە لەسەر زەوی، و گوێ نادەنە پاشەڕۆژ، وادەبینن کە دەسەڵات بە بەخشین نەبێت ناپارێزرێت، ئەو بەخشینەش بە دەست نایەت بە دەرهێنانی پارە لە ڕێگای نادروست و چەوت و لارەوە نەبێت، بەوەش دەبنە چەتەی بەخشندە ! ئەو جۆرە کەسانە دەڵێن: ناشێت کەسێك ببێتە کاربەدەست بەسەر خەڵکەوە و خۆی لێی نەخوات و بەشی کەسانی تریش نەدات، چونکە ئەگەر کەسێکی خۆپارێز و دەستپاك

بکرێتـــه کاربەدەســـت خـــۆی لێـــی نـــەخوات و بەشـــی کەســـانی تـــریش نـــەدات کاربەدەستەکانی سەرووی لێی زوير دەبن و لەسـەر کـاری لادەبـەن، لەوانەیـە دەسـت درێژی بکەنە سەر مالّ و گیانی، چونکە ئەو کەسانە چاویان لە بەرژەوەندی دونیایانە، دواڕۆژی خۆیان لەبیر بردووەتەوە، چارەنووسی ئەو کەسانە ڕیسوایی و سەرشۆڕیە لـە دونیـا و قیامەتـدا، ئەگـەر پەشـیمان نەبنـەوە و دڵسـۆزانە ئـیش بـۆ دونیـا و دواڕۆژی خۆیان نەکەن.

کۆمەڵێك ترسی خوایان هەیە، و ئـایین ڕێگـری ئـەوەیان لێـدەکات سـتەم لـە خـەڵك بکـەن و کـاری حـەرام ئـەنجام بـدەن، ئەمـە بـاش و پێویسـتە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەدا باوەڕیان وایە سیاسەت وادەخوازێت کە هەندێك جـار کـارێکی حـەرام ئـەنجام بـدرێت، لەبەر ئەوە بە یەکجاری واز لە سیاسەت دەهێنن، لەوە دەچێت لەبەر ترس یان لە بـەر ڕژدی و بێسـەلیقەیی بێت بـەڵام وای وێنا دەکـەن کە پشت بە ئایین بەستنە، لەبەر ئەوە هەندێك جار واز لە کردارێکی پێویست (واجب) دەهێنن، کە واز لێهێنانی زیانی زیـاترە لە ئەنجامدانی هەندێك کاری حەرام، یان تووشـی ئـەوە دەبـن کـە فـەرمان بـە ئـەنجام نەدانی کارێکی پێویست بکەن، کە ئەو فەرمان کردنە لەوانەیە ڕێگـرتن بێـت لـە ئـایینی خوا، یان لەوانەیە لێکدانەوەی هەڵەیان کردبێت، یان باوەڕیان وابووبێت کە نکولی ئەو ئیشە بە جەنگان نەبێت فەراهەم نایەت، بەوەش لەگـەڵ موسـڵمانانداً دەجـەنگن، وەك خەوارجەکان، ئەو جۆرەکەسانە بە کەڵکی دونیا و ئایینیش نایەن، بەڵام هەنـدێك جـار بۆ کۆمەڵێك ئیشوکاری تایبەتی ئایینی و هەندێك ئیشوکاری دونیایی بـەکاردێن، لـەوە دەچێت لەو بۆچوونە هەڵەیەیان پەشیمان ببنەوە و بەوەش پێویستە لە کەموکورتیان ببوردرێت، لەوە دەچـێت هەنـدێك جـار لـەو کەسـانەبن کـە هەرچـی ئیشـوکار دەکـەن بەفیڕۆ دەچێت، ئەوانەی کە کۆششی دونیایان لە گومڕاییدا بەسـەر بـردووە، واگومـان دەبەن کە کارێکی باش دەکەن، ئـەم کۆمەڵـە لـەو کەسـانەن کـە نـەبۆ خۆیـان و نـەبۆ کەسانی تـر هـیچ بـە ڕەوا نـابینن، وادەڕوانـنـە خـەڵك کـە هـەموو لـە بێـبڕوا و تاوانبـار

پێکهاتووه، باوەڕیان وایە بەخشین بۆ دڵنەواییکردن جۆرێکە لە ستەم و بەخشینی ناڕەوا.

کۆمەڵی سێیەم: گەلی دادوەر و مامناوەندن، پەیڕەوانی ئایینی محمد ﷺ، خەلیفەکانی، هەتاکو ڕۆژی دوایی، ئەمانە پێیان وایە بەخشینی مالّ و سود گەیاندن بە خەڵکی "ئەگەرچی سەرکردە و دەست ڕۆیشتووشبن" بە گوێرەی پێویست، بۆ باشتربوونی حاڵی ئەو کەسە و سەپاندنی ئایین لەلای پێویستە، ئەوە ئەو دونیایە کە ئایین ئیشی پێیەتی، خۆپاراستنە لەوەی کە مافی ئەو نییە بیبات، بەوەش لە خوا ترسان و چاکەکاری لەیەک کاتدا بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾﴾(النَّحْل).

واتە: خوا لەگەڵ پارێزکاران و چاکەکارانداید.

بەوەش نەبێت سیاسەتی ئایینی تەواو نابێت، تەنها بەم ڕێگایەش دونیا و ئایینی خەڵکی بەباشی بەڕێوە دەچێت.

ئەو کەسانە یارمەتی خەڵکی دەدەن بەوەی پێویستیانە، ئەوەی حەڵاڵ و ڕەوا نەبێت نایخۆن، ئەم جۆرە کەسانە پارەیان کەمتر پێویستە بۆ خەرجی ڕۆژانەیان وەک لە کەسی یەکەم، چونکە ئەو کەسەی خەریکی کۆ کردنەوەی سامانە چاوی خەڵکی لەسەرە، بەڵام ئەو کەسەی دەستپاک و دونیا نەویستە بەرچاو نییە، ئەم جۆرەیان ئایینی خەڵکی پێباش دەکرێت وەک لەوەی دووەم، چونکە دەستپاکی لەگەڵ هێزدا ڕێز و پایەی ئایین بەهێز دەکات، لە هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەبوسوفیانی کوڕی حەربەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە: ((أن هرقل ملك الروم سأله عن النبي ﷺ: بماذا يأمركم؟ قال: يأمرنا بالصلاة والصدق والعفاف والصلة))[٦٩].

٦٩. رواه البخاري(٧)، ومسلم(١٧٧٣).

واتە: هیرەقلی پادشای ڕۆم پرسیاری پێغەمبەری ﷺ لێکرد: بەچی فەرمانتان پێدەکات؟ گوتی: فەرمانمان پێدەکات بە نوێژ و خێر و چاکە و دەستپاکی و بەجێهێنانی ئەرکی خزمایەتی.

لە ئەسەرێکدا هاتووە: (أن الله أوحى إلى إبراهيم الخليل عليه السلام: يا إبراهيم: أتدري لم اتخذتك خليلاً؟ لأني رأيت العطاء أحب إليك من الأخذ)[٧٠].

واتە: خوا ﷻ سروشی (الوحی) کرد بۆ ئیبراهیمی عليه السلام خۆشەویستی خۆی پێی فەرموو: ئەی ئیبراهیم دەزانی بۆچی تۆم بە خۆشەویستی خۆم هەڵبژاردووە؟ چونکە بەخشینت پێ خۆشترە لە وەرگرتن.

ئەوەی کە لە ڕۆژی و بەخشیندا باسمان کرد کە بریتییە لە دەست گوشادی و سود گەیاندن بە خەڵک، هاوشێوەی ئارامگرتن و تورەبوونە، کە بریتییە لە بەجەرگی و خۆپاراستن لە شتی خراپ.

چونکە خەڵک سێ کۆمەڵن: کۆمەڵێک لەبەر ئارەزووی خۆیان و لەبەر خوا تورە دەبن، کۆمەڵێک نەلەبەر ئارەزوو و نەلەبەر خوا تورە نابن، کۆمەڵی سێیەم (دادوەرن) لەبەر خوا تورە دەبن نەک لەبەر ئارەزوویان، وەک لە هەردوو صەحیحەکەدا لە عائیشەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: ((ما ضرب رسول الله ﷺ بيده: خادما له، ولا امرأة، ولا دابة، ولا شيئا قط، إلا أن يجاهد في سبيل الله، ولا نيل منه شيء فانتقم لنفسه قط، إلا أن تنتهك حرمات الله، فإذا انتهكت حرمات الله لم يقم لغضبه شيء حتى ينتقم لله))[٧١].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کات بە دەستی لە خزمەتکار و ئافرەت و گیانلەبەر و هیچ شتێکی تری نەداوە، لە کاتی تێکۆشان لە پێناوی خوا نەبێت، هەرشتێکی

---

٧٠. قال ابن عثيمين (رحمه الله): ظاهر هذا الأثر أنه ليس بصحيح، لأن إبراهيم اتخذه الله خليلاً لأنه قدم محبة الله على أشد محبة في الدنيا وهي ابنه.

٧١. رواه مسلم (٢٣٢٨).

بەرامبەر کرابێت تۆڵەی لەبەر خۆی نەکردووەتەوە، مەگەر سنورێکی خوا بەزێنرابێت، ئەگەر سنورێکی خوا بە پێش چاویەوە ببەزێنرایە هیچ ڕێگری لێنەدەکرد لەبەر خوا تووڕە ببێت.

ئەو کەسەی لەبەر ئارەزووی خۆی هەڵدەچێت نەک لەبەر خوا، بۆ خۆی پارە و سامان دەبات و بەشی کەسی تری لێنادات، ئەمە دەتوانین بە کۆمەڵێ چوارەم پۆلێنی بکەین، کە خراپترین دروستکراوی خوایە، بە کەڵکی ئایین و دونیاش نایەت، شایەنی باسە پیاو چاکان خاوەن سیاسەتی تەواون، ئەوانن کە هەڵدەستن بەوەی پێویستە لەسەریان و ئەوەی حەرامە وازی لێدەهێنن، دەبەخشن لەبەر ئەوەی حاڵی خەڵکی باشبێت، ئەوەی بۆیان حەڵاڵ نەبێت وەری ناگرن، لەبەر خوا تووڕە دەبن کاتێک سنورێکی خوا ببەزێنرێت، ولە مافەکانی خۆیان خۆشدەبن، ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، لە بەخشین و پێدان کە نموونەی بەرز و بااڵ بووە لەو بوارەدا، هەتاکو لەو ڕەوشتانەوە نزیکترین باشترە، باموسڵمان هەوڵبدات لەو ڕەوشتە جوانانەوە نزیک بێتەوە، دوای ئەوە داوای لێبوردن لە خوا بکات لە کەم و کورتی لەبەر نەگەیشتن بەو ڕەوشتە نموونەییانەی کە خوا پێغەمبەر محمدی ﷺ پێناردووە لە فەرمانەکانی ئایین، ئەمەش لەو فەرموودەی خوای گەورەوە سەرچاوە دەگرێت: ﴿۞إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ۝٥٨﴾(النِّسَاء).

واتە: خوا فەرمانتان پێدەکات ڕاسپاردەکانتان بدەنە دەستی خاوەنەکانی، خوا زاناترە.

بەشی دادگەری لە پیادەکردنی سنورەکان و مافەکان

ئەو فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِٱلْعَدْلِۚ ﴿٥٨﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: ئەگەر دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵك، حوکم بە داد بکەن.

دادوەری کردن لە نێوان خەڵك لە سنورەکان و مافەکاندایە و دوو جۆرن:

یەکەم: ئەو سنور و مافانەی کە هی کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو قازانجی بۆ تێکڕای موسڵمانانە، یان بۆ چینێك لەوانە، هەموویان پێویستیان پێیەتی، پێی دەوترێت سنوور و مافەکانی خوا، بۆ نموونە: تۆڵەکردنەوە لە چەتە و دز و داوێنپیس و هاوشێوەکانیان، یان پارێزگاری سامانی دەوڵەت و مالّی وەقف و مالّی میراتی کەسێك کە میراتگری نەبێت، ئەمانە لە گرنگترین ئیش و کارەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتن، لەبەر ئەوە عەلی کوڕی ئەبو تالب ﷺ دەڵێت: (لابد للناس من إمارة برة أو فاجرة، فقيل: يا أمير المؤمنين هذه البرة قد عرفناها، فما بال الفاجرة؟ فقال: يقام بها الحدود، وتأمن بها السبل، ويجاهد بها العدو، ويقسم بها الفيء).

واتە: پێویستە خەڵك کاربەدەستیان هەبێت باش بێت یان خراپ، گوترا: ئەی کاربەدەستی باوەڕداران دەزانین کاربەدەستی باش پێویستە هەبێت، ئەی خراپ بۆچی باشە؟ گوتی: سنورەکانی خوای پێ دەپارێزرێت، و ڕێگاکانی پێ سەلامەت دەکرێت، و جەنگیان پێ دەکرێت لەگەڵ دوژمناندا، و دەستکەوتەکانی جەنگی پێ دابەش دەکرێت.

ئەم بەشە دەبێت کاربەدەستان بە باشی ڕەچاوی بکەن، مەرج نییە کەسێك بێت داوای مافە زەوت کراوەکانی بکات بۆ ئەوەی مافی بۆ وەربگیرێتەوە، دەبێت داوای گەواهیدەر بکرێت بەبێ ئەوەی کەس داوای بکات، ئەگەرچی شەرعناسان ناکۆکن لە بڕینی دەستی دز ئایا پێویست دەکات ئەو کەسەی مالّەکەی براوە داوای مالّەکەی بکاتەوە، دوو بۆچوون هەیە لە مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر، بەڵام هەموویان کۆڕان

لەسەر ئەوەی کە پێویست ناکات مـاڵ دزراوەکـە داوای سـەپاندنی ئـەو سـزایە بکـات، بەڵام هەندێکیان دەڵێن: مەرجە داوای ماڵەکەی بکات، چونکە دەشێت ئەو کەسـە ئـەو ماڵەی بردوویەتی بە ماڵی خۆی بزانێت، ئەوی تریان ئـەو ماڵـەی ئـەوی بردبێـت، بۆیـە دەبێت پێش ئەنجامدانی هەر سزایەك هیچ گومانێك لە پرسەکەدا نەمێنێت.

ئەم جۆرە سزادانە کەسی لێ بەدەر نییە کەسی ناودار و بێنـاو، بـەهێز و بـێ هێـز، هەموویان بەیەك چاو سەیردەکرێن ئەگەر هاتوو ئەو تاوانەیان ئەنجامدا، ڕەوا نییە ئەو سزایە جێبـەجێ نـەکرێت لەبـەر تکـاکردن یـان دیـاری وەرگـرتن یـان هەرشـتێکی تـر، تکاکردن لەو جۆرەکارانـەدا دروسـت نییـە، هەرکەسـێك ببێتـە ڕێگـر لـە ئەنجامـدانی و پـەکی بخـات "لـە کاتێکـدا توانـای ئەنجامـدانی هـەبێت" ئـەوە بـەر نـەفرەتی خـوا و فریشتەکان و خەڵك بەگشتی دەکەوێت، خوا تەوبـە وپەشـیمان بوونـەوە یـان کـرداری فەرز و سوننەتی لێوەرناگرێـت، لـەو کەسـانەیە کـە ئـایینی خوایـان بـە نرخێکـی کـەم فرۆشـتووە، ئـەبوداود لـە سـوننەکەیدا لـە عبـدالله کـوڕی عومـەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایـەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی: ((مَـنْ حَالَـتْ شَـفَاعَتُهُ دُونَ حَـدٍّ مِـنْ حُدُودِ اللَّهِ، فَقَدْ ضَادَّ اللَّهَ فِي أمره وَمَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِلٍ وَهُوَ يَعْلَمُهُ لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللَّهِ حَتَّى يَنْزِعَ، وَمَنْ قَالَ فِي مسلم مَا لَيْسَ فِيهِ حبس فِي رَدْغَةِ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَـالَ، قيل يارسول الله: وما ردغة الخبال؟ قال: عصارة أهل النار))[٧٢].

واتـە: ئەوکەسـەی بـە تکـاکردن ببێتـە ڕێگـر لـە جێبـەجێکردنی سـنورێك (حـد) لـە سنورەکانی خوا، ئەوا بەرەنگاری خوا دەکات لە فەرمانەکانی، ئەوەی مشـتومڕ بکـات لە کارێکی ناڕەوا و بزانێت ناڕەوایە، ئەوە لە تورەیی خوادا دەژێت، هەتا واز لەو کارە دەهێنێت، و ئەوەی شتێك بە موسڵمانێك بڵێت و وانەبێت ئەوە لـە(ردغة الخبـال) بەنـد دەکرێت، هەتا واز لەو گوتە ناڕەوایە دەهێنێت، گـوترا ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ردغـة الخبال) چییە؟ فەرمووی: کێم وزخاوی خەڵکی دۆزەخە.

---

٧٢. رواه أبو داود(٣٥٩٧) دون قوله: ((قيل يارسول الله: وما ردغة الخبال؟ قال: عصارة أهل النار)) وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦١٩٦).

پێغەمبەری خوا ﷺ لەو فەرموودەی سەرەوە باسی دادوەر و گەواهیدەر و سکالاکاری کرد کە ئەو سیانە سێ پایەی حوکمدانن.

لە هەردوو صەحیحەکەدا لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ((أَنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّهُمْ شَأْنُ الْمَخْزُومِيَّةِ الَّتِي سَرَقَتْ فَقَالُوا: مَنْ يُكَلِّمُ فِيهَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالُوا وَمَنْ يَجْتَرِئُ عَلَيْهِ إِلَّا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، فقال: ياأسامة: أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ؟ إِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمْ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمْ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ والذي نفس محمد بيده لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا))[٧٣].

واتە: قورەیش ئەو ژنە مەخزومییەی کە دزی کرد بوو سەرقاڵی کردبوون، گوتیان: کەس ناتوانێت لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بکات ﷺ ئوسامەی کوڕی زەید نەبێت، فەرمووی: ئەی ئوسامە: ئایا تۆ تکا بۆ کەسێك دەکەیت کە سنورێکی خوای بەزاندووە؟! نەوەکانی ئیسرائیل لەبەر ئەوە تیاچوون ئەگەر کەسێکی ناودار دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر کەسێکی بێ هێز دزی بکردایە سزایان بەسەردا دەسەپاند، سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بە دەستە ئەگەر فاتمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕم.

ئەم بەسەرهاتە پەندە، چونکە لەناو قورەیشدا (بنو مخزوم) و(بنو مناف) دوو بنەماڵەی زۆر بەڕێز و ناوداربوون، بەڵام ئەو سزای بەسەردا سەپاند لەبەر دزینی قاپی چێشت لێنان، لە خەڵکی وەریدەگرت بە ئەمانەت و دواتر نکولی لێ دەکرد، لەسەر گوتەی هەندێك زانا، یان دزینی شتی تر لەسەر گوتەی هەندێکی تریان، گەورەیی هۆزەکەی و ناوداری بنەماڵەکەی نەبوونە ڕێگری ئەنجامدانی ئەو سزایە، و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ئوسامە تکای بۆ کرد، پێغەمبەر ﷺ تورە بوو لەوەی کەلە کارێکدا خوا حەرامی کردووە تکا دەکات، دواتر نموونەی بە کچەکەی خۆی

٧٣. رواه البخاري(٣٤٧٥)، ومسلم(١٦٨٨).

هێنایەوە کە باشترین ژنی دونیایە و خوا لەو کارە خراپە پاراستوویەتی، فەرمووی: ئەگەر فاتمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕم، ڕیوایەتکراوە ئەو کچەی کە دزییەکەی کرد دواتر تەوبەی کرد، و دەهاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکرد.

دیسان ڕیوایەتکراوە: ((إن السارق إذا تاب سبقته يده إلى الجنة، وإن لم يتب سبقته إلى النار))[٧٤].

واتە: ئەگەر دز تەوبە بکات دەستی پێش خۆی دەکەوێت بۆ بەهەشت، بەڵام ئەگەر تەوبە نەکات پێشی دەکەوێت بۆ دۆزەخ، ومالك لە الموطأدا ڕیوایەتی کردووە: (أن جماعة أمسكوا لصاً ليرفعوه إلى عثمان رضي الله عنه ، فتلقاهم الزبير فشفع فيه فقالوا: إذا رفع إلى عثمان فاشفع فيه عنده، فقال: إذا بلغت الحدود السطان فلعن الله الشافع والمشفع).

واتە: کۆمەڵە دزێکیان دەستگیرکرد، ویستیان بیبەن بۆ لای عثمان رضي الله عنه ، لە ڕێگا زوبێریان پێگەیشت داوای کرد ئازادی بکەن، گوتیان: لای عثمان رضي الله عنه تکای بۆ بکە، گوتی: ئەگەر ئەو کارانە گەیشتە سوڵتان، خوا نەفرەت لە تکاکار وتکا وەرگر دەکات.

واتە: ئەو کەسانە کە تکا لە سنورەکانی خوادا وەردەگرن، صفوانی کوڕی ئومەیە جارێك لەسەر پۆشاکەکەی (رداء) لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ خەوتبوو، کابرایەك لێی دزی، صفوان گرتی و بردی بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ: ئەویش فەرمانی کرد بە بڕینی دەستی، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بری پۆشاکەکەم دەستی دەبڕی؟ من پێی دەبەخشم، فەرمووی: ((فهلا قبل أن تأتيني به))[٧٥].

واتە: پێش ئەوەی بتهێنایە بۆ لای من دەتتوانی بیبەخشیت.

---

٧٤. قال ابن عثيمين: شيخ الاسلام ذكره بصغية التمريض، والظاهر أن هذا المتن منكر، لأنه يخالف الحديث الصحيح في البخاري وغيره: ((أن من فعل شيء من هذه القاذورات فأقيم عليه الحد فهو كفارة له)) رواه البخاري (٦٧٨٤)، ومسلم (٤٥٦٠).

٧٥. رواه أبوداود (٤٣٩٤)، والنسائي(٤٨٨١)، وابن ماجه(٢٥٩٥)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود).

دواتر دەستیان بڕی، مانای ئەوەیە ئەو حوکمە پێش ئەوەی بچێتە بەردەستی کاربەدەستان توانای لێبوردنی هەیە، بەڵام دوای ئەوەی بەرزکرایەوە بۆ لایان دەبێت ئەنجام بدرێت، نابێت تکاکردن یان بەخشین یان لێبوردن یان هەر شتێکی تر ببێتە ڕێگری ئەنجامدانی ئەو سزایە.

لەبەر ئەوەیە زانایان هەموویان کۆ دەنگن "ئەوەی من بزانم" لەسەر ئەوەی کە چەتە و ڕێگر و دز و هاوشێوەکانیان، ئەگەر کێشەکەیان بەرزکرایەوە بۆ لای کاربەدەست دوای ئەوە تەوبە بکەن، ئەو تەوبەکردنە سزاکەیان لەسەر هەڵناگرێت، بەڵکو پێویستە بەسەریاندا بسەپێنرێت ئەگەر تەوبەش بکەن، ئەگەر تەوبەیان کرد بە ڕاستی ئەو سزا دەبێتە کەفارەتی ئەو تاوانەیان، جێبەجێکردنی ئەو سزایە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ تەواو بوونی تەوبەکەیان و گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان، بەوەش بە سزادان مافی ئادەمیزادەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە لە بنچینەدا لەو فەرموودەی خوای گەورەوە سەرچاوەی گرتووە: ﴿مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: هەرکەسێك یارمەتی دەربێت و تکاکاری و نێوانگیری بۆ کاری باشە بکات پاداشت و چاکەی دەستگیر دەبێت، وهەرکەسێك یارمەتی دەربێت وتکاکاری ونێوانگیری بۆ خراپە بکات بەشداره لەو تاوان و خراپەیە، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە، یان خوا پارێزەری پاداشتی هەمووانە، وپاداشتی هەرکەسێك بە گوێرەی کردەوەکەی دەداتەوە.

چونکە هاوکاری کردن یارمەتیدانی کەسێکە کە داوای یارمەتی بکات هەتاکو لەگەڵیدا ببێتە هاوەڵ، چونکە پێشتر خۆی تەنها بووە، ئەگەر یارمەتیدەری بوو لەسەر خێر و چاکە، ئەوە هاوکارێکی چاکە، بەڵام ئەگەر یارمەتیدەری بوو لەسەر کاری خراپە، ئەوکات دەبێتە هاوکارێکی خراپ، چاکەش ئەوەیە کە فەرمانی پێکراوە،

خراپەش ئەوەیە کە یاساغی لێکراوە، ئەگەر ئەو دوو هاوکارە درۆیان لەگەڵ یەکدا کرد، ئەوا خوا ڕێنمایی کەسانی ناپاك ناکات.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤﴾(المَائِدَة).

بێگومان پاداشتی ئەو کەسانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی نانەوەی بشێوی دەدەن لەسەر زەوی ئەوەیە: بکوژرێن، یان لە خاچ بدرێن، یان دەست وپێیان بە چەپ و ڕاست ببڕدرێت، یان لەو سەر زەمینە دوور بخرێنەوە، ئەو کەسانە لە دونیا سەرشۆڕ و ڕیسوان، ولە دواڕۆژیش دا سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە، جگە لەوانەیان کە تەوبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە پێش ئەوەی دەستتان بچێت بەسەریاندا و دەستگیریان بکەن، بزانن بێگومان خوا لێخۆش بوو و پۆشەری تاوانە وبە بەزەییە.

دەبینین تەنها ئەو کەسانەی هەڵاوێردە کرد (إستثناء) کە پێش ئەوەی دەستگیر بکرێن پەشیمان دەبنەوە، بەڵام ئەوانەی پەشیمان نەبنەوە تا دوای دەستگیرکردنیان، ئەوا سزا دەدرێن لەبەر ئەوەی ئایەتەکە گشتیە و ماناکەشی ئەوە دەگەیەنێت، لەبەر وازنەهێنان لەو کردارەیان.

ئەوە لە کاتێکدایە کە بە بەڵگە ئەو تاوانە بسەلمێت، بەڵام ئەگەر خۆی دانی نا بە تاوانەکەی و پەشیمانبوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، ئەو کات زانایان ناکۆکن لە حوکمی ئەو کەسە، ئێرە جێگەی درێژەپێدانی نییە، لە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەددا هەرکەسێك

بەو شێوە بێت حەددی بەسەردا ناسەپێت، بەڵام ئەگەر خۆی داوای ئەنجامدانی حەددی کرد ئەو کات بەسەریدا دەسەپێت، ئەگەر ڕۆیشت وازی لێدەهێنرێت.

ئەوەش لە فەرموودەکەی ماعزی کوڕی مالکەوە وەرگیراوە، کە فەرمووی: ((فهلا تركتموه))[٧٦].

واتە: بریا وازتان لێ بهێنایە.

و ئەو فەرموودەی: ((أصبت حداً فأقمه علي))[٧٧].

واتە: تاوانێکم کردووە کە شایانی حەد لێدانم، بەسەرمدا بیسەپێنە.

لەگەڵ کۆمەڵێك ئەسەری تر، ئەبوداود و نەسائی لە عبدالله کوڕی عومەر ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((تعافوا الحدود فيما بينكم، فما بلغني من حد فقد وجب))[٧٨].

واتە: لە ئەو حەددانەی دەکەوێتە نێوانتانەوە لەیەکتر خۆشبن، هەرچی حەددێك بێتە لای من پێویستە بە ئەنجامی بگەیەنم.

ونەسائی و ئیبن ماجە لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((حد يعمل به في الأرض، خير لأهل الأرض من أن يمطروا أربعين صباحاً))[٧٩].

واتە: حەددێك لەسەر زەوی ئەنجام بدرێت، باشترە لەوەی چل ڕۆژ باران بۆ خەڵکی سەر زەوی ببارێت.

چونکە تاوان کردن هۆیەکە بۆ کەمی ڕۆزی و دەبێتە مایەی ترسان لە دوژمنان، ئەوەش قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەری، ئەگەر حەد ئەنجام بدرێت و سزای

---

٧٦. رواه الترمذي (١٤٢٨)، وابن ماجه(٢٥٥٤)، وقال الألباني في (صحيح ابن ماجه): حسن صحيح.

٧٧. رواه البخاري(٦٨٢٣)، ومسلم(٢٧٦٤).

٧٨. رواه أبوداود(٤٣٧٦)، والنسائي(٤٨٨٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٢٩٥٤).

٧٩. رواه النسائي(٤٩٠٥،٤٩٠٤)، وابن ماجه(٢٥٣٨)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٣١٣٠).

تاوانباران بدرێت گوێڕایەڵی خوا زیاتر دەبێت و تاوانکاری کەم دەبێتەوە، بەوەش خەڵك ڕۆزی دەدرێن و سەردەکەون.

دروست نییە لە داوێنپیس و دز و مەیخۆر و چەتە وڕێگر و هاوشێوەکانیان، پارە وەربگیرێت بۆ ئەوەی حەددیان لەسەر ئەنجام نەدرێت، جا ئەو پارەیە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بێت یان بۆ شتی تر، ئەو پارەیەی کە بۆ پەکخستنی حەددێك وەردەگیرێت پارەیەکی قێزەون و پیسە، ئەگەر کاربەدەست ئەوەی کرد، ئەوە دوو کاری خراپی گەورەی کردووە، یەکەمیان: پەکخستنی حەددەکە، دووەمیان خواردنی مالێکی پیس و خراپ، بەوەش کارێکی حەرامی ئەنجامداوە و کارێکی پێویستی (واجب) واز لێهێناوە، خوا دەفەرموێت: ﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ﴿٦٣﴾﴾ (المَائِدَة).٧٠

واتە: ئەوە بۆچی شارەزا و دانا پەروەردەکار وزاناکانیان یاساغی گوفتاری خراپ و خواردنی حەرامیان لێناکەن؟! سوێندبێت کارێکی نەشیاو دەکەن.

پەروەردگار بە جولەکە دەفەرموێت: ﴿سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ ۚ ﴿٤٢﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: جوولەکەکان زۆر حەرام خۆرن و سڵ لە خواردنی بەرتیل ناکەنەوە.

چونکە جولەکەکان بەرتیل خۆر بوون، و هەندێك جار ناوی دیاری یان شتی تری لێدەنێن، هەرچی کاتێك کاربەدەست بەرتیلی خوارد، ناچار دەبێت گوێ بۆ درۆ و گەواهی درۆ و شتە خراپەکانی تر بگرێت: ((لعن رسول الله ﷺ الراشي والمرتشي والرائش "الواسطة" الذي بينهما))[٨٠].

---

٨٠. رواه أحمد(٢١٨٩٣)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٤٦٨٤)، ورواه أبو داود(٣٥٨٠)، والترمذى(١٣٣٧)، وابن ماجه(٢٣١٣)، دون قوله(الرائش)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥١١٤).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو کەسەی بەرتیل دەخوات ولەو کەسەی بەرتیل دەدات، ئەو کەسەش لە نێوانیاندا ئیش دەکات.

لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە: ((إِنَّ رَجُلَيْنِ اختصما إلى النبي ﷺ فَقَالَ أحدهما يَا رَسُولَ اللَّهِ أقض بيننا بِكِتَابِ اللَّهِ فَقَالَ صاحبه "وكان أَفْقَهُ مِنْهُ" نَعَمْ يا رسول الله: فَاقْضِ بَيْنَنَا بِكِتَابِ اللَّهِ وَأْذَنْ لِي فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قُلْ قَالَ إِنَّ ابْنِي كَانَ عَسِيفًا فِي أهل هَذَا "يعني أجيراً" فَزَنَى بِامْرَأَتِهِ فَافْتَدَيْتُ مِنْهُ بِمِائَةِ شَاةٍ وَخادم، وإني سَأَلْتُ رجالاً من أَهْلَ الْعِلْمِ فَأَخْبَرُونِي أَنَّ على ابْنِي جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ وَأَنَّ عَلَى امْرَأَةِ هَذَا الرَّجْمَ فَقَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ اللَّهِ المأئة والخادم رَدٌّ عليك وَعَلَى ابْنِكَ جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ على امْرَأَةِ هَذَا فاسألها فَإِنْ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا،فسألها، فاعترفت، فرجمها))[٨١].

واتە: دوو پیاو هاتن بۆ سکاڵاکردن لای پێغەمبەری خوا ﷺ یەکێکیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە قورئانی خوا دادوەری بکە لەنێوانماندا، ئەوی تریان گوتی "کە لە ئەوەی تریان شارەزاتر بوو": بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە قورئانی خوا دادوەری بکە لە نێوانماندا بەڵام ڕوخسەتم بدە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵێ، گوتی: کوڕێکم لە ماڵی ئەم کابرایە کرێکاری دەکرد، لەگەڵ ژنەکەی داوێن پیسی کردووە، لە جیاتی ئەوە سەد مەڕ و خزمەتکارێکم داوەتە ئەم کابرایە، بەڵام پرسیارم لە کۆمەڵە خەڵکێکی زانا کرد، پێیان گوتم: کوڕەکەی من دەبێت سەد جەلدەی لێبدرێت و ساڵێك دوور بخرێتەوە، ژنەکەی ئەویش دەبێت بەردباران (رجم) بکرێت، فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە بە قورئانی خوا دادوەری دەکەم لە نێوانتان، سەد مەڕ و خزمەتکارەکەت بۆ دەگەڕێتەوە، پێویستە سەد جەلدە لە کوڕەکەی تۆ بدرێت و ساڵێك دوور بخرێتەوە، ئەی (ئونەیس) بڕۆ پرسیار لە ژنی ئەم

---

٨١. رواه البخاري(٦٨٦٠،٦٨٩٥)، ومسلم(١٦٩٧، ١٦٩٨).

پیاوه بکه ئەگەر دانینا بـه تاوانەکەیدا بـەردبارانی بکـه، ئـەویش پرسیاری لێکرد، و ئافرەتەکەش دانینا بەتاوانەکەیدا و بەردباران کرا.

لەم فەرموودەیە ئەوە دەردەکەوێت کە کاتێك مالّدرا بۆ پەکخستنی حەد لەسەر ئەو کابرایە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بە گەڕانـەوەی مالّەکـە بـۆ خاوەنەکـەی، و فەرمانی کرد ئەو حەددە لەسەر تاوانبارەکە ئەنجام بدەن، ئەو پـارەی وەرنـەگرت بـۆ موسلّمانان، یان بۆ جەنگاوەران و هەژاران یان بۆ کەسـانی تـر، موسلّمانان کـۆدەنگن کە پەکخستنی حـەد بـە وەرگرتنـی پـارە یـان لەبـەر شـتی تـر دروسـت نییـە، لەسـەر ئەوەش کۆدەنگن کە ئەو پارەیەی لە داوێنپیس و مەیخۆر و ئاژاوەگێڕ و چەتە و ڕێگـر و هاوشێوەکانیان وەردەگیرێـت، شـتێکی پـیس و قێزەونـە و حەرامـە وەرگرتنـی، زۆر جار گەندەڵی لە ژیانی خەڵکدا دروست دەبێت بە هۆی پەکخستنی حەدد و سـزانەدانی تاوانباران بە هـۆی پـارە وەرگرتنـەوە یـان بـە هـۆی ناوبـانگ و پلەوپایـەوە، ئەمـەش گەورەترین هۆیەکاری تێکچوونی ژیانی گەلانی وەك عەرەب و تورك و کوردە، هەروەها تێکچوونی ژیانی جوتیاران و هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیـە لـە دەوڵەمەنـدان و هـەژاران و پیاومـاقوڵان و ئەفسـەرانی سـوپا و سـەربازان، هـەرکاتێك کاربەدەسـتێك بەرتیلی وەرگرت ڕێزی نامێنێت ولە دڵی خەڵکیشدا جێگـەی نابێتـەوە، ئیدی نەفسـی نزم دەبێت و ناتوانێت هیچ حەدد و سـزایەك ئـەنجام بـدات، و دەچـێتە سـەر شـێوەی جولەکە نەفرەت لێکراوەکان.

وشەی (برطیل) لە زمانی عەرەبیدا لە بنچینەدا بە بـەردی لاکێشـە دەگوترێـت، ئـەو کەسەی بـەرتیل وەردەگرێـت ناتوانێـت ددان بەڕاسـتیدا بنێـت وەك کەسـێك بـەردێکی لاکێشەی لە دەمدا بێت و ببێتە ڕێگری ئەوەی ددان بە ڕاستیدا بنێت، ولـە ئەسـەرێکدا هاتووە: (ئەگەر بەرتیل لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، دەستپاکی لە پەنجەرەوە دەچێتە دەرەوە).

هەروەها ئەگەر پارە وەرگیرا بۆ دەوڵەت لەسەر ئەو کارانە، دیسان وەک ئەو مالّە پیس و قێزەونەیە کە پێی دەگوترێت تەمێکردن، هەندێك لە گوندنشینە خراپەکارەکان پارەیان لە هەندێك خەڵك وەردەگرت، دواتر دەهاتن بۆ لای کاربەدەستان ئەسپ و ولّاخیان لەگەڵ خۆیان بۆ دەهێنان یان بۆ فەرمانبەرەکانی، بەوەش ئارەزوویان بۆ گەندەڵی زیاتر دەکەن، ئیدی ڕێزی دەوڵەت و کاربەدەستان نامێنێت و خەڵکیش خراپ دەبن.

هەروەها مەیخۆر ئەگەر پارەی لێ وەرگیرا، ئیدی هەرچی ئەوانەی ماددە هۆشبەرەکان دەخۆنەوە ئارەزوو دەکەن کاتێك خواردیانەوە کاربەدەست بڕێك پارەیان لێوەر بگرێت، ئەوەش دەبێتە هاندەری خراپە و تەشەنەکردنی، هەروەها کەسانی ناودار ئەگەر دالّدەی کەسێك بدەن و ببنە ڕێگری ئەنجامدانی حەددێك، بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵە جوتیارێك تاوانێك ئەنجام بدەن، دواتر پەنا ببەنە لای کاربەدەستێك و دالّدەیان بدات وببێتە ڕێگر لە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ، بەو کارەیان لەو کەسانە دەبن کە خوا و پێغەمبەر ﷺ نەفرەتیان لێکردووە.

مسلم لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((لعن الله من أحدث حدثاً أو آوى محدثاً))[٨٢].

واتە: نەفرەتی خوا لە کەسێك کە شتێکی خراپ دادەهێنێت، یان دالّدەی خراپەکارێك دەدات.

هەرکەسێك پەنای یەکێك لەو خراپەکارانە بدات ئەوە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ نەفرەتیان لێ کردووە، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرمووە: ((إن من حالت شفاعته دون حد من حدود الله، فقد ضاد الله في أمره))[٨٣].

---

٨٢. رواه البخاري(٣١٨٠)، ومسلم(١٣٧٠).

٨٣. رواه أبوداود(٣٥٩٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦١٩٦).

واتە: ئەوەی تکاکردنی ببێتە مایەی جێبەجێ نەکردنی حەددێك لە حەددەکانی خوا، ئەوا بەرەنگاری خوا دەکات لە فەرمانەکانی.

ئەی ئەگەر کەسێك حەددەکان پەك بخات بە توانایی و هێز، ولە تاوانباران خۆش بێت بە پارەیەکی پیس و ناپەوا، ئەوا بێگومان خراپییەکەی زیاترە.

دواتر خراپترین کار ئەوەیە کە پەنای تاوانباران بدرێت لەبەر پلەوپایە یان پارە، جا ئەو پارەیە بۆ دەوڵەت وەربگیرێت یان بۆ بەرپرسێك، بە ئاشکرا یان بە پەنهان، هەموو ئەوانە حەرامن بە کۆدەنگی موسڵمانان، نموونەی ئەوانە وەك پارێزگاری کردنە لە مەیخانە و ماددە هۆشبەرەکان، چونکە ئەوەی ئەوکارە ئەنجام بدات، یان یارمەتی کەسێك بدات لەسەر ئەو کارە و پارەیەکی لێوەربگرێت، هەموو ئەوانە هاوشێوەی یەکن.

ئەو پارەی لەسەر ئەو جۆرە کارانە وەردەگیرێت وەك پارەی داوێن پیسی و پارەی فاڵچی و پارەی فرۆشتنی سەگ و پارەی ئەو کەسەی نێوانگیری پیاو و ئافرەتی داوێنپیس دەکات کە پێی دەوترێت گەواد (القواد)، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((ثمن الكلب خبيث، ومهر البغي خبيث، وحلوان الكاهن خبيث))[٨٤].

واتە: پارەی سەگ پیسە، و پارەی داوێنپیسی پیسە، و پارەی فاڵچی پیسە.

پارەی داوێن پیسی کە پێی دەوترێت دابەزینی سۆزانی (حدور القحاب)، وئەو پارەی کە ژنانییەکان (مخنث) دەیدەنە منداڵانی کۆیلە یان ئازاد بەرامبەر شەرواڵ پیسی لەگەڵیان هاوشێوەی پارەی ژنە داوێن پیسەکانە، پارەی فاڵچییەکان نموونەی پارەی ئەستێرەناسەکان و هاوکارەکانیانە، کە لەسەر ئەو هەواڵە مژدەدەرانە بە خەڵکی ڕادەگەیەنن بە بۆچوونی خۆیان.

ئەگەر کاربەدەستان وازبهێنن لە نکوڵی کردن لە خراپە و سەپاندنی سزاکان لەبەر پارەیەك کە وەری دەگرن، ئەوە وەك هاوشێوەی پێشەوای چەتەکانن کە لەگەڵ

---

٨٤. رواه البخاري(٢٢٣٧)، ومسلم(١٥٦٧).

تاکەکانی دەستە و تاقمەکەیان مالّی دزی بەش دەکەن، دیسان هاوشێوەی ئەو گەوادەیە (قوڕەمساخ ـ تەرەس) کە پارەیەك وەردەگرێت و دووکەس لەسەر داوێن پیسی کۆ دەکاتەوە، و حالّیشی هاوشێوەی حالّی پیرەژنە خراپەکەی پێغەمبەر لوطـ علیه السلام، کە ڕێ نیشاندەری خراپەکاران بوو لەسەر میوانەکانی پێغەمبەر لوط علیه السلام، خوا دەربارەی دەفەرموێت: ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٨٣﴾﴾(الأعْرَاف).

واتە: ئێمە لوط و کەسوکاریمان ڕزگارکرد ژنەکەی نەبێت کە لە تیاچووان بوو.

دەفەرموێت: ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ ۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمْ ۚ ﴿٨١﴾﴾(هُود).

واتە: لەگەڵ کەس و خزمەکانتدا شەوێکی درەنگ دەربچن، و هیچ کەس لە ئێوە لانەکاتەوە، ژنەکەت نەبێت ئەوەی تووشی ئەوان دەبێت تووشی ئەمیش دەبێت.

خوای گەورە سزای پیرەژنە گەوادەکەیدا بەو سزایەی کە سزای خەڵکە نێربازەکانیدا، ئەمانە هەموو لەبەر ئەوەی کە پارە وەرگیراوە لەسەر هاوکاری ستەم و خراپەکاری، کاربەدەست دانراوە بۆ ئەوەی فەرمان بە چاکە بکات و یاساغی خراپە بکات، تەنها ئەوە مەبەستی فەرمانڕەوایەتییە، ئەگەر کاربەدەست بە هۆی پارەوە ڕێگا بە کارێکی خراپ بدات ئەوە پێچەوانەی بوون و ماهییەتی کاری کردووە، نموونەی ئەو وەك کەسێکە دانراوە کە یارمەتیدەرت بێت لە دژی دوژمنان، ئەو بە پێچەوانەوە یارمەتی دوژمنان بدات لە دژی تۆ، وەك ئەو کەسەیە کە پارەیەکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ موسڵمانانداپێی بجەنگێت،کەچی لە دژی موسڵمانانداپێی دەجەنگێت.

بەوەش ڕوون دەبێتەوە کە چاك بوونی بەندەکان بەستراوە بە فەرمان بە چاکە کردن و ڕێگریکردن لە خراپە، چونکە باش بوونی ژیان و بەندەکانیش لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دایە ﷺ، ئەوەش تەنها بە فەرمان بە چاکەکردن وياساغیکردن

لە خراپە بە دەست دێت، بەوەش ئەم ئوممەتە باشترین ئوممەتی دونیایە، خوا دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴿١١٠﴾﴾(آلِ عِمْرَان).

واتە: ئەی ئوممەتی ئیسلام ئێوە باشترین ئوممەتن کە بۆ خەڵك هێنراونەتە بوون، فەرمان بە هەموو چاکەیەك دەکەن وياساغی وقەدەغەی هەموو خراپەیەك دەکەن.

و دەفەرموێت:﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ ﴿١٠٤﴾﴾(آلِ عِمْرَان).

واتە: با کۆمەڵێك لە ئێوە هەبن بانگەوازی خەڵك بکەن بۆ خێر و فەرمان بە چاکە بکەن و یاساغی و قەدەغەی خراپە بکەن.

و دەفەرموێت: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴿٧١﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: باوەڕدارانی پیاو و ژن هەندێکیان پاڵپشتی هەندێکی تریان دەکەن و یەکتر سەردەخەن، و فەرمان بە چاکە دەکەن و یاساغی لە خراپە دەکەن.

خوای پەروەردگار لە بارەی نەوەکانی ئیسرائیلەوە دەفەرموێت: ﴿كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: خراپەیان ئەنجام دەدا و قەدەغە و یاساغییان لە یەك نەدەکرد، بە ڕاستی ئەوەی ئەنجامیان دەدا خراپ و ناپەسەند بوو.

و دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍۭ بَئِيسٍۭ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾﴾(الأعْرَاف).

واتە: کاتێك ئەوەی بیریان خرایەوە پشت گوێیان خست، ئەو کەسانەمان ڕزگارکرد کە یاساغییان لە خراپەکاری دەکرد، و سزای زۆر تونڊی ئەو کەسانەماندا کە ستەمیان کرد، لەبەر ئەوەی لە ڕێگا دەرچوون.

خوای گەورە هەواڵیدا کاتێك کە سزای خوا دابەزێ، ئەو کەسانە پزگاریان بوو کە یاساغییان لە خراپەکرد، و ستەم کارانیش بە سزای زۆر توند لەناو چوون.

لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە ئەبوبەکری صدیق ﷺ لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوتاری دەخوێند فەرمووی: ((﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ ١٠٥﴾(المَائِدَة)، وَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا المنكر فلم يغيروه أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمْ اللَّهُ بِعِقَابٍ مِنْ عنده))[٨٥].

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە گرنگی بە خودی خۆتان بدەن، زیانتان پێ ناگەیەنێت هەرکەسێك گومڕا بێت ئەگەر ئێوە لەسەر هیدایەت و ڕێگەی ڕاستبن، من لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە دەیفەرموو: ئەگەر خەڵك کاری خراپە ببینن و نەیگۆڕن، نزیکە خوا هەموویان سزا بدات.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: ((إن المعصية إذا أخفيت لم تضر إلا صاحبها، ولكن إذا ظهرت فلم تنكر أضرت العامة))[٨٦].

واتە: کاری خراپە و تاوان ئەگەر بە پەنهان ئەنجامدرا تەنها زیانی بۆ خاوەنەکەی هەیە، بەڵام ئەگەر بە ئاشکرا ئەنجامدرا و نکولی لێ نەکرا زیان بە هەمووان دەگەیەنێت.

ئەم جۆرە حوکمەی کە باسمانکرد، لە سنورەکانی خوا و مافەکانی مەبەستی سەرەکی فەرمان بەچاکەکردن و یاساغیکردنی خراپەیە، فەرمان بەچاکە کردن وەك: فەرمان کردن بە نوێژ، زەکات، حەج، خێر و چاکە، دەستپاکی، چاکە لەگەڵ دایك و باوك، بەجێهێنانی ئەرکی خزمایەتی، وڕەوشت جوانی لەگەڵ خێزان و دراوسێ...هتد.

---

٨٥. رواه أبو داود(٤٣٣٨)، والترمذي(٢١٦٨)، وابن ماجه(٤٠٠٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١٩٧٣).

٨٦. رواه الطبراني، وقال الألباني في (ضعيف الجامع)(٤٨٠): موضوع.

پێویستە لەسەر کاربەدەستان فەرمان بە نوێژە فەرزەکان بکەن لەسەر ئەو کەسانەی کە پێویستە، و ئەو کەسەی نوێژ نەکات بە کۆڕای موسڵمانان سەرزەنشت دەکرێت، ئەگەر ئەوانەی وازیان لە نوێژ هێناوە کۆمەڵێك بوون دەبێت لەگەڵیاندا جەنگ بەرپا بکرێت، موسڵمانان لەسەر ئەوە کۆڕان، هەروەها لەسەر زەکات و ڕۆژوو و هەندێك پێویستی تریش، کەسانێکیش کە حەرامێکی ئاشکرا حەڵاڵ بکەن ناکۆکی لەسەر نەبێت، وەك ماڕەکردنی مەحرەمێك(المحارم)، یان ئاژاوەنانەوە لەسەر زەوی و هاوشێوەی ئەو کارانە، هەر کۆمەڵێك نکولی لە یەکێك لە فەرمانە ئاشکرا و باوەکانی شەریعەتی ئیسلامی بکات پێویستە لەگەڵیاندا جەنگ بەرپا بکرێت، هەتاکو هەموو ملکەچی ئایینی خوابن، بە کۆڕای زانایان.

ئەگەر ئەوەی واز لە نوێژ دەهێنێت تاکەکەسێك بێت، ئەوا سزا دەدرێت بە لێدان و بەندکردن هەتا نوێژ دەکات، زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە پێویستە بکوژرێت ئەگەر وازی لە نوێژ هێنا، دوای ئەوەی داوای تەوبەکردنی لێدەکرێت، ئەگەر تەوبەی کرد و نوێژی کرد باشە، ئەگینا دەکوژرێت، ئایا کاتێك دەکوژرێت موسڵمانە یان بێباوەڕە؟ دوو بۆچوون هەیە: زۆربەی پێشینان (سلف) لەسەر ئەوەن کە بە بێباوەڕی دەکوژرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو کەسە دان بە پێویستی نوێژدا بنێت، ئەگەر نکولی پێویستی نوێژی کرد ئەوە بێباوەڕە بە کۆڕای موسڵمانان، هەروەها هەر کەسێك نکولی هەریەکە لە پێویستییە ئاشکراکان یان حەرامکراوەکانی تر بکات پێویستە لەسەر ئەو کارە بکوژرێت، چونکە سزادان لە سەر وازهێنان لە فەرمانە پێویستەکان و ئەنجامدانی حەرام کراوەکان، مەبەستی تێکۆشانە لە پێناوی خوا، ئەوەش پێویستە لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان بە کۆڕا و قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر ئەو کارانە، ئەوە لە باشترین کارەکانە... ((قال رجل يارسول الله دلني على عمل يعدل الجهاد في سبيل الله، قال: لا تستطيعه، أو لا تطيقه، قال: أخبرني به؟ قال:

هل تستطيع إذا خرج المجاهد أن تصوم ولا تفطر، وتقوم ولا تفتر؟ قال: ومن يستطيع ذلك؟ قال: فذلك الذى يعدل الجهاد في سبيل الله))[٨٧].

واتە: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ رێنماییم بکە بۆ کارێك هاوتای تێکۆشان بێت لە پێناوی خوا، فەرمووی: ناتوانیت، یان لە توانای تۆدا نییە، گوتی: پێم بڵێ؟ فەرمووی: ئایا دەتوانیت کە تێکۆشەر لە پێناوی خوا دەرچوو بۆ تێکۆشان بە ڕۆژوو بیت و نەیشکێنیت، هەستی شەونوێژ بکەیت و پشوو نەدەیت، گوتی: کێ ئەوە دەتوانێت؟ فەرمووی: ئەوە هاوتای تێکۆشانە لە پێناوی خوا.

هەروەها دەفەرموێت: ((إن في الجنة لمأئة درجة، مابين الدرجة إلى الدرجة كما بين السماء والأرض، أعدها الله للمجاهدين في سبيله))[٨٨].

واتە: لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، نێوان پلەیەك بۆ پلەیەکی تر نێوانی ئاسمان و زەویە، خوا ئامادەی کردووە بۆ ئەو کەسانەی لە پێناوی خوا تێدەکۆشن.

ئەو دوو فەرموودەیە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتوون، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((رأس الامر الإسلام، وعموده الصلاة، وذروة سنامه الجهاد في سبيل الله))[٨٩].

واتە: دوو گەواهیدانەکە سەرەکیترین کاری ئیسلامە، ونوێژ کۆڵەکەیەتی، وتێکۆشان لە پێناوی خوا لوتکەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾﴾(الحُجُرَات).

---

٨٧. رواه البخاري(٢٧٨٥)، ومسلم(١٨٧٨).

٨٨. رواه البخاري(٢٧٩٠)، ومسلم(١٨٨٤).

٨٩. رواه الترمذي (٢٦١٦)، وابن ماجه (٣٩٧٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٥١٣٦).

واتە: ئەو باوەڕدارانەی کە باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە دواتر تووشی گومان نەبوون و تێکۆشاون بە مالّ و نەفسیان لە پێناوی خوا، بە ڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن.

هەروەها دەفەرموێت:﴿۞أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئایا ئێوە ئاودان بە حاجیان وئاوەدانکردنەوەی مالّی خوا، دەچوێنن بەکەسێك کە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هێناوە و تێدەکۆشێت لە پێناوی ڕێگای خوا، لای خوا چوونیەك و یەکسان نین، خوا ڕێنمایی کۆمەڵی ستەمکار ناکات، ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و تێدەکۆشن لە پێناوی ڕێگای خوا بە مالّ و گیانیان، پلەیان زۆر بالّایە لەلای خوا، ئەوانە بڕاوەن، پەروەردگاریان مژدەی لێخۆشبوون و ڕازیبوون و بەهەشتی پڕ ناز و نیعمەتی نەبڕاوەیان دەداتێ، بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، بە ڕاستی خوا پاداشتی گەورەی لایە.

بەشی سزای ڕێگر و چەتە

سزای ئەو ڕێگر و چەتانەی بە چەك ڕێگا لە خەڵك دەگرن، بۆ ئەوەی مالّ وسامانی خەڵك بە ئاشكرا ببەن، لە عەرەب و تورك و كورد، و جوتیاران و سەربازە خراپەكارەكان و یاخی بووانی شارەكان یان هەركەسێكی تر، خوا بەو جۆرە كەسانە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾(المَائِدَة).

واتە: بێگومان پاداشتی ئەو كەسانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەرەكەی دەكەن و هەوڵی نانەوەی بشێوی و تێكدان دەدەن لەسەر زەوی ئەوەیە: بكوژرێن، یان لە خاچ بدرێن، یان دەست و پێیان بە چەپ و ڕاست ببڕدرێت، یان لەو سەر زەمینە دوور بخرێنەوە، ئەو كەسانە لە دونیا سەرشۆڕ و ڕیسوان، لە دواڕۆژیشدا سزایەكی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

ئیمامی شافعی: لە موسنەدەكەیدا لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی كردووە "دەربارەی ڕێگر" دەڵێت: (ئەگەر خەڵكیان كوشت و مالّیشیان برد، كە گیران دەكوژرێن و لەخاچ دەدرێن، ئەگەر خەڵكیان كوشت و مالّیان نەبرد دەكوژرێن ولە خاچ نادرێن، ئەگەر مالّیان برد و خەڵیان نەكوشت ئەوە دەستێك وپێیەكیان چەپ وڕاست دەبڕدرێت، ئەگەر ترسیان لەسەر ڕێگا دروست كرد نەفی دەكرێن و دوور دەخرێنەوە).

ئەوە گوتەی زۆربەی زانایانی وەك شافعی و ئەحمەدە، ئەو بۆچوونەش نزیكە لە گوتەی ئەبوحەنیفەوە، هەیانە دەڵێن: بە دەستی كاربەدەستە، لە هەركۆێ بەرژەوەندی هەبوو دەیكوژێت، ئەگەر كەسیشی نەكوشتبێت، بۆ نموونە: ئەگەر سەركردەی چەتەكان بوو و گوێڕایەڵیان دەكرد؛ دەست و پێی كەسانێك دەبڕێت كە

بەرژەوەندی گشتی تێدابێت، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێکی بەهێز و لێهاتوو و لێزان بوو لە بردنی مالّی خەڵک، هەندێك زانای تر دەڵێن: ئەگەر رێگرێك مالّی خەڵکی ببات دەکوژرێت و دەست و پێی دەبڕدرێت ولە خاچیش دەدرێت، بۆچوونی یەکەمیان گوتەی زۆربەی زانایانە، هەریەك لەو چەتە و رێگرانە کەسێکیان کوشتبێت، ئەوا کاربەدەستان دەیکوژن لە بری ئەو کەسەی کوشتوویەتی، وبە هیچ شێوەیەك نابێت لێی خۆشببن بە کۆڕای زانایان، ئیبن مونزر ئەو باسەی گێڕاوەتەوە، فەرمانی ئەو کەسە چەتە بکوژە نادرێتە دەست کەسوکاری کوژراوەکە، بە پێچەوانەی ئەوەی کەسێك کەسێکی تر بکوژێت بە هۆی دوژمنایەتی نێوانیان یان لەبەر کێشەیەك یان لەبەر هەر هۆکارێکی تایبەت، ئەو بکوژە خوێنەکەی بە دەست کەسوکاری کوژراوەکەیە، ویستیان دەیکوژن، ئەگەر ویستیان لێی خۆش دەبن، یان ویستیان پارەی خوێنێکی لێوەردەگرن، لەبەر ئەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت کوشتوویەتی، بەڵام چەتە و رێگرەکان دەکوژرێن لەبەر بە تاڵان بردنی سامانی خەڵك، لەبەر ئەوە زیان بە ئاسایشی گشتی دەگەیەنن و هاوشێوەی دزن، لەبەر ئەوەی سنوری خوایان بەزاندووە دەکوژرێن و هیچ جۆرە لێخۆشبوون و لێبوردنێك نایانگرێتەوە، ئەگەر بکوژەکەیش هاوتای کوژاوەکە نەبێت، بۆ نموونە: ئەگەر بکوژەکە ئازاد بێت و کوژراوەکە کۆیلە بێت، یان بکوژەکە موسڵمان بێت وکوژراوەکە لەو کەسانە بێت کە سەر و مالّیان دەپارێزرێت (ذمي).

زانایان ناکۆکن ئایا کەسێك ئاژاوە بنێتەوە دەکوژرێت؟ ئەو گوتەیە پاستترە کە دەڵێت: دەکوژرێت چونکە کوشتنەکەی دەبێتە حەددێك لە پێش تێکدانی ئاسایشی گشتی، وەك چۆن ئەگەر مالّی خەڵکی برد دەستی دەبڕدرێت، ئەگەر مافی خەڵکی پێشێل کرد بەند دەکرێت.

ئەگەر چەتە و دزەکان کۆمەڵێك بوون، تەنها کەسێکیان خەڵکی کوشتبێت ئەوانی تر یارمەتیدەر و پاسەوانی بوون، گوتراوە: تەنها بکوژەکە دەکوژرێت، بەڵام زۆربەی

زانایان لەسەر ئەوەن هەموویان دەکوژرێن ئەگەر سەد کەسیشبن، یارمەتیدەر و ئەنجامدەری تاوانەکە وەک یەک وان، ئەوەش لە خەلیفە ڕاشدیەکانەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەک عومەری کوڕی خەتاب ﷺ، ئەو کەسەی ڕێنمونی و چاوساغی بۆ چەتە و دز بکردایە دەیکوشت، چونکە ئەو کەسەی تاوان ئەنجام دەدات بە هۆی چاوساغ و پاسەوان و یارمەتی دەرانییەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات، کۆمەڵێك ئەگەر پێکەوە هاریکاری یەك بکەن هەتا هێز پەیدا دەکەن و ڕێگا لە خەڵك دەگرن، ئەو کاتە لە پاداشت و سزادا هاوەڵن وەکو تێکۆشەرانی ڕێگای خوا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((المسلمون تتكافأ دماؤهم، ويسعى بذمتهم أدناهم، وهم يد على من سواهم، يرد متسريهم على قعدهم))[٩٠].

واتە: خوێنی هەموو موسڵمانان وەك یەکە، ئەگەر موسڵمانێك دالّدەی کەسێك بدات پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت ئەگەر کۆیلەش بێت کە ئەو پەنایە دەدات، دەبێت هەموویان یەك دەستبن لە دژی دوژمنان، ئەگەر تیپێك لە سوپا جیابوونەوە و دەستکەوتێکیان هەبێت پێویستە بەسەر هەموو سوپادا دابەش بکرێت.

ئەگەر تیپێك لە سوپا هەڵە بوون و سامانێکیان دەستکەوت، هەموو سوپاکە لەو دەستکەوتە بەشدارن، چونکە بە پشتیوانی و هێزی سوپاکە ئەو کارەیان کردووە، بەڵام هەندێك جار لەبەر دەستخۆشی لێکردن و ستایش کردنیان زیاتریان دەدرێتێ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرتیپێك (سرية) دەستکەوتێکی هەبووایە لە سەرەتای جەنگ دوای جیاکردنەوەی پێنج یەکی بۆ خەزێنەی دەوڵەت و چواریەکی دەستکەوتەکانی دەدایە جەنگاوەرەکان، بەڵام ئەگەر لە کاتی گەڕاوەنەوەدا تیپێك لە سوپا جیابوویەوە ئەو کاتە سێ یەکی دەدانێ، هەروەها ئەگەر سوپاکە بەبێ ئەوان شتێك بە دەستکەوت بگرێت ئەو تیپەش تیایدا بەشدارن، چونکە ئەوان لەبەر بەرژەوەندی سوپا جیابوونەتەوە، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بەشی تەلحە و

٩٠. رواه أبوداود (٢٧٥١)، وابن ماجه(٢٦٨٥)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧١٢).

زوبێری دا ﷺ له دەستکەوتی ڕۆژی بەدر، چونکە ئەوانی لەبەر بەرژەوەندی سوپا بۆکارێک ناردبوو، ئەو کەسانەش کە چەتەیی دەکەن بەشدارن لەوەی دەستیان دەکەوێت و لەو سزایەش کە بەسەریاندا دەسەپێت هاوبەشن.

هەروەها ئەو کەسانەی کە لەسەر شتی بێ مانا و بەتاڵ دەجەنگن هیچ پاساوێکیان نییە، وەک ئەو کەسانەی کە لەسەر دەمارگیری خێڵەکی یان جەنگان لەسەر هەندێک شت کە لە پێش ئیسلام دەکرا هەموو ئەوانە ستەمکارن، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إذا التقى المسلمان بسيفيهما فالقاتل والمقتول في النار، قيل: يا رسول الله! هذا القاتل، فما بال المقتول؟ قال: إنه أراد قتل صاحبه))[٩١].

واتە: ئەگەر دوو موسڵمان بە شمشێر بجەنگن، بکوژ و کوژراوەکەش لە ئاگردان، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە حاڵی بکوژەکەیە، ئەی کوژراوەکە بۆ؟!، فەرمووی: چونکە ئەویش دەیویست هاوەڵەکەی بکوژێت.

ئەو فەرموودەیە لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە، هەر کۆمەڵێک هەرشتێکی کۆمەڵەکەی تر لەناو ببات لە نەفس و مااڵ پێویستە قەرەبووی بکاتەوە، ئەگەرچی خودی بکوژ و تاوانبارەکەش نەناسرێت، چونکە کۆمەڵێکی یاخی بوو و تاوانبار هەموویان یەک چارەنوسیان هەیە و وەک یەک کەس وان، لەبەر ئەوەشە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَى﴾(البَقَرَة).

واتە: تۆڵەکردنەوەی دادگەرانە لە بکوژان پێویست کراوە لەسەرتان.

بەاڵم ئەگەر کۆمەاڵی چەتە و دز تەنها مااڵی خەڵکیان برد و کەسیان نەکوشت "وەک هەندێک لە گوندنشینەکان زۆرجار بەو شێوەیە دەکەن" ئەو کاتە هەریەکێک لەوان دەستی ڕاستی و پێی چەپی دەبڕدرێت، بە بۆچوونی زۆربەی زانایان: وەک ئەبوحەنیفە و ئەحمەد و ئەوانی تریش، ئەوەش مانای ئەو فەرموودەی خوایە کە

٩١. رواه البخاري (٣١)، ومسلم (٢٨٨٨).

دەفەرموێت: ﴿أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ ﴿٣٣﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: یان دەست وپێیان بە چەپ وڕاست ببڕدرێت.

ئەو دەستە دەبڕدرێت کە ستەمی پێکردووە ولە خەڵکی داوە، وئەو پێیەش دەبڕدرێت کە لەسەری ڕۆیشتووە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، و شوێنی دەست و پێ بڕاوەکەی بە ڕۆنی گەرم داخ دەکرێت، بۆ ئەوەی خوێنی بوەستێتەوە و نەبێتە هۆی لەناوچوونی، ودەستی دزیش هەروەهای پێدەکرێت.

ئەم کردەوەیە لەوانەیە لە مردن بە ئێش و ئازارتر بێت، چونکە ئەگەر گوندنشینە یاخی بووەکان و سەربازە لادەر ولە ڕێگا دەرچووەکان، یان کەسانی تر ئەگەر ویستی تاوانکردنیان هەبێت، ئەو کەسە دەست و پێ بڕاوەیان بینی لە نێوانیاندا، بیر دەکەنەوە و دەترسن، بە پێچەوانەی کوشتن کە دوای ماوەیەک لە بیر دەچێتەوە، و هەندێک کەسی نەفس بەرز کوشتنی پێباشترە لە بڕینی دەست و پێی بە چەپ و ڕاست، ئەمەش باشترین وانەیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە و هاوشێوەکانیان، بەڵام ئەگەر چەکیان هەڵگرت و کەسیان نەکوشت، ومااڵی کەسیشیان نەبرد، دواتر چەکیان فڕێ دا و ڕایانکرد، ئەو کاتە نەفی دەکرێن و دوور دەخرێنەوە، گوتراوە: نەفی کردنیان مانای ئەوەیە ڕێگا نەدرێت لەو شار و ناوچەیە نیشتەجێبن، یان گوتراوە: بەند دەکرێن، یان: کاربەدەستان هەرچی بۆ بەرژەوەندی گشتی بە باش بزانن بەو شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن.

کوشتنی ڕێگا پێدراویش بۆ ئەو کەسانەی کە شایستەی کوشتنن ئەوەیە بە شمشێر لە گەردنیان بدرێت، چونکە ئەوە باشترین جۆری کوشتنە بۆ کوژراوەکە، و خوا ڕێگای بەکوشتنی مرۆڤ داوە ئەگەر بەو شێوەیە دەستگیر کرا، هەروەها کوشتنی ئەو گیانلەبەرانەی کە کوشتنیان حەڵاڵە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله كتب

الإحسان على كل شيء، فإذا قتلتم فأحسنوا القتلة، وإذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة، وليحد أحد كم شفرته وليرح ذبيحته))[٩٢].

واتە: خوا چاکەی پێویست کردووە لەسەرتان بۆ هەموو شتێك، ئەگەر کەسێکتان لەبەر تاوانێك کوشت بە باشترین شێوە بیکوژن بۆ ئەوەی کوژراوەکە کەمترین ئازار بچێژێت، و ئەگەر گیانلەبەرێکتان سەربڕی بە باشترین شێوە سەری ببڕن، ئەو کەسەی گیانداران سەر دەبڕێت چەقۆکەی تیژ بکات و سەربڕاوەکە بە خێرایی ئاسوودە بکات.

هەروەها دەفەرموێت: ((إِنَّ أَعَفَّ الناسِ قِتْلَةً أهلِ الإيمانِ))[٩٣].

واتە: بە بەزەیی ترین خەڵك لە کوشتندا باوەڕدارانن.

جا ئەو لە خاچ دانەش کە باسمان کرد بەوشێوەیە هەڵبواسرێن لە شوێنێکی بەرز بۆ ئەوەی خەڵکی بیان بینێت، و تاوانەکەیان بۆ خەڵك ئاشکرا بێت، لای زۆربەی زانایان دوای کوشتنیان ئەو کارەیان پێدەکرێت، و هەندێکیان دەڵێن: دابنرێن هەتا دەمرن تا ببێتە پەند بۆ هەرکەسێك کە بیر لە ئەنجامدانی خراپەکاری دەکاتەوە، بەڵام سزادان بە لووت و گوێ بڕین دروست نییە مەگەر بە شێوەی تۆڵەسەندن بێت، عیمرانی کوڕی حصین رضي الله عنهما دەڵێت: ((ما خطبنا رسول الله ﷺ خطبة إلا أمرنا بالصدقة، ونهانا عن المثلة))[٩٤].

واتە: هەرکاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ گوتاری بۆ بخوێندینایە فەرمانی بەخێر و چاکە پێدەکردین، و یاساغی شێواندن و لووت و گوێ بڕینی لێدەکردین.

هەتا بێباوەڕیش دوای کوشتنی لە جەنگدا لووت و گوێی نابڕدرێت و ناشێوێندرێت، مەگەر ئەوان وایان بە کوژراوی موسڵمانان کردبێت لە تۆڵەدا هەرچیان کردبێت وایان

---

٩٢. رواه مسلم(١٩٥٥).

٩٣. رواه أبو داود(٢٦٦٦)، وابن ماجه(٢٦٨١)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٩٦٣).

٩٤. رواه أبوداود(٢٦٢٧)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود)(٢٣٢٢).

لێدەکرێت، و تۆڵە نەکردنەوە لەم بارەداشدا باشترە، وەك چۆن خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ ﴿١٢٧﴾﴾(النَّحل).

واتە: ئەگەر سزاتاندا بەو شێوەیە سزا بدەن کە سزادراون، و ئەگەر ئازارم بگرن ئەوە باشترە بۆ ئازارگران، ئەی پێغەمبەر ﷺ ئازارم بگرە لەبەر خوا.

گوتراوە: ئەو ئایەتانە کاتێك دابەزی کە بێبڕواکانی قورەیش حەمزە و هەندێکی تر لە شەهیدەکانی جەنگی ئوحودیان شێواندبوو وسکیان هەڵدڕیبوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((لئن أظفرني الله بهم لأمثلن بضعفي ما مثلوا بنا))[٩٥].

واتە: ئەگەر خوا سەری خستم بەسەریاندا دوو هێندە کوژراوەکانیان دەشوێنم وەك چۆن کوژراوەکانی ئێمەیان شێواند.

خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، ئەگەرچی پێشتر لە مەککە دابەزیبوو، وەکو ئەم ئایەتانە: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾﴾(الإسْرَاء).

واتە: پرسیاری ڕوحیان لێکردیت بڵێ: ڕوح لە ژێر فەرمانی خوادایە.

وئەو ئایەتەی:﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَىِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيْلِ ۚ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ ﴿١١٤﴾﴾(هُود).

واتە: لە ڕۆژدا نوێژ بکەن "کە نوێژی بەیانی ونیوەڕۆ و عەسرە" هەروەها لەشەودا "نوێژی شێوان و خەوتنانە" چونکە ئەم چاکەکاریانە دەبێتە مایەی لێخۆش بوونی کارەخراپەکانتان.

---

٩٥. رواه الحاكم في المستدرك (٢١٨/٣)، والطبراني في المعجم الكبير(١٤٣/٣)، وضعفه الألباني في (الضعيفة)(٥٥٠).

ئایەتی تریش کە لە مەککە دابەزیوە، دواتر لە مەدینە هۆیەك پێویستی کردووە جارێکی تر دابەزیوەتەوە، دوای دابەزینی ئایەتەکەی سەرەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((بل نصبر))[٩٦].

واتە: بەڵکو ئارام دەگرین.

لە صەحیحی موسلمدا بوریدەی کوڕی الحصیب رضي الله عنه دەڵێت: ((كان النبي ﷺ إذا بعث أميرا على سرية أو جيش أو في حاجه نفسه أوصاه في خاصة نفسه بتقوى الله تعالى وبمن معه من المسلمين خيراً، ثم يقول: اغزوا بسم الله، في سبيل الله، قاتلوا من كفر بالله، ولا تغلوا ولا تغدروا، ولا تمثلوا، ولا تقتلوا وليدا))[٩٧].

واتە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك کەسێکی بکردایەتە بەرپرس بەسەر تیپێك یان سوپایەکەوە ئامۆژگاری دەکرد بەوەی لە خوا بترسێت و بەچاکە لەگەڵ ئەو موسڵمانەی لەگەڵیدان ڕەفتار بکات، دواتر دەیفەرموو: بجەنگن بەناوی خواوە، ولە ڕێگای خوا، بجەنگن لەگەڵ کەسێك کە بێباوەڕە بە خوا، ڕۆمەچن و ناپاکی مەکەن (غدر)، کوژراوەکان مەشێوێنن و منداڵ مەکوژن.

ئەگەر هاتنە سەرمالّ و چەکیان هەڵگێشا "لە بیابان نەبوو" بۆ بردنی مالّ، گوتراوە: ئەوانە بە چەتە ناژمێردرێن، بەڵکو وەکو دز و تاڵانکەر لە قەڵەم دەدرێن، چونکە ئەگەر خاوەن مالّ هاوار بکات خەڵکی بە هانایەوە دەچن، زۆربەی زانایان دەڵێن: حوکمیان لە نێو مالّ و لە بیابانیشدا وەك یەکە، ئەو گوتەیە باوە لای مالك و شافعی و زۆربەی هاوەڵانی ئەحمەد و هەندێك لە هاوەڵانی ئەبوحەنیفەش، بەڵکو لە نێو مالّدا زیاتر شایستەی سزادانن وەك لە بیابان، چونکە مالّ شوێنی ئاسایش و پشوودانی خەڵکە، مالّ جێگەی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکترە، بەڵکو هەڵکوتانە سەر

٩٦.رواه أحمد(٢٠٧٢٣)، وحسنه الألباني في (الصحيحة)(٢٣٧٧).

٩٧. رواه مسلم(١٧٣١).

مالّ و پێشێلکردنی حورمەتی تاوانێکی گەورەیە و پێویستە بە توندی سزابدرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرچی لە مالّدا هەیە بەتالّانی دەبەن، و ڕێبوار زۆر جار برێکی کەم لە سەرمایەکەی پێیە، ئەوەش ناوکرۆکی ڕاستییە، بەتایبەت ئەو کۆمەڵانەی کە لە میسر و شام (منسر)یان پێدەڵێن، ولە بەغداد (العیارین)یان پێ دەڵێن.

ئەگەر چەتە و دزەکان ڕێگا بگرن بە بەرد تێگرتن لە دوورەوە، بە یارمەتی ئامێرێك بەرد بگرنە خەڵك، هەمان ئەو حوکمانە دەیان گرێتەوە، هەندێك لە شەرعناسەکان دەڵێن: بەڕێگرتن نایەتە ئەژمار ئەگەر بە چەك و ئامێری تیژ نەبێت، هەندێکیان کۆڕای زانایان (الاجماع) دەگێڕنەوە لەسەر ئەوەی دەبێت ڕێگرتن بەچەك و تفاقی جەنگی بێت، بەڵام ئەگەر زانایان ناکۆکبن یان نا ئەوەی کە پەسەندە و زۆرینەی موسڵمانان لەسەرین ئەوەیە: ئەوەی شەڕ بکات بۆ بردنی مالّی خەڵك بەهەر شێوەیەك ئەوە چەتە و دزە، وەك چۆن هەر بێباوەڕێك لەگەڵ موسڵماناندا بجەنگێت بەهەر شێوەیەکی جەنگان، ئەوە جەنگییە و دوژمنە، هەر موسڵمانێك لەگەڵ بێبڕواکاندا بجەنگێت بە شمشێر یان بەڕم یان بە تیروکەوان یان بە بەرد یان بە دار یان هەرشتێکی تر ئەوە تێکۆشەری ڕێگای خوایە، بەڵام ئەگەر خەڵك بە پەنهان بکوژێت بۆ بردنی مالّ و سامانی، بۆ نموونە کەسێك لەسەرە ڕێیەکدا (دیوەخان، میوانخانە)ی هەبێت بە ڕێبوارانی بدات بەکرێ، ئەگەر بە تەنها بوو بیکوژێت و مالّەکەی ببات، یان بانگی کەسێك بکات بۆ مالّەوە بۆ ئەوەی ئیشێکی بەك ڕێ بۆ ئەنجام بدەن وەك بەرگدوور یان پزیشك، یان هەرشتێکی هاوشێوەی ئەوانە بیکوژێت و مالّەکەی ببات، ئەمە پێی دەوترێت کوشتنی ناپاکی (غەدر و خیانەت) خەڵکی ئاسایی پێی دەڵێن: (المعرجین)، ئەگەر ئەو کوشتنە تەنها بۆ بردنی مالّ بێت، ئەوا حوکمی چەتە و ڕێگریان هەیە یان تۆڵەیان (قصاص) لێ دەکرێتەوە؟ لەوەشدا زانایان دوو بۆچوونیان هەیە:

یەکەمیان: ئەوانە وەکو چەتە و ڕێگرن، چونکە ئەوە کوشتنە بە ناپاکی و فێڵ، وەکو کوشتنە بە زۆر لە بیاباندا، هەردوو جۆرە کوشتنەکە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، بەڵکو زیانی یەکەمیان زیاترە چونکە پێی نازانرێت.

دووەمیان: چەتە و ڕێگر ئەوانەن بە ئاشکرا دەجەنگن، بەڵام ئەو کەسانەی کەبە شاراوەی ئەو کارە دەکەن پێویستە بدرێنە دەست خاوەن خوێنەکە، ئەمەیان لە بنەماکانی شەریعەتەوە نزیکترە، ئەوانە زیانیان زیاترە چونکە هەستی پێناکرێت.

شەرعناسەکان دیسان ناکۆکن دەربارەی ئەو کەسانەی کە کاربەدەست (سوڵتان) بکوژێت، وەك بکوژانی عثمان و علی رضي الله عنهما، ئایا حوکمیان وەکو بشێویکاران و چەتە و ڕێگرانە، بە حەد دەکوژرێن، یان کاریان دەدرێتە دەستی خاوەن خوێنەکە؟ دوو بۆچوون هەیە لە مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر، چونکە کوشتنی سوڵتان دەبێتە هۆی تێکچوونی باری گشتی، وەك کوشتنی کەسێکی ئاسایی نییە.

بەشی ئەو چەتە وڕێگرانەی خۆ بە دەستەوە نادەن

دوای زاڵبوون بەسەریاندا، سوڵتان داوای کرد بۆ ئەوەی حەددیان بەسەردا بسەپێنێت بەبێ ستەم، بەرگریان کرد ئەو کاتە پێویستە لەسەر موسڵمانان بجەنگن لەگەڵیان بە بۆچوونی هەموو زانایان، هەتا هەموویان دەستگیر دەکرێن، هەرکاتێك ملکەچ نەبوون بەجەنگ نەبێت، پێویستە هاوکاری کاربەدەستان بکرێت بۆ لە نێو بردنیان، بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت لە نێو ببرێن و کۆمەڵگەیان لێ ڕزگار بکرێت، هەر کەسێك یارمەتیان بدات و داڵدەیان بدات و لەگەڵیاندا بێت ئەوانەش لەنێو دەبرێن، ئەوەش دەبێتە ئەنجامدانی سنووری خوا، جەنگان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە پێویست تره وەك لە کەسانێك کە لە هەندێك لە فەرمانەکانی شەریعەت وازدەهێنن، چونکە ئەوانە کۆبوونەتەوە بۆ کوشتنی خەڵك و بردنی ماڵ و سامانیان بەتاڵان و تێکدانی کشتوکاڵ و دەغڵودانیان و لەناوبردنی وەچەکانیان، مەبەستیان پیادەکردنی ئایین یان دەسەڵات نییە، ئەو چەتە وڕێگرانە وەك کەسانێك وان کە پەنا دەبەنە بەر قەڵایەك یان ئەشکەوتێك یان لوتکەی شاخێك یان دۆڵێك یان هەرشتێکی تر، ڕێگا دەگرن لە هەرکەسێك بەلایاندا تێپەڕێت، ئەگەر سەربازانی دەوڵەت داوایان لێ بکات بێنەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەت و هەریەکەیان تاوانبار بێت حەددی بەسەردا بسەپێنرێت، دەجەنگن وەك ئەو گوندنشینانەی کە ڕێگا لە حاجیان و ڕێگای کاروانەکان دەگرن، یان ئەو کێوییانەی کە لەسەر شاخەکان و ئەشکەوتەکان جێگیربوون، بۆ ڕێگا گرتن، یان ئەو کۆمەڵانەی هاوپەیمانن و یەکیان گرتووە لەسەر بنچینەی ڕێگاگرتن لە نێوان عێراق وشام بەوەش دەڵێن: (النهيضة) ئەو جۆرەکەسانە دەکوژرێن وەك باسمان کرد، بەڵام کوشتنیان هاوشێوەی کوشتنی بێبڕواکان نییە، ئەگەر موسڵمان بوون، ماڵەکانیان نابرێت مەگەر ماڵی خەڵکیان بە ناڕەوا بردبێت، ئەو کاتە پێویستە لەسەریان ئەوەندە قەرەبوو بکەنەوە کە بە تاڵان بردوویانە، ئەگەر خودی تاڵانکەرەکەش نەناسرێت، ئەگەر تاڵانکەرەکەش ناسرا هیچ جیاوازی نییە، چونکە ئەنجامدەر و یارمەتی

دەرەکانیش وەک یەکن وەک باسمان کرد، بەڵام ئەگەر ناسرایەوە پێویستە قەرەبووی هەموو ماڵەکە بگرێتە ئەستۆ ئەگەر هیچ لەو ماڵەش نەمابێت، ئەوەی لێیان دەسەنرێتەوە دەدرێتە کەسوکاری خاوەن ماڵەکان، بەڵام ئەگەر نەناسران بۆ بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان خەرج دەکرێت، وەک ناندانی ئەو کەسانەی جەنگاون بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدەست بهێننەوە، مەبەست لە جەنگان لەگەڵیان ئەوەیە ملکەچ بکرێن بۆ ئەوەی حەددیان بەسەردا بسەپێنرێت و رێگری بشێوی و خراپەکارییان لێبکرێت، ئەگەر یەکێك لەوان برینداربوو برینێکی قوڵ، بەو حاڵەوە وازی لێ دەهێنرێت هەتا دەمرێت، مەگەر کەسێك بێت شایانی کوشتن بێت دەکوژرێت، ئەگەر هەڵهاتن ولە خراپەیان رزگاریان بوو دوای ناکەون، مەگەر کەسێکیان حەددێکی دیاریکراو پێویست بێت لەسەری، هەریەکەیان بەدیل بگیرێت ئەو حەددەی تاوانەکەی لەسەری پێویستی کردووە بەسەریدا دەسەپێت، هەندێك لە زانایان زبرییان بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە نواندووە دەڵێن: ماڵەکەشیان بە تاڵان دەبرێت و پێنج یەکیشی بۆ خەزێنەی دەوڵەت لێ جیا دەکرێتەوە، بەڵام زۆربەیان رێگا بەو کارە نادەن.

بەڵام ئەگەر خۆیان دایە پاڵ میرنشینێك یان کۆمەڵێك کە لە شەریعەتی ئیسلام دەرچووبن، هاوکارییان کردن لە دژی موسڵمانان، ئەوە وەکو ئەوان جەنگ بەرپا دەکرێت لەگەڵیاندا، هەرکەسێك لەوان رێگا لە خەڵك نەگرێت بەڵام باج و سەرانە لە رێبواران وەربگرێت بە پێی سەری مرۆڤەکان و سەری ولاخ و باری شتومەك یان شتی تر، ئەوە لەو کەسانەیە کە بە زۆر پارە لە خەڵك وەردەگرن و سزای تایبەتی خۆی هەیە، شەرعناسەکان ناکۆکن لە دروستی کوشتنی ئەو جۆرەکەسانە و پێیان ناگوترێت رێگر، چونکە بە هۆی ئەوانەوە رێگا نابڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرەکەسانە تونددترین سزادەرێن لە رۆژی دواییدا، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی (الغامدية) فەرمووی: ((لقد تابت توبة لو تابها صاحب مكس، لغفر له))[٩٨].

٩٨. رواه مسلم(١٦٩٥).

واتە: بێگومان تەوبەیەکی کردووە ئەگەر ئەو کەسەی باج و سەرانە بە زۆر لە خەڵک وەردەگرێت تەوبەی وابکات، خوا لێی خۆش دەبێت.

دروستە بۆ ئەو کەسانەی کە ستەمیان لێکراوە لەگەڵ چەتە و ڕێگردا بجەنگن بەڕای هەموو موسڵمانان، بەڵام دەوڵەت لەو حاڵەتەدا یارمەتی ماددییان نادات، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((من قتل دون ماله فهو شهيد، ومن قتل دون دمه فهو شهيد، ومن قتل دون دينه فهو شهيد، ومن قتل دون حرمته فهو شهيد))[٩٩].

واتە: هەرکەسێك لەسەر مالّی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەسێك لەسەر خوێنی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەسێك لەسەر ئابینی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەسێك لەسەر ناموس و حورمەتی بکوژرێت شەهیدە.

ئەو کەسانە شەرعناسان پێیان دەڵێن (الصائل)، واتە: (ئەو کەسەی ستەم دەکات بەبێ ئەوەی گومان یان دەسەڵاتی هەبێت)، ئەوە جگە لە ستەمکار لە ژێر هیچ ناوێکی تردا جێگەی نابێتەوە، ئەگەر لەو دەست درێژییەی مەبەستی مالّ بوو دەتوانرێت بەگوێرەی توانا بڕێك پارەی بدرێتێ بۆ خۆپاراستن لە شەڕیان، بەڵام ئەگەر بەوە قایل نەبوون ئەوکات شەڕی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی لە چوونە سەر ماڵەکە شەروالّپیسی بوو، وەك ئەوەی داوای کاری خراپ لە ئافرەت یان منداڵ یان کۆیلەی ئەو ماڵە بکات، ئەوکاتە پێویستە بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە خۆی بکات، وبە هیچ شێوەیەك ڕێگای پێنادرێت ئەو کارە قێزەونانە ئەنجام بدات، بە پێچەوانەی مالّ و پارە چونکە دەتوانرێت بۆ خۆپاراستن لە شەڕیان بڕێك پارە بدرێت.

ئەگەر مەبەستی کوشتنی خاوەن مالّ بوو، دروستە بۆی بەرگری لە خۆی بکات، ئایا پێویستە لەسەری؟ زانایانی مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر دوو ڕایان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە خەڵك دەوڵەتیان هەبوو، بەڵام ئەگەر "پەنا بە خوا" بشێوی بوو، وەك

---

٩٩. رواه أبوداود(٤٧٧٢)، والترمذي(١٤٢١)، والنسائي(٤٠٩٤)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦٤٤٥).

ئەوەی دوو کاربەدەستی موسڵمانان ناکۆک بوون، و لەسەر پلەوپایە شەڕیان بوو، ئایا دروستە بۆ مرۆڤ ئەگەر ڕۆیشت بۆ مەملەکەتەکەی تر، و تووشی شەڕێك بوو بەرگری لە خۆی بکات لەو بشێویە؟ لەوەشدا دوو بۆچوون هەیە لە مەزهەبی ئەحمەد وئەوانی تر.

ئەگەر دەست بەسەر چەتە وڕێگردا گیرا "مـاڵ و سامانی خەڵکیان بردبوو" پێویستە ئەو ماڵانە بدرێتەوە خاوەنەکانیان، و سزای حەددیان بەسەردا بسەپێنرێت، هەروەها دزیش هەمان حوکمی هەیە، ئەگەر نکولی هێنانەوەی ماڵە دزراوەکە یان بە تاڵان براوەکەیان کرد دوای جێگیر بوونی لە سەریان، سزا دەدرێن بە بەندکردن و لێدان، هەتا ماڵەکە دەهێننەوە یان کەسێك ڕادەسپێرن بیهێنێتەوە، یان شوێنی حەشاردانی ئاشکرا دەکات، وەك چۆن کەسێك سەرزەنشت دەکرێت و سزا دەدرێت ئەگەر (واجب)ێك پێویست بێت لەسەری و بەئەنجامی نەگەیەنێت، چونکە خوا لە قورئاندا بۆ پیاوی حەڵاڵ کردووە کە خێزانەکەی سەرپێچی داوا ڕەواکانی کرد لێی بدات، لێدانێکی دیاری نەکات و ئێش و ئازاری زۆری پێنەگەیەنێت، هەتا ئەو مافانە بەجێ دەهێنێت، کەوابوو کەسانی چەتە و دز شایەنترن کە لێیان بدرێت تاکو ئەو مافانە دەگەڕێننەوە، داواکردنی سزادان بۆ خاوەن ماڵە ئەگەر ویستی پێیان ببەخشێت یان بیەوێت لەسەر شێوازێك ڕێك بکەوێت لەگەڵیاندا، یان لە سزادانیان خۆشبێت ئەوانەی بۆ هەیە، بە پێچەوانەی (حد) کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت لێی خۆش بێت، و کاربەدەستان بۆیان نییە خاوەن ماڵەکان ناچار بکەن کە لە بەشێك لە ماڵەکەیان خۆشبن.

ئەگەر ماڵەکەیان لە ناوبردبوو بە خواردنی یان بەهەر شێوەیەکی تر "چەتە و ڕێگرەکان یان دزەکان" گوتراوە: پێویستە کەس و خزمیان دابینی بکەن، وەك چۆن کەسێك شتێك داگیر بکات پێویستە کەسوکاری قەرەبووی بکەنەوە، ئەوە بۆچوونی شافعی و ئەحمەدە ﷺ، ئەگەر کەسێك توانای قەرەبووکردنەوەی نەبوو پێویستە ئەو کاتەی حاڵی باش دەبێت بیداتەوە، گوتراوە: نابێت پێبڕاردن و دەستبڕین لەسەر

یەك كەس ئەنجام بدرێت ئەوەش گوتەی ئەبوحەنیفەیە ﷺ، گوتراوە: پێویستە قەرەبوو بكاتەوە ئەگەر هەیبوو، بەڵام ئەگەر نەیبوو لەسەری پێویست نییە، ئەوەش بۆچوونی مالكە ﷺ.

حەڵاڵ و ڕەوا نییە بۆ كاربەدەستان پارە لە خاوەن مافەكان وەرگرن لە بری ئەوەی مافەكانیان بۆ وەربگرنەوە، یان سزای حەد بەسەر تاوانباراندا بسەپێنن، نە بۆ خۆیان ونە بۆ ئەو سەربازانەی بە دوای چەتە و ڕێگر و دزەكاندا دەنێنرێن، بەڵكو بە دوادا گەڕان و قەڵاچۆكردنی ئەو جۆرە كەسانە جۆرێكە لە تێكۆشان لە پێناوی خوا.

جا ئەو سەربازانە لەم بارەدا بە پارەی دەوڵەت ئامادە دەكرێن وەك هەموو جەنگێكی تر، ئەوەندەیان پێدەدرێت كە بەشی بەڕێوەبردن و پێداویستی بە دوادا چوونی تاوانباران بكات، چونكە وەك گوتمان: ئەوە جۆرێكە لە جەنگان لە پێناوی خوا، و خەرجكردنی مالّی زەكات لە پێناوی دژایەتی كردنی چەتە وڕێگرەكان دروستە، ئەگەر چەتە و ڕێگرەكان كۆمەڵێكی بە هێز و بەدەسەڵات بوون ئەوكات پێویستە دڵنەوایی بكرێن، ئەگەر كاربەدەست هەندێك مالّی زەكات وخێری دایە چاوساغ و دەم ڕاستەكانیان بۆ بە دەستەوە دانی ئەوانی تر یان لاواز بوونیان یان بۆ خۆپاراستن لە شەڕی ئەو سەركردانە دروستە، ئەوكاتە ئەو جۆرەكەسانە دەبنە دڵڕاگیراوەكان (المؤلفة قلوبهم)، ئەمەش زۆرێك لە ئیمامەكانی وەك ئەحمەد و ئەوانی تر باسیان كردووە و ئەوەش بە قورئان و سوننەت و بنەماكانی شەریعەت سەلماوە.

دروست نییە كاربەدەست كەسانێك بنێرێت بۆ دژایەتی كردنی چەتە و ڕێگرەكان لاواز و بێ توانابن، هەروەها دروست نییە كەسانێك بنێرێت مالّ لەو جۆرەكەسانە وەربگرێت كە ڕێیان لە خەڵك گرتووە، بەڵكو پێویستە كەسانی بە توانا و بەهێز و دەستپاك بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرێت، مەگەر لەكاتێكدا بێت كە كەسانی بەو

شێوەیە دەست نەکەون ئەوکات پێویستە باشترین بەردەست ئەو کارەیان پێ بسپێردرێت.

ئەگەر هەندێك لە جێگرەکانی سوڵتان لەسەر شار و گوندەکان یان سەرۆك گوندەکان فەرمانیان کرد بە چەتە و ڕێگرەکان بە تاڵانکردنیماڵ و سامانی خەڵك بە ئاشکرا یان بە پەنهان، بۆ ئەوەی بەشیان بدەن لەو دەستکەوتانەیان ئەمانیش بەرگرییان لێ بکەن، ئەو کەسانە لە سەرۆکی چەتە و ڕێگرەکان تاوانبارترن، چونکە ئەگەر ئەمان ئاسانکارییان بۆ نەکەن ناتوانن ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن، ئەو جۆرەکەسانە دەبێت وەك پشت و پەنا و یارمەتیدەری تاوانباران لە قەڵەم بدرێن، ئەگەر چەتە و ڕێگرەکان خەڵکیان کوشت، ئەوا دەکوژرێن و یارمەتی دەرەکانیشیان لەگەڵیاندا دەکوژرێن، لەسەر گوتەی ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتاب ﷺ و زۆربەی زانایان، بەڵام ئەگەر تەنها مااڵی خەڵکی ببەن دەست و پێیان دەبڕدرێت خۆیان و یارمەتیدەرەکانیان، ئەگەر ماڵیان برد و خاوەن ماڵەکانیشیان کوشت، دەکوژرێن و لە خاچ دەدرێن، هەندێك دەڵێن: پێویستە دەست و پێیان ببڕدرێت و پاشان بکوژرێن و لەخاچ بدرێن، گوتراوە: یەکێك لەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێت ئەگەر چەتە و ڕێگرەکانی دەستگیرکرد و پاشان ئەو ماڵ و دەستکەوتانەیان لەگەڵدا بەش بکات، یان سنوور و سزاکانی خوا پەك بخات و بەسەریاندا نەسەپێنێت.

هەرکەسێك پەنای چەتە و ڕێگرێك یان دزێك یان بکوژێك یان هاوشێوەی ئەم تاوانبارانە بدات، یان هەرکەسێك پێویست بێت سزا و حەددێکی خوای بەسەردا بسەپێت یان مافی مرۆڤێکی بەسەرەوە بێت و ڕێگری کرد تۆڵەی ئەو تاوانانەی لێبکرێتەوە، ئەوە دەبێتە هاوەڵ و هاوکاری لەو تاوانانە، خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتیان لێ کردووە، ئیمامی مسلم لە صەحیحەکەیدا لە عەلی کوڕی ئەبو تالبەوە

ڕەزیاللەهو عەنهو ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لعن الله من أحدث حدثاً أو آوى محدثاً))[١٠٠].

واتە: واتە: نەفرەتی خوا لە کەسێك کە شتێکی خراپ دادەهێنێت، یان داڵدەی خراپەکارێك دەدات.

ئەگەر ئەو کەسە دەستگیرکرا کە داڵدەی تاوانبارێکی داوە، داوای لێدەکرێت بیدات بە دەستەوە، یان هەوڵ دەربارەی ئەو شوێن و جێگە بدات کە تاوانبارەکە خۆی تیادا حەشارداوە، ئەگەر سەرپێچی کرد، سزا دەدرێت بە بەندکردن و لێدانیش ئەگەر پێویست بوو، چەند جارێك هەوڵی لەگەڵدا دەدرێت هەتاکو شوێن و جێگەی ئەو خراپەکارە ئاشکرا دەکات، هەرکەسێك پێویست بێت لەسەری تاوانبارەکان بدات بەدەستەوە و ئەوەشی بە تاڵان بردوویانە بیگەڕێننەوە، سەرپێچی بکەن سزا دەدرێن، چونکە ئاگادارکردن و هەواڵدان بە دەوڵەت لەو بارەدا هاوکاریکردنە لەسەر خێر و چاکە، بەڵام ئەگەر کەسێك بەبێ تاوان بە دوایدا گەڕان یان ئەو پارە و ماڵەی داوای لێ دەکرێت ڕەوا نەبێت ئەوکاتە پێویستە هاوکاری بکرێت لە داڵدە دانیان و بەرگری لێکردنیان، چونکە ئەوکارە پاڵپشتی کردنی ستەم لێکراوانە کە پێویستییەکی شەرعییە، لە هەردوو صەحیحەکەدا لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ڕەزیاللەهو عەنهو دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((انصر أخاك ظالماً أو مظلوماً، قلت: يا رسول الله أنصره مظلوما، فكيف أنصره ظالماً؟ قال: تمنعه من الظلم فذلك نصرك إياه))[١٠١].

واتە: پاڵپشت وهاوکاری براکەت بکە ستەمکار بێت یان ستەملێکراو، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا: هاوکاری دەبم کاتێك ستەمی لێدەکرێت، ئەی چۆن یارمەتیدەر و

---

١٠٠. رواه البخاري(٣١٨٠)، ومسلم(١٣٧٠).

١٠١. رواه البخاري(٦٩٥٢)، ومسلم(٢٥٨٤).

هاوکارییم کاتێك ستەم دەکات؟ فەرمووی: ڕێگری ستەم کردنی لێدەکەیت، ئەوە هاوکاری و پاڵپشتی تۆیە بۆ ئەو.

مسلم لە جابرەوە ﷺ فەرموودەیەکی وەك ئەوەی گێڕاوەتەوە، ولە هەردوو صەحیحەکەدا لە بەرائی کوڕی عازبەوە ﷺ دەڵێت: ((أمرنا رسول الله ﷺ بسبع، ونهانا عن سبع: أمرنا بعيادة المريض، واتباع الجنازة، وتشميت العاطس، وإبرار المقسم، وإجابة الدعوة ورد السلام، ونصر المظلوم، ونهانا عن خواتيم الذهب، وعن الشرب بالفضة، وعن المياثر، وعن لبس الحرير والقسي والديباج والإستبرق))[١٠٢].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە حەوت شت پێکردووین وياساغی حەوت شتیشی لێکردووین، فەرمانی پێکردووین بە: سەردانی نەخۆش و شوێنکەوتنی تەرمی مردوو، هەرکەسێك پڕمی دوعای خێری بۆ بکەین، ئەگەر سوێند خورا لەسەر هەرشتێك نابێت سەرپێچی بکەین، ئەگەر دەعوەت کراین بەدەم دەعوەتەکەوە بچین، وەڵامی سەلام بدەینەوە، هاوکار و پاڵپشتی ستەملێکراو بین، و یاساغی لێ کردووین ئەنگوستیلەی زێڕ لەدەست بکەین و لە قاپی زیودا بخۆینەوە و کورتانی سواریيەکانمان لە ئاوریشم بێت و جلوبەرگی ئاوریشم لەبەر بکەین یان هەر جلێك ئاوریشمی تێکەڵ بێت و ئاوریشمی ئەستوور و جلی درەوشاوە و چێنراو بە تاڵی زێڕ لەبەر بکەین.

ئەگەر کەسێك شارەزابێت بە شوێنی تاوانباران و ئاگاداری دەوڵەت نەکاتەوە لە شوێن و مۆڵگەیان، دروستە ئەو کەسە سزا بدرێت بە بەندکردن یان هەرسزایەکی تری شیاو، چونکە ئەوە شتێکە کە پێویستە لەسەری و نکوڵی لێ دەکات، کەس لە جیاتی کەسێکی تر سزا نادرێت مەگەر بزانرێت ئاگاداری ئەو کارەیە.

---

١٠٢. رواه البخاري(١٢٣٩)، ومسلم(٢٠٦٦).

هەرکەسێك رێگربێت لە گەیاندنی زانیارییەك کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت دادوەران و کاربەدەستان دەتوانن لەسەر ئەو کارەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت داوای ڕاپەڕاندنی کارێك بکرێت لە کەسێك کە لەسەر کەسێکی تر بە ئەنجامی بگەیەنێت و ڕاپیەڕێنێت، هەتاکو ئەو فەرموودەی خوای بالادەست بیگرێتەوە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿١٥﴾﴾(الإسراء).

واتە: کەس تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت و ناخرێتە ئەستۆی.

یان ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: ((ألا لا يجني جان إلا على نفسه))[١٠٣].

واتە: ئەو کەسەی تاوانێك ئەنجام دەدات تەنها خۆی لێی بەرپرسە.

بەڵکو ئەم ئایەت و فەرموودەیە بۆ ئەو کەسەیە کە داوای پارەیەك یان هەرشتێکی لێبکرێت کە کەسێکی تر لێی بەرپرسە، بەبێ ئەوەی ئەم بریکاری بێت یان لە ئەستۆی گرتبێت یان پارەی ئەو کەسەی بەلاوە بێت، یان کەسێك سزا بدرێت بە هۆی سەرپێچی کردنی خزمێکی یان دراوسێیەکی، بەبێ ئەوەی ئەم ئاگای لە هیچ بێت، نەبە ئەنجام نەدانی کارێك کە لە سەری پێویست بێت ئەنجامی بدات، ونەبە ئەنجامدانی کارێك کە لە سەری پێویست بێت ئەنجامی نەدات، ئەمە ئەو کارەیە کە ئایەت و فەرموودەکە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەو کەسەی سەرەوە سزا دەدرێت لەبەر تاوانێك کە خۆی ئەنجامی داوە، ئەویش ئەوەیە شوێن و جێگەی تاوانبارانی زانیوە و دەسەڵاتی لێ ئاگادار نەکردووەتەوە، واتە: بە هەواڵ نەدانی هاوکاری کەسانێکی کردووە کە پێویستە ڕاپێچی دادگا بکرێن و ئەو مافانەی کە پێشێلیان کردووە تۆڵەیان لێبکرێتەوە، بەوەش هاوکاری وپاڵپشتی ڕاستی نەکردووە کە بە قورئان و سوننەت و کۆڕای موسڵمانانیش پێویستە لەسەری ئەو کارە بکات، لەبەر خۆشویستنی یان لەبەر

١٠٣. رواه الترمذي(٢١٥٩)، وابن ماجه(٣٠٥٥)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٧٨٨٠).

خزمایەتی کەسە تاوانبارەکە، وەک چۆن کەسانێک لەبەر دەمارگیری خێڵایەتی ئەو کارە دەکەن یان لەبەر ڕق و کینەیەک بەرامبەر کەسە ستەم لێکراوەکە لە دڵیاندایە ئەو کارە دەکەن، وخوا دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ ﴿٨﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: ڕق و کینەتان لە کەسانێک پاڵنەرتان نەبێت دادگەر نەبن، دادگەربن ئەوە نزیکترە لە پارێزکاری ولە خوا ترسانەوە.

بەڵام ئەگەر پشت هەڵکردن بێت "لە مافەکانی خوا، و دادپەروەری کە خوا پێویستی کردووە" و ترسان و سەرشۆڕی و ئایین فرۆشتن بێت، وەک کەسانێک کە وازیان هێناوە لە سەرخستنی خوا وپێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایین و قورئان، ئەوانەی کە پێیان بگوترێت تێبکۆشن لە پێناوی خوا سستی دەکەن و خۆیان دەدزنەوە.

بەهەر حاڵ ئەو جۆرە کەسانە شایەنی سزادانن بە گوتەی هەموو زانایان، ئەوەش ئەم ڕێگا نەگرێتە پێش، سنورەکان پشت گوێ دەخات و مافەکان ون و پێشێل دەکات، بەهێز و دەست ڕۆیشتووەکان لاواز و بێ دەسەڵاتەکان دەخۆن و هەموو مافەکانیان زەوت دەکەن.

ئەوە هاوشێوەی کەسێکە کە مااڵی ستەمکارێکی لابێت خۆی لێ گێل بکات و خۆی لەوە بدزێتەوە کە بیداتە کاربەدەستێکی دادپەروەر، بۆ ئەوەی بیداتەوە دەستی خاوەنەکانی، یان هەرچی خەرجی پێویست (واجب) لەسەریەتی لێی دەربکات، وەک خەرجی مااڵ و منداڵ و کۆیلە و مەڕومااڵتی، زۆر جار کەسێک شتێکی لەسەر پێویست دەبێت بە هۆی کەسانی تر‌ەوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسوکاری نەداربوون خەرجیان لەسەری پێویست دەبێت، هەروەها لەسەر کەسوکاری کەسێک کەسێکی تر بکوژێت پێویستە خوێنەکەی بۆ قەرەبوو بکەنەوە، ئەم جۆرە سەرزەنشت کردنە سزایە بۆ ئەو کەسانەی زانیاریان هەیە دەربارەی مااڵێک یان کەسێک کە لە لایەن دەسەڵاتەوە لەبەر

پێشێل کردنی مافی خەڵك داواکراوبن، ئەویش ئامادە نەبێت ئەو زانیاریە بداتە بەرپرسان وەك زانیاری دەربارەی چەتە و رێگر و دز، بەڵام ئەگەر ئامادە نەبوو زانیاری پێشکەش بکات لەبەر ئەوەی بترسێت لەوەی کاربەدەستان ستەم لە کەسە داواکراوەکە بکەن وەك ئەوەی بیکوژن لە بری تاوانێك کە شایەنی مەرگ نەبێت ئەوە کارێکی باشی کردووە، زۆر جار لای کاربەدەستان گومان و ئارەزوو تێکەڵ دەبن، بۆیە پێویستە ڕەوا و ناڕەوا لەیەك جیابکرێنەوە.

ئەو حاڵەتەش زۆر جار لای سەرۆك هۆزەکان ڕووەدات لە شار و لادێکان، ئەگەر پەنابەرێك پەنای پێبردن، لە نێویاندا خزمایەتی و دۆستایەتیەك هەبوو، ئەو کاتە دەمارگیری خێڵەکی وایان لێدەکات کە بەرگری لە خراپەکاران بکەن، و ناوبانگ و خانەدانی لای ئەو سەرۆك هۆزە نەفامانە ئەوەیە کە پشتگیری لەو کەسە بکەن ئەگەرچی ستەمکاریش بێت "لەسەر باتڵیش بێت" بەتایبەت ئەگەر ستەمکارەکە سەرۆك هۆزێکی هاوتای خۆیان بێت، ئەوکاتە وادەبینن کە بە دەستەوەدانی پەنابەرە تاوانبارەکە سەرشۆڕی و بێ توانایی و بێڕێزییە بۆیان، ئەمە نەفامییەکی تەواوە، یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گەندەڵبوون و تێکچوونی ئایین و دونیای خەڵك، لە مێژوودا باسکراوە کە زۆربەی جەنگەکانی گوندنشینەکان وەك جەنگی (البسوس) کە لەنێوان (بنوبکر) و(تغلب)دا ڕوویداوە لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە بووە، هەروەها تورکە مەغۆلەکان بەو هۆیەوە وڵاتی موسڵمانانیان داگیر کردووە و دەستیان بەسەر ئەو دیوی ڕووبار (ماوراء النهر) و خراساندا گرتبوو.

بۆیە هەرکەسێك نەفسی خۆی لەبەر خوا بشکێنێتەوە خوا بەڕێزی دەکات، هەریەکە لە پێناوی گەیشتن بەڕاستی و دابینکردنی مافەکان خۆی ماندوو بکات ئەوە گەورەترین ڕێزی لەخۆی ناوە، ئەوانە دەبنە نزیکترین کەسەکان لە خواوە، ئەوەشی شانازی بە ستەمکاریەوە بکات و ڕێگری دەستەبەرکردنی مافەکان بێت و خراپە

ئەنجام بدات، ئەوە خۆی ڕیسوا و سەرشۆڕ کردووە، خوا دەفەرموێت:﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ ﴿١٠﴾﴾(فَاطِر).

واتە: ئەوەی سەربەرزی دەوێت لە دونیا ولە قیامەتدا ئەوا سەربەرزی لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا دایە.

بە دووڕووەکان دەفەرموێت: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾(المُنَافِقُون).

واتە: دەڵێن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ شاری مەدینە ئەوکات بەهێز و بەڕێزەکان ڕیسوا وبێهێزەکان لەشار دەردەکەن، ڕێز و بەهێزی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەی ﷺ باوەڕدارنە، بەڵام دووڕووەکان ئەوە نازانن.

خوا لە سیفەتی ئەو جۆرە مرۆڤانە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: خەڵکی واهەیە لە ژیانی دونیادا کە قسە دەکات بە گوتاری سەرسامت دەکات، وادەزانی قسەی باش دەکات، وخوا دەکات بە شاهید لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە، دەڵێت: ئەوەی لەسەر زارمە هاوتای ئەوەیە کە لە دڵمدایە و درۆ دەکات، زۆر کەللەڕەق و حەز بەدەمەدەمە، ئەگەر پشت هەڵبکات هەوڵی بشێوی و خراپە دەدات لەسەر زەوی و هەوڵی لە ناوبردنی بەروبووم وکشتوکاڵ و نەوەکان و گیانلەبەرانیش دەدات، خوا خراپەکار و بشێویکارانی خۆش ناوێت، ئەگەر پێی بگوترێت پارێزکاربە

ولـه خـوا بترسـه، لووتبـەرزی دەکـات و خـۆی بـەزل دەزانێـت و لەسـەر تاوانکـاری و گومڕایی بەردەوام دەبێت، ئەو جۆرە کەسە دۆزەخیـان بەسـە کـە خـراپترین لانکـە و جێگەیە.

کەوابوو پێویستە لەسەر هەرکەسێك کە پەنای هەڵهاتوویـەك دەدات "ئەگـەر سـتەم لێکراو بوو" پەنای بدات و هاوکاری بکات، وبە تەنها بانگەشەکردنی سـتەم ئـەوەی بـۆ ناسەلمێت، لەوانەیە هەندێك جار سکالاّ بکات لە هەمان کاتدا ستەمکاریش بێت، بەڵکو دەبێت لە بەرامبەرەکەی و کەسانی تـرەوە کێشـەکەی بڕیـاری لەسـەر بـدرێت، ئەگـەر دەرکەوت کـە سـتەمکارە هەوڵـدەدرێت بـە نـەرم ونیـانی لـەو سـتەمەی بگەڕێنرێتـەوە ئەگـەر کـرا، ئەگـەرنا هەوڵـدەدرێت حـوکمێکی دادوەرانـە بکرێـت، ئەگـەر ڕازی نـەبوو ئەوکاتە هێز بەکار دەهێنرێت بۆ ملکەچ کردنی بۆ دادپـەروەری، بـەڵام ئەگـەر کەسێك سـتەمی لێکرابێـت ولـە هەمانکاتـدا ئـەمیش سـتەمی کردبێـت، یـان هـەموویان سـتەم کاربوون، یان هیچ یەکێك لەوان ستەمی نەکردبێت بەڵام بە گومان هەڵەیـەك کەوتبێتـە نێوانیانەوە، ئەوکات هەوڵی ئاشتەوایی دەدرێت یان ئەگەر دەرکەوت مـافی یەکێکیانـە بڕیار لە بەرژەوەندی ئەو کەسە دەدرێت، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِـنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْـرَىٰ فَقَٰتِلُـواْ ٱلَّـتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِـطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ۝٩ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُـونَ إِخْـوَةٌ فَأَصْـلِحُواْ بَـيْنَ أَخَـوَيْكُمْۚ وَٱتَّقُـواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ۝١٠﴾(الحُجُرَاتِ).

واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسڵمانان ناکۆکی کەوتە نێوانیان، هـەوڵی چاکسـازی و ئاشتەوایی بدەن لە نێوانیان، ئەگەر کۆمـەڵێکیان ڕازی نـەبوو بـە فـەرمانی خـوا ئـەوە لەگەڵیدا بجەنگن هەتا ڕازی دەبێت بە فەرمانی خوا، ئەگەر ڕازی بـوو ئەوکاتـە ناوبـژی بکـەن لـە نێوانیـان بـە دادوەرانـە، دادپـەروەرین بێگومـان خـوا دادپـەروەرانی خـۆش

دەوێت، موسڵمانان برای یەکن ئەو برایەتییەتان بپارێزن ولە خوا بترسن بۆ ئەوەی خوا ڕەحمتان پێبکات.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿۞لَّا خَيۡرَ فِي كَثِيرٖ مِّن نَّجۡوَىٰهُمۡ إِلَّا مَنۡ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوۡ مَعۡرُوفٍ أَوۡ إِصۡلَٰحِۭ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا ١١٤﴾(النّساء).

واتە: چاکە لە زۆربەی وتوێژ و چپەچپی خەڵکدا نییە، جگە لەوەی کە فەرمان دەکات بە بەخشینێك، یان کردەوەیەکی چاك یان هەوڵی ئاشتەوایی دەدات لەنێوان خەڵکدا، هەرکەسێك بەو کردەوەیە هەستێت بەمەستی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوا لە ئایندەدا پاداشتی زۆر گەورەی پێدەبەخشین.

ئەبو داود لە سوننەکەیدا گێڕاویەتیەوە: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ: ((أمن العصبية أن ينصر الرجل قومه في الحق؟ قال: لا، قال: ولكن من العصبية أن ينصر الرجل قومه في الباطل))[١٠٤].

واتە: ئایا لە دەمارگیرییە کەسێك پاڵپشتی خزمەکانی بێت لەسەر کارێکی ڕەوا؟ فەرمووی: نەخێر، بەڵام لە دەمارگیرییە کەسێك پاڵپشت و هاوکاری خزمەکانی بێت لەسەر کارێکی ناڕەوا.

وقال: ((خيركم الدافع عن قومه ما لم يأثم))[١٠٥].

واتە: باشترین کەسانی ئێوە ئەوانەن بەرگری لەخزم وکەسوکاریان دەکەن ئەگەر لەسەر تاوان نەبێت.

وقال: ((مثل الذي ينصر قومه بالباطل كبعير تردى في بئر فهو يجر بذنبه))[١٠٦].

---

١٠٤. رواه أبوداود(٥١١٩)، وابن ماجه(٣٩٤٩)، وضعفه الألباني في (ضعيف ابن ماجه)(٢/١٣٠٢).

١٠٥. رواه أبوداود (٥١٢٠)، وقال الألباني في (ضعيف الجامع)(٢٩١٥): موضوع.

١٠٦. رواه أبوداود (٥١١٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٨٣٨).

واتــه: نموونــەی ئــەو کەســەی پاڵپشــتی خــزم وکەســوکارەکەیەتی و هــەوڵی سەرخستنیان دەدات لەسەر کارێکی ناڕەوا، وەك ئەوە وایـە حوشـترێك کەوتبێتـە نـاو بیرێکەوە و بیەوێت بە هۆی ڕاکێشانی کلکیەوە بیهێنێتە دەرەوە!.

وقال: ((من سمعتموه يتعزى بعزاء الجاهلية فأعضوه بهن أبيه، ولا تكنوا))[١٠٧].

واتە: گوێتان لە کەسێك بوو بانگهێشتی دەمارگیری دەکرد پێی بڵێن: گاز(قەپ) لـە ئالەتی(ذکر) باوکت بگرە، بەبێ کینایەت.

هەرکەسێك لە بانگەوازی ئیسلام و قورئان دەربچێت، بە شانازی کـردن بـە بنەماڵـە یان وڵات یان ڕەگەز یان مەزهەب یان تەریقەت ئەوە لە دەمارگیری و نەفامییە، کاتێـك دوو پیـاو کۆچـەرییەك و پشـتیوانێك بـوو بـە ناکۆکیـان، کۆچـەرییەکە گـوتی: کۆچـەرییەکان فریـام کـەون، وپشـتیوانەکەش گـوتی: پشـتیوانەکان فریـام کـەون، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهركم))[١٠٨].

واتە: بانگەواز بۆ نەفامییەت دەکەن و منیش لەنێوانتاندام، بەوەش زۆر تووڕە بوو.

---

١٠٧. رواه أحمد(٢٠٧٢٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦١٩).

١٠٨. رواه البخاري(٣٥١٨)، ومسلم(٢٥٨٤).

سزای دزیکردن

دز پێویستە دەستی ڕاستی ببڕدرێت بە پێی قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان (الاجماع)، خوا دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: پیاو یان ژن ئەگەر دزییان کرد دەستیان ببڕن، لە پاداشتی ئەو کردەوەیان وەک سزا و تەمێکردنێك لە خواوە، خوا بالآ دەست و دانای کار لەجێیە، هەرکەسێك لەو دزانە تەوبە بکات دوای ئەو ستەمەی لە خەڵکی کردووە و نەفسی خۆی چاك بکات و چاکە ئەنجام بدات و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا بکات، بە دڵنیاییەوە خوا تەوبەی لێ وەردەگرێت، بێگومان خوا لێخۆش بوو و پۆشەری تاوانە وبە بەزەییە.

دروست نییە دوای جێگیر بوونی ئەو تاوانە سزاکەی دوابخرێت، نەبە بەندکردن ونە بەپارە وەرگرتن و هیچ شتێکی تر، بەڵکو دەستی دەبڕدرێت لە هەموو کاتێکدا تەنانەت لەکاتە پیرۆزەکانیشدا، چونکە ئەنجامدانی ئەو سزایانە خواپەرستیە، وەك تێکۆشانە لە پێناوی خوا، پێویستە خەڵك بزانێت دانانی ئەو جۆرە سزایانە ڕەحمەتی خوایە بۆ بەندەکانی، پێویستە کاربەدەستان زۆر توندبن لە ئەنجامدانی ئەو سزایانە بەسەر تاوانباراندا، نابێت بەزەیيان بێتەوە بەو جۆرە کەسانەدا وئەو سزایە نەسەپێنن، دەبێت لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە سزایانە مەبەستیان قازانجی کۆمەڵگا بێت، بە ڕێگا گرتن لە خراپەکاران، نەك لەبەر تورەیی و خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا، پێویستە کاربەدەستان وەکو باوکێکی بەبەزەییبن بۆ تاوانباران، ئەگەر باوك وازبێنێت لە ڕێنمایی کردنی منداڵەکەی ئەو کاتە منداڵەکەی خراپ دەبێت ولە ڕێگا دەردەچێت، بەڵکو باوك ڕێنمایی منداڵەکەی دەکات لەبەر ئەوەی منداڵێکی باشی بێت ولە ڕێگا دەرنەچێت، هەرچەند منداڵەکەش واگومان ببات کە پێویستی بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی

کردن نییە، وەکو پزیشك کاتێك پێویست دەکات دەرمانی تاڵ و ژەهر دەرخواردی نەخۆشەکانی دەدات، هەروەها ئەو ئەندامەی مرۆڤ کە تووشی دەبێت بۆ پاراستنی بەشەکانی تری پێویستە ئەو ئەندامەی ببڕدرێت، ولە کاتی کەڵەشاخ کردندا لەبەر چارەسەرکردن پێویستە مولولەکانی خوێن بریندار بکرێن بۆ ئەوەی خوێنیان لێ بێتە دەرەوە، هەروەها مرۆڤ دەرمانی تام و بۆن ناخۆش دەخوات و دەخواتەوە و خۆی تووشی ناڕەحەتی دەکات بۆ ئەوەی ئاسوودە بێت.

بەو شێوەیە ئەو جۆرە سزایانە لە شەریعەتدا دانراون، پێویستە مەبەستی کاربەدەست لە سەپاندنی ئەو جۆرە سزایانە هاوشێوەی پزیشك و نەخۆشەکانی بێت، چونکە هەرکاتێك مەبەستی چاککردنی خەڵك و یاساغکردنیان بێت لە خراپەکاری، بە دەستەبەرکردنی سوود و قازانج بۆیان و دوورخستنەوەی ئەو شتانەی زیان بە کۆمەڵگە دەیەگەنن، لەوەشدا دەبێت تەنها مەبەستی ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی خوا بێت، ئیدی خوا دڵەکانی بۆ نەرم دەکات، هەموو هۆکاری باش و خێری بۆ ئاسان دەکات، و سزادانی ئەو کەسانەی بۆ ئاسان دەکات، ئەو کەسەش کە سزا دەدرێت ڕازی دەبێت کاتێك سزای تاوانەکەی بەسەردا بسەپێت.

بەڵام ئەگەر مەبەستی خۆسەپاندن بوو بەسەر خەڵك و جێگیرکردنی پایەی دەسەڵاتەکەی بێت، بۆ ئەوەی بە گەورە وبە هێزی بزانن یان هەرچی ماڵ و سامانی لێ داواکردن سەرپێچی نەکەن، ئەوکات مەبەستەکەی بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، گێڕدراوەتەوە لە عومەری کوڕی عبدالعزیزەوە ﷺ پێش ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان کاربەدەستی ولیدی کوڕی عبدالملك بوو لەسەر مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەو کاتە بە سیاسەتێکی دانایانە خەڵکی ئەو شارەی سیاسەت دەکرد، جارێك حەجاج لە عێراقەوە چوو بۆ مەدینە کە تووشی خراپترین حاڵی کردبوون، پرسیاری لە خەڵکی شاری مەدینە کرد، عومەر کەسێتی چۆنە لە نێوانتاندا؟ گوتیان: ناتوانین سەیری بکەین، گوتی ئەی خۆشتان دەوێت؟ گوتیان: لە کەسوکارمان خۆشەویستترە،

گوتی: ئەی ئەدەب وڕەوشتی چۆنە؟ گوتیان: ڕەوشت بەرزە و زۆر نزیکە لێمانەوە، گوتی: ئەوە کەسایەتی بێت و ئاوا خۆشتان بوێت و هەڵسوکەوتی ئاوابێت، ئەوە شتێکە خوا لە ئاسمانەوە پێیداوە.

ئەگەر دەستی دز بڕا پێویستە خوێنەکەی بوەستێنرێتەوە، باش وایە دەستی بکرێتە ملی، ئەگەر بۆ جاری دووەم دزی کرد، پێی چەپی دەبڕدرێت، ئەگەر بۆ جاری سێیەم وچوارەم دزی کرد، هاوەڵان و زانایانی دوای ئەوان دوو بۆچوونیان هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە دەست وپێکەی تری دەبڕدرێت، ئەوە گوتەی ئەبوبەکرە ﷺ و مەزهەبی شافعی و ئەحمەدە لە گوتەیەکیدا، دووەمیان: ئەوەیە بەند بکرێت، ئەوەش گوتەی عەلی ﷺ و کوفیەکان و ئەحمەدە لە گوتەیەکی تریدا، کاتێک دەستی دز دەبڕدرێت شتە دزراوەکە بە هاکەی چارەکە دینارێکی زێڕبێت، یان سێ درهەمی زیو بێت لە لای خەڵکی حیجاز و فەرموودەناسان (أهل الحدیث) و کەسانی تریش، وەک مالك و شافعی و ئەحمەد و هەیانە دەڵێت: دەبێت شتە دزراوەکە دینارێکی زێڕ یان دە درهەمی زیو بێت، هەرکەسێك ئەو بڕەی سەرەوە بدزێت دەستی دەبڕدرێت بە بۆچوونی هەمووان، لە هەردوو صەحیحەکەدا لە عبدالله کوڕی عومەر ﷺ ڕیوایەتیان کردووە : ((أن رسول الله ﷺ، قطع في مجن ثمنه ثلاثة دراهم))، وفي لفظ مسلم: ((قطع سارقا في مجن قيمته ثلاثة دراهم))[١٠٩].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بڕی لەبەر قەڵغانێك کە نرخەکەی سێ درهەم بوو، ولە ڕیوایەتی موسلم دا: دەستی دزێکی بڕی لەبەر ئەوەی قەڵغانێکی دزی بوو نرخەکەی سێ درهەم بوو.

دیسان لە هەردوو صەحیحەکە لە عائیشەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((تقطع اليد في ربع دينار فصاعدا))[١١٠]، وفي رواية

---

١٠٩. رواه البخاري(٦٧٩٥)، ومسلم(١٦٨٦).

١١٠. رواه البخاري(٦٧٩٠)، ومسلم(١٦٨٤).

لمسلم: ((لا تقطع يد السارق إلا في ربع دينار فصاعداً))[١١١]، وفي رواية للبخاري قال: ((اقطعوا في ربع دينار، ولا تقطعوا فيما هو أدنى من ذلك))[١١٢].

واتە: دەست دەبڕدرێت لە چارەکە دینارێك بەرەو سەرەوە، ولە ڕیوایەتی موسلمدا: دەستی دز نابڕدرێت لە چارەکە دینارێك بەرەو سەرەوە نەبێت، ولە ڕیوایەتی بوخاری دا دەفەرموێت: لە چارەکە دینارێك دەست ببڕن، لەوە کەمتر دەست مەبڕن.

لەوکاتەدا چەرەکە دینارێك سێ درهەم بووە، و یەك دینار دوازدە درهەم بووە، کەسێك بە دز ناژمێردرێت هەتاکو مالّ لە سنوری تایبەت و دیاری کراوی مالّدا نەبات، ئەو پارەی کە لە خاوەنەکەی ون بووە و بەروبوومی کشتوکالّی کەلە بیابانێکدایە بەبێ پەرژین، مەڕومالّات کە شوانی لەگەلّدا نەبێت، هاوشێوەی ئەو جۆرە مالّانە دەستی دزەکەی پێ نابڕدرێت، بەلّام سەرزەنشت دەکرێت و پێی دەبژێردرێت (الغرامة)، وەك لە سوننەتدا هاتووە.

بەلّام هەندێك لە زانایان ئەو فەرموودەیە بە لاواز (ضعيف) دەزانن، ئەوەی کەوای گوتووە ئەحمەد و ئەوانی ترن، ڕافعی کوڕی خدیج ﷺ دەلّێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: ((لا قطع في ثمر ولا كثر))[١١٣].

واتە: دەست بڕین نییە لە دزینی بەروبووم وناوکرۆکی دارخورما.

عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکی لە باپیرییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە دەلّێت: ((سمعت رجلاً من مزينة يسأل رسول الله ﷺ، قال: يا رسول الله جئت أسألك عن الضالة من الإبل، قال: معها حذاؤها وسقاؤها، تأكل الشجر، وترد الماء، فدعها حتى

---

١١١. رواه مسلم(١٦٨٤).

١١٢. رواه احمد(٢٣٩٩٤)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(١١٨١).

١١٣. رواه أبوداود(٤٣٨٨)، والترمذي(١٤٤٩)، والنسائي(٤٩٦٠)، وابن ماجه(٢٥٩٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٧٥٤٥).

يأتيها باغيها، قال: فالضالة من الغنم، قال: لك أو لأخيك أو للذئب، تجمعها حتى يأتيها باغيها: قال: فالحريسة التي تؤخذ من مراتعها؟ قال: فيها ثمنها مرتين، وضرب نكال، وما أخذ من عطنه، ففيه القطع إذا بلغ ما يؤخذ من ذلك ثمن المجن، قال: يا رسول الله: فالثمار وما أخذ منها من أكمامها قال: من أخذ منها بفمه، ولم يتخذ خبنة فليس عليه شيء، ومن احتمل فعليه ثمنه مرتين، وضرب نكال، وما أخذ من أجرانه ففيه القطع، إذا بلغ ما يؤخذ من ذلك ثمن المجن، وما لم يبلغ ثمن المجن، ففيه كرامة مثليه، وجلدات نكال))[١١٤].

واتە: گوێم لە پیاوێکی (مزینە)یی بوو پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا پرسیاری حوشترێکت لێدەکەم کە ون بووبێت، فەرمووی: پێڵاو و ئاوی لەگەڵ خۆیدایە، لەوەڕ دەخوات و ئاو دەخواتەوە، واتە: لێگەڕێ هەتاکو خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە، گوتی: ئەی ونبووی مەڕومالأت؟ فەرمووی: بۆ تۆیە یان بۆ براکەت یان بۆ گورگە، دەتوانیت بیبەیت بەڵکو خاوەنەکەی بێت بە دوایدا، گوتی: ئەی ئەو کەسەی کە مەڕ لە لەوەڕگاکەی دەبات چی لەسەرە؟ فەرمووی: دوو ئەوەندەی نرخەکەی لێوەردەگیرێت ولێی دەدرێت و سەرزەنشت دەکرێت، و ئەو حوشترەی لە پەچەکەیدا دەبرێت، دەست بڕینی لەسەرە ئەگەر نرخی حوشترەکە لە نرخی قەڵغانێك زیاتر بوو کە سێ درهەمە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی بەروویوم و ئەوەی لە پەرژینی کێڵگەیەك دەبرێت؟ فەرمووی: ئەوەی بەشی خواردنی دەبات و لێی هەڵناگرێت هیچی لەسەر نییە، ئەوەی لەگەڵ خۆیدا لێی دەبات دوو ئەوەندەی نرخەکەی لێوەردەگیرێت و لێی دەدرێت و سەرزەنشت دەکرێت، ئەوەی لە خەرمان شت دەبات دەستی دەبڕدرێت ئەگەر ئەوەی بردوویەتی بە ئەندازەی نرخی قەڵغانێك بێت، ئەگەر نەگەیشتە ئەو ئەندازەیە دوو ئەوەندەی نرخەکەی لێوەر دەگیرێت و لێدانیش دەکرێت.

---

١١٤. رواه أبوداود(١٧١٠)، وحسنه الألباني في (صحيح أبي داود)، و(الإرواء)(٢٥١٩).

ئـەو فـەرموودەی سـەرەوە بـەو شـێوەیە لای نەسـائی هـاتووە، لەبـەر ئەوەیـە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ليس على المنتهب ولا على المختلس ولا الخائن قطع))[١١٥].

واتە: تالآنکەر و ڕفێنەر و ناپاك (ئەمانەت خۆر) دەست بڕینیان لەسەر نییە.

تالآنکەر ئـەو کەسـەیە لـە پـێش چـاوی خـەڵك ماڵەکـە دەبـات، و ڕفێنـەر کەسـێکە دەیەوێت شتێك ببات، بەڵام پێش ئەوەی ببیات هەستی پێ دەکرێت، بـەڵام جـەردە و گیرفان بڕ ئەوانەن کە گیرفانی خـەڵك دەبـڕن و زەمبیلـەی شـتومەك دەبـەن بۆچـوونی ڕاست ئەوەیە دەستیان دەبڕدرێت.

١١٥. رواه أبوداود(٤٣٩٢، ٤٣٩٣)، والترمذي(١٤٤٨)، والنسائي(٤٩٧١)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٤٠٢)، قال ابن عثيمين رَحِمَهُ اللَّهُ: ويستثنى من ذلك العارية فإنه ثبت عن النبي ﷺ أنه قطع في جحد العارية.

بەشی سزای داوێن پیسی (الزنا)

پیاوی داوێن پیس ئەگەر ژنی هێنابوو، وئافرەتی داوێن پیس ئەگەر مێردی کردبوو بەردباران دەکرێن هەتا مردن، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ماعزی کوڕی مالکی ئەسلمی و غامدییە ودوو جولەکەکە وکەسانی تر کە تاوانی داوێن پیسیان (الزنا) ئەنجام دابوو بەردبارانی کردن، موسڵمانانیش دوای ئەو بەردبارانی داوێن پیسیان کردووە، زانایان ناکۆکن: ئایا پێش ئەوەی بەردباران بکرێت سەد جەلدەی لێدەدرێت؟ دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لە مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر، بەڵام ئەگەر ژنی نەهێنا بوو، ئەوە بەپێی قورئان سەد جەلدەی لێدەدرێت، و یەك ساڵیش لەو ناوچەیە دوور دەخرێتەوە وەك لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە، ئەگەرچی هەندێك لەزانایان دوورخستنەوەی بە پێویست (واجب) نازانن.

هیچ لەو سزایانە ناسەپێت تاکو چوار کەس گەواهی لەسەر نەدات، یان کەسەکە خۆی چوار جار گەواهی بدات و دان بەو تاوانەدا بنێت، لای زۆربەی زانایان، و هەندێکیان دەڵێن: تەنها یەکجار کەسەکە گەواهی لەسەر خۆی بدات ئەو سزایەی بەسەردا دەسەپێت، بەڵام ئەگەر دانی بەو تاوانەدانا و پاشان لێی پاشگەزبوویەوە، هەندێك دەڵێن: ئەو سزایەی لەسەر دەکەوێت، وهەیانە دەڵێت لەسەری ناکەوێت.

بە کەسێك دەڵێن: هاوسەردار (المحصن) "کە ئازاد و پێگەیشتوو و ژیر بێت (مکلف)" و جووت بووبێت لەگەڵ خێزانەکەیدا، ئەگەر بۆ تەنها یەك جاریش بێت، ئایا مەرجە ئەو ژن و پیاوە لەو سیفەتانەی سەرەوە هاوتابن؟ زانایان دوو بۆچوونیان هەیە... ئەگەر یەکێك پێنەگەیشتووبێت (غیر بالغ) و پێگەیشتوویەك هاوسەری بێت یان بە پێچەوانەوە ئایا لە ڕیزی هاوسەرداران دێنە ئەژمار؟.

بەڵام ئەو کەسانەی کە لە ئەستۆی موسڵمانان (أهل الذمة)، ئەوانیش هەمان حوکمی موسڵمانانیان هەیە لای زۆربەی زانایان وەك شافعی و ئەحمەد، چونکە

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو دوو جولەکەی کە داوێن پیسیان کردبوو بەردبارانی کردن لەبەر دەرگای مزگەوتەکەی، ئەوەش یەکەم بەردباران کردن بوو لە ئیسلامدا.

زانایان ناکۆکن لەو ئافرەتەی کە سکی پڕە وپیاو و گەورەشی (سید) نییە، وهیچ گومان لەوەدا نەبێت کە ئافرەتەکە سکی پڕە، لە مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر دوو بۆچوون هەیە دەبارەی، گوتراوە: سزای حەددی لەسەر نییە، چونکە دەشێت بە زۆر سکی پڕکرابێت، یان دەشێت ئەو ئافرەتە تۆوی (منی) پیاوێکی کردبێتە گیانی خۆیەوە بەبێ ئەنجامدانی تاوانی داوێن پیسی، یان دەشێت بە هەڵە پیاوێك وایزانی بێت ژنی خۆیەتی و ئەو کارەی لەگەڵدا کردبێت، گوتراوە سزای حەددی بەسەردا دەسەپێت، ئەمەیان لە خەلیفە ڕاشدیەکان گێڕدراوەتەوە، ولە بنەماکانی شەریعەتەوە نزیکە و بۆچوونی خەڵکی مەدینەیە، چونکە ئەگەری (الإحتمال) دەگمەن لای لێ ناکرێتەوە، وەك ئەگەری درۆکردنی، یان درۆی گەواهی دەرەکان، ئەگەر هۆکاری تاوانەکە دیار بوو.

بەڵام نێرباز هەندێك لە زانایان دەڵێن: سزای وەك سزای شەڕوالێپسییە، گوتراوە: لەوەش کەمترە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت و هاوەڵان لەسەری کۆکبن: ئەنجامدەری تاوانەکە و ئەو کەسەی تاوانەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت(الفاعل والمفعول به) دەکوژرێن، ئەگەر ژنیان هەبێت یان نا، چونکە خاوەن سونەنەکان لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط، فاقتلوا الفاعل والمفعول به))[١١٦].

واتە: هەرکەسێکتان بینی ئیشی گەلی لوطی دەکرد، ئەنجامدەری تاوانەکە وئەو کەسەی تاوانەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت بکوژن، ئەبوداود لە ئیبن عباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە کە پرسیاری لێ کراوە: (في البكر يوجد على اللوطية، قال: يرجم).

---

١١٦. رواه أبوداود(٤٤٦٢)، والترمذي(١٤٥٦)، وابن ماجه(٢٥٦١)، وصححه الألباني (في صحيح الجامع)(٦٥٨٩).

واتـه: كەسێك كـه هاوسـەرگیری نـەكردبێت وگـەنج بێـت بینـرا ئیشـی گـەلی لـوطی دەكرد، دەڵێت: بەردباران دەكرێت.

له عەلیی كوڕی ئەبو تالبیشەوه ﷺ هەروەها گێڕدراوەتەوه.

هـاوەڵان نـاكۆك نـین لـه كوشـتنی، بـەڵام نـاكۆكن لـه جـۆری كوشـتنەكەی، لـه ئەبوبەكری صدیقەوه ﷺ گێڕدراوەتـەوه: فـەرمانی كـردووه بـه سـوتاندنی، لـەوانی تـرەوه فەرمان كراوه به كوشتنی و هەندێكیان دەڵێن: دیواری به سـەردا دەڕوخێنرێـت تا دەمرێت، گوتراوه: له پیسترین شوێندا بەند دەكرێت هەتا دەمرێت، هەندێكی تریان دەڵێن: دەبرێته سەر بەرزترین دیواری ناوچەكه و فڕێ دەدرێته خوارەوه، دوایی بـەرد باران دەكرێت، وەك ئەوەی خوا ﷻ سزای گەلەكەی لوط داوه به بەردباران كردنیـان، ئەمـەیان لـه ئـیبن عەباسـەوه ﷺ گێڕدراوەتـەوه، ولـه ڕیوایـەتێكی تـردا دەڵێـت: بەردباران دەكرێت، زۆربـەی پێشـینان لەسـەر ئـەو بۆچـوونەن و دەڵێن: چـونكه خـوا گەلەكەی لـوطـی بـەردباران كـرد، و بـەردباران كردنـی داوێـن پیسـیش لـه شـەریعەتدا دانـراوه وەك چـواندنێك بـه بـەردبارانكردنی گەلەكـەی لـوط، هـەردووكیان بـەردباران دەكرێن، ئەگەر ئازادبن یـان كۆیلـه، یـان یـەكێكیان كۆیلـه بێـت ئـەوێتریان ئـازاد، بـه مـەرجێك پێگەیشـتووبن، ئەگـەر یـەكێكیان پێنەگەیشـتوو بـوو ناكوژرێـت بـەڵام سـزا دەدرێت، كەسێك پێگەیشتوو نەبێت بەردباران ناكرێت.

بەشی سزای مەی خۆر و تۆمەتبارکردنی کەسێك بە داوێن پیسی

سزای مەیخۆر: لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ جێگیر بووە و موسڵمانانیش کۆڕان لەسەری، لە سونەنەکاندا ڕیوایەتکراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لە چەند ڕێگایەکەوە فەرموویەتی: ((من شرب الخمر فاجلدوه، ثم إن شرب فاجلدوه، ثم إن شرب فاجلدوه، ثم إن شرب الرابعة فاقتلوه))[١١٧].

واتە: هەرکەسێك مەی خواردەوە جەلدەی لێ بدەن، دیسان ئەگەر خواردیەوە جەلدەی لێ بدەنەوە، دیسان ئەگەر خواردیەوە جەلدەی لێ بدەنەوە، بۆ جاری چوارەم ئەگەر خواردیەوە بیکوژن.

جێگیر بووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە جەلدەی لە مەیخۆر داوە زیاتر لە جارێك، خەلیفەکانی و موسڵمانانیش دوای ئەو وایان کردووە.

کوشتن لای زۆربەی زانایان سڕاوەتەوە و حوکمی هەڵگیراوە (منسوخ)، گوتراوە: حوکمەکەی هەڵنەگیراوە، و گوتراوە: ئەوە سەرزەنشت کردنێکە کاریەدەست لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنێت.

لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر بووە کە چل دار و سەرپێیی (النعل) لە مەیخۆری داوە، و ئەبوبەکر ﷺ چل داری لێداون، عومەر ﷺ هەشتا داری لێداون، عەلی ﷺ هەندێك جار چل دار و هەندێك جار هەشتا داری لێداون، هەندێك لە زانایان دەڵێن: پێویستە هەشتا داریان لێبدرێت، هەیانە دەڵێن: پێویستە چل داریان لێبدرێت، لەوە زیاتر کاریەدەستان لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبەن، ئەگەر خەڵکانێك خوویان بە مەیخواردنەوەوە گرتبوو، یان لەوە زیاتری لێ نەدرێت ئەگەر لەو کارە نەگەڕێتەوە...هتد.

---

١١٧. رواه أبوداود(٤٤٨٢)، والترمذي(١٤٤٤)، وابن ماجه(٢٥٧٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦٣٠٩).

بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کەم دەخۆنەوە چل دار بەسە، ئەمەش لە بۆچوونەکەی تریان باشترە، ئەوەش گوتەی شافعی و ئەحمەدە، لە ڕیوایەتێکدا کە لە ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە.

عومەری کوڕی خەتاب ﷺ "کاتێک مەی خواردنەوە زۆر بوو" ئەوکات دووڕخستنەوە و سەرتاشینیشی بۆ زیاد کرد، لەگەڵ لێدانی چل داردا، یان ئەگەر کاربەدەست بوو لەسەر کار لابربێت کارێکی باشە، چونکە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ پێیان ڕاگەیاند هەندێك لە کاربەدەستانی بۆ گەواهیدان و نموونە هێنانەوە چەند دێڕێکی هێناوەتەوە کە باسی لە مەی کردووە، لەسەر کار لای بردوون.

ئەو مەیەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە، و پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەلێدانی دارحەد کردووە، بریتییە لە هەر خواردنەوەیەك کە مەست و سەرخۆش بکات لە هەر مادەیەك دروست کرابێت، ئەگەر لە بەرووبووم بێت وەك تریێ و خورما و هەنجیر، یان لە دانەوێڵە بێت وەك گەنم و جۆ، یان لە مێروو بێت وەك هەنگوین، یان لە گیانلەبەر بێت وەك شیری ماین، بەڵکو لە کاتێکدا خوای بالادەست ئایەتی حەرامکردنی مەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزاند، ئەو کات لە شاری مەدینە مەیی تریێ نەبوو، چونکە لە مەدینە داری ڕەز (مێو) نەبوو، تەنها لە ولاتی شامەوە دەهێنرا، زۆربەی خواردنەوەکانیان شەرابی(بادە) خورما بوو، لە سوننەتدا لە زۆر شوێن گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ و خەلیفە ڕاشدییەکان و هاوەڵانی، کە هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە، هەر هەموویان لە ڕەگەزی مەیین.

خەڵك جاران گیراوەی شیرینیان دەخواردەوە، ئەو گیراوەیە بریتی بوو لە ئاو و خورما و مێوژ بە تێکەڵکراوی، دواتر خورما و مێوژەکە دەردەهێنرا بۆ ئەوەی ئاوەکە شیرین بێت، بە تایبەت ئاوەکانی حیجاز کە زۆربەی شۆرە، ئەو جۆرە گیراوانە بە کۆڕای موسڵمانان حەڵاڵە، چونکە نابێتە هۆی سەرخۆشکردن، وەك چۆن شەربەتی

تـرێ حەڵاڵـە پـێش ئـەوەی ببێتـە مادەیـەکی سەرخۆشـکەر، پێغەمبـەری خـوا ﷺ یاساغی (نهی) ئەوەی لێکردبوون کە ئەو گیراوانە لە قاپی لە دار دروستکراو و لـە قـوڕ دروستکراو و قاپی بە قیر و زفت ڕوپۆشکراو بگرنـەوە، فـەرمانی پێکردبـوون کـە ئـەو گیراوانە لەو جۆرە قاپانـەدا بگرنـەوە کـە سـەرقاپەکانیان دەتوانرێـت بـە باشـی تونـد بکرێـت و بکرێتـەوە، چـونکە ئـەو جـۆرە دەفرانـە کاتێـک گیراوەکـەی ناویـان ببێتـە (سەرخۆشکەر) هەڵدەئاوسێن، گەر وانەبێت لەوانەیە گیراوەکـە ببێتـە سەرخۆشـکەر و نەزانرێت بخورێتەوە بەوەش مرۆڤ تووشی خواردنـەوەی شـتی گومـان لێکـراو دەبێـت، بەڵام ئەو جۆرە قاپانەی کە فەرمان کراوە ئەو جۆرە گیراوانەی تێدا نەگیرێتەوە ئەگەر گیراوەکەش بگەنێت و ببێتە مەیش گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

لە پێغەمبەری خوایان ﷺ گێڕاوەتەوە دواتر ڕوخسەتی بە بەکارهێنانی ئەو جـۆرە دەفرانە داوە و فەرموویەتی: ((كنت نهيتكم عن الإنتباذ في الأوعية فانتبذوا، ولا تشربوا المسكر))[١١٨].

واتـە: مـن یاسـاغی ئـەوەم لێکردبـوون کـە گـیراوە لـەو قاپانـەدا بگرنـەوە، ئێسـتا دەتوانن بیگرنەوە بەڵام سەرخۆشکەر مەخۆنەوە.

هاوەڵان و زانایانیش لە دوای ئەوان ناکۆکن، هەندێکیان سڕینەوەی (النسخ) ئەوەی پێنەگەیشتووە یان لای جێگیر نەبووە، یاساغی ئەوەی کردووە کە گـیراوە لـەو جـۆرە قاپانەدا بگیرێتـەوە، و هەیانـە بـاوەڕی وایـە ئـەو کـارە جـێگیر بـووە و سـڕاوەتەوە و ڕوخسـەتی بـەکارهێنانی ئـەو جـۆرە قاپـەیان داوە، هەنـدێك لـە شەرعناسـەکان بیسـتبوویان کـە هەنـدێك لـە هـاوەڵان گـیراوەی خورمـا و تـرێ دەخۆنـەوە، وایـان باوەڕکردبوو کە ئەو گیراوانە سەر خۆشکەرن، بەو گومانـەش ڕوخسـەتی خواردنـەوەی هەموو جۆرە گیراوەیەکیان دابـوو جگـە لـە گـیراوەی خورمـا و مێـوژ، ڕوخسـەتی ئـەو گیراوەشیان دابوو کە دوای کوڵان لە خورما و مێوژ دەگیرایەوە، بەڵام ڕاستی ئەوەیـە

---

١١٨. رواه مسلم (٩٧٧).

كه زۆربەی موسڵمانان لەسەری كۆكن، هەموو سەرخۆشكەرێك مەیە، هەركەسێك بیخواتەوە جەلدەی لێ دەدرێت، ئەگەر تەنها دڵۆپێكیش بخواتەوە بۆ چارەسەركردن بێت یان بۆ شتی تر، چونكە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ كە مەی بۆ چارەسەركردن بەكاربهێنن؟ فەرمووی: ((إنها داء وليست بدواء))[١١٩].

واتە: مەی خۆی نەخۆشیە بۆ چارەسەر بەكار نایەت.

دەفەرموێت: ((وإن الله لم يجعل شفاء أمتي فيما حرم عليها))[١٢٠].

واتە: خوا چارەسەری ئوممەتەكەمی لە شتانێكدا دانەناوە كە حەرامی كردووە لەسەریان.

سزادان پێویستە، بۆ كەسێك كە ئەو تاوانە ساغ ببێتەوە لەسەری، یان خۆی دانی پێدا بنێت، بەڵام ئەگەر بۆنی مەیی لێ دەهات، یان بینرا كە دەرشێتەوە یان شتێكی لەو بابەتە، گوتراوە: داری حەددی لێ نادرێت، چونكە پێ دەچێت ئەوەی خواردوویەتییەوە سەرخۆشكەر نەبێت، یان نەیزانیبێت مەیە و خواردبێتییەوە، یان بە زۆر دەرخواردیان دابێت...هتد.

گوتراوە: داری حەددی لێ دەدرێت ئەگەر زانرا سەرخۆشە، ئەوەش لە خەلیفە ڕاشدییەكان و هاوەڵان گێڕدراوەتەوە وەك عثمان و علی و ئیبن مسعود رضي الله عنهم، سوننەتی پێغەمبەری خواش ﷺ لەسەر ئەو ڕاستییە بەڵگەیە، خەڵك بەوە باش دەبن، ئەوەش مەزهەبی مالك و ئەحمەدە لە زۆربەی گوتەكانی و ئەوانی تریش.

ئەو حەشیشە سەرخۆشكەرەی كە لە گەڵای داری مێو دروست دەكرێت دیسان حەرامە، ئەوەی بیكێشێت داری حەددی لێ دەدرێت، لە مەی پیسترە لەو ڕوانگەیەوە

---

١١٩. رواه مسلم (١٩٨٤).

١٢٠. رواه الطبراني في المعجم الكبير(٢٣/٣٢٦)، وابن حبان في صحيحه(٣٣٩٣)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(١٦٣٧).

كه ژيرى و دەروونيش تێكدەدات، نامەردى و گەوادى و هەرچى كارى خراپ هەيە تووشى خاوەنەكەى دەكات.

لە مەى پيسترە لەو ڕوانگەيەوە كە تووشى دەمەقاڵە و شەڕ و كوشتنى دەكات و هەردووكيان مرۆڤ لە يادى خوا و نوێژ دوور دەخەنەوە، هەندێك لە زانايانى ئەم دواييە لە لێدانى دارى حەد لەو كارە وەستاون، وادەبينن كە خواردنى ئەو شتە نابێتە مايەى ئەوەى خاوەنەكەى شايەنى لێدانى دارى حەد بێت، چونكە واگومان دەبەن كە بێئاگابوون بەبێ هەستى خۆشى ومەست بوون وەكو بەنج بوون وايە و دەڵێن: زانايانى پێشين هيچ بۆچوونێكيان لەو بارەوە نييە، بەڵام وانييە بەڵكو ئەوانەى دەيخۆن پێى سەرخۆش دەبن و خووى پێوە دەگرن، وەك خواردنەوەى مەى بەڵكو خراپتريشە، و دەبێتە ڕێگر لە يادى خوا و نوێژ، بەتايبەت ئەوانەيان كە ڕۆدەچن لە خواردنى، لەگەڵ ئەو هەموو خراپيەى كە هەيەتى وەك نامەرد بوون و گەوادى كردن، تێكچوونى بير و هەست و هەرچى شتى ترى خراپ هەيە.

بەڵام لەبەر ئەوەى مادەيەكى ڕەقە دەخورێت و ناخورێتەوە، شەرعناسان ناكۆكن لە پيسييەكەى و سێ بۆچوونيان هەيە لەو بارەيەوە: لە مەزهەبى ئەحمەد و ئەوانى تر، گوتراوە: پيسە وەكو مەى، ئەوەش بۆچوونى ڕاستە، گوتراوە: نەخێر لەبەر ئەوەى ڕەقە، گوتراوە: جياوازى هەيە لە نێوان ئەوەى شل بێت يان ڕەق، بە هەرحاڵ ئەو مادەيە خوا و پێغەمبەرەكەى ﷺ حەرامياں كردووە بە گوتە وبە ماناش، چونكە لە بابەتى مەيە و سەرخۆشكەرە، ئەبو موسى ئەشعەرى ﷺ دەڵێت: گوتم ئەى پێغەمبەرى خوا ﷺ: فەتوامان بۆ بدە دەربارەى دوو خواردنەوە كە ئێمە لە يەمەن دروستيان دەكەين: (البتع) كە لە هەنگوين دروست دەكرێت هەتا دەگەنێت، و(المزر) كە لە گەنمەشامى و جۆ دروست دەكرێت هەتا دەگەنێت، دەڵێت: پێغەمبەرى خوا

ﷺ ئەوەی پێ بەخشرابوو کە بە کەمترین وشە زۆرترین مانا بکات (جوامع الکلم)، فەرمووی: ((کل مسکر حرام))[١٢١].

واتە: هەموو سەر خۆشکەرێك حەرامە.

نوعمانی کوڕی بشیر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إن من الحنطة خمراً ومن الشعير خمراً، ومن الزبيب خمراً، ومن التمر خمراً، ومن العسل خمراً، وأنا أنهى عن كل مسكر))[١٢٢].

واتە: لە گەنم و جۆ و مێوژ و هەنگوین مەی دروست دەکرێت، من یاساغی هەموو سەرخۆشکەرێك دەکەم.

بەڵام ئەم فەرموودەیە لە هەردوو صەحیحەکەدا بە گوتەی عومەر هاتووە، و لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوتاری خوێندوو فەرمووی: ((الخمر ما خامر العقل))[١٢٣].

واتە: مەی هەرشتێکە کە سەرخۆشبکات و زیری ببات، و ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((كل مسكر خمر، وكل مسكر حرام)).

واتە: هەموو سەر خۆشکەرێك مەییە، و هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ((كل مسكر خمر، وكل خمر حرام))[١٢٤].

واتە: هەموو سەر خۆشکەرێك مەییە، و هەموو مەییەك حەرامە.

---

١٢١. رواه البخاري(٤٣٤٣)، ومسلم(١٧٣٣).

١٢٢. رواه أبوداود(٣٦٧٧)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع)(١٦٠٤).

١٢٣. رواه البخاري(٤٦١٩)، ومسلم(٣٠٣٢).

١٢٤. رواه مسلم(٢٠٠٣).

عائشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((كل مسكر حرام، وما أسكر الفرق منه، فملء الكف منه حرام))[١٢٥].

واتە: هەموو سەر خۆشكەرێك حەرامە، و هەرشتێك (فرق)یێكی[١٢٦] سەرخۆش خواردنەوەی پڕ مشتێكی حەرامە.

خاوەن سونەنەكان لە چەند ڕێگایەكەوە لە پێغەمبەری خوایان ﷺ گێڕاوەتەوە كە فەرموویەتی: ((ما أسكر كثيره، فقليله حرام))[١٢٧].

واتە: ئەوەی زۆری سەرخۆش و مەست بكات، خواردنەوەی كەمیشی حەرامە.

جابر ﵁ دەڵێت: ((أن رجلاً سأل النبي ﷺ عن شراب يشربونه بأرضهم من الذرة، يقال له: المزر، فقال: أمسكر هو؟ قال: نعم، فقال: كل مسكر حرام، إن على الله عهداً لمن شرب المسكر، أن يسقيه من طينة الخبال، قالوا: يا رسول الله وما طينة الخبال؟ قال: عرق أهل النار، أو عصارة أهل النار))[١٢٨].

واتە: پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خواردنەوەیەك لە گەنمە شامی لای ئەوان دەخورایەوە پێیان دەگوت (المزر)، فەرمووی: ئەو خواردنەوەیە سەرخۆشكەرە؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: هەموو سەرخۆشكەرێك حەرامە، خوا بەڵێنی

---

١٢٥. رواه أبوداود (٣٦٨٧)، والترمذي(١٨٦٦)، و صححه الألباني في صحيح الجامع(٤٥٥٢).

١٢٦. فرق: في (النهاية): الفرق بالفتح مكيال يسع ستة عشر رطلا، وهي اثنا عشر مدا وثلاثة أصوع عند أهل الحجاز، وقيل: الفرق خمسة أقساط القسط نصف صاع، فأما الفرق بالسكون فمائة وعشرون رطلا منه الحديث ((ما أسكر الفرق منه فالحسوة منه حرام)) اهـ؛ فالسكون هو الأنسب بمقام المبالغة وكذا ضبط به في الأصول المعتمدة، وفي (القاموس): الفرق مكيال المدينة يسع ثلاثة أصوع، ويحرك أو هو أفصح أو يسع ستة عشر رطلا وأربعة أرباع، وقال ابن الملك: الفرق بالسكون من الأواني والمقادير ما يسع ستة عشر رطلا أو اثني عشر مدا، وعن محمد بن الحسن: ستة وثلاثين رطلا، والمعتمد ما قاله المحقق ابن الهمام من أن الفرق بتحريك الراء عند أهل اللغة، وأهل الحديث يسكنونها وهو مكيال معروف يسع ستة عشر رطلا (فملء الكف منه حرام) قال الطيبي: الفرق وملء الكف عبارتان عن التكثير والتقليل لا التحديد.

١٢٧. رواه أبوداود (٣٦٨١)، والترمذي(١٨٦٥)، وابن ماجه(٣٣٩٣)، والنسائي(٥٦٠٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٥٣٠).

١٢٨. رواه مسلم(٢٠٠٢).

داوه هەرکەسێك سەرخۆشکەر بخواتـەوە (طينة الخبـال)ی دەرخـوارد دەدات، گوتیـان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: (طينة الخبال) چییە؟ فەرمووی: ئارەقی ئـەهلی ئـاگرە یـان چلك و خوێن و پیسی ئەهلی ئاگرە.

ئیبن عـەباس رضي الله عنهما لـە پێغەمبـەری خـوای ﷺ گێڕاوەتـەوە: فەرموویـەتی: ((كـل مخمر خمر، وكل مسكر حرام))[١٢٩].

واتە: هەر شتێك سەرخۆشبكات مەییە، وهەموو سەر خۆشكەرێك حەرامە.

فەرموودە لەو بارەیەوە زۆر زۆرە، پێغەمبەری خـوا ﷺ بـە چـەند وشـەیەكی كـەم مانای زۆری كردووە ئەوەی ئاگا و ژیری مرۆڤ ببات و سەرخۆشی بكات، بەبێ جیاوازی لە نێوان جۆرێك و جۆرێكی تر، ئەگەر خواردنەوە بێت یـان خـواردن، چـونكە لەوانەیـە كەسێك نان بكاتە ناو مەی و بیخوات، و حەشـیش دەخـورێت و دەخـورێتـەوە، هـەموو ئەوانە حەرامن، لەبەر ئـەوە پێشـینان قسـەیان لەسـەر ئـەو بابەتـە نـەكردووە چـونكە شـتێكی تازەیـە لـە نزیـك كۆتاییـەكانی سـەدەی شەشـەمدا دەركـەوتووە، وەك چـۆن خواردنەوەی ترێی سەرخۆشـكەر دوای پێغەمبـەری خـوا ﷺ دروسـت كـراوە، هـەموو ئەوانە لە ژێر ئەو حوكمە گشتیانەی قورئان و سوننەتدا جێگەیان دەبێتەوە.

---

١٢٩. رواه أبوداود (٣٦٨٠)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٤٥٤٨).

بەشی سزای تاوانبارکردن بە داوێن پیسی

یەکێك لەو تاوانانەی کە قورئان و سوننەتی پێهاتووە، موسڵمانانیش کۆڕان لەسەری سزای تاوانبارکردنە بە داوێن پیسی، ئەگەر کەسێك کەسێکی ئازادی داوێن پاکی تاوانبارکرد بە داوێن پیسی یان بە نێربازی، پێویستە هەشتا جەلدەی لێ بدرێت، (محصن) لێرە بە مانای کەسی ئازادی داوێنپاکە، بەڵام لە پرسی سزای داوێن پیس بە کەسێك دەوترێت کە ژنی هێنابێت یان مێردی کردبێت و جووت بووبێت بە بەڵگەنامەیەکی مێردکردنی دروست.

بەشی ئەو تاوانانەی کە حەددێکی دیاری کراویان نییە

ئەو تاوانانەی کە حەددێکی دیاریکراویان بۆ دانەنراوە یان کەفارەتی بۆ دیاری نەکراوە، وەك ئەو کەسەی منداڵێك یان ژنێکی بێگانە ماچ بکات، یان دەستبازی لەگەڵ ئافرەتێکدا بکات بەبێ جووت بوون، یان شتێکی حەرام دەخوات وەك خوێن و مردارەوە بوو، یان کەسێك تۆمەتبار دەکات بە جگە لە داوێن پیسی، یان دزی لە شوێنێك دەکات کە شوێنێکی پارێزراو نییە، یان دزینی شتێکی کەم، یان خیانەت کردن لە ئەمانەت، وەك کارمەندانی (بیت المال) یان مالّی (الوقف) و مالّی هەتیو و هاوشێوەکانی، ئەگەر خیانەت بکەن، یان بریکار و هاوەڵ ئەگەر خیانەت بکەن، یان کەسێك لە کڕین و فرۆشتندا گزی (غش) بکات، وەك ئەو کەسانەی کە لە شتومەکی خواردن و کەلوپەل و هاوشێوەکانی دزی دەکەن، یان لە کێشانە و پێوانە دزی لە خەڵك دەکەن، یان کەسێك گەواهی ناڕەوا بدات، یان گەواهی ناڕەوا بخاتە سەر زاری کەسێك، یان بەرتیل بدات بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی، یان حوکم بە قورئان نەکات، یان ستەم لە هاوڵاتییەك بکات، یان تەعزیەباری وەکو سەردەمی نەفامی بکات، یان بەدەم بانگهێشتی نەفامیەوە بچێت، هەروەها هەموو حەرام کراوەکانی تر،

هەموو ئەو جۆرە کەسانە سزادەدرێن بەوەی سەرزەنشت دەکرێن و لۆمە دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، بە ئەندازەی ئەوەی کاربەدەست بە پێویستی بزانێت، بەگوێرەی زۆر و کەمی تاوانەکە، ئەگەر تاوانەکەی زۆر بوو سزاکەی زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە تاوانەکەی کەم بێت، یان سەیری حاڵی تاوانبارەکە دەکرێت، ئەگەر لەو کەسانە بوو کە خووی بە تاوان کردنەوە گرتبوو سزای زیاتر دەدرێت، بە پێچەوانەی کەسێك کە بە کەمی تاوان دەکات، بەگوێرەی گەورە و بچووکی تاوانەکە، ئەگەر کەسێك دەست بۆ کۆمەڵە ژن و منداڵێکی خەڵك ببات زیاتر سزا دەدرێت وەك لە کەسێك کە تەنها دەست بۆ ژنێك یان منداڵێك ببات.

کەمترین تاوان حەددی تیادا نییە، و حەد هەرشتێکە کەسێك ئازار بدات، بە گوتە یان بە کردار، یان بە قسە لەگەڵدا نەکردن، یان هەڵسوکەوت لەگەڵ نەکردنی، کەسێك سەرزەنشت دەکرێت بە ئامۆژگاری کردنی یان بە ترساندنی، یان بە توڕەبوون لێی، هەندێك جار بەوە سزا دەدرێت کە سەلامی لێناکرێت هەتا پەشیمان دەبێتەوە لەو کردەوەی ئەگەر ئەم کارە بەرژەوەندی تیادابوو بۆی، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ قسەی لەگەڵ ئەو سێ هاوەڵەدا نەکرد کە لە جەنگی تەبووك دواکەوتن، هەندێك جار بەوە سزا دەدرێت کە لەسەر کار لادەبرێت وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی وایان دەکرد، و هەندێك جار سزا دەدرێت بەوەی لەگەڵ سەربازی موسڵمانان بەکار ناهێنرێت وەك جەنگاوەرێك، ئەگەر لە کاتی شەڕدا پشتی هەڵکرد و هەڵهات، چونکە پشت هەڵکردن لە جەنگ لە تاوانە گەورەکانە، بڕینی مووچەکەی وەکو سزایەکە بۆی، کاربەدەست ئەگەر خۆی بە گەورە زانی لادانی لەسەر کار سزایە بۆی.

هەروەها سزای دەدرێت بە بەندکردن، و هەندێك جار بە لێدان، وبە ڕەشکردنی ڕوخساری و سوارکردنی لەسەر گوێدرێژ بە هەڵگەڕاوەیی، وەك لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کەوای کردووە لەو کەسەی کە گەواهی بە درۆ داوە،

چونکه درۆزن ڕوو ڕەشە ئەویش دەموچاوی ڕەش کردووە و قسەی هەڵگێڕاوەتەوە ئەویش سواربوونەکەی هەڵگێڕاوەتەوە.

بەڵام لایەنی زۆری ئەم جۆرە سزادانە، گوتراوە: دە قامچی زیاتری لێنادرێت، زۆربەی زانایان دەڵێن: نابێت بگەیەنرێتە ئاستی داری حەد، دیسان ئەوان دوو گوتەیان هەیە، هەیانە دەڵێن: نابێت بگاتە ئاستی کەمترین داری حەد، و نابێت بۆ کەسێکی ئازاد بگاتە ئاستی حەددی کەسێکی ئازاد، ئەویش چل یان هەشتا داری حەددە، و نابێت بۆ کەسێکی کۆیلە بگاتە ئاستی سزادانی کۆیلەیەک، ئەویش بیست یان چل داری حەددە، و گوتراوە لە هەربارێکدا نابێت بگاتە ئاستی حەددی کۆیلەک، هەرتاوانێك مەرج نییە ئەو سزایە بدرێت کە بۆ هاوشێوەکەی لە شەریعەتدا دانراوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك شتێك بدزێت لە شوێنێك دەرەوەی ئەو بازنەی کە پێیدەڵێن: پارێزراو دەستی نابڕدرێت، ئەگەرچی داری حەددی لێدەدرێت زیاتر لەو کەسەی تۆمەتی داوێن پیسی دەداتە پاڵ بێ تاوانێك، و هەرکەسێك هەرچی بە ئافرەتێك بکات بەڵام داوێن پیسی لەگەڵدا نەکات دیسان سزای شەروالپیسی بەسەردا ناسەپێت، وەك لە عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه گێڕدراوەتەوە: (کەسێك مۆرەکەی تەزویر (ساختە) کردبوو، بەوەش پارەی لە (بیت المال) وەرگرتبوو، فەرمانی کرد ڕۆژی یەکەم سەد دار و ڕۆژی دووەم سەد دار و ڕۆژی سێیەم سەد داری لێ بدرێ)، لە خەلیفە ڕاشدیەکانیان گێڕاوەتەوە: ئەگەر پیاو و ژنێك لە نێو نوێنێکدا بینران، سەد داریان لێدەدرێت، ولە پێغەمبەری خوایان گێڕاوەتەوە ﷺ: کەسێك جووت بێت لەگەڵ کەنیزەکی خێزانەکەی: ((إن كانت أحلتها له جلد مائة وإن لم تكن أحلتها له: رجم))[١٣٠].

١٣٠. رواه أبوداود(٤٤٥٩)، والترمذي(١٤٥١)، ولبن ماجه(٢٥٥١)، والنسائي(٣٣٦٠)، وضعفه الألباني في (ضعيف أبي داود).

واتە: ئەگەر ژنەکەی حەلالّی کردبوو بۆی سەد داری لێدەدرێت، بەلاّم ئەگەر حەلالّی نەکرد بوو بۆی: بەردباران دەکرێت.

ئەم بۆچوونانە مەزهەبی ئەحمەد و چەند زانایەکە، دوو بۆچوونەکەی پێشوو مەزهەبی شافعی و چەند زانایەکی تـرە، بـەلاّم مالـك و چـەند زانایـەك لێیـان گێڕدراوەتەوە: تاوانی واهەیە خاوەنەکە بە هۆیەوە دەکوژرێت، هەندێك لـە هـاوەلاّنی ئەحمەد هاوڕان لەگەلّیدا بۆ نموونە ئەگەر موسلّمانێك سیخوڕی کرد بۆ دوژمنـان لـە دژی موسلّمانان، ئیمامی ئەحمەد لە کوشتنی ئـەو جـۆرە مرۆڤانـە ڕاوەسـتاوە، بـەلاّم مالك و هەندێك لە حەنبەلییەکان کوشتنیان بە دروست زانیوە "وەك ئـیبن عـەقیل"، و ئەبوحەنیفە و شافعی و هەندێکی تر لە حەنبەلییەکان "وەك قازی ئـەبویعلا" ئـەوەیان بە دروست نەزانیوە.

هەندێك لە هاوەلاّنی شافعی و ئەحمەد و چەند زانایـەکی تـر بـە دروسـتیان زانیـوە: کەسێك ئەگەر بانگەوازکار بێت بۆ شتە داهێنراوەکان (البدع) کە پێچەوانەی قورئـان و سوننەتن بکوژرێن، هەروەها زۆربەی هاوەلاّنی مالکیش ئەوەیان بـە دروسـت زانیـوە و دەلێن: مالك لەبەر ئەوە کوشتنی قەدەرەییەکانی (القدرية) بە دروست زانیـوە چـونکە بشـێوی دەنێنـەوە لەسـەر زەوی، نـەك لەبـەر هەلّگەڕانـەوە لـە ئـایین، هـەروەها جادووگەریش (ساحر) لەبەر ئەو هۆیە دەکوژرێت، چونکە زۆربـەی زانایـان ڕایـان وایـە جادوگەر دەکوژرێت، وڵە جوندبەوە ﷺ بە گوتەی خۆی و فەرموودەی پێغەمبـەری خواش ﷺ گێڕدراوەتەوە: ((إن حد الساحر ضربه بالسيف))[١٣١].

واتە: سزای جادوگەر کوشتنییەتی بە شمشێر.

هەروەها لە عومەر وعوسمان وحەفصە وعبداللەی کوڕی عومەر وهاوەلاّنی تریشەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە ڕایان وایە دەکوژرێت، هەندێك زانـا دەلّێن: لەبـەر ئـەوەی کـافر

١٣١. رواه الترمذي(١٨٦٥)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٢٦٩٩).

بووە و هەندێکی تریان دەڵێن: لەبەر بشێوی (الفساد) نانەوەیە لەسەر زەوی، بەڵام زۆرینەی زانایان ڕایان وایە دەکوژرێت وەکو حەددێك لەسەری، و ئەبوحەنیفە ڕای وایە کەسێك کە تاوان دووبارە بکاتەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت، ئەگەر جۆری ئەو تاوانە شایانی کوشتن بێت، وەك چۆن کەسێك نێربازی دووبارە بکاتەوە دەکوژرێت، یان کەسێك کەسێکی تر تیرۆر بکات لە پێش مالّی خۆیدا یان هەرشتێکی تر لەبری دەکوژرێت.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی تێکدەر و بشێویکار ئەگەر بەکوشتن نەبێت واز لەوکارە خراپانە نەهێنێت دەکوژرێت، ئەو فەرموودەیە کە مسلم لە صەحیحەکەیدا لە عورفجەی ئەشجعیەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە، دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: ((من أتاكم وأمركم جميع على رجل واحد، يريد أن يشق عصاكم، أو يفرق جماعتكم فاقتلوه)) وفي رواية: ((ستكون هنات، وهنات، فمن أراد أن يفرق أمر هذه الأمة وهي جميع فاضربوه بالسيف كائناً من كان))[١٣٢].

واتە: ئەگەر ئێوە تەبا بوون لەسەر پێشەوایەتی و سەرکردایەتی کەسێك، و کەسێك بێت و بیەوێت ئەو یەك دەنگی و تەبابوونەتان لێ تێك بدات بیکوژن، ولە ڕیوایەتێکی تردا: لە ئاییندەدا کۆمەڵێك بشێوی و شتی سەرسوڕهێنەر پەیدا دەبێت، هەرکەسێك بیەوێت کاری ئەم ئوممەتە تێکبدات لە کاتێکدا ئەوان تەبابوون، ئەوە بە شمشێر بیکوژن، هەرکەسێك بوو.

هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە مەی دەخۆنەوە فەرمان کراوە بەکوشتنیان جاری چوارەم، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەحمەد لە موسنەددا لە دەیلمی الحمیرییەوە ﷺ گێڕاوەتەوە دەڵێت: ((سألت رسول الله ﷺ فقلت يا رسول الله: إنا بأرض نعالج بها عملاً شديدا، وإنا نتخذ شرابا من القمح نتقوى به على أعمالنا، وعلى

---

١٣٢. رواه مسلم(١٨٥٢).

برد بلادنا، فقال: هل يسكر، قلت: نعم، قال: فاجتنبوه، قلت: إن الناس غير تاركيه، قال: فإن لم يتركوه فاقتلوهم))[١٣٣].

واتە: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە لە ولاتێکین ئیشوکاری سەخت و دژوار دەکەین، خواردنەوەیەك لە گەنم دروست دەکەین، بۆ ئەوەی بە هێزمان بکات لە ئیش وکارەکانمان، و لەبەر سەرمای ولاتەکەمان دەیخۆینەوە، فەرمووی: سەرخۆش دەکات؟ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: لێی بەدوورین، گوتم: خەڵکی وازی لێناهێنن، فەرمووی: هەرکەس وازی نەهێنا بیکوژن.

لەبەر ئەوەی تێکدەر وەك دەست درێژیکار وایە، ئەگەر وازی لەو کارەی نەهێنا بەکوشتن نەبێت ئەوا دەکوژرێت، بەوەش کە باسمانکرد سزادان دوو جۆرە:

یەکەم: لەسەر تاوانێك کە ئەنجام دراوە، سزادان بەرەنجامی تاوانێکە وەك سەرزەنشتێك لەلایەن خواوە، بۆ نموونە سزادانی مەی خۆر یان سزای کەسێك کە بە بێتاوان کەسێکی تر بە داوێن پیسی تاوانبار دەکات، و بڕینی دەست و پێی ڕێگر و بڕینی دەستی دز.

دووەم: سزادان لەبەر ئەنجام نەدانی کارێکی پێویست، یان وازنەهێنان لە کارێکی حەرام لە ئایندەدا وەك چۆن کەسێك لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە داوای پەشیمان بوونەوەی لێدەکرێت، ئەگەر پەشیمان نەبووەوە دەکوژرێت، هەروەها نوێژنەکەر و زەکات نەدەر و پێشێلکاری مافی خەڵك سزا دەدرێن هەتا ئەوەی لەسەریانە بەجێی دەهێنن، ئەگەر کەسێك سزادرا بە لێدان، بۆ جاری دووەم زیاتر سزا دەدرێت ئەگەر ئەوەی پێویست بوو لەسەری بەجێی نەهێنا، بۆ نموونە دروستە سزای نوێژنەکەر بدرێت چەند جارێك هەتا نوێژ دەکات، یان ئەوەی پێویستە لەسەری بە ئەنجامی

---

١٣٣. رواه أبوداود(٣٦٨٣)، وصححه الألباني في (المشكاة)(٣٦٥١).

دەگەیەنێت، ئەو فەرموودەیەی کە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەفەرموێت: ((لا يجلد فوق عشرة أسواط إلا في حد من حدود الله))[١٣٤].

واتە: لە دە قامچی زیاتر لە کەس نادرێت مەگەر لەسەر حەددێك لە حەددەکانی خوا ﷻ نەبێت.

هەندێك لە ئەهلی زانست بەوە ڕاڤەیان کردووە، مەبەستی لە سنوری خوا ئەوەیە کە حەرام کراوە لەبەر مافی خوا، چونکە زاراوەی سنورەکان (الحدود) لە قورئان و سوننەتدا مەبەست پێی جیاوازی کردنە لە نێوان حەڵاڵ و حەرام، وەك کۆتایی حەڵاڵ و سەرەتای حەرام، لە یەکەمدا دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَاۚ ﴿٢٢٩﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: ئەوانە سنورەکانی خوان مەیانبەزێنن.

لەباری دووەمدا دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَاۗ ﴿١٨٧﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: ئەوانە سنوری خوان نزیکیان مەکەونەوە.

بەڵام ناونانی سزادانی دیاریکراو بە (حد)، ئەو شتە لە نەریتەوە (عرف) وەرگیراوە، مەبەستی فەرموودەکەش: هەرکەسێك لە کەسێکی تریدا لەبەر پێشێل کردنی مافێکی خۆی، وەك لێدانی پیاو لە خێزانەکەی ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرد لەسەر شتێك کە سەرپێچی خوا نەبوو، نابێت دە دار زیاتری لێبدات، ئەو جەلدەی کە شەریعەتی ئیسلامی دیاریکردووە: قامچییەکی مام ناوەندە، چونکە باشترین شتەکان وەرگرتنی مام ناوەندەکەیەتی، عەلی ﷺ دەڵێت: (لێدانێکی مام ناوەند، و قامچییەکی مام ناوەند)، جەلدە لێدان نابێت بە گۆچان و شتی تر بێت بەڵکو بە جۆرە قامچییەکی

١٣٤. رواه البخاري(٦٨٤٨)، ومسلم(١٧٠٨).

تایبەتە، ئەو جۆرە قامچییەش بەکارنایەت کە پێی دەوترێت (الدرة) بەڵکو بۆ سەرزەنشتکردن بەکاردێت.

عومەری کوڕی خەتاب ﷺ: لە کاتی تەمێکردن و سەرزەنشتکردندا (الدرة)ی بەکار دەهێنا، بەڵام بۆ سنورەکان قامچی بەکار دەهێنا و هەموو جلوبەرگەکەی لەبەر دانەدەکەند، بەڵکو تەنها ئەوەی لەبەر دادەکەند کە بەرگری لە لێدانەکە بکردایە وەک فەروە و فەرەنجی و هاوشێوەیان، و نابەسترێتەوە ئەگەر پێویستی بەوە نەکرد، ولە دەموچاوی نادرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إذا قاتل أحدكم فليتق الوجه))[١٣٥].

واتە: لە هەر کەسێکتان دا خۆتان لە لێدانی ڕوخساری بپارێزن.

چونکە لێدانەکە بۆ کوشتنی نییە بەڵکو بۆ تەمێ کردنییەتی، هەر ئەندامێکی تری پێویستە لەو ئازارە بەشداربێت، وەک پشت و شان و ڕانەکانی.

١٣٥. رواه البخاري (٢٥٥٩)، ومسلم (٢٦١٢).

بەشی سزای سەرپێچیکاران

ئەو سزایانەی کەلە شەریعەتدا هاتووە بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن دوو جۆرن:

یەکەمیان: سزادانی ئەوەی لە توانا دایە سزا بدرێت، کەسێك بێت یان زیاتر.

دووەمیان: سزادانی کۆمەڵێکی بەرگریکار، وەك ئەوەی لە ژێر ڕکێفدا نەبن و دەستیان پێنەگات بە جەنگ نەبێت.

ئەوە بنچینەی تێکۆشانە لە دژی بێباوەڕان و دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ، هەرکەسێك بانگەوازی (دعوة) پێغەمبەری خوای ﷺ پێگەیشت کە ئەوە ئایینی خوایە ناردوویەتی ووەڵامی نەدایەوە پێویستە لەگەڵیدا شەڕ بکرێت: ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ ٣٩﴾(الأنفال).

واتە: بۆ ئەوەی تەنها ئایینی خوا بالاببێت ولەگەڵ خوادا کەسی تر نەپەرسترێت.

چونکە کاتێك خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕەوانەکرد فەرمانی پێکرد خەڵك بانگ بکات بۆ ئایینی خوا ئەوکات ڕوخسەتی نەدابوون کەس بکوژن و لەگەڵ کەسدا بجەنگن، هەتا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئیتر ڕوخسەتی بەو موسڵمانانەش دا بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ٣٩ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٤١﴾(الحج).

واتە: ڕوخسەت دراوە بەو کەسانەی کە ستەمیان لێکراوە بجەنگن، خوا ﷻ بە توانایە بۆ سەرخستنیان ئەو کەسانەی کەلە ماڵەکانی خۆیان بە ناڕەوا دەرکراون، تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگوت خوا پەروەردگارمانە، ئەگەر خوا بە هۆی جەنگ و تێکۆشان ڕێگری لە بێباوەڕ و هاوەڵ بڕیاردەرەکان نەکردبا، ئەوا هەموو کڵێسا و پەرستگا گەورەکانی جولەکە و گاورەکان و مزگەوتی موسڵمانان کە یادی خوای تێدا دەکەن تێکدەدران، هەرکەس ئایینەکەی خوا سەربخات خوا سەری دەخات، خوا بەهێز وبە توانایە، ئەو کەسانەی کە سەرمان خستن نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بەچاکە دەکەن و یاساغی خراپە دەکەن، سەرئەنجام هەمووان بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە.

لە دوای ئەوەش خوا شەڕی لەسەر پێویست کردن بەو ئایەتە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: جەنگان لە دژی بێباوەڕان واجب و پێویست کراوە لەسەرتان کە پێتان ناخۆشە و قورسە لەسەرتان، لەوانەیە شتێکتان پێ ناخۆش بێت خێر و چاکە بێت بۆتان، و شتێکتان پێ خۆش بێت کە شەڕ و خراپە بێت بۆتان، خوا دەزانێت و ئێوە نازانن.

داکۆکی پێویستبوون و گەورەیی جیهاد و تێکۆشان لە هەموو سورەتە مەدەنییەکاندا هاتووە، بە خراپ باسی ئەو کەسانە دەکات کە وازی لێ دەهێنن و وەسفیان دەکاتە بە دووڕوو و دڵنەخۆش، خوا دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى

سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر باوکانتان ومنداڵەکانتان وبراکانتان و ژنەکانتان وخێڵ و عەشیرەتەکەتان وئەو مالّ و سامانەی کە دەستتان کەوتووە و ئەو بازرگانییەی کە دەترسن لە زەرەر و زیان و لەناوچوونی و ماڵەکانتان کە پێی خۆشحاڵن، خۆشەویسترە لەلاتان لە خوا و پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان لەپێناوی خوا، چاوەڕوانی سزای خوابن، خوا هیدایەتی لەڕێ دەرچووان نادات.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾(الحُجُرَات).

واتە: ئەو باوەڕدارانەی باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە، پاشان هیچ گومان لە دڵیاندا نییە، بە مالّ و گیانیان لەپێناو ڕێگای خوا تێدەکۆشن بێگومان ئەوانە ڕاستگۆن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ مُّحۡكَمَةٞ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلۡقِتَالُ رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ نَظَرَ ٱلۡمَغۡشِيِّ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ فَأَوۡلَىٰ لَهُمۡ ﴿٢٠﴾ طَاعَةٞ وَقَوۡلٞ مَّعۡرُوفٞۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلۡأَمۡرُ فَلَوۡ صَدَقُواْ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ ﴿٢١﴾ فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ ﴿٢٢﴾(مُحَمَّد).

واتە: ئەگەر سورەتێکی ڕوون وئاشکرا دابەزێت و باسی جەنگی تێدا بکرێت، دەبینی ئەو کەسانەی کە دڵیان نەخۆشە بەشێوەیەک سەیرت دەکەن چاویان ئەبڵەق بووە لە ترسی مردن، باشترە بۆیان گوێڕایەڵبن و قسەی باش بکەن، ئەگەر کار لە

کارترازا و جەنگ پێویست بوو لەسەریان ئەگەر ڕاست بکەن لەگەڵ خوا باشترە بۆیان، ئەگەر پشتان لە باوەڕەکەتان کرد و دەستان کردە بشێوی نانەوە بە کوفر و هاوەڵبڕیاردان و پچڕاندنی سیلەی ڕەحم ئەوە کارێکی خراپە.

لەم جۆرە ئایەتانە زۆرن لە قورئاندا.

هەروەها خوای باڵادەست جیهادکردن و تێکۆشەرانی بەرز وبە گەورە داناوە، لە سورەتی (الصف)دا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١١ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٢ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٣﴾(الصّف).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئایا ڕێگای بازرگانییەکتان پیشان بدەم کە لە سزای بە ئێش و ئازار ڕزگارتان بکات، باوەڕ بێنن بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ و تێبکۆشن لە پێناوی خوا بەماڵ و گیانتان ئەوە باشە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن، خوا لە تاوانەکانتان دەبوورێت و دەتانخاتە بەهەشتێک کە ئاو بە ژێر باخەکانیدا تێدەپەڕێت و ماڵی خۆش و جوان و ڕازاوەی تێدایە، ئەوە سەرکەوتنی گەورەیە، شتێکی تریش کە حەزی لێ دەکەن، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنە لەلایەن خواوە و زیاتر ڕزگار کردنی وڵاتانە بە خێرایی، ئەی محمد ﷺ مژدەی پاداشت بدە بە باوەڕداران.

هەروەها ئەو ئایەتانەی کە دەفەرموێت: ﴿۞أَجَعَلۡتُمۡ سِقَايَةَ ٱلۡحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ كَمَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَجَٰهَدَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ لَا يَسۡتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي

سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ أَعۡظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ۝٢٠ يُبَشِّرُهُمۡ رَبُّهُم بِرَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَرِضۡوَٰنٖ وَجَنَّٰتٖ لَّهُمۡ فِيهَا نَعِيمٞ مُّقِيمٌ ۝٢١ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ۝٢٢﴾(التَّوْبَة).

واتە: ئایا ئێوە ئاودان بە حاجیان و ئاوەدانکردنەوەی مالّی خوا، دەچوێنن بە کەسێك کە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هێناوە و تێدەکۆشێت لە پێناوی ڕێگای خوا، لای خوا چوونیەك و یەکسان نین، خوا ڕێنمایی کۆمەڵی ستەمکار ناکات، ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و تێدەکۆشن لە پێناوی ڕێگای خوا بە مالّ و گیانیان، پلەیان زۆر بالّایە لەلای خوا، ئەوانە براوەن، پەروەردگاریان مژدەی لێخۆش بوون و ڕازیبوون و بەهەشتی ناز و نیعمەتی نەبڕاوەیان دەداتێ، بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، بە ڕاستی خوا پاداشتی گەورەی لایە.

دیسان دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ۝٥٤﴾(المَائِدَة).

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، هەرکەسێك لە ئێوە لە ئایینەکەی هەڵگەڕێتەوە، ئەوا خوا خەڵکانێك دەهێنێت کە خۆشی دەوێن وئەوانیش خوایان خۆش دەوێت، سەرکزن بەرامبەر باوەڕداران، وبەرامبەر بێباوەڕان سەربڵند و بەهێزن، لە پێناوی ڕێگای خوا جیهاد دەکەن و تێدەکۆشن، ولە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك ناترسن، ئەوە فەزڵی خوایە دەیبەخشێت بە هەرکەسێك کە بیەوێت، و خوا فەزڵی فراوانە و زانایە بەوەی کە کێ شایستەیە پێی ببەخشێت.

دیسان دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾ وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢١﴾﴾(التَّوْبَةِ).

واتە: تێکۆشەرانی ڕێگای خوا توشی تینوێتی و هیلاکی و برسێتی نابن لە پێناوی خوا، و بچنە هەرشوێنێك کە بێباوەڕان پێیان ناخۆش بێت، و هەرچیان لێ بە دەستکەوت بگرن، بە هەریەکە لەوانە خوا کارێکی باشیان بۆ دەنووسێت، خوا چاکەی چاکەکاران ون ناکات، ئەوان هەرچی ببەخشن لە گەورە و بچوك یان هەر شیوێك تێپەڕێنن ئیللا بۆیان دەنوسرێت، بۆ ئەوەی خوا پاداشتی ئەو کارە باشانەیان بداتەوە.

بیربکەرەوە لە ئەنجامی کارەکانی ئەوان چی دروست دەبێت، سەرئەنجام چی پاداشتێکیان دەست دەکەوێت و فەرمانکردن بە جیهاد و تێکۆشان و باسی خێر و چاکەی لە قورئان و سوننەتدا زۆرترە لەوەی بتوانرێت هەمووی لە شوێنێکدا باس بکرێت.

لەبەر ئەوە باشترین کاری سوننەتە کە مرۆڤ ئەنجامی بدات، زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە باشترە لە حەج و عومرە، ولە نوێژی سوننەت و ڕۆژووی سوننەت، وەك چۆن قورئان و سوننەتیش بەڵگەن لەسەر ئەوە، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((رأس الأمر الإسلام، وعموده الصلاة، وذروة سنامه الجهاد))[١٣٦].

---

١٣٦. رواه الترمذي(٢٦١٦)، وابن ماجه(٣٩٧٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٥١٣٦).

واتە: گەواهیدانی ئیسلام سەری هەموو شتەکانە، و نوێژیش کۆڵەکەیەتی و جیهاد و تێکۆشان لوتکەیە و بەرزترین کارە.

هەروەها فەرموویەتی: ((إن في الجنة لمائة درجة، ما بين الدرجة والدرجة، كما بين السماء والأرض، أعدها الله للمجاهدين في سبيله))[١٣٧].

واتە: لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، نێوان هەرپلەیەك بۆ پلەیەکی تر، وەك نێوانی ئاسمان و زەویە، خوا ئامادەی کردووە بۆ ئەو کەسانەی لە پێناوی ئایینی خوا ﷻ تێدەکۆشن.

لە فەرموودەیکی تردا هاتووە: ((من اغبرت قدماه في سبيل الله حرمه الله على النار))[١٣٨].

واتە: ئەوەی پێیەکانی لە پێناوی خوادا تۆزاوی بکات خوا ئاگری لەسەر حەرام دەکات.

هەروەها فەرموویەتی: ((رباط يوم وليلة في سبيل الله خير من صيام شهر وقيامه، وإن مات أجري عليه عمله الذي كان يعمله، وأجري عليه رزقه، وأمن الفتان))[١٣٩].

واتە: چاودێری کردن و پاسەوانی شەو و رۆژێك لە پێناوی خوا خێری زیاترە لە رۆژوو و شەونوێژی مانگێك، ئەگەر بمرێ ئەو کارەی کە لەسەری بووە دوای مردنیش هەر پاداشتی بۆ دەنوسرێت، و رۆزیشی بەردەوام دەبێت، ولە سزای نێو گۆڕیش ڕزگاری دەبێت.

لە سونەنەکاندا هاتووە دەفەرموێت: ((رباط يوم في سبيل الله، خير من ألف يوم فيما سواه من المنازل))[١٤٠].

---

١٣٧. رواه البخاري(٢٥٥٩)، ومسلم(٢٦١٢).

١٣٨. رواه البخاري(٩٠٧).

١٣٩. رواه مسلم(١٩١٣).

١٤٠. رواه الترمذي(١٦٦٧)، والنسائي(٣١٦٩)، وقال الألباني في (صحيح الترغيب)(١٢٢٤): حسن لغيره.

واتە: چاودێریکردنی و پاسەوانی ڕۆژێك لە پێناوی خوا، باشترە لە هەزار ڕۆژ لە ڕۆژانی مالّەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ((عينان لا تمسهما النار، عين بكت من خشية الله، وعين باتت تحرس في سبيل الله))[١٤١].

واتە: دوو چاو ئاگریان بەرناکەوێت و نایان سوتێنێ، چاوێك لەبەر ترسی خوا بگری، وچاوێك چاودێری بکات لە ڕێگای خوا.

هەروەها فەرموویەتی: ((حرس ليلة في سبيل الله، أفضل من ألف ليلة يقام ليلها، ويصام نهارها))[١٤٢].

واتە: چاودێری کردنی شەوێك لە پێناوی خوا، باشترە لە هەزار شەو، شەونوێژی تیادا بکرێت، ڕۆژەکەشی ڕۆژووی تیادا بگیرێت.

لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە: ((أن رجلاً قال: يا رسول الله، أخبرني بشيء يعدل الجهاد في سبيل الله، قال: لا تستطيع، قال: أخبرني به قال: هل تستطيع إذا خرج المجاهد أن تصوم لا تفطر، وتقوم لا تفتر؟ قال لا، قال: فذلك الذي يعدل الجهاد))[١٤٣].

واتە: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، هەواڵم بدەرێ دەربارەی کردەوەیەك هاوتای تێکۆشان بێت لە پێناوی خوا؟، فەرمووی: ناتوانیت پێی هەستیت، گوتم: پێم بڵێ، فەرمووی: ئایا دەتوانیت ئەگەر تێکۆشەر لە ماڵ دەرچوو بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوا بە ڕۆژوو بیت و نەیشکێنیت و شەونوێژ بکەیت و کۆڵ نەدەیت، گوتی: نەخێر، فەرمووی: ئەوە هاوتای تێکۆشانە لە پێناوی خوا.

---

١٤١. رواه الترمذي (١٦٣٩)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٤١١٢).

١٤٢. رواه احمد (٤٣٥)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(٢٧٠٤).

١٤٣. رواه البخاري(٢٧٨٥)، ومسلم(١٨٧٨).

له سونەنەکاندا دەفەرموێت: ((إن لكل أمة سياحة، وسياحة أمتي الجهاد في سبيل الله))[١٤٤].

واتە: هەموو گەلێك گەشتوگوزاری هەیە، گەشتوگوزاری ئوممەتەکەی من تێکۆشانە لە پێناوی خوا.

ئەم بابەتە زۆر فراوانە، هیچ کردەوەیەك نییە لە شەریعەتدا هێندەی تێکۆشان لە پێناوی خوا پاداشت و چاکەی لە قورئان و سوننەتدا باسکرابێت، چونکە قازانجی تێکۆشان لە پێناوی خوا گشتییە بۆ ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت و خەڵکی تریش لە دونیا وئایینیشدا و کۆکراوەیەکە لە کردەوەی ئاشکرا و پەنهان، چونکە پێکدێت لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و پشتبەستن و ملکەچکردنی مالّ و گیان بۆ خوا، هەروەها ئارامگرتن و دونیانەویستی و یادی خوا و هەموو جۆرەکانی کردەوەی باش، بە جۆرێکە هیچ کردەوەیەکی تر ئەو سیفەتانە لە خۆی ناگرێت.

ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت تاك بێت یان کۆمەڵ لە دوو شت بەدەرنابێت: یان سەرکەوتن، یان شەهیدبوون و دەستکەوتنی بەهەشت، هەموو خەڵکی دەبێت بمرن، لە تێکۆشان لە پێناوی خوادا ژیان و مردن بەکاردێت بۆ ئەوەی کە ئاسوودەی دونیا و دواڕۆژیشی فەراهەم بێت، لە وازهێنان لە تێکۆشان خۆشی دونیا و پاداشتی دواڕۆژیش بەدەست نایەت یان کەم دەبێتەوە، هەندێك خەڵك حەز لە کاری سەخت و دژوار دەکەن لەگەڵ کەمی سود و قازانجی، بەڵام تێکۆشان لە هەموو کارە سەختەکان بەسوودترە، هەندێك جار بۆ ئاسودەیی دەروون بەکاردێت هەتاکو مردن دێتە ڕێی، چونکە مردنی شەهید لە هەموو جۆرە مردنەکان ئاسانترە، و باشترین مردنە.

---

١٤٤. رواه أبوداود(٢٤٨٦) من حديث أبي أمامة ﷺ، ولفظه: أن رجلاً قال: يارسول الله ائذن لي في السياحة، فقال النبي ﷺ: ((إن سياحة أمتي الجهاد في سبيل الله تعالى))وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٢٠٩٣).

ئەگەر بنچینەی جەنگی پەوا تێکۆشان بێت لە پێناوی خوا، و ئامانجیش ئەوە بێت تەنها خوا بپەرسترێت، بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز و بڵند بێت، هەرکەس ڕێگری لەوە بکات ئەوە جەنگ لە دژی بەرپا دەکرێت، موسڵمانان لەسەر ئەوە کۆکن، بەڵام هەر کەسێك نەبێتە ڕێگر و دژکار و جەنگاوەر، وەك ئافرەت و منداڵ و قەشە و پیر و کوێر و نەخۆش هاوشێوەی ئەمانە، لای زۆربەی زانایان ناکوژرێن و سزانادرێن، مەگەر جەنگاوەربن بەکردەوە یان بە گوتە، ئەگەرچی هەندێك وادەبینن کە جەنگ لە دژی هەمووانە، جگە لە ئافرەت و منداڵ کە دەبنە ماڵ و سامانی موسڵمانان، وڕای یەکەمیان پەسەندترە، چونکە شەڕ بۆ کەسێکە کە دەجەنگێت لە دژمان، ئەگەر ویستمان ئایینی خوا سەربخەین وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ١٩٠﴾(البَقَرَة).

واتە: بجەنگن لە پێناوی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵتاندا دەجەنگن، ستەم مەکەن، چونکە بە ڕاستی خوا ستەمکارانی خۆشناوێت.

لە سونەنەکاندا لە پێغەمبەری خوایان ﷺ گێڕاوەتەوە: ((أنه مر على امرأة مقتولة في بعض مغازيه، قد وقف عليها الناس، فقال: ما كانت هذه لتقاتل، وقال لأحدهم: إلحق خالداً فقل له: لا تقتلوا ذرية ولا عسيفاً))[١٤٥].

واتە: لە یەکێك لە جەنگانیدا بەلای ئافرەتێکی کوژراودا تێپەڕی، خەڵك لەسەری وەستابوون، فەرمووی: نە دەبوو ئەمە بکوژرایە، بە یەکێکی فەرموو: بگە بە خالد و پێی ڕابگەیەنە: کە ئافرەت وکرێکار نەکوژێت.

دیسان دەفەرموێت: ((لا تقتلوا شيخاً فانياً، ولا طفلاً صغيراً، ولا امرأة))[١٤٦].

---

١٤٥. رواه أبوداود (٢٦٦٩)، وابن ماجه(٢٨٤٢)، وصححه الألباني في (الصحيحة)(٧٠١).

١٤٦. رواه أبوداود (٢٦١٤)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع)(١٣٤٦).

واتە: پیاوی پیر و منداڵی بچووك و ئافرەت مەکوژن، بەڵام خوای باڵادەست ڕێگای بەکوشتنی کەسانێك داوە، کە دەبنە ڕێگر لە چاکبوونی خەڵك، وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ ﴿٢١٧﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: هاوەڵبڕیاردان و قەڵاچۆکردنی موسڵمانان لە کوشتن گەورەترە.

کوشتن ئەگەرچی شەڕ و ئاشوب نانەوەیە، بەڵام لە ئاشوبی ئەو بێبڕوایانە باشترە کە موسڵمانان قەڵاچۆ دەکەن، ئەگەر کەسێك ڕێگری لە موسڵمانان نەکات لە بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکانیان، ئەوکات بێبڕواییەکەی تەنها زیانی بۆ خودی خۆی دەبێت، لەبەر ئەوە شەرعناسان دەڵێن: ئەو کەسەی بانگەواز بۆ شتێکی داهێنراوی (البدعة) پێچەوانەی قورئان و سوننەت دەکات سەرزەنشت کردنی تووندتر و جیاوازترە لەو کەسەی بێدەنگە و بانگەوازی بۆ ناکات.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((أن الخطيئة إذا أخفيت لم تضر إلا صاحبها ولكن إذا ظهرت فلم تنكر ضرت العامة))[١٤٧].

واتە: تاوانکردن ئەگەر شاردرایەوە تەنها زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئاشکرا بوو و بەرهەڵستی نەکرا زیان بە هەمووان دەگەیەنێت.

لەبەر ئەوە شەریعەت کوشتنی بێبڕواکانی پێویست کردووە، بەڵام پێویستی نەکردووە هەریەکەیان دەستی ڕۆیشت بەسەریدا بکوژرێت، بەڵکو ئەگەر یەکێکیان لە جەنگدا یان جگە لە جەنگیش گیرا، وەك ئەوەی لە کەشتیەکدا ئاو بیهێنێت، یان ڕێگا ون بکات، یان بە فێڵێك بگیرێت، ئەو کاتە دەسەڵاتداری موسڵمانان چی بە باش بزانێت بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات، لە کوشتنی یان کردنی بە کۆیلە یان ئازادکردنی یان گۆڕینەوە بە پارە یان ئازادکردنی لە بری کەسێك لای زۆربەی زانایان،

---

١٤٧. رواه الطبراني، وقال الألباني في (ضعيف الجامع)(٤٨٠): (موضوع).

قورئان و سوننەتیش بەڵگەن لەسەر ئەوە، ئەگەرچی هەندێك زانا وادەبینن کە حوکمی ئازادکردن و گۆڕینەوە هەڵگیراوە (منسوخ) و نەماوە.

بەڵام خاوەن کتێبەکان (جولەکە و گاور) و ئاگرپەرستان لەگەڵیاندا شەڕ دەکرێت، هەتا موسڵمان دەبن یان باج دەدەن بە دەستی خۆیان بە سەرشۆڕی وڕسوایی و ڕەزامەندیان.

بێجگە لەوان زانایان ناکۆکن لە وەرگرتنی باج لێیان، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: لە نەتەوەی عەرەب باج وەرناگیرێت[١٤٨]، بەڵکو هەر نەتەوەیەك پێشتر موسڵمان بوو، پاشان لە ئەنجامدانی هەندێك لە ئەرکە ئاشکرا و گەورەکانی ئیسلام پاشگەزبوونەوە، پێویستە شەڕیان لەگەڵدا بکرێت، موسڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوە، بۆ ئەوەی تەنها ئایینی خوا بێت، وەك چۆن ئەبوبەکری صدیق ﷺ و هەموو هاوەڵان ﷺ لە دژی ئەو کەسانە جەنگان کە زەکاتی مااڵکانیان نەدەدا "لە سەرەتادا هەندێك لە هاوەڵان لە شەڕکردن لە دژیان ڕاوەستان" دواتر هەموویان ڕایان هاتە سەر ئەوەی کە لە دژیان بجەنگن، عومەری کوڕی خەتاب بە ئەبوبەکری گوت ﷺ: ((كيف تقاتل الناس وقد قال رسول الله ﷺ: أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، فإذا قالوها، فقد عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها وحسابهم على الله، فقال له أبو بكر: فإن الزكاة من حقها، والله لو منعوني عناقاً كانوا يؤدونها إلى رسول الله ﷺ لقاتلتهم على منعهم قال عمر: فما هو إلا أن رأيت الله قد شرح صدر أبي بكر للقتال، فعلمت أنه الحق))[١٤٩].

واتە: چۆن لەگەڵ خەڵکدا دەجەنگیت لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: فەرمانتان پێدەکەم لەگەڵ خەڵکدا بجەنگن، هەتا گەواهی دەدەن هیچ

١٤٨. ئیبن عثیمین دەڵێت: مەبەستی شێخ ئیسلام ئەوەیە لەگەڵیاندا جەنگ بەرپا دەکرێت بۆ ئەوەی تەنها خودا بپەرستێت، ئەگەرچی ئەوانەی لەگەڵیاندا دەجەنگین بێباوەڕین یان موسڵمان وەك جەنگی خەوارجەکان.

١٤٩. رواه البخاري(١٣٩٩،١٤٠٠)، ومسلم(٢٠).

پەرستراوێك جگە لە خوا شایستەی پەرستن نییە و محمد ﷺ نێردراوی خوایە، ئەگەر دانیان بەوەدا نا، ئەوا خوێن و مالّیان پارێزراو دەبێت مەگەر لەبەر مافی گەواهی دانەکە نەبێت، ئەبو بەکر فەرمووی: زەکات لە مافەکانی گەواهیدانە، سوێند بەخوا ئەگەر گیسکێك نەدەن بەمن کە بە پێغەمبەری خوایان دەدا ﷺ، لەسەر ئەوە لەگەڵیاندا دەجەنگم، عومەر دەڵێت: هەستم کرد خوا دڵی ئەبوبەکری ڕێنمایی کردبوو بۆ جەنگان لەگەڵیان، ئیتر زانیم ئەوە ڕەوایە.

وله چەندان ڕیوایەتی صەحیحدا گێڕدراوەتەوە کە فەرمانی بەکوشتنی خەوارجەکان کردووە، لە هەردوو صەحیحەکەدا لە عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە ﷺ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: ((سیخرج قوم في آخر الزمان حداث الأسنان، سفهاء الأحلام يقولون من قول خير البرية، لا يجاوز إيمانهم حناجرهم، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية، فأينما لقيتموهم فاقتلوهم، فإن في قتلهم أجراً لمن قتلهم يوم القيامة))[١٥٠] وفي رواية لمسلم عن علي ﷺ قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: ((يخرج قوم من أمتي يقرءون القرآن ليس قراءتكم إلى قراءتهم بشيء، ولا صلاتكم إلى صلاتهم بشيء، يقرءون القرآن يحسبون أنه لهم وهو عليهم، لا تجاوز قراءتهم تراقيهم، يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية، لو يعلم الجيش الذين يصيبونهم ما قضى لهم على لسان نبيهم لنكلوا عن العمل))[١٥١].

واتە: لە کۆتایی ژیاندا کۆمەڵێك پەیدا دەبن، هەرزە و کەم تەمەنن، و ژیرنین، باوەڕەکەیان لە گەروویان تێناپەڕێت، لە ئایین دەردەچن وەك چۆن تیر لە نێچیرەوە دیوەدەر دەبێت، لە هەرکوێیەك پێیان گەیشتن بیانکوژن، چونکە هەرکەسێك لەوانە بکوژێت پاداشتی دەست دەکەوێت لە قیامەتدا.

---

١٥٠. رواه البخاري(٣٦١١)، ومسلم(١٠٦٦).

١٥١. رواه مسلم(١٠٦٦).

لـه ڕیـواتی موسـلم دا عـەلی ﷺ دەڵێـت: گـوێم لـه پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو دەیفەرموو: کۆمەڵێك له ئوممەتەکەی من دەردەچن قورئان دەخوێنن، لەگـەڵ قورئـان خوێندنەکەی ئێوەدا بەراورد بکرێت ئـەوەی ئێـوە هـیچ نییـە لـه چـاو ئـەوەی ئـەوان، ئەگەر نوێژیان لەگەڵ نوێژی ئێوە بەراورد بکرێت ئەوەی ئێوە هیچ نییە له چاو ئەوەی ئەوان، قورئان دەخوێنن وادەزانـن بەڵگەیـە بۆیـان بـەڵام بەڵگەیـە لەسـەریان، قورئـان خوێندنەکەیان له گەڕوویان تێناپەڕێت له ئایین دەردەچن وەك چۆن تیر لـه نێچـیرەوە دیوەدەر دەبێت، ئەگەر ئەو سوپایەی که له دژیان دەجـەنگێت بـزانن چـیان بـۆ بڕیـار دراوە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیان ﷺ وازیان له ئیشوکار دەهێنا و خۆیـان تـەرخان دەکرد بۆ جەنگان له دژی ئەو له ئایین دەرچووانه.

ئەبوسەعیدیش ﷺ ئەم فەرموودەی له پێغەمبەری خـواوە ﷺ گێڕاوەتـەوە کـه فەرموویەتی: ((یقتلون أهل الإسلام، ویدعون أهل الأوثان، لئن أدرکتهم لأقتلنهم قتل عاد))[١٥٢]، وفي روایة لمسلم: ((تکون أمتي فرقتین فتخرج من بینهما مارقة، یلي قتلهم أولی الطائفتین بالحق))[١٥٣].

واتە: لەگەڵ موسڵماندا دەجەنگن، واز له بتپەرستان دەهێنن، ئەگەر پێیان گەیشتم وەکو گەلی عاد لەناویان دەبەم.

له ڕیوایەتی موسلم دا: ئوممەتەکەم دەبێتە دوو کۆمەڵەوە له نێوانیانـدا کەسـانێکی لـه ڕێگـا دەرچـوو پەیـدا دەبـن، ئـەو کۆمەڵـەی لەگـەڵ ئـەم لـه ڕێگـا دەرچـووانەدا دەجەنگێت لەسەر حەق و ڕاستییە.

ئـەو کەسـانەی فـەرمانڕەوای موسـڵمانان عـەلی ﷺ کوشـتیانی کاتێـك جیـاوازی کەوتە نێوان خەڵکی شام و عێراقەوە وبە(الحرورية) نـاودەبران، پێغەمبـەری خـوا ﷺ

---

١٥٢. رواه البخاري(٣٣٤٤)، ومسلم(١٠٦٤).

١٥٣. رواه مسلم(١٠٦٦).

پوونی کردەوە کە هەردوو کۆمەڵە جیاوازەکە لە ئوممەتی ئەون، و عەلی ﷺ و هاوەڵانی لەسەر حەقن، و هانی داون تەنها لەگەڵ ئەو تۆندڕەوە و ڕۆچووانەدا بجەنگن کە لە ئیسلام دەرچوون، کەلە کۆمەڵی موسڵمانان جیاواز بوون، مالّ و خوێنی موسڵمانانی جگە لە خۆیان حەڵاڵ کردبوو، بە قورئان و سوننەت و کۆڕاش جێگیر بووە، هەرکەس لە شەریعەتی ئیسلام دەربچێت دەکوژرێت، ئەگەر هەردوو گەواهیەکەش بدات (الشهادتین).

شەرعناسان ناکۆکن لە کۆمەڵێك وازبهێنن لە سوننەتێکی هەمیشەیی وەك دوو ڕکات نوێژی پێش نوێژی بەیانی، ئایا دروستە بکوژرێت؟ دوو بۆچوونیان هەیە: ئەگەر واز لە ئەرکە پێویستەکان(واجبات) بهێنن و حەرامە ئاشکرا باوەکان ئەنجام بدەن، لەسەری دەکوژرێن بەکۆڕا، هەتا نوێژە فەرزەکان ئەنجام دەدەن و زەکاتی ماڵەکانیان دەردەکەن، و ڕۆژووی ڕەمەزان دەگرن، و حەجی مالّی خوا دەکەن، و واز لە حەرام دەهێنن وەك خواستنی خوشك، و خواردنی پیسی، و دەستدرێژی کردنە سەرمالّ و حالّی موسڵمانان...هتد.

جەنگان لەگەڵ ئەوانە پێویستە موسڵمانان دەستپێشخەربن تیایدا، دوای ئەوەی بانگەوازی پێغەمبەری خوایان ﷺ پێ ڕادەگەیەنرێت لەسەر چی لەگەڵیاندا شەڕدەکرێت، ئەگەر ئەوان دەستپێشخەر بوون، ئەوکاتە جەنگان لەگەڵیان و کوشتنیان پێویستتر دەبێت وەك پێشتر باسمان کرد لە باسی ئەوانەی زەکات نادەن یان ستەم دەکەن یان چەتە و ڕێگرن.

باشترین تێکۆشان ئەوەیە لە دژی بێبڕواکان بێت ئەوانەی لە هەندێك لە شەریعەت ڕێگا دەگرن، وەك ئەو کەسانەی زەکات نادەن، خەوارجەکان و هاوشێوەکانیان جیهاد لە دژی ئەوانە پێویستە موسڵمانان تیایدا دەستپێشخەربن بۆ نەهێشتنی ئەو لە ڕێگا دەرچووانە، ئەگەر موسڵمانان دەست پێشخەر بوون ئەوکاتە دەبێتە (فەرزی کیفایة)

ئەگەر هەندێك پێی هەستن لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت، پاداشت دەستی ئەوانە دەکەوێت کە پێی هەستاون، خوا ﷻ دەفەرموێت: ﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ ﴿٩٥﴾﴾(النِّسَاءِ).

واتە: وەك یەك و یەکسان نین ئەوانەی لە مالّی خۆیان دانیشتوون لە باوەڕداران جگە لەو کەسانەی بەهانەیان هەیە، و تێکۆشەران و موجاهیدەکانی ڕێگای خوا بە سەر و مالّیان.

بەڵام ئەگەر دوژمن هێرشی کردە سەر موسڵمانان، ئەوکاتە بەرەنگاری کردنیان پێویست دەبێت لەسەر هەموان وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ ﴿٧٢﴾﴾(الأنفَال).

واتە: ئەگەر داوایان لێ کردن سەریان بخەن و یارمەتیان بدەن لەبەر ئایینەکەیان پێویستە لەسەرتان یارمەتیان بدەن، مەگەر ئەو داوایە لە دژی کۆمەڵێك بێت کە بەڵێن و پەیمان هەبێت لەنێوانتاندا.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بە سەرخستنی موسڵمانان، جیاوازی نییە ئەگەر ئەو داواکارییە لە لایەن کەسێکی بە کرێگیراو بۆ جەنگ بێت یان نا، وەك یەکە، لەسەر هەریەکێك بەگوێرەی توانا پێویستە لە نەفس و مالّی زۆر یان کەم، بە سواری یان بە پیادە، وەك چۆن موسڵمانان کاتێك دوژمنان سالّی خەندەق ویستیان هێرش بێننە سەر مەدینە، خوا ڕوخسەتی کەسی نەدا، وەك ڕێگای بە هەندێك داوە بە جیهادنەکردن بۆ ئەو کاتانە کە موسڵمانان تیایدا دەست پێشخەرن، خوای پەروەردگار موسڵمانانی لەم بارەشدا کردووەتە دوو بەشەوە: ئەوانەی دانیشتوون و ئەوانەی بۆ تێکۆشان دەرچوون، سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە داوای

ڕوخسەت لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن بۆ ئەوەی بۆ جیهادکردن دەرنەچن: ﴿يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا ﴿١٣﴾﴾(الأحزاب).

واتە: دەڵێن: دەترسین لە ماڵەکانمان و هیچ پەرژینێکی نییە لە دوژمنان ببپارێزێت، بەڵام وانییە، بەڵکو دەیانەوێت پشت هەڵکەن و هەڵبێن.

ئەوە بەرگریکردنە لە ئایین وناموس و نەفسیش، ئەوە شەڕی ناچارییە، بەڵام شەڕی نەسەپێنراو بۆ بەرز ڕاگرتنی ئایین و ترساندنی دوژمنانە وەک جەنگی تەبوک و هاوشێوەکانی، ئەمە جۆرێکە لە سزادان بۆ ئەو نەتەوانەی ڕێگرن لە ئایینی خوا، بەڵام ئەوانەی کە ڕێگر نین وەک دانیشتوانی وڵاتانی موسڵمان و هاوشێوەکانی پێویستە پابەند بکرێن بە ئەنجامدانی پێنج پایەکەی ئیسلام و فەرمانەکانی تری، وەک بەجێگەیاندنی ڕاسپاردە و نەشکاندنی پەیمان لە کڕین و فرۆشتن و پرسەکانی تریش.

هەرکەسێک نوێژ نەکات پیاو بێت یان ژن فەرمانی پێ دەکرێت بە نوێژکردن، ئەگەر نەیکرد سزادەدرێت بە کۆڕای زانایان، ئینجا دوای ئەوە زۆربەیان دەڵێن: دەبێت داوای پەشیمان بوونەوە و تەوبەکردنی لێ بکرێت ئەگەر تەوبەی نەکرد و نوێژی نەکرد دەکوژرێت، ئایا دەکوژرێت وەک بێباوەڕێکی لە ئایین دەرچوو (مرتد) یان وەک موسڵمانێکی تاوانبار؟ دوو بۆچوونی باو هەیە لە مەزهەبی ئەحمەد و ئەوانی تر، ئەوەی لە زۆربەی پێشینان (السلف) گێڕدراوەتەوە ئەوەیە: پێی بێباوەڕ دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا دانی پێدابنێ کە نوێژ پێویستە لەسەری بەڵام هەرکەسێک نکولی پێویستی (واجب) بوونی نوێژ بکات بێباوەڕە بە کۆڕا، پێویستە لەسەر کەسوکاری مندالێ فەرمانیان پێبکەن بە نوێژکردن ئەگەر تەمەنیان گەیشتە حەوت ساڵان، ولە تەمەنی دەساڵیدا ئەگەر ئەنجامیان نەدا پێویستە لێیان بدرێت لەسەر نوێژ، وەک

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە وەفەرموێت : ((مروهم بالصلاة لسبع، واضربوهم عليها لعشر، وفرقوا بينهم في المضاجع))[١٥٤].

واتە: فەرمانیان پێبکەن بە نوێژکردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، لە دە ساڵیدا لێیان بدەن لەسەر نوێژ نەکردن، و جێگەی خەوی کوڕ و کچ لەو تەمەنەدا جیا بکەنەوە.

هەروەها هەموو ئەو شتانە کە پێویستی نوێژە وەک خۆپاک ڕاگرتن و پێداویستیەکانی تریش، و بۆ تەواو ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەش پێویستە چاودێری مزگەوتی موسڵمانان و پێش نوێژ و و تارخوێنەکانی بکرێت، فەرمانیان پێ بکرێت وەک پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژ بۆ خەڵکی بکەن چونکە فەرموویەتی: ((صلوا كما رأيتموني أصلي))[١٥٥].

واتە: نوێژ بکەن وەک چۆن منتان بینی نوێژ دەکەم.

جارێک لە لایەکی مینبەرەکەیەوە نوێژی بە هاوەڵانی کرد پێی فەرموون: ((إنما فعلت هذا لتأتموا بي ولتعلموا صلاتي))[١٥٦].

واتە: لەبەر ئەوە وام کرد کە چاوم لێبکەن و شێوازی نوێژەکەم فێربن.

لەسەر پێشەوای خەڵک لە نوێژ و کاروباری تریشدا پێویستە سەیری حاڵی خەڵکەکە بکات، هیچ شتێک پشتگوێ نەخات کە نەکردنی ببێتە مایەی لە دەستدانی تەواوی (کمال) ئایینی خەڵکی، پێویستە لەسەر هەموو پێش نوێژێک نوێژێکی تەواو و ڕێکوپێک بۆ خەڵکی بکات، بەڵکو پێویستە لەسەر هەموو پێش نوێژێک(إمام) نوێژێکی تەواویان بۆ ئەنجام بدات و نابێت نوێژەکەی وەک نوێژی کەسێک بێت کە بە تەنها نوێژ ئەنجام دەدات لەبەر عوزرێک نەبێت، هەروەها لە حەجدا و لەسەرکردایەتی جەنگدا، زانراوە کە

---

١٥٤. رواه أبوداود(٤٩٥)، وصححه الألباني في (الإرواء)(٢٩٨).

١٥٥. رواه البخاري(٦٣١).

١٥٦. رواه البخاري(٩١٧)، ومسلم(٥٤٤).

بریکار و کۆیله له کڕین و فرۆشتندا، پێویسته لەسەریان بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە بۆ سەرمایەی خاوەن ئیشەکەیان شیاوبێت؟ ئەو له مااڵی تایبەتی خۆیدا بە باشترین شێوە کرداری لەگەڵدا دەکات چەندە بتوانێت خۆی لەگەڵدا ماندوو دەکات، کاروباری ئایین پێویستترە، شەرعناسانیش باسی ئەمەیان کردووە.

هەرچ کاتێك کاربەدەستان گرنگیان بە ئاییننی خەڵك دا، ئەوکاتە ئایین و دونیای بەرپرسان و خەڵکیش باش دەبێت، ئەگەرنا هەموو ئیش وکارەکانیان تێك دەچێت و بەڕێوە ناچێت، ناوکرۆکی هەموو ئەوانە خزمەت گوزاری خەڵکیە بە نییەتێکی پاك، و مەبەست تەنها ڕەزامەندیی پەروەردگارە، تەنها پشت بە ئەو دەبەستڕێت، چونکە ئەنجامدانی کار تەنها لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار و پشت پێبەستنیەتی، کە گەنجینە و سەرچاوەی باشی هەمووانە، وەك فەرمانمان پێ دەکات لە نوێژەکانماندا بڵێین: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾(الفَاتِحَة).

واتە: تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها بە تۆ پشت دەبەستین.

چونکە گوتراوە ئەو دوو وشەیە کۆکەرەوەی مانای هەموو ئەو کتێبانەیە کە لە ئاسمان دابەزیون و گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، جارێك لە یەکێك لە جەنگەکاندا فەرمووی: ((یا مالك یوم الدین، إیاك نعبد، وإیاك نستعین))[١٥٧].

واتە: ئەی پادشای ڕۆژی دوایی، تەنها تۆ دەپەرستین، و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین.

بەوەش سەری دوژمنانی پێ شۆڕ بوو، وخوا لە زۆر شوێنی قورئاندا ئەوەی باسکردووە وەك دەفەرموێت: ﴿فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ ۝١٢٣﴾ (هُود).

واتە: بیپەرستن و پشتی پێ ببەستن،

---

١٥٧. رواه الطبراني في المعجم الأوسط(٨١٦٣)، وضعفه الألباني في (الضعيفة)(٥١٠٦).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾﴾(هُود).

واتە: پشت بە خوا دەبەستم وبۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك قوربانی بکردایە دەیفەرموو: ((اللهم منك ولك))[١٥٨].

واتە: ئەی پەروەردگار ئەمە تۆ پێمانت بەخشیوە، ولە بەرتۆ دەیکەم بە قوربانی.

گەورەترین پاڵپشت و یارمەتیدەر بۆ کاربەدەستان و خەڵك سێ شتە:

یەکەم: ئیش لەبەر خوا کردن، و پشت پێبەستنی لە پاڕانەوە و پەرستشەکانی تریش، و بنچینەی ئەوانەش پارێزگاری کردنە لە نوێژەکان بە دڵ و لەش.

دووەم: چاکەکردن لەگەڵ خەڵك و سوود پێگەیاندنیان بە مااڵ پێ بەخیشنیان کە زەکات دان دەگرێتەوە.

سێیەم: ئارامگرتن لەسەر نەشیاو و ناشایستەکانی خەڵك لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان.

لەبەر ئەوەشە خوای باڵادەست زۆر جار نوێژ و ئارامگرتن پێکەوە باس دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ﴿٤٥﴾﴾(البَقَرَة) .

واتە: پشت ببەستن بە ئارامگرتن و نوێژکردن.

دیسان دەفەرموێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيْلِۚ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾ وَٱصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١١٥﴾﴾(هُود).

---

١٥٨. رواه أبوداود(٢٧٩٥)، وابن ماجه (٣١٢١)، وضعفه الألباني في (ضعيف أبي داود).

واتە: نوێژ بکە لە سەرەتای ڕۆژ و کۆتاییەکەی کە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر دەگرێتەوە، لە شەویشدا نوێژ بکە کە نوێژی شەوان و خەوتنان دەگرێتەوە، چونکە چاکەکردن کە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکانە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان، ئەوە بیرخستنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی یادی خوا دەکەن، ئارام بگرە چونکە خوا پاداشتی کردەوەی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات.

ئەو فەرمودەی خوا کە دەفەرموێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ ١٣٠﴾(طه).

واتە: ئارام بگرە لەسەر ئەوەی بێباوەڕان بە دۆزنت دادەنێن، یادی پەروەردگارت بکە پێش خۆرهەڵهاتن "نوێژی بەیانی" و پێش خۆرئاوابوون "نوێژی عەسر".

هەروەها لە سورەتی (ق)دا دەفەرموێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ ٣٩﴾(ق).

واتە: ئارام بگرە لەسەر ئەوەی پێت دەیڵێن، یادی پەروەردگارت بکە پێش خۆرهەڵهاتن "نوێژی بەیانی"و پێش خۆرئاوابوون"نوێژی عەسر".

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدۡرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ٩٧ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ٩٨﴾(الحِجْر).

واتە: سوێندبێت ئێمە دەزانین ئەوەی بێبڕواکان پێت دەڵێن دڵتەنگ و غەمگینت دەکات، بەڵام تۆ لەسەر ستایش و پەرستشی پەروەردگارت بەردەوام بە ولە کڕنووشبەران بە بۆ خوا.

باسکردنی نوێژ و زەکات پێکەوە لە قورئاندا زۆر زۆرە، بە ئەنجامدانی نوێژ و زەکاتدان و ئارامگرتن لەسەر ناشایستەکانی خەڵک، حاڵی کاربەدەستان و خەڵکیش باش دەبێت و بەڕێوە دەچێت، ئەگەر مرۆڤ بزانێت هەریەکە لەو زاراوە گشتگیرانە چی

دەگەیەنێت لە نوێژکردن و یادی خوا و پاڕانەوە و خوێندنی قورئان و نیەتپاکی بۆ خوا و پشت بەستن بە پەروەردگار و زەکاتدان و چاکەکردن لەگەڵ خەڵك بە مـاڵ بەخشـینِ و چاکەکردن لەگەڵیان، هەروەها یارمەتیدانی ستەملێکراوان و بەهاناوەچوونی کەسانی بێدەرامەت و بێدەسەڵات و دەرکردنی پێداویستی نەداران و دەستکورتان، لـە هـەردوو صـەحیحەکەدا هـاتووە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرموێت: ((کـل معـروف صدقة))[١٥٩].

واتە: هەموو خێر و چاکەیەك بەخشینە.

ئەوەش هەموو چاکەکارییەك دەگرێتەوە، ئەگەر بزەپێکەنینێك یان قسەیەکی باش و خۆشیش بێت، دیسان لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لـە عـەدی کـوڕی حاتیمـەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ما منكم من أحد إلا سيكلمه ربه ليس بينه وبينه حاجب ولا ترجمان، فينظر أيمن منه فلا يرى إلا شيئاً قدمه، وينظر أشأم منه فلا يرى إلا شيئا قدمه، فينظر أمامه، فتستقبله النار، فمن استطاع منكم أن يتقي النار ولو بشق تمرة فليفعل، فإن لم يجد فبكلمة طيبة))[١٦٠].

واتـە: هەریـەك لـە ئێـوە خـوا گفتوگـۆی لەگەڵـدا دەکـات بـەبێ ئـەوەی لـە نێـوانی پەروەردگار و ئەو بەندەیە پەردەیەك یان وەرگێڕێك هەبێت، سەیری لای ڕاستی خـۆی دەکات هیچ نابینێت لەو کردەوانە زیاتر کە پێش خۆی خستووە، سـەیری لای چـەپی خۆی دەکات دیسان هیچ نابینێت لەو کردەوانە زیاتر کەپێش خۆی خستووە، سـەیری پێشی خۆی دەکات ئاگر لە پێشییەتی، هەریەکە لە ئێوە ئەگەر تـوانی خـۆی لـە ئـاگر بپارێزێت ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت با خۆی بپارێزێت، ئەگەر ئەوەشـی دەسـت نەکەوت با بە قسەیەکی باش خۆی بپارێزێت.

---

١٥٩. رواه البخاري(٦٠٢١)، ومسلم(١٠٠٥).

١٦٠. رواه البخاري(٦٥٣٩)، ومسلم(١٠١٦).

له سونەنەکاندا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ: ((لا تحقرن من المعروف شيئا، ولو أن تلقى أخاك ووجهك إليه منبسط، ولو أن تفرغ من دلوك في إناء المستقي))[١٦١].

واتە: هیچ لە چاکە بەکەم مەزانە، ئەگەر بەوەش بێت کە بگەیتە براکەت ڕووت خۆش بێت، و ئەگەر بەو ئاوەش بێت کە هەڵی دەگوزیت و ڕۆی دەکەیتە دەفری ئەو کەسەی داوای ئەو ئاوەت لێ دەکات.

دیسان لە سونەنەکاندا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: ((إن أثقل ما يوضع في الميزان الخلق الحسن))[١٦٢].

واتە: قورسترین کردارێك کە دەخرێتە سەر تەرازوو ڕەوشتی جوانە.

گێڕدراوەتەوە کە بە ئوم سەلەمەی فەرمووە: ((يا أم سلمة ذهب حسن الخلق بخير الدنيا والآخرة))[١٦٣].

واتە: ئەی ئوم سەلەمە ڕەوشت جوانی خێری دونیا و دواڕۆژیشی بردووە.

قبوولکردنی خراپەی خەڵك و خواردنەوە و دەرنەبڕینی توڕەیی و لێبوردن لە خەڵك و گوێڕایەڵینەکردنی حەز و ئارەزوو لە ئارامگرتنە، خۆبەگەورە نەزانین، و خراپ و بەکارنەهێنانی سامان، هەموو ئەوانە لە کردەوە باشەکانن، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ ۝٩ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ۝١٠ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ۝١١﴾(هُود).

---

١٦١. رواه ابن حبان في صحيحه (٥٢٢)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٩٨).

١٦٢. رواه أبوداود (٤٧٩٩)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٧٢١).

١٦٣. رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٣١٤١)، وقال الألباني في (ضعيف الترغيب)(٢٢٣٠): منكر.

واتە: ئەگەر ئێمە خەڵکی تووشی خێرێك بکەین، دواتر لێی وەرگرینەوە بێ ئومێد دەبێت و کوفری ناز و نیعمەتی پەروەردگاری دەکات، ئەگەر تووشی خێر و چاکەمان کرد دوای ناڕەحەتیەك دەڵێت: لە نالەباری ژیان ڕزگارم بوو، خۆی بەزل دەزانێت و فیز دەکات بەسەر خەڵکدا، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە ئارام دەگرن و کردەوەی چاك دەکەن ئەوانە لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە.

بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت: ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾﴾(الأعراف).

واتە: لێبوردە بە و فەرمان بە چاکە بکە و بێباك بە و پشت بکە لەوەی نەفامەکان دەیڵێن و ئەنجام دەدەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿۞وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٣٥﴾﴾(آل عمران).

واتە: پەلە بکەن بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوون و پۆشینی تاوانەکانتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە و بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتێك کە پانتاییەکەی بە قەد پانتایی ئاسمانەکان وزەوییە و ئامادە کراوە بۆ ئەو کەسانەی پارێزکار و لە خوا ترسن، ئەوانەی ئەگەر کردەوەیەکی ناشیرین ئەنجام بدەن یان ستەم لە نەفسی خۆیان بکەن یادی خوا دەکەنەوە و داوای لێخۆشبوون و پۆشینی تاوانەکانیان دەکەن، کێ هەیە لە تاوان خۆشبێت و ببێخشێت جگە لە خوا ﷻ، و پێداگر و بەردەوام نابن لەسەر ئەوەی کە ئەنجامیان داوە و زانیویانە هەڵە و تاوانە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾(فُصِّلَت).

واتە: چاکە و خراپە هەرگیز وەک یەک نابن هەرچی کردەوەی خراپ هەیە بە کردەوەی باش وەلّام بدەرەوە وادابنێ ئەو کەسەی خراپەکەت بەرامبەر دەکات دۆستێکی زۆر خۆشەویستە، ئەو سیفەتە جوانە تەنها ئارامگران دەتوانن پێی هەستن ئەوانە خاوەن بەختێکی گەورەن و ئەگەر شەیتان گومانێکی خستە دڵتەوە بۆ ئەوەی کاری باش ئەنجام نەدیت و کاری خراپ ئەنجام بدەیت پەنا بگرە بە خوا چونکە ئەو بیسەر و زانایە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ۖ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾(الشُّورَىٰ).

واتە: پاداشتی کردەوەی خراپ وەلّام دانەوەیەتی بە کردەوەیەکی هاوشێوەی خۆی، هەرکەسێك لێبوردەبێت و ئاشتەوایی بکات ئەوە پاداشتی لای خوایە، خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

حەسەنی بەصری: دەڵێت: لە ڕۆژی دواییدا، بانگکەرێك لە عەرشەوە بانگ دەکات، هەرکەسێك پاداشتی لای پەروەردگارە باهەستێتە سەرپێ، تەنها ئەو کەسانە هەڵدەستن کە لێبوردە و چاکساز بوون.

دڵپاکی و چاکەکردن لەگەڵ خەڵك بە مانای ئەوە نییە ڕێگا بدرێت خەڵك هەرچی ئارەزووی داوای لێ دەکات وابکات و هەرچی یاساغی لێ دەکات کە وانەکات، خوا ﷻ لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ

وَمَن فِيهِنَّۚ ﴿٧١﴾(المُؤْمِنُون).

واتە: ئەگەر خوا بە ویست و ئارەزووی ئەوانی کردبا هەموو ئاسمانەکان وزەوی و هەموو ئەو دروستکراوانەشی تیایدان تێك دەچوون.

خوا بە هاوەڵان دەفەرموێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ ٱللَّهِۚ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ ﴿٧﴾(الحُجُرَات).

واتە: بزانن کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوانتاندایە ئەگەر گوێڕایەڵی ئێوە بکات تووشی ناڕەحەتی دەبن لە زۆربەی ئیش وکارەکانتان.

بەڵکو چاکەکردن بە مانای ئەنجامدانی ئەو کارانەیە لەگەڵیان کە سوودی دونیا و دواڕۆژی تیایە بۆیان، ئەگەرچی کەسانێکیش هەبن ئەوەیان پێ ناخۆش بێت، بەڵام پێویستە بەزەیی و نەرمونیانی بەکار بهێنرێت لەو کارانە کە پێیان ناخۆشە.

لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: ((ما كان الرفق في شيء إلا زانه، ولا كان العنف في شيء إلا شانه))[١٦٤].

واتە: نەرمونیانی لە هەر ئیش وکارێکدا هەبێت جوانی دەکات، توندوتیژیش لەهەر ئیش وکارێکدا بێت تێکی دەدات.

دیسان دەفەرموێت: ((إن الله رفيق يحب الرفق، ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف))[١٦٥].

واتە: خوا ڕەفیق و بەخشندەیە بەرامبەر بەندەکانی ونەرمونیانی خۆش دەوێت، ئەو پاداشتەی لەسەر نەرمونیانی دەیداتە بەندەکانی لەسەر توندوتیژی نایدات.

---

١٦٤. رواه مسلم(٢٥٩٤).

١٦٥. رواه البخاري (٦٩٢٧)، ومسلم(٢٥٩٣).

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەیفەرموو: من حەز ناکەم ڕاستی ڕەق و تاڵ بۆ خەڵکی باس بکەم دەترسم لێی دووڕە پەڕێزبن، ئارام دەگرم هەتا خۆشییەکی دونیا دێتە پێش لەگەڵ ئەوەدا باسی دەکەم، ئەگەر لە یەکێکیان دووڕە پەڕێزبن حەز لەوێتریان دەکەن، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر کەسێك بهاتایە و داوای شتێکی لێ بکردایە ئەوەی بۆ دابین دەکرد یان بە قسەی خۆش و ئاسان بە ڕێی دەکرد، جارێك خزمێکی داوای لێ کرد بیکات بە کاربەدەستی مالّی خێر و زەکات و لەوەش بەشی بدات، فەرمووی: ((إن الصدقة لا تحل لمحمد ولا لآل محمد))[١٦٦].

واتە: مالّی خێر و زەکات بۆ محمد و کەس و خزمی حەڵاڵ نییە؛ لەوە بەشی نەدان بەڵام لەو مالّەی کە لە شەڕ دەگیرا بەشی دەدان.

عەلی و زەید و جەعفەر ڕضي الله عنهم هەریەکەیان داوای کچەکەی حەمزەی مامی دەکرد، بەڵام کچەکەی دایە پووری کچەکە، بەکەس لەوانی نەدا، دواتر دڵی هەریەکەیانی بە قسەیەکی خۆش ڕازی کرد، بە عەلی فەرموو: ((أنت مني وأنا منك، وقال لجعفر: أشبهت خلقي وخلقي، وقال لزيد: أنت أخونا ومولانا))[١٦٧].

واتە: تۆ لە منی و منیش لە تۆم، بە جەعفەری فەرموو: لە ئاکار و ڕەوشت و ڕەوالّەتیشدا لە من دەچی، بە زەیدی فەرموو: تۆ برا و مەولای ئێمەی.

پێویستە کاربەدەست لە بەخشین و بەڕێوەبردنی ئیش وکاردا بەو شێوەیە بێت، چونکە خەڵك بەردەوام داوای بەخشینی بێ بەرامبەر دەکەن لە کاربەدەستان لە مالّ و کرێ دەست و شتی لاوەکی، داوای کارئاسانی و لێبوردن دەکەن لە سنووڕەکان و سزاکان، پێویستە لە ڕوویەکی تڕەوە جێگەی ئەو داواکارییە ناڕەوایانەیان بۆ پڕ بکرێتەوە نەك لەسەر حیسابی ماف و سنووڕەکان، یان بە قسەی خۆش بەڕێ بکرێن و تووندوتیژی بەکار نەبرێت لەگەڵیاندا، چونکە دەست بە ڕووەنانی داواکاران دڵیان

---

١٦٦. رواه مسلم(١٠٧٢).

١٦٧. رواه البخاري(٢٦٩٩).

دەڕەنجێنێت، بەتایبەت ئەوانەی کە پێویستیان بە دڵنەوایی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾﴾(الضُّحَىٰ).

واتە: کەسێك کە هات داوای لێکردیت دەست بە ڕوویەوە مەنێ.

دیسان دەفەرموێت: ﴿وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾﴾ هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت:﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ٱبْتِغَآءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا ﴿٢٨﴾﴾(الإِسْرَاء).

واتە: مافی خزم وکەسوکار و دەستکورت و ڕێبواران بدە لە ماڵی خێر و زەکات، بەشێوازێکی نەشیاو ماڵ و سامانت خەرج مەکە و بە فیڕۆی مەدە، هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت: ئەگەر بوار نەبوو یارمەتیان بدەیت چاوەڕوانی ڕەحم و بەزەیی خوات کرد بۆ ئەوەی بتوانیت یارمەتییان بدەیت، ئەوکات نەرمونیان بە لەگەڵیان و بەقسەی خۆش بەڕێیان بکە.

ئەگەر حوکمێك درا بەسەر کەسێکدا ئەوە پێی ناڕەحەت دەبێت، ئەگەر دڵی درایەوە بە گوتە یان بە کردەوە ئەوە ناوکرۆکی سیاسەتی شەرعییە، هاوشێوەی ئەوەیە کە پزیشك دەیدات بە نەخۆشەکانی، کە دەرمانی تاڵ و ژاڵیان دەداتێ بەڵام نەخۆشەکان بە پەڕۆشەوە قبوڵی دەکەن چونکە واگومان دەبەن کە لە بەرژەوەندییاندایە، خوا بە پێغەمبەر موسا عليه السلام دەفەرموێت کاتێك ناردی بۆلای فیرعەون: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾﴾(طه).

واتە: بە نەرمونیانی قسەی لەگەڵدا بکەن بەڵکو بیر بکاتەوە یان لە خوا بترسێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە موعاذی کوڕی جبل و ئەبو موسای ئەشعەری رضي الله عنهما فەرموو: "کاتێك ناردیانی بۆ یەمەن": ((یسرا ولا تعسرا، وبشرا ولا تنفرا، وتطاوعا ولا تختلفا))[١٦٨].

---

١٦٨. رواه البخاري(٣٠٣٨)، و مسلم(١٧٣٣).

واتە: ئاسانکاری بۆ خەڵک بکەن و شت لەسەر خەڵک گران مەکەن، مژدە بە خەڵک بدەن و ڕاویان مەنێن و دووریان مەخەنەوە، تەبا و هاوکاری یەکتربن و ناکۆک و ناتەبا مەبن.

جارێک دەشتەکییەک میزی کردە نێو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵان بۆی هەستان پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((لا تزرموه "أي: لا تقطعوا عليه بوله"، ثم أمر بدلو من ماء فصب عليه، وقال النبي ﷺ: إنما بعثتم ميسرين ولم تبعثوا معسرين))[١٦٩].

واتە: میزەکەی پێ مەبڕن، دواتر فەرمانی کرد سەتڵێک ئاویان هێنا و کردیان بەسەریدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئێوە نێردراون بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ خەڵک بکەن، نەنێردراون بۆ گرانکردن و دژوارکردنی ئیشوکار لەسەریان" ئەم سیاسەتەش هەموو کەسێک پێویستی پێیەتی بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی لە ماڵەوە و دەوروبەریشی، چونکە دەروونی مرۆڤ ڕاستیەکان وەرناگرێت مەگەر بەوە نەبێت کە پێویستی پێیەتی، نابینی جلوبەرگ لەبەرکردن و خواردن و خواردنەوە پێویستە لەسەر مرۆڤ؟ هەتا ئەگەر پێویستی کرد مردارەوە بوو بخوات پێویستە بیخوات لە لای زۆربەی زانایان، ئەگەر لێی نەخوارد هەتا دەمرێت ئەوا دەچێتە ئاگرەوە، چونکە جۆرەکانی خوا پەرستی بەو شێوەیە نەبێت بە ئەنجام ناگات، هەرشتێک کارێکی پێویستی پێ تەواو بێت ئەویش پێویست (واجب) دەبێت، لەبەر ئەوەشە خەرجی مرۆڤ لەسەر خۆی و مانّ و منداڵی لە پێشترە لەسەر کەسانی تر، لە سونەنەکاندا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((تصدقوا فقال: رجل يا رسول الله: عندي دينار فقال تصدق به على نفسك، قال: عندي آخر، قال: تصدق به على زوجتك، قال: عندي آخر، قال تصدق به على

١٦٩. رواه البخاري(٢٢٠)، ومسلم(٢٨٤).

ولدك، قال: عندي آخر، قال تصدق به على خادمك، قال: عندي آخر، قال: أنت أبصر به))[١٧٠].

واتە: ببەخشن و خێر و چاکە بکەن، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا دینارێکم هەیە، فەرمووی: بۆ خۆتی خەرج بکە، گوتی: دینارێکی ترم هەیە، فەرمووی: بۆ خێزانەکەتی خەرج بکە، گوتی: دینارێکی ترم هەیە، فەرمووی: بۆ منداڵەکەتی خەرج بکە، گوتی یەکێکی ترم هەیە، فەرمووی، بۆ خزمەتکارەکەتی خەرج بکە، گوتی یەکێکی ترم هەیە، فەرمووی: خۆت باشتری لێ دەزانیت.

لە صەحیحی موسلم دا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((دينار أنفقته في سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة، ودينار تصدقت به على مسكين، ودينار أنفقته على أهلك، أعظمها أجراً الذي أنفقته على أهلك))[١٧١].

واتە: دینارێك کە دەیبەخشیت لە پێناوی خوا و دینارێك کە دەیبەخشیت بۆ ئازادکردنی بەندەیەك و دینارێك کە دەیبەخشیت بە دەستکورتێك و دینارێك کە دەیبەخشیت بە مانّ و منداڵت، باشترینیان ئەو دینارەیە کە بەخشیوتە بە مانّ و منداڵت.

دیسان لە صەحیحی موسلمدا لە ئەبوئومامەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((يا ابن آدم إنك إن تبذل الفضل خير لك، وان تمسكه شر لك، ولا تلام على كفاف وابدأ بمن تعول، واليد العليا خير من اليد السفلى))[١٧٢].

---

١٧٠. رواه أبوداود(١٦٩١)، والنسائي(٢٥٣٥)، وحسنه الألباني في (الإرواء)(٨٩٥).

١٧١. رواه مسلم(٩٩٥).

١٧٢. رواه مسلم(١٠٣٦).

واتە: ئەی نەوەی ئادەم لەوەی خوا پێیداویت ولە خۆت زیاترە ببەخشیت خێرترە بۆت، ئەگەر بیگریتەوە خراپ و شەڕە بۆت، لەسەر ئەوەی پێویستی خۆتە نەیبەخشیت لۆمە ناکرێیت، لەو کەسانەوە دەست پێ بکە کە خەرجییان لەسەرت پێویستە، دەستی بەخشندە و بالا باشترە لە دەستێك کە لە خوارەوە بێت و دەست پان بکاتەوە.

ئەمەش ڕاڤەی ئەو ئایەتەیە کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿۞وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ ﴿٢١٩﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: پرسیارت لێدەکەن کەچی ببەخشن پێیان بڵێ: ئەوەی لە خۆتانِ زیاترە ببەخشن.

چونکە خەرجی پیاو بۆ مالّ و منداڵی فەرزی عەینە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕێگای خوا و بۆ دەستکورت و نەداران دەبەخشرێت، چونکە ئەوانە لە بنەڕەتدا یان فەرزی کیفایەن، یان سوننەتن، ئەگەرچی کەسی تر پێی هەڵنەستێت پێویست دەبێت، چونکە ناندان بە کەسێکی برسی پێویستە، لەبەر ئەوە لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((لو صدق السائل لما أفلح من رده))[١٧٣].

واتە: ئەگەر ئەو کەسەی داوا دەکات ڕاست بکات سەرفراز نابێت ئەوەی دەست بەڕوویەوە دەنێت" و گوتراوە ئەگەر زانرا ڕاست دەکات پێویستە نانی بدرێتێ.

ئەبو حاتمی بوستی لە صەحیحەکەیدا فەرموودەیەکی درێژی ڕیوایەت کردووە لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە جۆرەکانی زانست و دانایی تێدایە، هەر لەو فەرموودەیەدا باسی داناییەکانی ئالی داود ﷺ دەکات: ((حق على العاقل أن تكون له أربع ساعات: ساعة يناجي فيها ربه، وساعة يحاسب فيها نفسه،

---

١٧٣. رواه ابن عبدالبر في (التمهيد)(٥/٢٩٦-٢٩٧) وقال: هذا حديث منكر لا أصل له، والصغاني في(الموضوعات)(٨٨)، وقال الإمام أحمد: لا أصل له.

وساعة يخلو فيها بأصحابه الذين يخبرونه بعيوبه ويحدثونه عن ذات نفسه، وساعة يخلو فيها بلذته فيما يحل ويجمل، فإن في هذه الساعة عونا على تلك الساعات))[١٧٤].

واتە: پێویستە لەسەر مرۆڤی ژیر چوار کاتی هەبێت: کاتێك بۆ پاڕانەوە و گفتوگۆکردن و ڕاز و نیازکردن لەگەڵ پەروەردگاری، کاتێك بۆ لێپرسینەوەی نەفسی، و کاتێك لەگەڵ هاوەڵ و دۆستەکانی بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەنەوە لە کەموکورتیەکانی و باسی خۆی بۆ بکەن، کاتێك بۆ ڕابواردنی لەوەی بۆی حەڵاڵ و ڕەوایە، چونکە ئەم کاتەی دوایی یارمەتیدەرە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاتەکانی تری.

ڕوونی کردەوە کە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی حەڵاڵ پێویستە بۆ بەردەوامی ئیش و کارەکانی تر.

لەبەر ئەوە شەرعناسان باسی ئەوە دەکەن کە دادپەروەری دەبێتە مایەی چاکسازی و دروست بوونی کەسێتی مرۆڤ بە بەکارهێنانی ئەوەی کە جوان و ڕازاوەیە، وازهێنان لەوەی کە پیس و ناشیرینە، ئەبودەردا ﷺ دەڵێت: (من دەروونم بە شتێك لە یاری ئاسوودە دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بە کارە ڕەوا و ڕاستەکان هەستم).

خوای پەروەردگار خۆشی و ڕابواردنەکانی دونیای دروست کردووە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی مرۆڤەکانی پێتەواو بکات، بەوەش ئەوەی سودی بۆیان هەیە پێی هەڵدەستن، وەك چۆن تووڕەبوونی دروست کردووە بۆ ئەوەی هەرچی زیانی هەیە بۆیان لە خۆیانی دوور بخەنەوە، و هەندێك خۆشی و ڕابواردنی دونیای قەدەغە کردووە چونکە زیانی هەیە بۆیان، لۆمەی ئەوانەی کردووە کە پێی هەڵدەستن، ئەوەی کە پشت بە شتە حەڵاڵە جوانەکان دەبەستێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاری جوان و دروست ئەوە بەرژەوەندییەکی بەرز و باشە، لەبەر ئەوە لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((في بضع أحدكم صدقة، قالوا يا رسول الله: أيأتي

---

١٧٤. رواه ابن حبان في صحيحه (٣٦١)، وقال الألباني في (ضعيف الرغيب)(١٣٥٢): ضعيف جداً.

أحدنا شهوته ويكون له فيها أجرٌ؟ قال: أرأيتم لو وضعها في حرام أما يكون عليه وزر؟ قالوا: بلى، قال: فلم تحتسبون بالحرام ولا تحتسبون بالحلال؟))[١٧٥].

واتە: هەریەك لە ئێوە لەگەڵ خێزانەکەی ڕابوێرێت خێری دەست دەکەوێت، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەکێك لە ئێمە بۆ خۆی ڕابوێرێت چۆن خێری دەست دەکەوێت؟! فەرمووی: ئەگەر ئەو ڕابواردنەی لە حەرامدا بێت خراپەی لەسەر نییە؟، گوتیان: بەڵێ، فەرمووی: بۆچی لە حەرامەکەدا تاوانباری دەکەن، بەڵام لە حەڵاڵەکەدا چاوەڕوانی پاداشت ناکەن؟.

لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموم: ((إنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا ازددت بها درجة ورفعة، حتى اللقمة تضعها في امرأتك))[١٧٦].

واتە: تۆ هەر چییەك ببەخشیت مەبەستت پێی خوا بێت پلەیەك بەدەست دەهێنیت و پێی بەرز دەبیتەوە، هەتا ئەو پاروەش کە دەرخواردی خێزانەکەتی دەدەیت؛ ئەسەرێکی زۆرمان لەو بارەیەوە هەیە.

باوەڕدار ئەگەر مەبەست و نییەتی پاك بێت ئەوا بەسەر هەموو کردەوەکانیدا دەشکێتەوە، و هەموو کارێکی حەڵاڵی بە کاری باش بۆ دەنوسرێت لەبەر پاکی دڵ و نییەتی، دووڕوو لەبەر خراپی دڵ و نییەتی سزا دەدرێت لەسەر ئەو پەرستشانەی کە بۆ ڕووپامایی ئەنجامی دەدات، چونکە لە فەرموودەیەکی صەحیحدا لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەت کراوە فەرموویەتی: ((ألا إن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح لها سائر الجسد، واذا فسدت فسد لها سائر الجسد، ألا وهي القلب))[١٧٧].

---

١٧٥. رواه مسلم(١٠٠٦).

١٧٦. رواه البخاري(١٢٩٥)، ومسلم(١٦٢٨).

١٧٧. رواه البخاري(٥٢)، ومسلم(١٥٩٩).

واتە: لە لەشی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر باش بێت هەموو لەشی باش دەبێت، وئەگەر خراپ بێت هەموو لەشی خراپ دەبێت ئەویش دڵە.

وەك چۆن خوا سزاکانی لە شەریعەتدا داناوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارە پێویست کراوەکان و دوورکەوتنەوە لە کارە حەرام کراوەکان، هەروەها هەموو ئەو کارانەی کە یارمەتیدەری کاری باشن و هۆی دوورکەوتنەوەن لە کاری خراپ دیسان کارێکی شەرعییە، بۆیە پێویستە ڕێگای گوێڕایەڵی خوا و چاکەکاری ئاسانکاری بۆ بکرێت و یارمەتی بدرێت و هانی خەڵك بدرێت بە هەموو شێوەیەك کە لە توانادا هەیە، وەك مالّ بەخشین بە منداڵ و خزم و کەس، یان بەو خەڵکانەی کە لەژێر دەسەڵاتیدان بۆ ئەوەی هاندەریان بێت بۆ کاری باش، لەبەر ئەوەشە پێشبڕکێی ئەسپ سواری و حوشتر سواری و شمشێربازی ڕێگای پێدراوە، و دەتوانرێت پارەی لەسەر وەربگیرێت لەبەر ئەوە هاندەری خۆکۆکردنەوە و خۆئامادەکردنە بۆ جیهاد لە پێناوی خوا، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ و خەلیفە ڕاشدینەکانیشی پێشبڕکێیان لەنێوان ئەسپ سواراندا سازداوە، و ئەو دیاریانە کە دەدرا بە پێشبڕکێکاران لە (بیت المال) دەریان دەکرد، هەروەها ئەو کەسانەش کە دڵنەوایی دەکران، ڕیوایەتکراوە: ((أن الرجل كان يسلم أول النهار رغبة في الدنيا فلا يجيء آخر النهار إلا والإسلام أحب إليه مما طلعت عليه الشمس))[١٧٨].

واتە: مرۆڤی واهەبوو لە سەرەتای ڕۆژدا موسڵمان دەبوو بەمەستی مالّی دونیا کۆتای ئەو ڕۆژە نایەت ئیسلام خۆشەویست تر دەبێت لای لەوەی خۆر بە سەریدا هەڵهاتووە.

هەروەها خراپە و تاوانکاری پێویستە ڕێگای لێ بگیرێت و بیانو نەدرێت بەدەست کەسانی تاوانکار و تێکدەرەوە و ئەو کارە دەبێت خەڵکی لێ بپارێزرێت، بۆ نموونە:

---

١٧٨. رواه مسلم(٢٣١٢).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لا يخلون رجل بامرأة، فإن ثالثهما الشيطان))[١٧٩].

واتە: نابێت پیاوێك و ژنێك بە تەنها پێكەوە بمێننەوە، چونكە بێگومان شەیتان دەبێتە سێیەمیانە.

هەروەها دەفەرموێت: ((لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر مسيرة يومين إلا ومعها زوج أو ذو محرم))[١٨٠].

واتە: حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێك كە باوەڕی بە خوا وڕۆژی دوایی هەبێت، سەفەر بكات دووری دوو ڕۆژ ڕێگا مەگەر پیاوەكەی یان مەحرەمێكی لەگەڵدا بێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ یاساغی بە تەنها مانەوە و سەفەركردنی ئافرەتی كرد لەگەڵ بێگانە، چونكە ڕێخۆشكارە بۆ كاری خراپ، ولە شەعبییەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێت: شاندێكی هۆزی عبدالقیس هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ كوڕێكی زۆر جوانیان لەگەڵدا بوو لە پشتی خۆیەوە داینا و فەرمووی: ((إنما كانت خطيئة داود النظر))[١٨١].

واتە: هەڵەی داود عليه السلام سەیركردن بوو.

عومەری كوڕی خەتاب رضي الله عنه شەوێك بە مەدینەدا دەگەڕا بۆ چاودێری كردن گوێی لە ئافرەتێك بوو گۆرانی دەگوت بە چەند دێڕە شیعرێك و دەگیوت:

هل من سبيل إلى خمر فأشربها أو من سبيل إلى نصر بن حجاج

واتە: ئایە بوار هەیە بۆ ئەوەی مەی بنۆشم، یان بوار هەیە بگەم بە نەصری كوڕی حەجاج.

---

١٧٩. رواه الترمذي(٢١٦٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٢٥٦٤).

١٨٠. رواه البخاري(١١٩٧)، ومسلم(٨٢٧).

١٨١. قال الألباني في (الضعيفة)(٣١٣): موضوع.

عومەر ﷺ (نصری کوڕی حجاج)ی بانگی کرد بینی کوڕێکی گەنجی جوانە، سەری تاشی بەڵام جوانتر بوو، دووری خستەوە بۆ شاری بەصرە بۆ ئەوەی ئافرەتان گیرۆدە نەکات.

دیسان لێوەی دەگێڕنەوە پێیان ڕاگەیاند پیاوێك منداڵی جوان لای دادەنیشن یاساغی ئەوەی کرد لەگەڵیدا دابنیشن، ئەگەر منداڵی واهەبوو گومانی ئەوەی لێ بکرێت پیاوان یان ئافرەتان توشی فیتنە بکەن، پێویستە بەخێوکەرانی ئەو منداڵە ڕێگا نەدەن زۆر دەربکەوێت و خۆی بڕازێنێتەوە، بە تایبەت پێویستە ڕێگای نەدەن بچێتە گەرماوەکان خۆی بشوات، هەروەها نابێت ڕێگای پێ بدرێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی گۆرانی و قسەی پڕوپووچ دا ئامادەبێت، ئەو جۆرەکارانە پێویستە سەرزەنشتی خاوەنەکانی بکرێت.

هەروەها هەرکەسێك کە تاوانی لێدەرکەوت نابێت ڕێگای پێبدرێت لەگەڵ منداڵی جوان تێکەڵاو بێت، شەرعناسان کۆڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر گەواهیدەرێك گەواهیدا لای فەرمانڕەوایەك(حاکم)، لەو گەواهیدەرەوە باو بوو کە لەسەر تاوانێکی خراپ بەردەوامە دروست نییە گەواهییەکەی وەربگیرێت و دروستە بەهۆی ئەو کارەیەوە بە خراپ (جرح) باس بکرێت، ئەگەرچی نەشیبینی بێت، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر بووە کە: ((أنه مر عليه بجنازة فأثنوا عليها خيراً، فقال: وجبت وجبت، ثم مر عليه بجنازة فأثنوا عليها شراً، فقال: وجبت وجبت، فسألوه عن ذلك فقال: هذه الجنازة أثنيتم عليها خيراً فقلت وجبت لها الجنة، وهذه الجنازة أثنيتم عليها شراً فقلت وجبت لها النار. أنتم شهداء الله في الأرض))[١٨٢].

واتە: تەرمێکیان بەلایدا تێپەڕاند ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بەباشی باسیان کرد، فەرمووی: پێویست بوو، پێویست بوو، دوای ساتێك تەرمێکی تریان بەلایدا تێپەڕاند

١٨٢. رواه البخاري(١٣٦٧)، ومسلم(٩٤٩).

بەخراپی باسیان کرد فەرمووی: پێویست بوو، پێویست بوو، لەو بارەیەوە پرسیاریان لێ کرد فەرمووی: ئەو تەرمەی کە بەباشی باستان کرد بەهەشتی بۆ دەستەبەر بوو و ئەویتریان کە بە خراپی باستانکرد دۆزەخی بۆ دەستەبەر بوو، ئێوە گەواهیدەری خوان لەسەر زەوی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتێك هەبوو لەو سەردەمەدا تاوانی بە ئاشکرا دەکرد فەرمووی: ((لو كنت راجماً أحداً بغير بينة لرجمت هذه))[١٨٣].

واتە: ئەگەر کەسێکم بەبێ بەڵگە ڕەجم بکردایە ئەم ئافرەتەم ڕەجم دەکرد.

سنوورەکان بەبێ بەڵگە ئەنجام نادرێن، بەڵام وریابیدان لە گەواهی کەسێك و ئەمانەتی و هاوشێوەکانی پێویست بە بینین ناکات، بەڵکو هەر کە باوبوو کە کەسێکی تاوانبارە گەواهی وەرناگیرێت، هەندێك جار لەسەر هاوەڵەکانی دەپێورێت وەك ئیبن مەسعود ﷺ دەڵێت: (اعتبروا الناس بأخدانهم).

واتە: خەڵك بە هۆی هاوەڵەکانیانەوە بناسەوە.

عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەفەرموێت: (احترسوا من الناس بسوء الظن).

واتە: خۆتان بپارێزن لە خەڵك بە گومانی خراپ.

لەگەڵ ئەوەی کە دروست نییە موسڵمان سزا بدرێت لەسەر گومانی خراپ.

---

١٨٣. رواه ابن ماجه، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٢٧١).

بەشی مافە تاییەتەکان

یەکێك لەو مافانەی کە پەیوەندی بە تاکەوە هەیە بریتییە لە خوێن، خوا دەفەرموێت: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾(الآنعام).

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا بڵێ : وەرن ئەو شتانەتان بۆ باس بکەم و بیخوێنمەوە کە پەروەردگارتان لە سەرتانی حەرام کردووە، هیچ شتێك مەکەن بە هاوبەشی خودا، و چاکەکاربن لەگەڵ دایك وباوکتان، ولە ترسی هەژاری و پۆزییان منداڵەکانتان مەکوژن و زیندەبەچاڵیان مەکەن، ئێمە پۆزی ئێوە و ئەوانیش دەدەین، و نزیکی تاوان و خراپەکان مەکەونەوە ئەوانەی کە ئاشکران یان شاراوەن، و کەس مەکوژن کە خودا حەرامی کردووە بە حەق نەبێت، ئەمە ئەو شتانەیە کە خودا وەسیەتتان پێ دەکات پەچاویان بکەن ئەگەر ئێوە ژیرن ولە شتەکان تێدەگەن؛ ونزیکی مالّی هەتیو مەکەونەوە مەگەر بتانەوێت باشتریان بۆ بکەن هەتاکو باڵغ دەبن و پێدەگەن، و پێوانە و کێشانەتان کرد بە تەواوی مافی خەڵك بدەن و تەرازووتان با دادگەرانە بێت، داوای شتێك ناکەین لە کەسێك کە لە توانا بەدەربێت، و کاتێك ناوبژیتان کرد

دادگەرانە قسە بکەن ئەگەر لە دژی خزمانیشتان بێت، وەفاداربن بە بەڵێنی خوداوە، ئەمە ئەو شتانەیە کە خودا وەسیەتی پێکردوون و ڕایسپاردوون کە بەجێیان بهێنن، بەڵکو هەردەم لە یادتانبن و ڕەچاویان بکەن؛ بێگومان ئەو شتانەی وەسیەتمان بۆ کردن ڕێگای ڕاست وئاینی خودایە، پەیڕەوی لێ بکەن وشوێنی بکەون، وشوێن ئاین وڕێچکەکانی تر مەکەون کە لە ڕێگای ڕاست وئاینی خودا هەڵەتان دەکەن و دوورتان دەخەنەوە، ئەو شتانەی کە وەسیەتمان بۆ کردوون وڕامان سپاردوون ڕەچاویان بکەن، بەڵکو پارێزکاربن ولە خودا بترسن .

دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ ﴿٩٢﴾﴾ هەتا ئەوەی کە دەفەرموێت:﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَـٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: باوەڕدار بۆی نییە باوەڕدار بکوژێت مەگەر بە هەڵە، هەرکەسێك باوەڕدارێك بە ئەنقەست بکوژێت سزای دۆزەخە و بەهەتاهەتایی تیایدا دەمێنێتەوە و خوا لێی تووڕە دەبێت و نەفرەتی لێ کردووە و سزای زۆر سەختی بۆ ئامادە کردووە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ ﴿٣٢﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: لەبەر ئەوەی کوڕەکەی ئادەم براکەی خۆی بە ناڕەوا کوشت پێویستمان کرد لەسەر نەوەکانی ئیسرائیل کە هەر کەسێك کەسێکی تر بە ناڕەوا بکوژێت یان بیشێوی بنێتەوە لەسەر زەوی وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی کوشتبێت و هەرکەسێك ببێتە مایەی ڕزگاربوونی کەسێك لە مردن و فەرمان بکات بە نەکوشتنی وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی ڕزگارکردبێت.

لـه هـهردوو صـهحیحهکهدا لـه پێغهمبـهری خـواوه ﷺ ڕیوایـهتیان کـردووه فهرموویهتی: ((أول ما يقضى بين الناس يوم القيامة في الدماء))[١٨٤].

واته: یهکهم شت له ڕۆژی قیامهتدا لێپرسینهوهی خهڵکی لهسهر دهکرێت خوێنه.

١٨٤. رواه البخاري(٦٥٣٣)، ومسلم(١٦٨٧).

کـــوشتن ســـێ جـــۆرە

یەکەمیان: بـە ئەنقەسـت، مەبەسـتی بکوژەکـە کوشـتنی کەسـێکی بێتـاوان بێـت، ئەگەرچی ئەو کوشتنە بە شمشـێر بێـت یـان بەهـەر شـتێکی تـری وەك چـەکوش یـان کوتەك، یان بە شـتی تـری وەك سـوتاندن یـان خنکانـدنی لـە ئـاودا، یـان فڕێـدانی لـە شـوێنێکی بـەرزەوە، یـان خنکانـدنی بـە دەسـت، یـان داپۆشـینی دەم و چـاوی هـەتا مردن، یان ژەهرپێدانی یان هەر کردەوەیەکی تـری هاوشـێوەی ئـەو کـارە ناڕەوایانـە، ئەگەر کەسێك یـەکێك لـەو کارانـە ئـەنجام بـدات پێویسـتە تۆڵـەی لـێ بسـەندرێتەوە و بکوژرێـت، ئـەویش بـەوەی بدرێتـە دەسـت کەسـوکاری کوژراوەکـە، ئەگـەر ویسـتیان دەیکوژن یان بیانەوێت لێی خۆش دەبن، یان دەتوانن پارەی لە بـری ئـەو خوێنـە لـێ وەربگرن و بۆیان نییە کەسـی تـر بکـوژن کەسـە بکوژەکـە نـەبێت، خـوا دەفـەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾﴾(الإسْرَاء).

واتە: هیچ نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە مەیکوژن مەگەر ئەو کوشتنە ڕەوا بێت، و هەرکەسێك بە سـتەم بکوژرێـت فـەرمانمان داوەتـە دەسـت کـەس وکارەکـەی بـەڵام پێویستە زیادەڕەوی نەکەن لـە کوشـتن وەك ئـەوەی تـەرمی بکوژەکـە بشـێوێنن یـان کەسێکی تر لە بری بکوژن، کەسـوکاری کوژراوەکـە مافیـان هەیـە بەسـەر بکوژەکـەدا بەپێی شەرع.

لە تەفسیردا گوتراوە: نابێت کەسی تر لە بری بکوژەکە بکوژرێتەوە.

لـە ئەبوشـریحی خوزاعییـەوە ﷺ ڕیوایـەتکراوە دەڵێـت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی: ((من أصيب بدم أو خبل ـ الخبل الجراح ـ فهو بالخيار بين إحدى ثلاث: فإن

أراد الرابعة فخذوا على يديه: أن يقتل، أو يعفو، أو يأخذ الدية؛ فمن فعل شيئا من ذلك فعاد فإن له جهنم خالداً فيها أبداً))[١٨٥].

واتە: ئەوەی کەسێکی لێ کوژرا یان بریندارکرا، ئەوە سەرپشکە لەنێوان سێ شتدا، ئەگەر چوارەمی ویست دەستی بگرن، یان بکوژەکە بکوژن، یان لێی ببورن، یان پارەی خوێنی لێ وەربگرن، ئەگەر کەسێك یەکێك لەو سێ کارەی ئەنجامدا پاشان پاشگەز بوویەوە ئەوە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

هەرکەسێك دوای لێبوردن بکوژەکەی کوشت، ئەوە تاوانی لەو کەسە گەورەترە کە یەکەم جار خوێنەکەی ڕشتووە، هەتا هەندێك لە زانایان دەڵێن: پێویستە ئەو کەسە بکوژرێت وەك حەددێك، و نابێت لەوەدا بدرێتە دەستی کەسوکاری کوژراوەکە، خوا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٨ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾(البَقَرَة).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە تۆڵەکردنەوەی دادگەرانە لە بکوژان پێویست کراوە لەسەرتان، کەسێکی ئازاد لە بری کەسێکی ئازاد دەکوژرێتەوە، کۆیلە لە بری کۆیلە، ئافرەت لە بری ئافرەت، ئەگەر کەسوکاری کوژراوەکە لە بکوژەکە خۆشبوون و نەیانکوشتەوە، ئەوا با میراتگرەکانی کوژراوەکە بە چاکە ڕەفتار لەگەڵ بکوژەکەدا بکەن و لە مافی خۆیان زیاتر داوا نەکەن و بکوژەکەش بە ڕێکوپێکی و بەبێ دواخستن مافی کوژراوەکە بداتە میراتگرەکانی، ئەو لێخۆشبوون و نەکوشتنەوەی بکوژەکە و

١٨٥. رواه ابوداود(٤٤٩٦)، وابن ماجه(٢٦٢٣)، وضعفه الألباني في (ضعيف الجامع) (٥٤٣٣).

وەرگرتنی خوێنبایيە ئاسانکاری و ڕەحم و بەزەییە لە پەروەردگارتانەوە، هەرکەس دوای ڕازیبوون بە خوێنبایی و لێخۆشبوونی بکوژەکە دەستدرێژی بکات و بیکوژێتەوە ئەوا سزایەکی بە ئێش و ئازاری بۆ هەیە، تۆڵەکردنەوە مایەی ژیانە بۆتان ئەی ئەو کەسانەی بیرمەند و ژیرن، بۆ ئەوەی پارێزکاربن و سنووری خوا نەبەزێنن و خەڵک نەکوژن.

زانایان دەڵێن: دڵی کەسوکاری کوژراوەکە دەکوڵێت، هەتا بکوژەکە و کەسوکاریشی دەکوژن، لەوانەشە بە کوشتنی بکوژەکە قایل نەبن، بەڵکو زۆرێك لە هاوەڵ و کەسوکاری بکوژەکە دەکوژن وەك سەرۆك هۆز و دەمسپیی عەشیرەتەکەی، بەوەش بکوژەکە لە سەرەتادا ستەمی کرد بە کوشتنی کەسێك، بەڵام ئەوانی تر ستەمی گەورەتریان ئەنجامدا بە تێکدانی چەند خێزانێك، هەندێك جار بکوژەکە بە گەورەتر دەزانن لەو کەسەی کە کوشتوویەتی بە هۆی پلەوپایەیەوە بە شایانی ئەوەی نازانن کە لە بری ئەو کەسە بکوژرێت، ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە کەسوکاری کوژراوەکە هەوڵی تۆڵە سەندنەوە بدەن و هەرکەسیان بەردەست بکەوێت بیکوژن لە خزم و نزیکەکانی کەسە بکوژەکە، لەوانەشە خۆیان بدەنە پاڵ تاقم و تایفەیەك و ئەوانی تریش هەروەها، بەوەش بشێوی و ئاژاوەی گەورە پەیدا دەبێت، هەموو ئەوانەش سەرئەنجامی دەرچوونە لە بنەمای دادپەروەرانە کە تۆڵە کردنەوەیە بە کوشتنی بکوژەکە، خوای باڵادەست لەسەری پێویست کردووین کە هەر کەسێك کەسێك بکوژێت تەنها ئەو کەسە لە بری بکوژرێتەوە، بە یەکسانی و دادپەروەرانە بەبێ جیاوازی لە نێوان پلەوپایەی بکوژ و کوژراوەکە، خوا هەواڵیداوە کە ئەو کرداره مایەی پاراستن و تێکنەچوونی ژیانە، چونکە خوێنی جگە لە بکوژەکە لە هەردوولا دەپارێزێت.

هەروەها بکوژ ئەگەر زانی کەسێکی بێتاوان بکوژێت لە بریدا دەکوژرێتەوە کەس ناکوژێت، لە عەلی کوڕی ئەبو تالب ﷺ و عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە

ئەویش لە باپیریەوە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە: ((المؤمنون تتكافأ دماؤهم، وهم يد على من سواهم، ويسعى بذمتهم أدناهم، ألا لا يقتل مسلم بكافر، ولا ذو عهد في عهده))[١٨٦].

واتە: باوەڕداران خوێنیان یەکسانە، و هەموویان یەک دەستن دژی دوژمنەکانیان، و ئەگەر بێ پلەویایەترین موسڵمان کەسێکی دانّدەدا هەموویان دەبێت پێوەی پابەندبن، وریابن موسڵمان لە بری بێباوەڕ ناکوژرێت، و خاوەن بەڵێن (ذو عهد) لە ماوەی بەڵێنەکەیدا ناکوژرێت لە بری بێباوەڕ .

پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاریداوە کە خوێنی موسڵمانان وەک یەک و یەکسانە، هیچ عەرەبێک پلەوپایەی زیاتر نییە بەسەر گەلانی تردوە، هەروەها هیچ هاشمی و قورەیشیەک هیچیان لە موسڵمانانی تر زیاتر نییە، هیچ ئازادێک (الحر) پلەوپایەی زیاتر نییەتی بەسەر کۆیلەیەکی ئازادکراودا، هەروەها هیچ ژانا و کاربەدەستێک جیاوازیان نییە لەگەڵ نەخوێندەوار و فەرمان پێکراوێک.

موسڵمانان هەموو لەسەر ئەوە یەکدەنگن، بە پێچەوانەی سەردەمی نەفامی و فەرمانڕەواکانی جوولەکەکان، لە نزیک شاری مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ دوو تاقم جوولەکە هەبوون: قوڕەیزە و نەزیر، نەزیرییەکان خوێنیان بە بایەختر بوو لە قوڕەیزەییەکان، بۆ حەددی داوێن پیسی ئەوان بەردباران کردنی داوێن پیسیان گۆڕیبوو بە ڕوخسار ڕەشکردن، سکالاّیان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و گوتیان: ئەگەر بڕیاری بە ڕوخسار ڕەشکردنیدا دەبێتە بەڵگە بۆتان، ئەگەرنا ئێوە وازتان هێناوە لە فەرمانی تەورات خوا ئەم ئایەتانەی دابەزاند: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ ﴿٤١﴾﴾ هەتاکو: ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن

١٨٦. رواه ابوداود(٢٧٥١)، وابن ماجه(٢٦٨٥)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧١٢).

يَضُرُّوكَ شَيْـًٔا ۖ وَإِنْ حَكَمْتَ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٤٢﴾ هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٣﴾ هەتاکو: ﴿فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ ﴿٤٥﴾﴾(المَائِدَةِ).

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خەمبار و دڵتەنگت نەکەن ئەو کەسانەی بە پەلەن بۆ هەڵبژاردنی بێباوەڕی، ئەوانەی بە زارەکی گوتیان: باوەڕمان هێناوە، بەڵام لە دڵەوە باوەڕیان نەهێنا بوو، هەروەها هەندێك لە جوولەکەکان کە زۆر گوێ بۆ درۆ و دەلەسەی دەمسپیپەکانیان دەگرن و گوێ بۆ کۆمەڵە کەسانێك دەگرن کە نەهاتوون بۆ لای تۆ لەبەر خۆبەگەورە زانینیان، مانا و مەبەستی فەرموودەی خوا لە تەوراتدا دەگۆڕن و تێکیدەدەن و لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن، دەڵێن: ئەگەر محمد حوکمی لێدانی جەڵدەی بۆ دانان لە بری ڕەجمکردن وەری بگرن، ئەگەر حوکمێکی تری بۆدانان وریایبن، ئەگەر کەسێك خوا بیەوێت تووشی گومڕایی بکات تۆ هیچت لای خوا پێناکرێت بۆی، ئەوانە کەسانێکن خوا نەیویست دڵەکانیان پاك بکاتەوە، لە دونیادا ڕیسوا و سەرشۆڕن، لە دواڕۆژیشدا سزایەکی زۆر گەورە و سەختیان بۆ هەیە.

ئەگەر هاتن بۆ لات حوکم بکە لە نێوانیان یان پشتگوێیان بخە و لایان لێ مەکەرەوە، ئەگەر پشتگوێیان بخەیت و لایان لێ نەکەیتەوە هیچ زیانت پێ ناگەیەنن، ئەگەر حوکمت کرد لە نێوانیان دادگەرانە حوکم بکە، بێگومان خوا دادگەرانی خۆش دەوێت.

چۆن تۆ دەکەن بە دادوەر لە نێوانیاندا؟! و ڕازی دەبن بەو حوکمەی بۆیان دەدەیت، لە کاتێکدا تەوراتیان لەبەر دەستدایە کە حوکمی خوای تێدایە، پاشان دوای ئەوەی حوکمت کرد لە نێوانیان پشت هەڵدەکەن، ئەوانە باوەڕدارنین.

لە خەڵك مەترسن و لە من بترسن، ئایەتەکانی من بە شتێکی کەم لە دونیا مەگۆڕنەوە، هەرکەسێك حوکم نەکات بەوەی خوا دابەزاندووە ئەوانە بێباوەڕن.

لە تەوراتدا پێویستمان کرد بوو لەسەریان، کەسێك بە ئەنقەست وناڕەوا کەسێکی تر بکوژێت دەکوژرێتەوە، چاو لە بری چاو کوێر دەکرێت، لووت لە بری لووت دەبڕدرێت، گوێ لە بری گوێ، ددان لە بری ددان دەشکێندرێت یان دەکێشرێت، برینەکانیش هەریەکە بە گوێرەی خۆی تۆڵەیان بۆ دەکرێتەوە.

خوای پەروەردگار ڕوونی کردەوە کە هەموان یەکسانن، فەزڵی کەسێکی بەسەر ئەوانی تردا نەدا، وەك ئەوەی کە جووەکەکان وایان دەکرد هەتا دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ ﴿٤٨﴾﴾ هەتاکو ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: ئێمە کتێبمان بۆ دابەزاندووی کە ڕاست و ڕەوایە و سەلمێنەر و پشتڕاستکەرەوەی کتێبەکانی پێش خۆیەتی و حاکم و باڵایە بەسەریاندا و شەریعەتەکانی نەسخ کردوونەتەوە، حوکم بکە لە نێوانیان بەوەی خوا بۆی دابەزاندووین، شوێنی حەز و ئارەزووەکانیان مەکەوە دوای ئەوەی بەڵگەی ڕاستیت بۆ هات، بۆ هەموو ئوممەتێك شەریعەت و مەنهەجی تایبەتمان دابەزاندووە.

ئایا حوکمی نەفامییان دەوێت؟!، کێ حوکمی لە خوا ﷻ جوانترە، بۆ کەسانێك کە دڵنیان و باوەڕی تەواویان هەیە.

هۆکاری سەرەکی شوێن حەز و ئارەزووکەوتن لە شار و لادێکان، ستەمکردن و وازهێنانە لە دادپەروەری، چونکە ئەگەر دوو کۆمەڵ بشێوی و خوێنێك کەوتە نێوانیان و کۆمەڵێکیان خۆی بە پایە بەرزتر بزانێت و مافی بەرامبەرەکەی نەدات، ئەوانی تریش لە بەرامبەردا داوای زیاتر لە مافی خۆیان دەکەن، بۆیە پێویستە لە خوێن و ماڵ و ناکۆکیەکانی نێوان خەڵك دادپەروەری ڕەچاو بکرێت کە خوا فەرمانی پێ کردووە لە قورئاندا، ولا نەکرێتەوە بە لای زۆربەی ئەو شتانەی کە لە سەردەمی نەفامیدا خەڵکی لەسەری بوون، ئەگەر چاکە خوازێك ویستی چاکە و ناوبژیوانی بکات ئەویش پێویستە لەسەری دادپەروەر بێت وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ۝٩ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْۚ ۝١٠﴾(الحُجُرَات).

واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە باوەڕداران بە شەڕهاتن، ئاشتەوایی بکەن لە نێوانیان، ئەگەر کۆمەڵێکیان ستەمکار بوو ملکەچ نەبوو بۆ ڕاستی، لە دژی بجەنگن هەتا ملکەچ دەبێت بۆ فەرمانی خوا، ئەگەر بە فەرمانی خوا ڕازی بوون ئاشتیان بکەنەوە و دادپەروەربن، چونکە خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت، باوەڕداران بۆ یەکن لەگەڵ یەکدا کۆك و تەبابن.

پێویستە داوا لە کەسوکاری کوژراوەکە بکرێت کە لە بەرامبەرەکانی خۆشبن چونکە واباشە بۆیان، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥۚ ۝١٥﴾(المَائِدَة).

واتە: تۆڵەی بریندارکردن بریندارکردنە، ئەگەر لە تاوان بارەکە خۆشبن دەبێتە کەفارەتی تاوانەکەی.

ئەنەسی کوڕی مالك ﷺ دەڵێت: ((ما رفع إلى رسول الله ﷺ أمر فيه قصاص إلا أمر فيه بالعفو))[١٨٧].

واتە: هیچ سکاڵایەك بەرز نەکراوەتەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە داوای تۆڵەکردنەوەی تێدا بووبێت، ئیلا فەرمانی بە لێبوردن کردووە.

مسلم لە صەحیحەکەیدا لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەی: ((ما نقصت صدقة من مال، وما زاد الله عبداً بعفو إلا عزاً، وما تواضع أحد لله إلا رفعه الله))[١٨٨].

واتە: هیچ کات خێر و چاکە لەماڵ کەم ناکاتەوە، و خوا بەندە بە هۆی لێبوردنەوە بەڕێز دەکات، و هەرکەسێك لەبەر خوا بێ فیز و خاکی بێت خوا پایەی بەرز دەکات.

ئەو هاوتاییەی کە باسمان کرد: بۆ موسڵمانێکی ئازادە بەرامبەر بە موسڵمانێکی تری ئازاد، بەڵام ئەوانەی لە ئەستۆدان (ذمي) جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە هاوتای موسڵمان نین، هەیانە دەڵێت هاوتایەتی، هەروەها کێشەش لەسەر ئەوە هەیە کە ئازاد بە کۆیلە دەکوژرێت یان نا؟.

جۆری دووەم: کوشتنی بە هەڵەی هاوشێوەی ئەنقەستە (شبه العمد): پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ألا إن في قتل الخطأ شبه العمد ما كان في السوط والعصا مائة من الإبل، منها أربعون خلفة في بطونها أولادها))[١٨٩].

---

١٨٧. رواه أبوداود(٤٤٩٧)، والنسائي(٤٧٨٤)، وابن ماجه(٢٦٩٢)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود).

١٨٨. رواه مسلم(٢٥٨٨).

١٨٩. رواه أبوداود(٤٤٩٧)، والنسائي(٤٧٩١)، وابن ماجه(٢٦٢٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٢٦٣٨).

واتە: هەندێك كوشتن هەیە هاوشێوەی ئەنقەستە، ئەوەی كەبە قامچی و گۆچان دەكوژرێت خوێنەكەی سەد حوشترە چلیان دەبێت سك پڕبن (بێچوو لە سكیاندا بێت).

هاوشێوەی ئەنقەست ناوی برد، چونكە مەبەستی لێدانی بووە، كە بەو شێوە لێدانە مرۆڤ زۆرجار نامرێت، كەواتە: بە ئەنقەست لێی داوە بەڵام مەبەستی كوشتنی نەبووە.

جۆری سێیەم: هەڵەی پەتی ئەو كوشتنانەی كە لەم باسەدا جێیان دەبێتەوە، وەك ئەوەی بهاوێتە نێچیرێك یان نیشانێك، بەڵام مرۆڤێك بپێكێت بەبێ زانین و بێ مەبەست، ئەم جۆرە كوشتنە تۆڵەكردنەوەی نییە، بەڵام دییە(خوێنبایی) و كەفارەتی هەیە و لەسەر ئەم پرسانە باسی زۆر هەیە لە كتێبی زانایان.

بەشی تۆڵە کردنەوە لە بریندارکردن

تۆڵەکردنەوە لە بریندارکردندا سەلماوە بە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان بە مەرجی یەکسانی، ئەگەر لەپی دەستی ڕاستی بڕا، بۆی هەیە وەک ئەو دەستی ببڕێت، ئەگەر ددانی هەڵکێشا دەتوانێت ددانی وا لێ بکات، ئەگەر سەری یان ڕوخساری بریندارکرد تا ئێسکەکەی دەرکەوت دەتوانێت وای لێ بکات، بەڵام ئەگەر نەتوانرا یەکسانی ڕەچاو بکرێت وەک ئەوەی کە ئێسکێکی ناوەوەی بشکێنێت یان بریندێکی نادیار بکات، ئەوکاتە نابێت تۆڵە بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە دییەی دیاریکراو بدرێت یان بە ئەندازەی ئەو زیانەی لێی کەوتووە بۆی قەرەبوو بکرێتەوە.

بەڵام تۆڵە کردنەوە لە لێدانی دەست و گۆچان و قامچی و هاوشێوەی ئەوانە وەک ئەوەی زلە یان مستەکۆڵەی لێ بدات، کۆمەڵێک لە زانایان دەڵێن: تۆڵەکردنەوەی نییە، بەڵکو سەرزەنشت دەکرێت، چونکە لەو حاڵەتەدا ناتوانرێت یەکسانی ڕەچاو بکرێت لە کاتی تۆڵەکردنەوەدا.

ئەوەی لە خەلیفە ڕاشدییەکان و هاوەڵان و تابعیەکان گێڕدراوەتەوە: دەتوانرێت لەو جۆرە ستەمانەشدا تۆڵە بکرێتەوە، بە دەق لە ئەحمەد و شەرعناسەکانەوە هاتووە، سوننەتی پێغەمبەری خواش ﷺ بەوە هاتووە، ئەوەش پەسەندترە، ئەبوفیراس دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب ﷺ گوتاری دەخوێندەوە باسی فەرموودەیەکی دەکرد تیایدا فەرمووی: ((ألا إني والله ما أرسل عمالي إليكم ليضربوا أبشاركم، ولا ليأخذوا أموالكم، ولكن أرسلهم إليكم ليعلموكم دينكم وسنة نبيكم. فمن فعل به سوى ذلك: فليرفعه إلي " فوالذي نفسي بيده إذا لأقصنه منه، فوثب عمرو بن العاص، فقال يا أمير المؤمنين: إن كان رجل من المسلمين أمر على رعية فأدب رعيته، أئنك لتقصه منه؟ قال: إي والذي نفس محمد بيده إذا لأقصنه منه، وقد رأيت رسول

الله ﷺ يقص من نفسه، ألا لا تضربوا المسلمين فتذلوهم، ولا تمنعوهم حقوقهم فتكفروهم))[١٩٠].

واتە: سوێند بە خوا من کاربەدەستەکانم پەوانە ناکەم بۆ ئێوە بۆ ئەوەی لە پووەمتتان بدەن ونە بۆ ئەوەی مالێ و سامانتان بە تالآن بەرن، بەڵکو پەوانەم کردوون بۆ ئەوەی فێری ئایینی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیتان ﷺ بکەن، هەریەکە لەوان کارێکی جگە لەوەی کرد سکالآی لێ بکەن، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە تۆڵەی لێ دەکەمەوە، عەمری کوڕی العاص رضي الله عنه هەستایە سەرپێ، گوتی: ئەی فەرمانڕەوای باوەڕداران ئەگەر کەسێك کرا بە کاربەدەست بەسەر کۆمەڵێك موسڵمانەوە لە هەندێکیانیدا بە مەبەستی فێرکردن و تەمێکردن تۆ هەر تۆڵەی لێ دەکەیتەوە؟ فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی ﷺ بەدەستە تۆڵەی لێ دەکەمەوە، چونکە من پێغەمبەری خوام ﷺ بینیی تۆڵەی لە نەفسی خۆشی دەکردەوە !؟ تکا دەکەم لە موسڵمانان مەدەن و زەبوونیان مەکەن، مافەکانیان پێشیل مەکەن بۆ ئەوەی لە ئایین هەڵنەگەڕێنەوە و بێباوەڕ نەبنەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە کاربەدەست لە خەڵك بدات لێدانێکی ناڕەوا، بەڵام لێدانی ڕێگەپێدراو، تۆڵەکردنەوەی تێدا نییە بە کۆڕای زانایان، چونکە ئەو لێدانە یا پێویستە، یا سوننەتە یان دروستە.

١٩٠.رواه أبوداود(٤٥٣٧)، والنسائي(٤٧٧٧)، وضعفه الألباني في (ضعيف سنن النسائي)(٣٣٠).

بەشی تۆڵە کردنەوە لە ڕوشانی ناموس و کەرامەت

تۆڵەکردنەوە لە ڕوشانی کەرامەت دروستە، وەک ئەوەی کابرایەک نەفرەت بکات لە یەکێک یان نزای لێ بکات، دەتوانێت وای پێ بڵێتەوە، هەروەها ئەگەر جنێوی پێدا بە جنێوێک درۆی تێدا نەبێت، بەڵام لێبوردن باشترە، خوا دەفەرموێت: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ٤١﴾(الشُّورَىٰ).

واتە: پاداشتی خراپە، خراپەیەکی وەک خۆیەتی، ئەوەی لێبوردە بێت و ئاشتەوایی بکات پاداشتی لای خوایە، بە ڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت، ئەوەی ستەمی لێ کراوە تۆڵەی خۆی کردەوە هیچی لەسەر نییە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((المستبان: ما قالا فعلى البادئ منهما ما لم يعتد المظلوم))[١٩١].

واتە: دوو کەس کە دەبێتە شەڕە جنێویان: هەرچی بڵێن تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەوەیانە کە دەست پێشخەر بووە، بە مەرجێک ستەملێکراوەکە لەوە خراپتر نەڵێت کە ئەوی تر گوتویەتی.

ئەو جنێوەی کە درۆی تیادا نییە وەک ئەوەی باسی ئەو خراپانە بکات کە تیایدایە، یان بە سەگ و گوێدرێژ و هاوشێوەکانیان ناوی ببات، بەڵام ئەوەی شتێکی هەڵبەستراو بداتە پاڵی ئەگەر بە بێباوەڕ وڵە ڕێگادەرچوو و تاوانباری دابنێت دروست نییە ئەم بە بێباوەڕ وڵە ڕێگادەرچوو و تاوانباری دابنێت بە ناڕەوا، ئەگەر نەفرەتی کرد لە باوک و عەشیرەتی یان خەڵکی وڵاتەکەی، دروست نییە ئەم بە خراپ ناوی ئەوانە بهێنێت، چونکە ئەوان ستەمیان لە ئەم نەکردووە، خوا ﷻ دەفەرموێت:

---

١٩١. رواه مسلم(٢٥٨٧).

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰۖ ﴿٨﴾﴾(المَائِدَة).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە فەرمانەکانی خوا هەستن و گەواهی دادپەروەرانە بدەن، با ڕق و کینەتان لە کەسانێك واتان لێ نەکات دادپەروەر نەبن، دادپەروەربن چونکە ئەوە لە پارێزکاری ولە خوا ترسانەوە نزیکترە.

خوا فەرمان دەکات بە موسڵمانان کە ڕقبوونیان لە بێباوەڕان نەبێتە ڕێگری ئەوەی دادپەروەربن و دەفەرموێت: ﴿ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰۖ ﴿٨﴾﴾(المَائِدَة)، ئەگەر ستەمکردن لە کەرامەتیان حەرام بێت، بە هۆی ئەوەی دەروونی پێ بشکێتەوە، کەواتە: تۆڵەشیان لێ دەکرێتەوە ئەگەر ستەمێکی وایان کرد، وەك ئەو کەسەی نزای کردبێت لە کەسێك دروستە بەو نزایە نزای لێ بکرێت کە لە بەرامبەرەکەی کردووە، بەڵام ئەگەر سنورێکی خوای بەزاند وەك ئەوەی درۆیەك بکات دروست نییە بەرامبەری ئاوها کارێك بکات، زۆربەی شەرعناسان دەڵێن: ئەگەر کەسێك بکوژرێت بە سوتاندن یان بە خنکاندن لە ئاودا یان خنکاندنی بە دەست، هەر بەو شێوەیە تۆڵە لە بکوژەکە دەکرێتەوە، بە مەرجێك ئەو کارەی کە ئەنجام دراوە لە خودی خۆیدا حەرام نەبێت وەك مەی پێخواردنەوەی و نێربازی کردن لەگەڵیدا، هەندێکیان دەڵێن: هەموو ئەو کارانە تۆڵەی تەنها کوشتنییەتی بە شمشێر، بەڵام بۆچوونی یەکەم لە قورئان و سوننەت و دادیشەوە نزیکترە.

بەشی درۆ بۆ هەڵبەستن و هاوشێوەی

ئەگەر درۆ بۆ هەڵبەستن تۆڵە کردنەوەی تیادا نەبێت، بەڵام سزادەدرێت، وەک حەددی بوهتان بۆکردن ئەوە لە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایاندا سەلماوە، خوا دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا۟ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا۟ لَهُمْ شَهَٰدَةً أَبَدًا ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ۝٤ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٥﴾(النُّور).

واتە: ئەوانەی بوهتان بۆ ئافرەتێکی داوێن پاک دەکەن و چوار گەواهیدەر ناهێنن، هەشتا جەلدەیان لێ بدەن و ئیدی هەرگیز گەواهیان وەرمەگرن، ئەوانە کەسانێکی لەڕێ دەرچوو و تاوانبارن، تەنها کەسانێك نەبێت لەوان کە پەشیمان دەبنەوە وکاری باش دەکەن خوا لێبوردە و میهرەبانە.

ئەگەر ئافرەتێکی ئازاد تاوانبارکرا بە داوێن پیسی یان نێربازی ئەو کەسە حەددی بوهتانی لێ دەدرێت کە هەشتا جەلدەیە، ئەگەر شتی تری دایە پاڵ سزادەدرێت و سەرزەنشت دەکرێت.

ئەم حەددە بەسەر ئەو کەسەدا دەسەپێت کە بوهتانەکەی کردووە، بە مەرجێك کەسە ستەملێکراوەکە داوای ئەوە بکات، ئەگەر لێی خۆش بوو لەسەری دەکەوێت لای زۆربەی زانایان، چونکە ئەوەی ستەمی لێکراوە ئادەمیزادە وەک تۆڵەکردنەوە و پێبژاردنی پارە وایە، گوتراوە: لەسەری ناکەوێت لەبەر مافی خوا لەبەر ئەوەی ناتوانرێت بچوێنرێت بە حەددەکانی تر، پێویستە ئەو سزایە جێبەجێ بکرێت ئەگەر ئافرەتە تاوانبارکراوەکە موسڵمانێکی ئازادی داوێنپاک بێت، بەڵام ئەگەر کەسە بوهتان بۆ کراوەکە بەکەسێکی خراپەکار ناوبانگی دەرکردبێت ئەو کەسەی بوهتانەکەی بۆ دەکات حەددی لێ نادرێت، هەروەها ئەگەر بێباوەڕ بێت یان کۆیلە بێت، بەڵام کەسە بوهتان کارەکە سەرزەنشت دەکرێت، بەڵام بۆ مێرد دروستە ژنەکەی تاوانبار بکات

ئەگەر داوێن پیسی کرد، ئەگەر لەو کارە سکپڕ نەبوو بێت، ئەگەر سکپڕ بوو کە منداڵەکەی بوو، دەتوانێت تاوانباری بکات و منداڵەکەش نەگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی کەسێك نەگرێتە خۆی کە لە ئەو نەبێت، ئەگەر تاوانبارکرا بە داوێن پیسی یان ئەوەیە دانی پیادا دەنێت یان دەبێت (ملاعنة) بکرێت وەك چۆن باسی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، ئەگەر کەسە بوهتان کارەکە کۆیلە بوو نیوەی ئەو حەددەی لەسەر پێویست دەبێت کە لەسەر ئازادێك پێویستە، هەروەها لە جەلدەی داوێن پیسی و خواردنەوەی مەیشدا، چونکە خوا لە مافی کەنیزەکەکاندا دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ۚ ﴿٢٥﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: ئەگەر داوێن پیسیان کرد ئەوا نیوەی ئافرەتە ئازادەکان سزادەدرێن.

بەڵام ئەگەر سزاکەی کوشتن و دەست بڕین بێت ئەوا ئەو سزایانەیان بەسەردا دەسەپێت.

بەشی مافەکانی ژن و میردایەتی

لە پێشێلکردنی مافی ژن و میردایەتی دەبێت حوکم بکرێت لە نێوانیان بەوەی خوای بالادەست فەرمانی پێ کردووە، بە ڕاگرتنی ئافرەت بە باشی یان دەستبەردار بوونی بە باشی، پێویستە لەسەر هەریەکە لە ژن و پیاو مافی بەرامبەرەکانیان بە باشی بەجێ بهێنن، بە ڕەزامەندی وسنگێکی فراوانەوە، ژن مافی هەیە لەسەر پیاوەکەی لە مالّ و مارەی و بژێوی بە شێوەیەکی ئاسایی، مافیشی هەیە لە لەشیدا لە باش ژیان لەگەڵی و بەجێهێنانی ئارەزووەکانی، بە جۆرێك ئەگەر پشتی لێ کرد و لەگەڵیدا جووت نەبوو دەتوانێت داوای جیابوونەوەی لێ بکات بە کۆڕای موسڵمانان، ئەگەر توانای یان ئارەزووی جووتبوونی نەدەکرد دیسان دەتوانێت لێی جیا ببێتەوە، جووتبوونی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی پێویستە لای زۆربەی زانایان.

گوتراوە: نابێت بهێڵرێتەوە بۆ حەزی سروشتی، بەڵام ئەوەی ڕاستییە و سەلماوە بە قورئان و سوننەت و بنچینەکانیش (الأصول) ئەوەیە کە پێویستە (واجب)، پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك بینی عبداللەی کوڕی عەمر رضي الله عنهما زۆر ڕۆژوو و نوێژ دەکات پێی فەرموو: ((إن لزوجك عليك حقاً))[١٩٢].

واتە: خێزانەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە.

دواتر گوتراوە: پێویستە لەسەری بە لایەنی کەمەوە چوار مانگ یەکجار لەگەڵیدا جووت بێت، گوتراوە: پێویستە لەگەڵیدا جووت بێت بە گوێرەی توانای پیاو و پێداویستی ئافرەتەکە، وەك چۆن بژێوی لەسەری پێویستە، ئەمەش لە ڕاستییەوە نزیکە.

---

١٩٢. رواه البخاري(٦٥٣٣)، ومسلم(١٦٨٧).

مافی پیاو لەسەر خێزانی ئەوەیە هەرکاتێك ویستی لەگەڵیدا جووت بێت ئافرەتەکە لاری نەبێت، بە مەرجێك زیانی تەندروستی نەبێت بۆی، یان لە بەجێهێنانی ئەرکێکی شەرعی دوای نەخات، پێویستە لەسەری داواکانی بەجێ بهێنێت، نابێت لە مالّ دەربچێت بەبێ پرسی پیاوەکەی لەبەر پێداویستییەکی شەرعی نەبێت، شەرعناسەکان ناکۆکن لەسەر ئەوەی ئایا ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری مالّ وەك پاکوخاوێنی ناو مالّ و گسکدان و چێشتلێنان...هتد، پێویستە لەسەر ئافرەت یان نا؟ گوتراوە پێویست نییە لە سەری، و گوتراوە ئاسانکاری بۆ بکرێت.

بەشی مالّ و سامان

لە مالّ وساماندا پێویستە حوکم لە نێوان خەڵك بە دادوەرانە بکرێت وەك خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێ کردووە، بۆ نموونە پێویستە میراتی بەو شێوەیە دابەش بکرێت لە نێوان میراتگرەکان کە قورئان و سوننەت فەرمانیان پێ کردووە، ئەگەرچی موسڵمانان لە هەندێك لەو شتانە ناکۆکن، هەروەها لە کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و لە بری دانان و پێکەوە کارکردن و بەخشین و مالّی وەقف و وەسیەت...هتد، هەموو ئەو کردەوانەی کە وابەستەیە بە گرێبەست و پارە وەرگرتن، داد تیایدا مایەی خۆشگوزەرانی دونیا و دواڕۆژیشە، نە دونیا ونە دواڕۆژیش بەوە نەبێت بەدەست نایەت، ڕەچاوکردنی دادپەروەری لە هەموو ئەو شتانەی کە بە ژیری مرۆڤ دەرکی پێدەکرێت پێویستە، وەك پێدانی نرخ لە بری ئەو شتەی کە وەردەگیرێت وبە پێچەوانەشەوە، حەرامبوونی دزیکردن لە کێشانە و پێوانە، پێویستی ڕاستگۆیی و باسکردنی باشە و خراپەی کاڵا، هەروەها حەرامی درۆکردن و ناپاکیکردن و فێڵکردن، پێویستە ئەو کەسەی قەرزارە قەرزەکەی بداتەوە و سوپاس گوزاربێت.

هەندێك کڕین و فرۆشتن حوکمەکانیان پەنهانن و لای هەمووان ڕوون نین، شەریعەتەکان یان شەریعەتی ئیسلامی پێی هاتووە، هەرچی کڕین و فرۆشتن و ربازرگانییەك قورئان و رسوننەت یاساغیان کردبێت لەبەر بەدیهاتنی داد و قەدەغەکردنی ستەمە بە ورد و ردرشت وەك: خواردنی مالّی خەڵك بە ناڕەوا، سوو، پێغەمبەری خوا ﷺ یاساغی کردووە لە فرۆشتنێك فێڵ وتەڵەکەی تێدا بێت وەك فرۆشتنی بێچوو لە سکی دایکی، فرۆشتنی باڵندە لە هەوا، ماسی لە ئاودا، فرۆشتن بۆ کاتێکی دیاری کراو، هێشتنەوەی شیر لە گوانی ئاژەڵ و فرۆشتنی بە نرخی ئەوەی کە ئەم ئاژەڵە هەر بەو شێوەیە شیرداره، فرۆشتنی خانووی داڕوخاوی بەڕوکەش نۆژەنکراو بە نرخی خانوی باش و تازە، فرۆشتن بە دەست لێدان (لمس)، فرۆشتن بە هاوێشتنی شتێك بە جۆرێك کە ئەو شتە کەوتە سەر هەرشتێك پێویستە ئەو شتە

بکرێت، فرۆشتنی خورمای وشک بە (رطب)، تریێ بە مێوژ، گەنم بە گەنمێک لە گوڵەکەیدا بێت، فرۆشتنی دەغڵودان پێش پێگەیشتنی و گران کردنی کاڵا بەبێ ئەوەی مەبەستی کڕینی بێت، هەموو ئەو کڕین و فرۆشتنانەی کە جۆرێک لە فێڵ و دەستبڕینی تیادایە وەک ئەوەی بڵێت: بەروویوومی ئەو پارچە زەویەت پێ دەفرۆشم، هاوشێوەی ئەو جۆرە کڕین و فرۆشتنانە موسڵمانان تیایدا ناکۆکن لەبەر ئەوەی حوکمەکانی شاراوەیە ولە یەک چوونن، هەندێک ئەو گرێبەست وکڕین و فرۆشتنانە بە ڕەوا و دروست دەزانێت، و هەندێکی تر بەستەم و بەتاڵی دەزانێت، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ وکاربەدەستانبن، ئەگەر لە شتێک ناکۆکی کەوتە نێوانتان بیگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، چونکە ئەوە باشترین و دادپەروەرانەترین چارەسەرە.

لە بنچینەدا هیچ کڕین و فرۆشتنێک لەسەر خەڵک حەرام نییە مەگەر ئەوانەی نەبێت کە دەقی قورئان و سوننەت هەبێت لەسەر حەرام کردنی، وەک چۆن هیچ پەرستشێک کە مەبەست نزیک بوونەوە بێت لە خوا دروست نییە هەتا بەڵگەی لە قورئان یان لە سوننەت لەسەر نەبێت، چونکە تەنها ئەوە ئایینە کە خوا فەرمانی پێکردبێت، تەنها ئەوەش حەرامە کە خوا حەرامی کردبێت، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە خوا بە خراپ باسی کردوون کە لە خۆیانەوە هەندێک شتیان حەرام کردووە کە خوا فەرمانی بە حەرام بوونی نەکردووە، هاوتایان بۆ خوا بڕیارداوە کە خوا بەوە فەرمانی پێنەکردوون، شەریعەت و بەرنامەیان بۆ خەڵک دارشتووە کە خوا ڕێگای بە کارێکی

لەو شێوە نەداوە، پەروەردگار یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی چی شتێکت حەڵاڵ کردووە ئەوە بە حەڵاڵ بزانین و چی شتێکت حەرام کردووە هەر ئەوە بە حەرام بزانین، ئایین و پەرستشمان بەو شێوەیە بێت کە تۆ پێی ڕازیت.

بەشی پرس و ڕاوێژپێکردن

کاربەدەست ناتوانێت کاری بە پرس و ڕاوێژ نەبێت، چونکە خوا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە پرس و ڕاوێژ بکات بە هاوەڵەکانی ، خوا دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ ١٥٩﴾(آلِ عِمْرَان).

واتە: لێبوردە بە لەگەڵیان و داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە، ولە ئیش و کارەکانت پرس وڕاوێژیان پێ بکە، ئەگەر پێداگر بوویت لەسەر کارێك دوای ڕاوێژکاریی پشت بە خوا ببەستە، خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێدەبەستن.

وئەبوهورەیرە ﷺ دەڵێت: ((لم يكن أحد أكثر مشاورة لأصحابه من رسول الله ﷺ))[١٩٣].

واتە: هیچ کەسێك هێندەی پێغەمبەری خوا ﷺ پرس و ڕاوێژی بە هاوەڵانی نەکردووە.

گوتراوە: خوا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە بۆ ئەوەی دڵی هاوەڵانی ڕابگرێت، و ئەوانەی دوای ئەو دێن چاوی لێ بکەن، بۆ ئەوەی ڕایان وەربگرێت لەو ئیش وکارانەی کە سروشی پێنەهاتووە لە کاروباری جەنگ و ئیشوکارە لاوەکییەکان، کە وابوو کەسانی تر زیاتر پێویستیان بە ڕاوێژکاری هەیە لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

خوا ستایشی باوەڕداران بەوە دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٣٦ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ وَإِذَا

---

١٩٣. رواه الترمذي (١٧١٤)، وضعفه الألباني في (ضعيف الترمذي).

مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾﴾(الشُّورَىٰ).

واتە: ئەو پاداشتەی خوا لای خۆی ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، ئەوانەی لە تاوانە گەورەکان و داوێن پیسی خۆیان دەپارێزن ولە کاتی تورەبووندا ڕەوشتبەرز و لێبوردەن، ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی خواوە ڕۆیشتون و نوێژەکانیان بەجێ دەهێنن و ئیش وکارەکانیان بە پرس و ڕا بەڕێوەدەبەن و لەوەی ڕۆزیمان داون دەبەخشن.

ئەگەر ڕاوێژپێکراوەکان هەندێکیان شتێکیان و بیر هێنایەوە کە فەرموودەی خوا یان پێغەمبەرەکەی ﷺ یان کۆڕای موسڵمانانی لەسەر بوو پێویستە هەمووان پابەندی ئەوەبن و گوێڕایەڵی کەسی تر ناکرێت لە پێچەوانەی ئەو کارە، ئەگەرچی کەسێکی گەورە و ناوداریش بێت لە دونیا و ئایینیشدا، خوا دەفەرموێت: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴿٥٩﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ و کاربەدەستانبن.

ئەگەر کار و فەرمانێك موسڵمانان تێیدا ناکۆك بوون پێویستە لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان پایەکی تۆکمە و نزیك لە قورئان و سوننەت هەڵبژێردرێت و کاری پێ بکرێت، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾﴾(النِّسَاء).

واتە: ئەگەر لەشتێك ناکۆکی کەوتە نێوانتان بیگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، چونکە ئەوە باشترین و دادپەروەرانەترین چارەسەرە.

کاربەدەستان دوو بەشن: ئەوانیش فەرمانڕەواکان و زاناکانن، ئەگەر ئەوان باش بن خەڵك باش دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەریەکە لەوان زۆر وریای کردار و گوفتاریان بن، گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەیبن ﷺ و شوێنی کتێبەکەی خوا بکەون، ئەگەر لە هەرکێشەیەکدا بەڵگەی قورئان و سوننەت زانرا پێویستە گوێڕایەڵی بکرێن، بەڵام ئەگەر دۆزینەوەی بەڵگە ئاسان نەبوو لەبەر نەبوونی کات یان بێ توانایی کەسەکە، یان چەند بەڵگەیەکی هەبێت پێی وا بێت هەموویان هاوتای یەکن، بۆی هەیە لاسایی (تقلید) کەسێك بکات کە لە ئایین و زانستی شەرعی ئەو کەسە پازی بێت، ئەمە بەهێزترین بۆچوونە، گوتراوە: بۆی نییە بە هیچ شێوەیەك لاسایی بکاتەوە، بەپێچەوانەی ئەمانەوە گوتراوە لە هەموو حاڵەتێکدا بۆی هەیە لاسایی بکاتەوە، ئەو سێ بۆچوونە لە مەزهەبی ئەحمەد و مەزهەبەکانی تریشدا هاتوون.

ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە قازی و کاربەدەستاندا هەبێت پێویستە ڕەچاو بکرێت بەگوێرەی توانا، هەروەها هەرچی مەرجی خواپەرستی و نوێژ و تێکۆشان هەیە هەموو ئەوانە بەگوێرەی توانا دەبێت ڕەچاو بکرێن، ئەگەر ئەستەم بوو ئەو سیفەتانە دەست بکەون ئەوکات خوا بە گوێرەی توانا داوا دەکات، لەبەر ئەوە خوا فەرمانی کردووە کەسێك بیەوێت نوێژ بکات پێویستە دەست نوێژ بشوات، بەڵام کە نەبوو، یان بەکارهێنانی زیانی هەبوو لەبەر ساردی یان لەبەر بریندێك یان هەر هۆیەکی تر، لەسەر زەمینێکی پاك تەیەموم دەکات و دەست بە دەستەکان وڕوومەتیدا دەهێنێت، پێغەمبەر ﷺ بە عومرانی کوڕی حوصەینی فەرموو: ((صل قائماً، فإن لم تستطع فقاعداً، فإن لم تستطع فعلى جنب))[١٩٤].

واتە: نوێژ بە پێوە ئەنجام بدە، ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە، ئەگەر هەر نەتتوانی لەسەر لا ئەنجامی بدە.

---

١٩٤. رواه البخاري(١١١٧).

خوا نوێژی پێویست کردووە بەهەر شێوەیەك ئەنجام بدرێت، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا ۖ فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٩﴾﴾(البَقَرَة).

واتە: پارێزگاری لە نوێژە فەرزەکانتان بکەن وبە جوانی لە کاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدەن و ڕەچاوی هەموو مەرج و پێویستیەکانی بکەن و بەردەوامبن لەسەریان بە تایبەت نوێژی ناوەند کە نوێژی عەسرە، هەستن و سەرکز و ملکەچی فەرمانی خوا بن، ئەگەر ترسان بە شێوەیەکی ئاسایی نوێژ ئەنجام بدەن بە پیادە یان بە سواری نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، ئەگەر ترس ڕەویەوە و ئاسایشتان بۆ گەڕایەوە نوێژەکانتان ئەنجام بدەن و یادی خوا بکەن بەو شێوەیەی کە فێری کردوون لە کاتێکدا پێشتر نەتاندەزانی.

نوێژی لەسەر کەسێکی ئاسایی و کەسێك کە لە جەنگدایە پێویست کرد، هەروەها لەسەر ساغ و نەخۆش و دەوڵەمەند و هەژار، نیشتەجێ و گەشتیار، لەسەر ئەو کەسەی کە دەترسێت ولە جەنگدایە، نەخۆش ئاسانکاری بۆ کراوە وەك چۆن لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، هەروەها هەموو پێداویستیەکانی ئەو پەرستشەی پێویست کردووە، وەك خۆشۆردن لە لەشگرانی و دەستنوێژهەڵگرتن، خۆداپۆشین و ڕووکردنە قیبلە، هەرشتێك کە بەندەکانی نەتوانن لەسەری هەڵگرتوون، ئەگەر کەشتی کۆمەڵە خەڵکێك پەکی کەوت یان چەتە و ڕێگر جلوبەرگەکانی بردن، دەتوانن بە ڕووتی نوێژ بکەن و ئیمامەکەیان لە ناوەڕاستیان دەوەستێت بۆ ئەوەی لە دواوە نەیبینن بە گوێرەی توانایان، ئەگەر قیبلەیان لێ تێکچوو هەوڵ دەدەن ڕووگەکە بدۆزنەوە ئەگەر ئەستەم بوو چۆن توانیان نوێژ دەکەن، وەك گێڕدراوەتەوە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ وایان کردووە، هەروەهاش فەرمانڕەوایەتی و

تێکۆشان و هەموو کاروباری ئایین، هەموو ئەوانە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەریان: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾(التَّغَابُن).

واتە: لە خوا بترسن بە گوێرەی تواناتان.

ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: ((إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم))[١٩٥].

واتە: ئەگەر فەرمانم پێ کردن بە فەرمانێك بە گوێرەی توانا پێی هەستن.

وەك چۆن خوا خواردنە پیسەکانی حەرام کردووە دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ﴾(البَقَرَة).

واتە: ئەوەی ناچار بوو دەتوانێت لەو خواردنە پیسانە بخوات بەبێ ڕۆچوون، هیچی لەسەر نییە و تاوانبار نابێت.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ﴾(الحَجّ).

واتە: خوا لە ئایینی ئیسلامدا ئاسانکاری بۆ کردوون و شتی لە توانانەبوو داوا ناکات لێتان.

خوا دەفەرموێت:﴿ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ﴾(المَائِدَة).

واتە: خوا نایەوێت تووشی تەنگەژە و سەغڵەتیتان بکات.

کەوابوو شتی لە توانادا نەبوو پێویست نەکراوە، ئەوەی کە ناچاربیت بە ئەنجامدانی حەرام نەکراوە، ئەگەر ئەو ناچارییە مرۆڤەکە بە هۆی ستەم و تاوانێکەوە تووشی نەبووبێت.

---

١٩٥. رواه البخاري(٧٢٨٨)، ومسلم(١٧٣٧).

بەشی پێویستیی هەبوونی کاربەدەست و لێپرسراو

پێویستە بزانرێت کە بەڕێوەبردنی خەڵک لە گەورەترین پێداویستیەکانی (واجبات) ئایینە، بەڵکو نە ئایین ونە دونیاش دەستەبەر نابن بەبێ کاربەڕێوەبەران، چونکە بەرژەوەندیی ئادەمیزاد و ئیشوکاریان بەیەک دەڕوات، لەو نێوەندەدا پێویستە سەرکردەیەکیان هەبێت، هەتاکو ئەبوسەعید و ئەبوهورەیرە ﷺ لە پێغەمبەر ﷺ ڕیوایەتیان کردووە کە فەرموویەتی: ((إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمّروا أحدهم))[١٩٦].

واتە: ئەگەر سێ کەس لە سەفەرێکدا پێکەوە بوون با کەسێکیان بکەنە دەمسپی و کاربەڕێوەبەریان.

ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا لە عبداللەی کوڕی عەمری ﷺ گێڕاوەتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لا يحل لثلاثة يكونون بفلاة من الأرض إلا أمروا عليهم أحدهم))[١٩٧].

واتە: دروست نییە بۆ سێ کەس لە بیابانێکدا بن کەسێکیان نەکردبێت بە دەمسپی و برا گەورەی خۆیان.

پێغەمبەر ﷺ واجبی کرد کەسێک ئەمیر بێت لە کۆبوونەوەیەکی کەمدا لە کارێکی لە ناکاو لە سەفەردا، وەک سەرنج ڕاکێشانێک بۆ هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک، لەبەر ئەوەی خوا فەرمان بە چاکە و یاساغیکردن لە خراپەی پێویست کردووە کە ئەوەش بەهێز و دەسەڵات نەبێت فەراهەم نابێت، هەروەها پێداویستییەکانی ئایین لە تێکۆشان و دادپەروەری و ئەنجامدانی حەج و نوێژی هەینی و جەژنەکان و سەرخستنی ستەملێکراو و جێبەجێکردنی حەد بەسەر تاوانباراندا هەموو ئەوانە بە

---

١٩٦. رواه أبوداود(٢٦٠٨، ٢٦٠٩)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٠٠).

١٩٧. رواه أحمد(٦٦٠٩)، وضعفه الألباني في (الضعيفة)(٥٨٩).

هێز و دەسەڵات نەبێت ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن، لەبەر ئەوە ڕیوایەت کراوە: ((إن السلطان ظل الله في الأرض))[١٩٨].

واتە: کاربەدەست سێبەری خوایە لەسەر زەوی.

گوتراوە: شەست ساڵ حوکمی کاربەدەستێکی ستەمکار باشترە لە شەوێك بە بێ کاربەدەستی و بشێوی، بە تاقیکردنەوەش ئەوە سەلماوە.

لەبەر ئەوە پێشینانی وەك فوزەیلی کوڕی عیاض وئەحمەدی کوڕی حەنبەل و کەسانی تریش دەڵێن: ئەگەر دوعایەکی قبوولکراومان هەبوایە ئەوە بۆ کاربەدەستمان دەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إن الله يرضى لكم ثلاثاً: أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئا، وأن تعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا، وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم))[١٩٩].

واتە: خوای پەروەردگار بە سێ شت لێتان ڕازی دەبێت: بیپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، دەست بە بەرنامەی خواوە بگرن و ناکۆك و ناتەبا مەبن، ئامۆژگاری کەسانێك بکەن کە خوا دەیکات بە کاربەدەست بەسەرتانەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ((ثلاث لا يغل عليهن قلب مسلم: إخلاص العمل لله، ومناصحة ولاة الأمور، ولزوم جماعة المسلمين، فإن دعوتهم تحيط من ورائهم))[٢٠٠].

واتە: سێ شت بە هۆیانەوە دڵی موسڵمان لە ڕق و کینە پاڕێزراو دەبێت: ئیش و کارکردن تەنها لەبەر خوا، ئامۆژگاریکردنی کاربەدەستان، پابەندبوون و دەستگرتن بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، و پاڕانەوە بۆیان چونکە نزاو پاڕانەوە دەبێتە پاڵپشت و پاڕێزەریان.

---

١٩٨. رواه ابن أبي عاصم في السنة(٢/٤٩٢)، وحسنه الألباني في (ظلال الجنة)(١٠٢٤).

١٩٩. رواه مسلم(١٧١٥).

٢٠٠. رواه الترمذي (٢٦٥٨)، وابن ماجه(٢٣٠)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧٦٦).

له صەحیحی موسلمدا لێی گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: ((الدين النصيحة، الدين النصيحة، الدين النصيحة" قالوا: لمن يا رسول الله؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم))[٢٠١].

واتە: سێ جار فەرمووی: ئایین ئامۆژگاری ودڵسۆزییە، گوتیان: بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: بۆ خوا و قورئان و پێغەمبەر و پێشەوای موسڵمانان و هەموو موسڵمانان.

کەوابوو هەبوونی پێشەوا و قەڵەمڕەو و حاکم و کاربەدەست پێویستییەکی ئایینییە و دەتوانرێت بە هۆیەوە لە خوا نزیک ببێتەوە، چونکە هەست بە ترسی خوا و چاودێری کردنی سنوورەکانی و پابەندبوون بە پەیامەکانی پێغەمبەری پێشەواو ﷺ لە کاتی کاربەدەستیدا باشترین کارێکە بە هۆیەوە ڕەزامەندیی خوا بەدەست بێت، بەڵام زۆر کەس بە هۆی پلەوپایەوە دەگۆڕێن و گەندەڵ دەبن چونکە مەبەستیان کورسی و کۆکردنەوەی مانڵ و سامانە، کەعبی کوڕی مالیك ﷺ لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((ما ذئبان جائعان أرسلا في زريبة غنم بأفسد لها من حرص المرء على المال و الشرف لدينه))[٢٠٢].

واتە: دوو گورگی برسی بەربدرێنە گیانی گەلە مەڕێك خراپتر ناکەن لەوەی کە مرۆڤێك عەودالّی کۆکردنەوەی مالّ و سامان بێت و بەدوای ناوبانگ بگەڕێت لە ئایینەکەیدا، ئەو دوو گورگە ئەوەندە زیان ناگەیەنن بەو گەلە مەڕە وەك ئەو دوو سیفەتە زیان لەو مرۆڤە دەدەن لە ئایینەکەی.

---

٢٠١. رواه مسلم(٥٥).

٢٠٢. رواه الترمذي (٢٣٧٦)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٦٢٠).

خوا هەواڵ لەبارەی ئەو کەسانەوە دەدات کە نامەی کردەوەکانیان بەدەستی چەپیان وەردەگرن و دەفەرموێت: ﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ۝٢٨ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ۝٢٩﴾(الحَاقَّة).

واتە: سامانەکەم سوودی پێ نەگەیاندم، هەروەها پلەوپایەکەم لەدەست چوو لەوەش سوودم وەرنەگرت.

لوتکەی ویستی ئەوانەی وێڵ و عەودالّی پلەوپایەن وەک فیرعەونن، و ئەوانەی کە شەیدای کۆکردنەوەی پارەن وەک قارونن.

خوا حاڵی فیرعەون و قارونی لە قورئاندا باسکردووە و دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُواْ هُمۡ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ ۝٢١﴾(غَافِر).

واتە: بۆچی ناچن بەسەر زەویدا بگەڕێن و سەیربکەن و ببینن کە سەرئەنجامی ئەوانەی پێش خۆیان چی بووە، ئەوان زۆر بەهێز و خاوەن کۆشک و تەلار و باخ و دەغڵودان بوون، خوا بە هۆی تاوانەکانیانەوە لەناوی بردن، هیچ شتێك نەبووە پەرژین کە پێش بە سزای خوا بگرێت و بیان پارێزێت.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ۝٨٣﴾(القَصَص).

واتە: ئەو بەهەشتە ئامادەمان کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە نایانەوێت خۆیان بەسەر خەڵکدا زاڵ بکەن و خۆیان بەزل نازانن و تاوانبار و گەندەڵکارنین، سەرئەنجام بۆ لە خوا ترسان و پارێزکارانە.

خەڵك دەبنە چوار بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بەسەر خەڵکدا زاڵ بکەن، و بشێوی بنێنەوە لەسەر زەویدا ئەویش لەسەر پێچی خوادا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانەش پادشا و سەرۆکە گەندەڵ و خراپەکارەکانن، وەك فیرعون و حزب و دارودەستەکەی، ئەوانە پیسترین و خراپترین دروستکراوی خوان، خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَآئِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَآءَهُمْ وَيَسْتَحْيِۦ نِسَآءَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ۝٤﴾(القَصَص).

واتە: فیرعەون خۆی بەزل و بااڵدەست دەزانی، خەڵکی پەرت پەرت کردبوو، کۆمەڵگەکەی دەچەوساندنەوە، کوڕەکانی سەردەبڕین و ئافرەتەکانی دەکردن بە خزمەتکار، بە ڕاستی ئەو کەسێکی تێکدەر و خراپەکار بوو.

مسلم لە صەحیحەکەیدا لە ئیبن مەسعودی ﷺ گێڕاوەتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لا يدخل الجنة من في قلبه مثقال ذرة من كبر، ولا يدخل النار من في قلبه مثقال ذرة من إيمان، فقال رجل يا رسول الله: إني أحب أن يكون ثوبي حسناً، ونعلي حسنا، أفمن الكبر ذاك؟ قال: لا: إن الله جميل يحب الجمال، الكبر بطر الحق وغمط الناس))[٢٠٣].

واتە: ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك بە قەد مێروولەیەکی بچووك فیز و خۆبەزلزانین لە دڵیدا بێت، ناچێتە ئاگرەوە هەرکەسێك بە قەد مێروولەیەکی بچووك باوەڕ لە دڵیدا بێت، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: من حەز دەکەم جلوبەرگەکەم جوان بێت و سەرپێیەکانم (نەعل) جوان بێت ئایە ئەوە لە فیز و لوتبەرزییە؟ فەرمووی:

٢٠٣. رواه مسلم (٩١).

نەخێر، خوا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت، فیز و لوتبەرزی بریتییە لە نکولی ڕاستی و خەڵك بە کەمزانین.

نکولی ڕاستی بریتییە لە چاوپۆشین و خۆ لێ گێلکردن، وبە کەم زانینی خەڵك ولە سووکایەتی پێکردن و ماف پێشێلکردنیان خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش ئاکاری ئەوانەیە دەیانەوێت خۆسەپێن و بشێویکاربن.

بەشی دووەم: ئەوانەی بشێوی دەنێنەوە بە بێ ئەوەی لوتبەرز وبە فیزبن وەك دزە تاوانبارەکان، ئەوانە کەسانی سوك و ڕیسوان.

بەشی سێیەم: ئەوانەن کە بەفیزن بەڵام تاوانبار و گەندەڵکار نین، وەك ئەوانەی لە خواترسن و دەیانەوێت بە هۆی ئەوەوە لە خەڵك بەرز و بڵندتر بن.

بەشی چوارەم: ئەهلی بەهەشت نە بەفیز ونە تاوانبار ونە گەندەڵکارن، لەگەڵ ئەوەی کە لە جگە لە خۆیان بەرز و بەڕێزترن، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣٩﴾(آلِ عِمۡرَان).

واتە: لاواز مەبن وخەم مەخۆن چونکە ئێوە بەرز و بااڵن ئەگەر باوەڕدارین.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَهِنُواْ وَتَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلۡمِ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمۡ وَلَن يَتِرَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ ٣٥﴾(مُحَمَّد).

واتە: لاواز مەبن و داوای ئاشتی بکەن لە بێبڕواکان، ئێوە بەرز و بڵندن، خواتان لەگەڵدایە و لە پاداشتی کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ ٨﴾(المُنَافِقُون).

واتە: باڵادەستی و بەهێزی بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و باوەڕدارانە.

زۆرن ئەوانەی کە بەفیز وخۆبەزلزانن، بەڵام ئەو کارەیان زیاتر سوك و ڕیسوایان دەکات، کەسانی وایان هەیە کە لە ڕیزی بەڕێز و پایە بەرزەکانن و بەفیز و خراپەکاریش نین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ویستی خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا ستەمە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەموو یەکسانن، خەڵکی ڕقیان لە کەسێکە خۆی لەوان بە گەورەتر بزانێت و دژایەتی دەکەن، و کەسی دادپەروەر نایەوێت کەس ژێر دەستە بکات بە پێچەوانەی کەسە ستەمکارەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە کەسانێك کاربەدەستبن و ئەوانی تر کاربەسەردا دراو، وەك چۆن لەش بەبێ سەر ژیانی نابێت، خوا دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ ﴿١٦٥﴾﴾(الأنعام).

واتە: خوا ئێوەی کردووە بە جێنشین لەسەر زەوی و پلەوپایەی هەندێکتانی بەرزتر کردووەتەوە لەوانی تر، بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەو پلەوپایەی کە پێی داون.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ ﴿٣٢﴾﴾(الزُّخْرُف).

واتە: ئێمە بڕێوبەرایەتی دابەشکردووە لە ژیانی دونیا، هەندێکمان بەرزکردووەتەوە بەسەر هەندێکی تردا بۆ ئەوەی ئیشتان بەیەك بڕوات و ژیان نەوەستێت.

شەریعەت هاتووە بۆ ئەوەی کاربەدەستی و مالّ و سامان لە ڕێگای خوادا خەرج بکرێت، ئەگەر مەبەست لە کورسی و پلەوپایە و مالّ و سامان پەرستش و نزیکبوونەوە بێت لە خوا و سەپاندنی ئایینەکەی ئەوکاتە ئەو دوو شتە دەبنە مایەی چاکبوونی دونیا و بەدەستهاتنی دواڕۆژیش، ئەگەر ئایین لە دەوڵەت و کاربەدەستان و ژیانی خەڵك جودا کرایەوە، ژیانی خەڵك تێك دەچێت، ئەوانەی گوێڕایەڵی خوا دەکەن بەنییەتی چاك و کردەوەی باش لە تاوانباران جیا دەکرێنەوە، لە صەحیحی موسلمدا

له پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەت کراوە فەرموویەتی : ((إن الله لا ينظر إلى صوركم ولا إلى أموالكم وإنما ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم))[٢٠٤].

واتە: خوا سەیری ڕەواڵەت و مالّ و سامانتان ناکات بەڵکو سەیری دلّ و کردەوەکانتان دەکات.

کاتێک ویستی کۆکردنەوەی سامان و ناوبانگ و پلەوپایە بەسەر زۆرێک لە کاربەدەستانی موسڵمانانداو زاڵ بوو ئەوە بووە هۆی دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی باوەڕ و ئایین لە کاربەدەستییەکەیان، زۆر خەڵک وادەبینن کە کاربەدەستی پێچەوانەی ئایین و باوەڕە، هەیانە پشت لەوە دەکات کە ئاییننی پێ تەواو دەبێت، هەیانە پشت لە ئایین دەکات، زۆرێک لە خەڵک بۆچوونیان وایە کە ئایین پێچەوانەی کاربەدەستییە، بەوەش ئایین بووەتە جێی بەزەیی و بە سوک سەیرکردن، لە بری ئەوەی جێگەی بەهێزی و سەربەرزی بێت، لەبەر ئەوەی ئەهلی هەردوو ئاییننەکەی پێشوو بێ توانایی لە هەڵسوکەوتیان هەبوو بەرامبەر پیادەکردنی پەیامەکانی ئاییننەکانیان، وایان گومان برد کە پیادەکردنی تووشی بەڵا و نەهامەتیان دەکات، بەوەش لە ناوچوون و دوژمنان قۆستیانەوە و لافی ئەوەیان لێدا کە بەرژەوەندیی ژیان لە پیادەکردنی ئەو ئاییننەدا نییە.

ئەو دوو ڕێگایە خراپە "ڕێگای ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئایین، بە تەواویش خۆی نەداوەتە دەست پەیام و داواکارییەکانی، و ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ کاربەدەستان و مالّ و پارە و مەبەستیان پێی پیادەکردنی ئایین نییە" ئەو دوو ڕێگایە یەکەمیان ڕێگای گاورە گومڕاکان و دووەمیشیان ڕێگای جوولەکە لە ڕەحمەت دەرکراوەکانە، ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەو کەسانەیە کە خوا ناز و نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران ﷺ و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکەکاران، ئەوەش ڕێگای

---

٢٠٤. رواه مسلم (٢٥٦٤).

پێغەمبەرەکەمانە محمد ﷺ و ڕێگای خەلیفەکانی و هاوەڵانی و ئەوەی شوێنیان دەکەون و ئەوانەی کە خوا پێیان دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾﴾(التَّوْبَة).

واتە: کۆچکەرە پێشینەکان و پشتیوانەکان و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون خوا لێیان ڕازییە و ئەوانیش لە خوا ڕازین و چەندان باخی لە بەهەشتدا بۆ ئامادەکردوون کە ئاو بەژێریاندا دەڕوات بە هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە ئەوەش بردنەوەی گەورەیە.

پێویستە لەسەر موسڵمان تێبکۆشێت ئەگەر بەرپرسیارێتییەکی پێ سپێردرا بە باشترین شێوە لە پێناوی پیادەکردنی ئایین و بەرژەوەندی موسڵمانانداا کار بکات، بەگوێرەی توانا و دوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە خوا قەدەغە و یاساغی کردوون ئەوەشی نەتوانێت هیچی لەسەر نییە، کاردانە دەستی پیاوچاکان باشترە بۆ ئوممەتی ئیسلامی لە کەسانی تاوانبار و خراپەکار، هەرکەسێك نەیتوانی بە هۆی بەرپرسیارێتی و تێکۆشانەوە بەرگری لە ئایین بکات، پێویستە لەسەری ئەوە بکات کە لە توانایدا هەیە، وەك ئامۆژگاریکردن و نزا و پاڕانەوە و چاك ویستنیان، چونکە ئایین بە قورئان و سوننەت سەردەکەوێت.

کەواتە: لەسەر هەموو کەسێك پێویستە بەگوێرەی توانای تێبکۆشێت بۆ سەرخستنی ئایینەکەی بە پشت بەستن بە خوا و بە گەرخستنی دونیا لە خزمەتی ئایینداا وەك موعازی کوڕی جەبەل ﷺ دەڵێت: ئەی ئامادەمیزاد تۆ ئەندازەیەك پێویستت بە دونیا هەیە، بەڵام پێویستیت بە دواڕۆژ زیاترە، ئەگەر کۆششت بۆ دواڕۆژ زیاتر بوو دونیاشت دەست دەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە دواڕۆژت لە دەست دەچێت دونیاشت هەردەم لە مەترسیدایە، بەڵگەی ئەوەش ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((من أصبح والآخرة أكبر همه جمع الله له شمله، وجعل غناه في

قلبه، وأتته الدنيا وهي راغمة ومن أصبح والدنيا أكبر همه فرق الله عليه ضيعته، وجعل فقره بين عينيه، ولم يأته من الدنيا إلا ما كتب له))[٢٠٥].

واتە: ئەوەی پۆژی کردەوە و دواپۆژ گەورەترین خەمی بوو خوا کار ئاسانی بۆ دەکات، دەوڵەمەندی دەخاتە نێو دڵیەوە، دونیای بە ملکەچی بۆ دێت، و ئەوەی پۆژ بکاتەوە گەورەترین خەمی کۆکردنەوەی دونیا بێت خوا شپرزەی دەکات و هەژاری لە نێوچاوانی دەنووسێت، لەوەش زیاتری دەست ناکەوێت لە دونیا کە بۆی دیاری کراوە.

بنچینەی ئەوانە لەو فەرموودەی خوادایە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ۝٥٧ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ۝٥٨﴾(الذَّارِيَات).

واتە: جن و ئادەمیزادم دروست نەکردووە بۆ پەرستش نەبێت، پۆزیم لێ ناوێن و نامەوێت نان بدەن، خوا پۆزی دەرە وخاوەن هێز و توانایە.

داواکارین لە خوای باڵادەست کە ئێمە و هەموو برا موسڵمانەکانمان یارمەتی بدات بۆ ئەوەی کە پێی خۆشە لە گوفتار و کردار، چونکە کەس هیچی بەدەست نییە خوای بەرز و باڵا نەبێت، و سوپاس و ستایش بۆ خوای دروستکەری هەموو بوونەوەر، درود و سڵاوی بێپایان لەسەر محمد و ئەهل و هاوەڵانی هەتا پۆژی دوایی.

---

٢٠٥. رواه الترمذي (٢٤٦٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٥١٠).

ناوەرۆك

بابەت | لاپەڕە

پێشەکی چاپی یەکەم ٥
نووسەر لە چەند دێڕێکدا ١١
پێشەکی نوسەر ١٣
بەشی ڕا پەڕاندنی ئەرکەکان دوو جۆرە ١٧
بەشی هەڵبژاردنی باشترین ٢٥
بەشی کەمی کۆبوونەوەی ئەمانەت و هێز لای خەڵک ٢٩
بەشی ناسینی باشترین ٣٧
بەشی سامان و داهات ٤٥
بەشی سەرچاوەکانی سامانی دەوڵەت ٥٣
بەشی ئەو کەسانەی سامانی زەکاتیان پێ دەدرێت ٥٩
بەشی دەستکەوتی بێ جەنگ ٦١
بەشی ڕێگاکانی خەرجکردنی پارەی دەوڵەت ٧٥
بەشی دادگەری لە پیادەکردنی سنورەکان و مافەکان ٨٩
بەشی سزای ڕێگر و چەتە ١٠٧
بەشی ئەو چەتە وڕێگرانەی خۆ بە دەستەوە نادەن ١١٧
سزای دزیکردن ١٣٣
بەشی سزای داوێن پیسی (الزنا) ١٣٩

بەشی سزای مەی خۆر و تۆمەتبارکردنی کەسێك بە داوێن پیسی..... ١٤٣
بەشی سزای تاوانبارکردن بە داوێن پیسی..... ١٥١
بەشی ئەو تاوانانەی کە حەددێکی دیاری کراویان نییە ١٥١
بەشی سزای سەرپێچیکاران..... ١٥٩
بەشی مافە تاییەتەکان..... ١٩٧
کـــوشتن ســـێ جـــۆرە..... ٢٠١
بەشی تۆڵە کردنەوە لە بریندارکردن ٢١١
بەشی تۆڵە کردنەوە لە ڕوشانی ناموس و کەرامەت ٢١٣
بەشی درۆ بۆ هەڵبەستن و هاوشێوەی..... ٢١٥
بەشی مافەکانی ژن و مێردایەتی ٢١٧
بەشی مالّ و سامان..... ٢١٩
بەشی پرس و ڕاوێژپێکردن ٢٢٣
بەشی پێویستیی هەبوونی کاربەدەست و لێپرسراو..... ٢٢٩
ناوەرۆك ٢٣٩

سیاسەت هونەری بەڕێوەبردنی ئیشوکاری خەڵك و ڕاپەڕاندنی ئەرك و بەجێهێنانی ماف و پاراستنی سنوورەکانە، سیاسەتی شەرعیش هەموو ئەو مانایانە لە خۆ دەگرێت بە مەرجی ملکەچ کردن و گونجاندنی شتە دونیایی و تازەکانی سەردەم بۆ ڕێنماییەکانی شەریعەت نەك بە پێچەوانەوە، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا هەموو بوارەکانی ژیان گرنگیان پێدراوە، بواری پەرستش و بەڕێوەبردن و چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵك و پەیوەندی خەڵك بە حکومەت و حکومەت بە خەڵك و پەیوەندیە نێو دەوڵەتییەکان...هتد.

لە کۆندا سیاسەت بە مانای باش بەڕێوەبردنی خەڵك و ڕەچاوکردنی دادپەروەری بووە، بەڵام ئێستا سیاسەت لای زۆربەی خەڵك مانای درۆ و فێڵ و بەجێ نەهێنانی پەیمانە، لەوانەیە بە کەسێکی زۆر درۆزن و فێڵزان بوترێت سیاسەتمەدار، لەبەر ئەوەشە زۆربەی پیاوچاکان دوورەپەرێزن لە سیاسەت.

بەرەو نەوەیەکی هۆشیارتر

ناونیشان: هەولێر- شەقامی پزیشکان، فلکەی شێخ مەحمود باڵادەری سەید بەهائەددین - نهۆمی خوارەوە بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

www. nareenpub. com

nareenub@gmail. com

موبایل ٠٧٥٠ ٥١٦٤٦١٠

موبایل ٠٧٧٤ ٥١٦١٠١٠